

تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٨]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەڵاڵەیی



جزمی [١٦]

تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بـەرگی هەشتەم

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی (١٦)



- تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان.
- نوسینی : مەلا مەحموودی گەلاڵەیی.
- چاپی یەکەم.
- چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك.
- تیراژ: (٥٠٠) دانە.
- ژمارەی سپاردن : (١٠٥)ی ساڵی (٢٠٠١)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

باقی ماندەی چیرۆکی حەزرەتی موساو حەزرەتی خضر

۞ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا ﴿٧٥﴾ قَالَ إِن سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَاحِبْنِي قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّي عُذْرًا ﴿٧٦﴾ فَانطَلَقَا حَتَّىٰ إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا فَأَبَوْا أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا ﴿٧٧﴾ قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٧٨﴾ أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا ﴿٧٩﴾ وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَا أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَانًا وَكُفْرًا ﴿٨٠﴾ فَأَرَدْنَا أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَاةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا ﴿٨١﴾ وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَا

أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى ۚ ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٨٢﴾

پەیوەندی ئەم ئایەتانە بەهی پێشەوە ئاشكراو نومایانە، ئەم ئایەتەش درێژەی سەرگوزشتەی حەزرەتی موسایە لەگەڵ حەزرەتی خضردا، رووداوی كوشتنی منداڵە تازە پێگەیشتووەكە، رووداوی دووەمی چیرۆكەكەیە پاش رووداوی كونكردنی كەشتییەكە، حەزرەتی خضر صەبرو خۆڕاگری حەزرەتی موسای پێ تاقی كردەوە، بەڵام حەزرەتی موسا نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێ، چونكە كردەوەی خضر پێچەوانەی ظاهیری شەریعەت بوو. جاوەكوو لەوەپێش باس كرا: كە حەزرەتی خضر منداڵەكەی كوشت، حەزرەتی موسا رەخنەی گرتو وتی: ئەو منداڵە بێ تاوانەت بەناحەق بۆ كوشت؟ بەراستی تاوانێكی گەورەت ئەنجامدا، ئیتر جارێكی تر حەزرەتی خضر رێككەوتنامەو وادەو بەڵێنو مەرجەكانی نێوان خۆیو حەزرەتی موسا وەبیر دەهێنێتەوە، سەرنجی رادەكێشێ بۆ ئەو وتووێژەی لەسەرەتای گەشتەكەیاندا ئەنجامیان دا ﴿قَالَ: أَلَمْ أَقُلْ لَكَ: اِنَّكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً﴾ حەزرەتی خضر بەحەزرەتی موسای گوت: ئەرێ من بەتۆم نەگوت: ئەتۆ لەگەڵ مـن هەڵناكەی، ناتوانی لەئاست كردەوەكانی من بێ دەنگ بی!

تێبینی ئەوە دەكرێ، ئەمجارە وشەی (لك)ەی زیاد كرد، چونكە ئەمجارەیان شێوە سەرزەنشتەكەی حەزرەتی موسا توندوتیژتر بوو، بۆ جاری دووەمیشە كە موسا سەرپێچی وادەو بەڵێنەكانی دەكا!!

ئیتر حەزرەتی موسا جارێكی تر بەخۆیدا دەچێتەوە، لیێ مەعلوومە: كە دووجار مەرجەكانی رێك كەوتنی پێشێل كردوە، وادەو بەڵێنی پێشووی لەبیر چوونەوە، ئیتر هەلێكی تر بەخۆی دەداو خۆی خستە بەردەم دوو رێگاو دوا فرسەتی بەخۆی دا، ﴿قال: ان سألتك عن شيء بعدها فلا تصاحبني. قد

بَلَغْتَ مِنْ لَدُنِّي عُذْراً﴾ وتی: ئەگەر جارێکی تر مـن پرسـیارم دەربـارەی هـەر شـتێکێ لیٚ کـردی، لەسـەر هـەر کـارو کردەوەیـەکت رەخنـەم گـرت، ئیـتر هاوڕێیەتیم مەکە، بێگومان لەلایەن منـەوە گەییشـتیتە ئاستێکێ: کـە ئیـتر بەهانەت بەدەستەوە بیٚ بۆ دابڕان لێمو وازم لیٚ بێنیو هاوڕێیەتیم نەکەی!

ئیبنو جەریر لەئوبەی کوڕی کەعبەوە ریوایەت دەکا دەڵیٚ: پێغەمبەر ﷺ کە باسی یەکێکی دەکرد؛ دوعای بـۆ دەکـردو خـۆی پێـش دەخسـت. ڕۆژێـکێ فەرمووی: ((**رحمة الله علينا وعلى موسى، لو لبث مع صاحبه لأصبر العجب ولكنه قال: ﴿ان سألتك عن شيء بعدها، فلا تصاحبني، قد بلغت من لدني عذراً﴾**)) ڕەحمەتی خودا لەسەر ئێمەو لەسەر موسـاش بـیٚ، ئەگـەر لەگەڵ هاوەڵەکەی بمایایەوە شتی سەیرو سەرسوڕهێنەری دەبینـی بـەڵام ئـەو وتـی: ((ئەگـەر لەمـەودوا پرسـیارم لیٚ کـردیو ڕەخنـەم لیٚ گرتـی ئیـتر هاوڕێیەتیم مەکە)).

ڕوداوی سێیەم:

دەفەرمویٚ: ﴿فَانْطَلَقَا حَتَّى إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا، فَـأَبَوْا أَنْ يُضَيِّفُوهُمَا﴾ واتە: حەزرەتی خضرو حـەزرەتی موسـا درێژەیـان بەگەشتەکەیان داو ڕۆییشتن تا گەییشتنە گوندێکێ، برسیان بوو تینویان بوو، پێویستیان بەوە هەبوو یەکێکێ ببێتە خانە خوێیان، میوانداریان بکـا، داوایـان لەدانیشـتوانی گوندەکە کرد خواردنو خواردنەوەیان بدەنیٚ، برسییەتی و تینوەتییان نـەهێڵن، بـەڵام تێکـڕای دانیشـتوانی گوندەکـە داواکـەیانیان ڕەت کردنـەوە، کـەس میوانداریيانی قبووڵ نەکرد، کـەس نـەبوە خانـەخوێيانو هیچیـان پـیٚ نـەدان، دەڵێن: ئەو گوندە ناوی (ئەنطاکییە)بووە. جـا لـەو کاتـەدا: کـە ئـەوان بـەناو ئاواییدا دەگەڕانو داوای خۆراکیان لەدانیشـتوان دەکـردو هیچیـان پـیٚ نـەدان ﴿فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَنْ يَنْقَضَّ فَأَقَامَهُ﴾ دیواری خانوێکیان بینی لار بویـوەوە خەریکێ بوو بڕوخیٚ، حەزرەتی خضر بەبیٚ ئەوەی کرێیـان لیٚ وەرگـریٚ ڕاسـتی

کردەوە، لەفەرمودەی پێغەمبەردا هاتووە: کە حەزرەتی خضر دەستی بەدیوارەکەدا هێناوەو ئەویش وەکوو کەراماتێک راست بۆتەوە!

ئالێرەدا سەرلەنوێ حەزرەتی موسا هەست دەکا بەجۆرە شتێکی نەگونجاو لەهەڵسو کەوتی دانیشتوانی گوندەکەو رژدیو بەخیلیان لەبەرامبەر ئەوەدا پیاوەتیو مەردایەتی حەزرەتی خضر، ئیتر لەناخیا چەند پرسیارێک کۆدەبنەوە، دەبێ چ پاڵی بەحەزرەتی خضرەوە نابێ خۆی ماندو بکا، دیواری لارەبووی خانووی گوندێک راست بکاتەوە: کە هیچ کەسێ لەدانیشتوانی ئەو گوندە پیاوەتی ئەوەیان تێدا نەبوو تیکە نانێک بدەن بەم دوو رێبوارە برسییە؟ ئەگەر هیچکە نەبوایە دەبا داوای کرێی بکردایەو کرێکەی وەرگرتایەو بیدایە بەخواردەمەنیو بیانخواردایە!!؟ بۆیە ئەمجارەش حەزرەتی موسا خۆی پێ نەگیراو وەدەنگ هاتو ﴿قال﴾ فەرمووی: ﴿لو شئت لأتخذت عليه أجراً﴾ ئەگەر بتویستایە داوای کرێت بکردایە لەپاداشی ئەم دیوار چاککردنەوەت! خۆزگا داوای کرێی چاککردنەوەی دیوارەکەت لێ بکردنایە؟؟ کە دانیشتوانی ئەم گوندە ئەوەندە ناپیاوبن کەمێک خواردەمەنی نەدەن بەئێمە، حەق وابوو تۆش بەخۆڕایی ئەو دیوارە راست نەکەیەوە!

بەمەش کۆتایی بەهاورێیەتی حەزرەتی موساو حەزرەتی خضر دێ، حەزرەتی موسا هیچ عوزرو پاساوی بەدەستەوە نەماون، هیچ شتێک نەماوە ئەمان پێکەوە بهێڵێتەوە! کەوابێ دەبێ لێک جیاببنەوە بۆیە حەزرەتی خضر وەلامی موسای دایەوە ﴿قال: هذا فراق بيني وبينك﴾ ئەم پرسیارو رەخنەگرتنانەی تۆ هۆکاری لێک جیابوونەوەی منو تۆیە، لەپێشدا پێم گوتیو مەرجم بۆ دانایيو قبوڵت کرد.. کەچی پابەندنەبووی، وادەو بەڵێنەکانی خۆت پێشێل کرد، چەند جار هۆشیارم کردیەوەو پێم گوتی، بۆخۆت مەرجت داناو وتت ئەگەر جارێکی تر پرسیارم لێ کردی ئیتر هاورێیەتیم مەکە، دەی ئەوەتا دوای ئەوەش خۆت پێ نەگیراو رەخنەت گرت، کەوابێ ئیتر من لێت

جیادەبمەوەو هاوەڵیت ناکەم، بەڵام پێش ئەوەی لێک جیابینەوە ﴿سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾ من هەواڵت دەدەمێو ئاگادارت دەکەمەوە بەسەر نهێنی ئەو کردەوانەی من کە تۆ نەتتوانی لەئاستیاندا بێدەنگ بێو خۆت بگریو صەبرو ئارامت بێ!

﴿أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا﴾ دەربارەی ئەو کەشتیەی کە کونم تێ کرد، ئەوە چونکە کەشتییەکە هی چەند کەسێکی بێ دەسەڵاتو بێ پشتو پەنابوو، بەکرێ ئیشیان پێ دەکردو بژێوی خۆیان لێ وەدەست دەهێنا، سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵێک خەڵک بوو، ویستم بەو کون تێکردنە عەیبداری بکەم، چونکە لەپێشیانەوە پاشایەک بازگەی دانابوو، هەر کەشتییەک بێ عەیب بوویایەو بەسنووری ژێر دەسەڵاتی ئەودا تێپەڕ بویایە داگیری دەکرد بۆ خۆی، منیش ئەو کەشتییەم عەیبدار کرد بۆ ئەوەی یاساوڵەکانی پاشا کەشتییەکە بەعەیبدار بزانن‌و داگیری نەکەن! کەواتە کون تێکردنەکە زیانێکی بچوک بوو لەچاو داگیر کردنی کەشتیەکە، هەموو کاتێکیش لەخۆگرتنی زیانی بچوک بۆ ڕەتکردنەوەی زیانی گەورە کارێکی پیرۆزو پەسندە.

﴿وأما الغلام فكان أبواه مؤمنين فخشينا أن يرهقهما طغياناً وكفراً﴾

ئەو کوڕە بچکۆلەیەش کە کوشتم، ئەوە لەبەر ئەوە بوو، ئەو کوڕە بەسروشت کافر بوو، باوکو دایکیشی خودا پەرستو خاوەن باوەڕ بوون، ئێمەش پەروەردگار ئاگاداری کردین بەسەر دوارۆژیداو ترساین: کە خۆشەویستی ئەو کوڕە لای باوکو دایکی وایان لێ بکا لەکوفرو بێدینیدا شوێنی بکەون. چونکە خۆشەویستی باوک و دایک بۆمنداڵ شتێکی سروشتییە کەم کەس هەیە لەئاستی دا خۆی بۆ بگیرێ.. ئەمە جۆرێکە لە(سد الذرائع) بێگومان هەر شتێک وەسیلەبێ بۆ بەرژەوەندی، بۆ خۆی بەرژەوەندییە.

قەتادە دەڵێ: کاتێ ئەو کوڕە لەدایک بوو باوکو دایکی زۆریان دڵ پێ خۆش بوو، کاتێکیش کوژرا زۆر بۆی نارەحەت بوون، ئەگەر تەمەنی درێژ بوایە دەبوە هۆی لەناوچوونیان، کەوابێ با هەموو ئادەمیزادێک رازی بێ بەقەزاو قەدەری خودا، چونکە قەزاو قەدەری خودا بۆ موسوڵمان لەو شتانەدا: کە پێی ناخۆشە زۆر باشترە لەو شتەی کە پێی خۆشە.

لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە دەفەرموێ: ((**لايقضي الله لمؤمن قضاءً الا كان خيرا له**)) پەروەردگار هەر شتێک بۆ موسوڵمان بڕیار بدا بۆی خێرەو بەرژەوەندی ئەوی تێدایە.

لەشوێنێکی تردا قورئان دەفەرموێ: ﴿**وعسى أن تكرهوا شيئاً وهو خير لكم**﴾(**البقرة/٢١٦**).

بەکورتی حەزرەتی خضر دەڵێ: پەروەردگار بەسەر ئەو نهێنییەدا ئاگاداری کردین ئەگەر ئەو کوڕە پێ بگەییشتایە باوکو دایکی بانگهێشت دەکرد بۆ کافر بونو ئەوانیش لەرووی خۆشەویستی کوڕەکەیانەوە شوێنی دەکەوتن. بۆیە پێش وەخت لەناومان برد، ﴿فأردنا أن يبدلهما ربهما خيراً منه زكاة وأقرب رحماً﴾ ویستمان پەروەردگار لەشوێنی ئەو کوڕە دوا رۆژ شوومە منداڵێکی صاڵحو گوێڕایەڵ بدا بەم دایکو باوکە. زۆر باشتر بێ لەم منداڵە ئەحمەقەو جێگای متمانەو خۆشەویستی باوکو دایکی بێ، چاکەیان لەگەڵ بکاو پابەندی فەرمانو نەهیەکانیان بێ.

﴿وأما الجدار فكان لغلامين يتيمين في المدينة وكان تحته كنز لهما وكان أبوهما صالحاً فأراد ربك أن يبلغا أشدهما ويستخرجا كنزهما رحمة من ربك﴾ ئەوەی کە منی هەڵنا بۆ راستکردنەوەی دیوارە لارەوەبووەکە، ئەوە بوو لەژێر دیوارەکەدا گەنجینەیەک هەبوو، ئەو گەنجینە موڵکی دوو هەتیوی شارەکە بوو باوکیان پیاوێکی راستاڵو خوداپەرست بوو، پەروەردگار ویستی ئەو گەنجینە زێرو زیوە بهێڵێتەوە، دەرنەکەوێ تا هەتیوەکان پێ

دەگەن، عەقڵو هۆشیان كامڵ دەبێو دەتوانن سەرپەرشتی ماڵو دارایی خۆیان بكەن! ئەو كاتە بۆخۆیان گەنجینەكە هەڵبدەنەوەو دەری بهێنن‌و سوودی لێ وەربگرن، ئەمەش بۆ ئەوەی پارێزگاری ماڵەكە بكرێو نەكەوێتە ژێر دەستی خەڵكی‌و بەفیڕۆ بڕوا، خودا رەحمی بەستیوەكان كرد هەر وەها لەبەر خاتری باوكیان: كە پیاوێكی صالحو خوداپەرست بوو، وەكوو دەڵێن: ئەم باوكە صالحە، باپیری حەوتەمیان بوو، ﴿وما فعلته عن أمري﴾ ئەو كردەوانەی ئەنجامم دان هیچیانم لەخۆمەوە نەكردن، بەڵكوو بەفەرمانی خودا ئەنجامم دان، ﴿ذلك تأويل ما لم تسطع عليه صبراً﴾ ئەوەی بۆم باس كردی، ئەو پاساوانەی بۆ كارەكانی خۆم هێنایەوە بۆت ئەوە ئاكامو سەرەنجامی ئەو كردەوانە بوو: كە تۆ لەئاستیاندا خۆت بۆ رانەگیراو رەخنەت لێ گرتمو نەوەستای تا لەكۆتاییدا بۆخۆم هۆكارو بایسی كردەوەكانی خۆمت بۆ روون بكەمەوە.

تێبینی:

لەوەپێش ئەوەمان رونكردەوە: كە هەندێ لەزانایانی ئیسلام پێیان وایە حەزرەتی خضر پێغەمبەر بووە هەندێكیش پێیان وایە: پیاو چاكو وەلی بووە. جا لەسەر رای ئەوانە: كە دەفەرموون: حەزرەتی خضر پیاو چاكو وەلی بووە بەپێویستی دەزانم چەند شتێك رون بكەمەوە:

١- كە راماتی ئەولیا شتێكی چەسپاوەو لەحەدیثی پێغەمبەردا ﷺ چەند جار ئاماژەی بۆ كراوە، لەقورئاندا چەند جار نموونەی بۆ هێندراوەتەوە: هەر كەسێك ئینكاری كەراماتی ئەولیا بكا بیدعەچی‌و فاسیقو لەرێ دەرچوو بێ بڕوایە. ئەوەتا قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە كە حەزرەتی مەریەم دایكی حەزرەتی عیسا، میوەی كاتی هاوینی لەوەرزی زستاندا لەلا دەبیندراو میوەی زستانی لەكاتی هاویندا لەلابوو، كە حەزرەتی زەكەریا دەچوو بۆ

ژوورەکەی ئەم دیاردانەی دەبینین لیێ دەپرسی مەریەم! ئەمانەت لەکوێوە بۆ هاتووە؟ کێ بۆی هێناوی؟ دیفەرموو: رزقەو خودا پیێ بەخشیوم.

هەروەها کە فەرمانی بەلقەدار خورمای وشك کرد خورمای بۆ وەبەربێنێ یەکسەر دار خورماکە خورمای گرتو ﴿رطباً جنیاً﴾ی لیێ چنیو خواردی، ئەم ئافرەتە پێغەمبەر نەبوە، بەڵکوو وەلیو خۆشەویستی خودا بووە.

هەروەها ئەو روداوانەی لەسەر دەستی خضر رویاندا (کونکردنی کەشتی، کوشتنی منداڵەکە، راستکردنەوەی دیوارە لارەوە بووەکە) هەموویان بەکەرامات دەژمێردرێن.

٢- ئایا دروستەو دەبێ وەلی بۆخۆی بزانێ کە (وەلی)یە؟ زانایانی ئیسلام لەم بارەوە دوو رایان هەیە:

(ا) هەندێك دەفەرموون: دروست نیە وەلی بۆخۆی بزانێ کە وەلییە، هەر شتێك لەسەر دەستی دەردەکەوێ لەکەرماتو خاریقەی عادە، دەبێ بەوریاییو حەزەرەوە سەیریان بکا، چونکە نابێ دڵنیابێ لەوەی کە ئەوە ئیستیدراج نیە، دەبێ بترسیو ئاگای لەخۆ بێ نەوەکوو ئەوە دانەوکەپك بێ!

هەروەها وەلی ئەگەر بزانیو لیێ مەعلووم بێ: کە وەلییە ترسی خودای نامێنیو دڵنیا دەبێ لەعەزابی خودا! چونکە مەرجی وەلی ئەوەیە تا کاتی مردنو تا فریشتەی گیانکێشان دێتە لای بەردەوام ترسی خودای هەبێ، وەکوو دەفەرموێ: **﴿تتنزل علیهم الملائکة الا تخافوا ولا تحزنوا﴾(فصلت/٣٠)**. هەروەها چونکە وەلیو پیاوچاك ئەوەیە: عاقیبەت خێر بێ، سەرەنجامی ژیانی بەختەوەر بێ، دەی خۆ سەرەنجام نادیارەو کەس ناتوانێ بزانێ ئاکامی چۆن دەبێ، بۆیە ئیبنو عەبباس فەرموودەیەك روایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**وانما الأعمال بخواتیمهما**)).

(ب) هەندێ لەزانایان دەفەرموون: دروستە وەلی بزانێ: کە وەلی‌یە؛ چونکە کۆڕا هەیە لەسەر ئەوە: کە غەیری خۆی دروستە بزانێ کە ئەو وەلی‌یە. دەی کەوابێ بۆ خۆشی دروستە. ئەوەتا پێغەمبەر موژدەی بەهەشتی دا بە(عشرة المبشرة) لەهاوەڵانی‌و فەرمووی: ئێوە بەهەشتین، دەی خۆ ئەو دە هاوەڵە موژدە پێدراوانە ترسی خودایان لەدڵ دەرنەچوو بەڵکوو زیاتر خودا پەرستیان دەکردو پتر لەخودا دەترسان، دیارە کەسانی دیکەش ئەگەر لێیان مەعلووم بێ کە وەلین زیاتر خوداپەرستی دەکەن.

٣- جەماوەری زانایانی ئیسلام دەفەرموون: حەزرەتی خضر ئێستا لەژیاندا نیەو لەدونیا دەرچووە چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**أرأيتكم ليلتكم هذه فانه على رأس مئة منها لايبقى ممن هو اليوم على ظهر الأرض أحد**)).[1]

لەریوایەتێکی تردا هاتووە ((**مامن نفس منفوسة اليوم يأتي عليها مأة سنة وهي حية يومئذٍ**)).[2]

کۆمەڵێکیش پێیان وایە: حەزرەتی خضر نەژیاندایەو نەمردوە چونکە لەکانی ژینی خواردۆتەوە، ئێستا لەسەر زەوییە! هەموو ساڵێک حەج دەکا!

ئیبنو (عطیە) دەڵێ: لەم بارەوە باس‌و خواس زۆرن‌و گەلێک نیقاش‌و دەمەدەمێ هەن، بەڵام هیچیان جێی متمانە نین. بەکەڵکی پشت پێ بەستن نایەن!

بەڵام ئیمامی قورطوبی لەتەفسیرەکەی‌دا ئەو رایە بەپەسند دەزانێ: کە دەڵێ: حەزرەتی خضر ئێستا لەژیاندایەو نەمردوە، بەڵگەو دەلیلی جۆراو جۆر دەهێنێتەوە بۆ ئەم رایەو دەڵێ: ئەو حەدیثانەی: کە جەماوەری زانایان

---

(١) رواه مسلم عن عبد الله بن عمر في (فضائل الصحابة) (٢٥٣٧) باب (٥٣) ورواه البخاري في (العلم) (١١٦) باب (٤١) (السمر في العلم).
(٢) رواه مسلم برقم (٢٥٣٨) باب (٢١٨).

کردویانن بەبەڵگە بۆ رای خۆیان ناکرێنە بەڵگەو نەص نین، بەڵکوو (عـام)ن‌و تەخصیص رویان تێ دەکا!

٤- ئەحکامی شەرعی بەسروش یسان بەخـەو بینینـی پێغەمبـەران نـەبێ ناچەسپێن. کەوابێ ئەو قسەو بـیرو رایـە راسـت نیـە: کـە دەڵێـن: ئـەحکامی شەرعی بۆ ئەولیایان ثابیت دەبێ لەرێگەی نهێنی زانین‌و ئیلهامی دڵیانــەوە، بەم نەوعە خودا ئەو حوکمە شەرعییانە فڕی دەداتە دڵیانەوەو زانیاری خودایی فـێر دەبـن‌و ئـەحکامی جوزئیـات دەزانـن‌و، نـهێنی بونـەوەر شـارەزا دەبـــن‌و پێویستیان بەئەحکامی کوللی نیە. ئەوەتا حەزرەتی خضر بەهۆی ئـەو عیلمـە (لەدنی)یەی کە: خودا پـێی دابـوو پێویسـتی بـەو زانیارییـە نـەبوو: کـە لای حەزرەتی موسا هەبوو! حەدیثەکەی وابیصە کە بوخـاری لـەتاریخدا ریوایـەتی کردوە: دەکەنە بەڵگەی خۆیان‌و دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((استفت نفسك وان أفتاك المفتون)).

ئیمـامی قورطوبـی دەفـەرموێ: مامۆسـتامان ئەبولعەباســی مــالیکی فەرموویەتی: کۆمـەڵێـک زیندیق‌و بێدین‌و نهێنی مـەذهەب دەڵێن: ئەم حوکمــە شەرعییە گشتی‌یانە بۆ پێغەمبەران‌و خەڵکی سادەیە، ئەگینا ئەولییاو ئەهلی تایبەتی پێویستیان بەو جۆرە دەقە ئایینیانــە نیـە، بـەڵکوو ئـەوەی دەخرێتـە دڵیانەوە بەئیلهام حوکم بەوە دەکەن‌و پابەندی ئە شتە دەبن: کــە دڵیــان دێتـە سەری! ئەو کۆمـەڵە زیندیق و نهێنی خواهانە دەڵێن: ئـەولییا بـەهۆی مشـتو مــاڵبونی دەروونیـان‌و خـاڵی بوونـی دڵیــان لەئــەغیار عولوومــی ئیلاهـی‌و حـەقائیقی رەببانییـان بـۆ دەردەکـەوێ، نـهێنی بونـەوەر دەبینـن‌و ئـەحکامی جوزئیات دەزانن، پێویستیان بەئەحکام و شەرائیعی کوللیات نیە.

ئەمجار شێخ ئەبولعەبباس دەفەرموێ: ئەم بیرو بۆچون‌و باوەڕە، کوفـرو بێدینی‌یەو هەر کەسێ وا بڵێ کافرو هەڵگەڕاوەیە لەئایین‌و دەکوژرێ، چونکـە ئینکاری شتێکی زانراوی شەریعەتی ئیسلام دەکا، چونکە پەروەردگار قـانون‌و

یاسای خۆی داناوە، حیكمەتو دانایی خۆی تێدا بەكار هێناوە، رایگەیاندوە: كە ئەحكامو شەریعەتی خودا بەهۆی پێغەمبەرانیەوە دەزانرێ، ئەو پێغەمبەرانە سەفیرو ناوەندن لەنێوان خوداو ئادەمیزاددا، ئەوان دیاری كراون بۆ گەیاندنی شەریعەتی خودابەندەكانی، ئەوان خودا هەڵی بژاردون بۆ ئەوەی ئەحكامو شەریعەتی خودا بكەیەنن‌و روونی بكەنەوە، وەكوو دەفەرموێ: ﴿الله یصطفی من الملائكة رسلاً ومن الناس ان الله سمیع بصیر﴾(الحج/٧٥). یان دەفەرموێ: ﴿الله اعلم حیث یجعل رسالته﴾(الأنعام/١٢٤). یان دەفەرموێ: ﴿كان الناس امة واحدة فبعث الله النبیین مبشرین ومنذرین﴾(البقرة/٢١٣).

بەكورتی‌و پوختی، بەگوێرەی زانباری قەطعی‌و یەقینی ضەروری بەكۆڕای زانایانی سەلەفو خەلەف ئەوە چەسپاوەو سەلمێندراوە: كە زانینی ئەحكامی پەروەردگار چ فەرمان بن چ نەهی رەوایەو كارێكی پەسندە، بەڵگەش بەم روداوانە دەهێننەوە كە لەسەر دەستی حەزرەتی خضر رویان دا، دەڵێن: ئەوەتا بەگوێرەی زانیاری حەزرەتی موسا (كە عیلمی ظاهیری هەبوو) كارەكانی حەزرەتی خضر تاوان بوون. كەچی بەگوێرەی زانیاری حەزرەتی خضر (كە عیلمی باطن)ی هەبوو كارەكانی پەسند بوون!!

هەروەها ئەوەشیان بلاو كردۆتەوە، فێری هەوا خواهانی خۆیانیان كردوە، دەڵێن شەریعەت هەیە، تەریقەت هەیە حەقیقەت هەیە. شەریعەت بریتییە لەعیلمی ظاهیر، تەریقەتو حەقیقەتیش بریتیین لەعیلمی (باطن). ئەمجار پێیان وایە: تەریقەتو حەقیقەت جیاوازن لەشەریعەت، بەڵكوو هەندێك دەڵێن: شەریعەت وەكوو توێكڵ وایە ئەوەی مەبەستە ناوەرۆكو جەوهەرەكەیە: كە بریتین لەطەریقەتو حەقیقەت!

لەم بارەوە قسەو باسو سەرگوزشتەی زۆرو زەبەندە بەشیعرو پەخشان نووسراون.[٣]

شتێکی ئاشکراو لەخۆر رەوشن ترە: کە ئایینی پاکی ئیسلام ئایینێکی تێرو تەسەلەو لەهیچ رویەکەوە کەمو کورِی تێدانیە، هەموو رویەکی ژیانی شی کردۆتەوە، بۆ هەموو کاتو شوێنێک گونجاوو لەبارە، سەرچاوەی ئەم ئایینە بەرزو پیرۆزە دوو سەرچاوەی رونو پاکو بێگەردن، ئەوانەش قورئانی پیرۆزو حەدیثی پێغەمبەر ﷺ بەهەر سێ جۆرەکانیەوە (قول، فعل، تقریر) جا هەر بیرو باوەرِێک، هەر کارو گوفتارێک لەو سەرچاوە پاکو خاوێنانە هەلْقولابێ ئەوە پەسندو رەوایە، ئەگەر لەوانەوە سەرچاوە نەگرێ ئەوە سەر لێ شێوانو گومرِاییە.

بێگومان ئەو تەصەووفەی کە ئیمامی غەزالی پێناسەی کردووەو بانگەوازی بۆ دەکا، ئەو تەصەووفەی لەکتێبی (جمع الجوامع)دا پێناسەی بۆ کراوە، ئەوە کاکلەی ئایینەو شتێکی راستو رەوایە، رێبازو رەوشتی پیاوچاکانی موسولْمانە، ئەو تەصەووفە لەشەریعەت جیا نیە، ئەو تەصەووفە بریتییە لەروکردنە خوداو مشتو مالْکردنی دلْو دەروونو ئیخلاص لەکردەوەدا، یەکتاپەرستیو پابەندبوون بەشەریعەتەوە، شوێنکەوتنی پێغەمبەرە ﷺ، خۆروت کردنە لەهەموو شتێ جگە لەخودا، وازهێنانە لەگالْتەو گەپو جوانی دونیاو روکردنە خودایە، وازهێنانە لەهەموو کارو رەوشتێ کە ئایینی ئیسلام یاساغی کردوە. هەلْبەتە تەصەووف بەم جۆرەی باس کرا پوختەی ئایینو شەریعەتە، پێویستە هەموو موسولْمانێ هەولْ بدا ئەو جۆرە تەصەووفە لەناخیا رەنگ بداتەوە، بەبێ هەبوونی ئەو جۆرە تەصەووفە ئیمانی هیچ خاوەن باوەرِێ تەواو نیە، بەبێ هەبوونی ئەو جۆرە تەصەووفە هیچ فەرِو بەرەکەت دەستەبەر نابێ!

---

(٣) بۆ زێدە زانیاری لەم بارەوە سەیری کتێبی (تأریخ التصوف في الإسلام) دانراوی (د.قاسم غني) وەرگێرِانی (صادق نشأة) بکە، ئەم کتێبە بەنرخە (د.أحمد ناجي القیسي)و (د.محمد مصطفى حلمي) پێیداچوونەوە.

بەڵام بەداخەوە ئەو تەصەووفە پاکئو خاوێنە بەدرێژایی مێژو لەلایەن نەفامو خەڵکی سافیلکەو دوژمنانی ئایینەوە دەستی تێخراوە، زۆر شتی ناشرینو دژ بەبیروباوەڕی ئیسلامی تێکەڵ بووە، تەنانەت زۆر شتی تەصەووفو تەریقەت وەپاڵ ئیسلام دراوە، لەکاتێکدا ئیسلام زۆر لەوە دوورەو شتی وای تێدا نیە!

چیرۆکی ذیلقەرنەین و یەئجوج و مەئجوج

وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا ۗ قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن

دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠﴾ كَذَٰلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴿٩١﴾ ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٩٢﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾ قَالُواْ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾ فَمَا ٱسْطَٰعُوٓاْ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقْبًا ﴿٩٧﴾ قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾ ۞ وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعْنَٰهُمْ جَمْعًا ﴿٩٩﴾

لەوەپێش لەباسی هۆی نازڵبوونی چیرۆکی ئەصحابولکەهفدا وترا: کە جولەکەکان داوایان لەموشریکەکانی مەککە کرد: کە پرسیار لەپێغەمبەر ﷺ بکەن دەربارەی چیرۆکی ئەصحابولکەهفو چیرۆکی ذیلقەرنەینو چۆنیەتی (روح)!

مەشهوور وایە: پرسیارکەرەکان موشریکەکانی قورەیش بوون.
موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لەبارەی (سبب نزول)ی ئەم سورەتەوە دەڵێ:

پیرێکی میصری پێش چلو ئەوەندە ساڵە هاتە لامانو لەعیکریمەوە ئەویش لەئیبنو عەبباسەوە بۆیگێڕاینەوە، وتی: قورەیشییەکان نەضری کوڕی حاریثو عوقبەی کوڕی ئەبو (معیط)یان نارد بۆ لای مالمە جولەکەکان لەمەدینە، پێیان گوتن بچن دەربارەی موحەممەد پرسیار لەو مالمانە بکەن، ڕەوشتو ئاکارەکانی بۆ ئەوان باس بکەن، قسەکانی کە بەئێمەیان دەڵێ بۆیان بگێڕنەوە، بزانن ئاخۆ ئەوان لەبارەیەوە چی دەڵێن: ئەوان لەکۆنەوە خاوەن نامەی ئاسمانین، هەواڵو باسو خواسی پێغەمبەران دەزانن، شاندەکەی قورەیش هاتنە مەدینەو دەربارەی حاڵو وەزعی پێغەمبەر پرسیاریان لەمالمە جولەکەکان کرد، شێوەو ڕەوشتو کردارو گوفتاریان بۆ باسکردن، وتیان: ئێوە خاوەنی تەوراتنو هاتووین لەبارەی ئەم کابرایەی خۆمانەوە زانیارییەکمان بدەنێ.

مالمەکان پێیان وتن: سێ شت هەیە پرسیاری لێ بکەن ئەگەر هەواڵی دانێو بۆی شی کردنەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە: ئەو کابرایە پێغەمبەرە. ئەگینا پیاوێکی درۆزنو قسە هەڵبەستە، پرسیاری لێ بکەن دەربارەی کۆمەڵە گەنجێک کە لەڕۆژگاری کۆندا رویان لەکێوو کەژ کردوە، کێنو بۆ کوێ چونو چییان بەسەر هات، چونکە سەرگورشتەی ئەوان سەیرو سەمەرەیە، هەروەها پرسیاری لێ بکەن دەربارەی ئەو پیاوەی خۆرهەڵاتو خۆرئاوای پشکنیو گەڕاو داگیری کرد، باسو خواسی چۆنەو چی بەسەر هات، پرسیاری لێ بکەن دەربارەی (روح) چیەو چۆنە! جا ئەگەر هەواڵی پێ دانو بۆی شیکردنەوە ئەوە پێغەمبەرەو بڕوای پێ بکەن، ئەگینا ئەوە پیاوێکی درۆزنو قسە هەڵبەستە.

نەضرو عوقبە گەڕانەوە بۆ مەککەو وتیان: ئەی هۆزو خێڵی قورەیش، زانیارییەکمان هێناوە نێوان ئێوەو موحەممەد یەکالا دەکاتەوە، مالمە جولەکەکانی مەدینە ئامۆژگارییان کردین: کە پرسیار لەموحەممەد بکەین لەبارەی چەند شتێکەوەو پێیان گوتن. ئەمجار هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ وتیان:

ئەی موحەممەد! چەند شتێك هەیە بۆمانی رون بكەرەوە، ئەمجارە سێ پرسیارەكەیان ئاراستە كرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**أخبركم غدا عما سألتم عنه**)) سبەینێ وەلامی پرسیارەكانتان دەدەمەوە، هیچ ئینشائەڵلای نەكرد، قورەیشییەكان رۆیشتن، پێغەمبەر ﷺ پانزە رۆژ نیگای بۆ نەهات، جوبرائیل نەدەهاتە سەری، هەتا وای لێهات قورەیشییەكان كەوتنە مقۆ مقۆو دەیانگوت: سەیرە موحەممەد وادەی بەیانی پێ داین، كەچی ئەوە پانزە رۆژ تێپەڕی هیچ وەلامی نەداینەوە، بەمە پێغەمبەر ﷺ زۆر دڵتەنگ بوو، تانەو تەشەری قورەیشییەكانی زۆر پێ ناخۆش بوو، ئەمجار حەزرەتی جوبرائیل هاتە سەریو بەنیگا سورەتی (**الكهف**)ی بۆ هێنا، كە عیتابی ئەوەی لەپێغەمبەر گرت. كە بۆچی دڵتەنگ دەبێ بەقسەی قورەیشییەكانو چیرۆكی ئەصحابولكەهفو چیرۆكی ذیلقەرنەینو باسی (روح)ی تێدایە.

ریوایەتێكی تریش هەیە دەربارەی (سبب نزول)ی ئایەتی ﴿**قل الروح...**﴾ لەروایەتەكەدا هاتووە، دەڵێ: جولەكەكان بەپێغەمبەریان گوت: ئەی موحەممەد! پێمان بڵێ: گیان چیە؟ بەچ شێوەیەك گیان لەناو جەستەدا سزا دەدرێ!؟ خۆ روح لەخوداوە هاتووە؛ هێشتا پێغەمبەر هیچی لەم بارەوە بۆ نەهاتبوو، هیچ ولامێكی نەدانەوە، دوایی حەزرەتی جوبرائیل هاتە لایو نیگای بۆ هێنا كە دەفەرموێ: ﴿**قل الروح من امر ربي وما اوتيتم من العلم الا قليلاً...**﴾.

ئەگەر سەیری ئایەتەكان بكەین هیچ شتێك دەربارەی كەسایەتی ذیلقەرنەینو سەردەمو شوێنو جێگای باس ناكا، ئەمەش دیاردەیەكی بەرچاوە لەچیرۆكەكانی قورئاندا، چونكە دیاری كردنی مێژوو جێگاو شوێن مەبەست نیە، بەڵكوو مەبەست پەند وەرگرتنو تەربییەت دادانە، دەی پەند وەرگرتنو عیبرەت زۆر جار بەبێ دیاریكردنی زەمانو مەكان دەستەبەر دەبن!

مێــژووی نووسـراو بـاسو خواسـی پاشـایەکی لـەخۆگرتووە، نـاوی ئەسکەندەری ذیلقەرنەینە. شتێکی چەسپاوو حەقیقەتـە ئـەو ئەسـکەندەرەی لەمێژوودا ناوی هەیە، ئەو ذیلقەرنەینە نیە کە لەقورئاندا باس کـراوە، چونکـە ئەسکەندەری ئیغریقی بتپەرست بووە، ئەم ذیلقەرنەینەی قورئـان باسـی لێـوە دەکا خاوەن باوەڕ بووە یەکتاپەرست بووە، ئیمانی بەزیندوبوونەوە هەبوە.

ئەبو رەیحانی بێرونی لەکتێبی بەناو (الآثار الباقية عن القرون الخالية)دا دەڵێ: ئەو ذیلقەرنەینەی لەقورئاندا نـاوی هـاتووە، لـەخێڵی حیمیـەر بـووە، چونکە پاشا حیمییەریەکان نازناوی (ذی)یـان هـەبوە، وەکـوو: ذی یـەزن، ذی نواس.

ذیلەقەرنەین نـاوی ئـەبو بـەکری کـوڕی ئیفریقـش بـووە، سـوپایەکی بـێ شمـاری بـەرەو قـەراخی دەریـای سـپی ناوەڕاست هێنـا، بـەولاتی تونـسو مەڕاکیشو چەند شوێنێکی تـردا تێپـەڕی، شـاری ئیفریقییـەی دروسـت کـرد، دوایی هەموو کیشوەری ئەفریقیا بەو ناوەوە ناونرا!

مامۆستا سەیید دەفەرموێ: وێ دەچێ ئەم رایە راست بـێ، بـەڵام ئێمـە ناتوانین ئەم مێژووە نووسراوە لەکـەوو بێژینـگ بدەیـن، چونکـە لێکۆڵینـەوە لەمێژووی نووسراودا دەربارەی ئـەو ذیلەقەرنەینـەی قورئـان لایـەنێکی ژیـانی دەگێڕێتـەوە، کـارێکی ئەسـتەمە هـەروەکوو چۆن نـاتوانین بـەدورو درێـژی دەربارەی زوربەی ئەو چیرۆکانەی لەقورئاندا هەن وەکوو سەرگورشتەی گـەلی نوح، گەلی هودو گەلی صالح...هتـد. لێکۆڵینـەوە ئـەنجام بدەیـنو لـەچوار چێوەی دەقە قورئانییەکە دەربچین! مێژوو بەنیسبەت تەمەنی ئادەمیزاد تازە لەدایک بووەو منداڵی دوێنێیە، بێگومان پێش ئـەوەی مێـژوو بنوسرێتەوە چەندەها روداوی جۆراو جۆر رویـان داوەو ئێمـە هیچیـان لێ نـازانین. مێـژوو لێیان بێ خەبەرە!

ئەگەر تەورات گۆڕانكاری تێدا نەكرایەو وەكوو خۆی بمایەوە بێگومان دەبوە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ زۆر لەروداوە كۆنەكانی مێژوو پشتی پێ دەبەسترا. بەلام بەداخەوە تەورات ئەفسانەی وا تێهاخندراوە: كە گومان لەوەدا نیە ئەفسانەیە، هەروا چەند روایاتو قسەو باسی تێدا زیادكراوە گومان لەوەدا نیە كە لیی زیاد كراونو بێ ئەصلو ئەساسن. سروشە خودایی یەكە نیە. كەوابێ ناتوانین تەورات بكەینە سەرچاوەیەكی مێژوویی و بتمانە بەو زانیارییانە بكەین: كە تێیدا تۆمار كراون!

بۆیە تاكە سەرچاوەی بڕوا پێكراو بۆ ئەم جۆرە چیرۆكو بەسەرهاتانە قورئانی پیرۆزە: كە پارێزراوە لەهەموو جۆرە گۆڕانكارییەك، پیتێكی لێ زیادو كەم نەكراوە.

ئەوەشمان لەیاد نەچێ هیچ كاتێ ناگونجێو نابێ قورئان بەمێژوو هەڵسەنگێنین، مێژوو بكەینە تەرازووی كێشانەی قورئان، لەبەر دوو هۆی سەرەكی رونو ئاشكرا:

١- مێژوو تازە لەدایك بووەو زۆر روداو هەن لەمێژووی ژیانی ئادەمیزاددا، مێژوو هیچیان لێ نازانێو لێیان بێ ئاگایە، قورئان هەندێ روداو دەگێڕێتەوە: كە زانیاری مێژو هیچیان لێ نازانێ.

٢- مێژوو هەرچەندە برێ روداوی لەخۆگرتوون كرداری ئادەمیزادە، كردەوەی ئادەمیزادیش بێ كەمو كورتی نابێ، ئەوەتا ئێستا ئێمە لەم رۆژگارەی خۆماندا وێڕای پێشكەوتنی وەسائیلی گەیاندنو زانیاری، بەچاوی خۆمان دەبینین: روداوێك، بەچەند شێوەی جۆراو جۆر دەگێڕدرێتەوە جۆرەها تەفسیرو لێكۆڵینەوەی دژبەیەكی بۆ ئەنجام دەدرێ، مێژووش لەم مەعلوماتە تێكەڵو پێكەلانە، لەم ریواتە دژبەیەكانە پەیدا دەبێ. دەی چۆن دەگونجێ چیرۆكەكانی قورئان بەمێژوو هەڵسەنگێنین!؟!

ئەوەی مەبەستە لێرەدا بزاندرێ ئەوەیە: پرسیار لەپێغەمبەر کرا دەربارەی ذیلەقەرنەین، پەروەردگار نیگای بۆ ناردو ئەم لایەنەی بەسەر هاتی ئەو زاتەی روون کردەوە، ئێمەیش جگە لەقورئان سەرچاوەیەکی ترمان بەدەستەوە نیە بۆ رونکردنەوەی ژیانی ذیلەقەرنەین، ناتوانین بەبێ زانیاریو سەرچاوەی برِوا پێکراو لەچوارچێوەی دەقە قورئانییەکە برِۆینە دەرێ!

بێگومان قورئان سێ گەشتی بۆ ذیلەقەرنەین تۆمار کردوە گەشتێک بەرەو خۆرئاوا، گەشتێک بەرەو خۆرهەلات، گەشتێکیش بۆناوچەی نێوان دوو سەددەکان (بين السدين)، دەی با ئێستا بکەوینە شوێن گەشتەکانو گوێ بۆ گێرانەوەی سەرگورشتەکە بگرینو دڵی خۆمانی بۆ بکەینەوە.

دەفەرموێ: ﴿ويسألونك عن ذي القرنين، قل سأتلو عليكم منه ذكراً﴾ ئەی موحەممەد! جولەکەو قورەیشییەکان پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ذیلەقەرنەین، پرسیاری فێربوونو تێگەییشتن نا، پرسیاری تاقیکردنەوەو ئینکەبەریت لێ دەکەن، لەولامدا پێیان بڵێ، من لەژێر رۆشنایی ئەو نیگایەی لەخوداوە بۆم دێ بەسەرهاتی ئەو زاتەتان بۆ دەگێرمەوە!!

ئەسکەندەری مەقدۆنی کورِی فیلبیسی یۆنانی‌یە، لەدەوروبەری (٣٣٠) پێش زاییندا پاشایەتی هەموو جیهانی بۆ خۆی کۆنترۆڵ کردوە، شاری ئەسکەندەرییەی دروست کردوە، قوتابی ئەرەستۆ بووە، کە بەمامۆستای یەکەمو فەیلەسووف دەژمێردرێ لای ئەم خوێندویەتی.

ئەسکەندەر شەرِی لەگەڵ فارسەکان کردوە مەملەکەتو کیشوەری دارای داگیر کرد، کچەکەشی مارە کرد، ئەمجار روی کردە ولاتی هیندستانو شەرِی لەگەڵ دانیشتواتی کرد، ولاتی میصرو دەوروبەری خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، خۆرهەلاتو خۆرئاوای داگیر کرد.

جا وەکوو وتمان ئەم ئەسکەندەرە هەرچەندە نازناوی ذیلەقەرنەینی هەیەو بەو ناوەشەوە ناوبانگی هەیە، بەلام ئەو ناگونجێ ئەو ذیلەقەرنەینە

بێ: کە قورئان باسی دەکا، چونکە ئەسکەندەر کافر بووە، بەڵام ئەم ذیلەقەرنەینە بەندەیەکی صالحو خوداپەرست بووەو خودا ملکو سەڵتەنەتێکی بەرفراوانی پێ بەخشی. وەکوو دەفەرموێ: ﴿انا مكنا له في الأرض، وآتيناه من كل شيء سبباً﴾ ئێمە ملکو سەڵتەنەتێکی گەورەمان پێ بەخشی بوو، هەرچی ئەسبابی دەسەلاتو پادشایی‌و فەرمانڕەوایی هەیە بۆمان دەستەبەر کردبوو، چەکئو کەرەسەی شەڕو زانیاری پێویست بۆ هەموو لایەنێکی فەرمانڕەواییمان بۆ دابین کردبوو، هێزو توانای ئەوەمان پێ بەخشیبوو بتوانێ هۆکارەکانی دەسەلات بەئەوپەڕی لێهاتوویی بەکار بێنێ، هەر ولاتێکی بویستایە بەئاسانی دەیخستە ژێر رکێفی خۆیەوە، خۆرهەلاتو خۆرئاوای کۆنترۆڵ کرد، هەموو جیهان بۆی مل کەچ بوو، پاشایانی عەرەبو عەجەم بوونە ژێردەستەی. بەکورتی بۆ گەیشتن بەهەموو مەبەستو ئامانجەکانی هۆکاری کاریگەرمان بۆ رەخساندبوو ﴿فأتبع سبباً، حتى إذا بلغ مغرب الشمس وجدها تغرب في عين حمئة﴾ ویستی بگاتە ئەوپەڕی خۆرئاوا، رێبازێکی راستی گرتە بەرو هۆکارێکی کاریگەری بەکار هێنا بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی، کەوتەڕێ بەرەو ئەو شوێنەی دەیەویست بیگاتێ، هەتا گەیشتە شوێنی ئاوابوونی خۆر، واتە: لەلای خۆرئاواوە گەیشتە ئەوپەڕی ئاوەدانی‌و لەپێش چاوی وشکانی بڕایەوەو نەیتوانی زیاتر بەرەو پێش بچێ، وا دیارە گەیشتبێتە قەراغی دەریالووشی ئەتلەسی (المحيط الأطلسي) ئەو کاتە دەریای تاریکی (بحر الظلمات)یشیان پێ گوتووەو خەڵکی پێیان وابوە ئیتر وشکانی دوایی دێت، جا لەو شوێنەدا وا هاتە بەرچاوی: کە خۆر لەکانیاوێکی دەوروبەر قوڕاویدا گووم دەبوو، وا دیارە ئەو بە وولاتی تونس‌و جەزائیرو مەڕاکیش‌دا تێپەڕیوەو گەیشتۆتە دەریالووشی ئەتڵەسی‌و لەوێدا واهاتۆتە بەرچاوی کە خۆر لەکانی‌یەکدا ئاوادەبوو کە دەوروبەرەکەی قوڕە ڕەش بوو، واتە: خۆر لەدەریادا گوم دەبوو، دەریاش خۆی شین نواندوە، دەتگووت: قوڕو

ئاو تێکەڵاوبووە! ئەمەیش دیاردەیەکە بەگوێرەی شوێنو وڵات دەگۆڕێ؛ لەوڵاتی شاخو دۆڵو کێودا دەبینی خۆر لەکێوو کەژ ئاوا دەبێ، لەشوێنی دەشتو سارادا وا دەبینردێ: کە خۆر بەناو زەویدا ڕۆدەچێ، لەقەراخ دەریا وا دێتە بەرچاو: کە خۆر لەناو ئاوی دەریادا نقووم دەبێ.

مامۆستا سەیید دەفەرموێ: وا پێ دەچێ ئەو شوێنە شوێنی تێڕژانی ڕوبارێک بووبێ بۆ ناو دەریالووش، بەرواڵەتیش لەو جۆرە شوێنانەدا گژوگیاو قوڕە ڕەشەو چاڵو گۆلاو پەیدا دەبنو وەکوو کانی دێتە بەرچاو!..

جا ذیلەقەرنەین وا هاتە بەرچاوی کە خۆر لەوێدا ئاوا دەبوو، بەڵام دەستنیشان کردنی شوێنەکە زەحمەتەو ناتوانین دیاری بکەین، چونکە دەقە قورئانییەکە دیاری ناکا، هیچ سەرچاوەی تری باوەڕپێکراومان بەدەستەوە نیە بتوانین پشتی پێ ببەستین، بۆیە لەم بارەوە هەرچی بڵێین تفەنگەو بەتاریکیەوە دەنێینو ڕەملێ هاویشتنە.

﴿ووجد عندها قوماً﴾ لەنزیک ئەو شوێنەی وەک کانی دەچوو خۆری تێدا گوم دەبوو، گەلو نەتەوەیەکی بینی ڕێی لێیان کەوت، ئەو نەتەوە کافرو بێ باوەڕبوون، جا پەروەردگار ذولقەرنەینی سەرپشک کرد لەنێوان ئەوەدا بەکوشتن سزایان بدا، یان بانگەوازییان بکا بۆ ئیمان هێنان، بەم جۆرەی کە بۆمان باس دەکا دەفەرموێ: ﴿قلنا یا ذا القرنین إمّا أن تعذب، وإما أن تتخذ فیهم حسناً﴾ وتمان: ئەی ذولقەرنەین! سەرپشک بە لەنێوان ئەوەدا بەکوشتن سزایان بدەی ئەگەر سوور بوون لەسەر کوفرو بێدینی خۆیانو دانیان نەنا بەتاکو تەنهایی مندا و بەپیر بانگەوازی تۆوە نەهاتن! یان چاکەیان لەگەڵ بکەیو لەگەڵیان بەصەبرو پشوو درێژیی بانگیان بکەی بۆ ڕێگای هیدایەتو بەختەوەریو شەریعەتی خودایان فێر بکەی.

ماوەتەوە ئەوە بزانین ئایا ئەم پێگوتنەی پەروەردگار بەذولقەرنەین بەچ شێوەیەک بووە؟ ئایا ذولقەرنەین پێغەمبەر بووەو خودا بەنیگاو سروش

ئەمەی پێ فەرموو؟ یان ئەمە حیکایەتی حاڵە لەم روەوە: کە خودا زاڵی کرد بەسەریانداو بەناچاریی ملکەچو ژێر دەستەی بوون وەکوو پێی بفەرموێ: بڕۆ سەرپشکێ بە چییان لەگەڵ دەکەی بیکە؟! عەزابیان دەدەی یان چاکەیان لەگەڵ دەکەی کەیفی خۆتە. هەردو ماناکان وێ دەچن! هیچ مانعێکێ نیە دەقەکە ئاوا مانا بکەین یان ئاما! ئەوەی گرنگە: ئەوەیە: ذولقەرنەین دەستورو قانوونی خۆی راگەیاندو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو ولاتو کیشوەرانەی کۆنترۆڵی کردن ئاشکرا کرد، بڕیاری بۆیان دەرکرد ﴿قال: أمّا من ظلم فسوف نعذبه ثم يرد إلى ربه فيعذبه عذاباً نكراً﴾ ذولقەرنەین بەدارو دەستەو هەندێ لەکاربەدەستە تایبەتیەکانی خۆی فەرموو: ئەو کەسی ئێمە بانگی دەکەین بۆ خودا پەرستیو ئەو سوورە لەسەر ستەمو ستەمکاریو شەریکێ بۆ خودا دادەنێ ئەوە ئێمە سزای کوشتنی بەسەردا دەدەینو قەلاچۆی دەکەین، پاشان دەگەرێتەوە بۆ لای خودای خۆیو لەقیامەتدا سزای سەختی دەداو بەئاگری بێ ئامانی دۆزەخ دەیسوتێنێ! سزایەکی دەدا کەس نەیدیبێو کەس نەی بیستبێ.

﴿وأما من آمن وعمل صالحا فله جزاء الحسنى، وسنقول له من أمرنا يسراً﴾ وەلێ ئەو کەسەی ئیمانی هێناو کردەوەی چاکی ئەنجام داو بەگوێرەی ئیمانەکەی هەڵسو کەوتی کرد، ئەوە پاداشی دەدرێتەوە، لەهەردوو جیهاندا بەختەوەرە، لەوە بەولاوە دەرسی خوداپەرستی فێر دەکەین بۆ ئەوەی زیاتر لەخودا نزیکێ بێتەوە، پتر دڵی نەرم بێ، ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوداپەرستی لەسەر شان گران نابن! ئەرکی ئاسانی داوا لێ دەکەین، شتێکی داوا لێ ناکەین لەسەر شانی گران بێ، فەرمانی پێ ناکەین بەئەنجامدانی کارێکێ نەتوانێ بیکا! ئێمەیش یارمەتی دەدەین، کارەکانی بۆ ئاسان دەکەین!

بەکورتی ئەم پاشا فەرمانڕەوایە رەهایە بڕیاری ئەوەیدا: کە لەگەڵ خوداپەرستانو چاکەکاراندا چاکەکارو بەحیلمو دڵسۆزبێ، لەگەڵ تاوانکارو

خراپەویستاندا بەزەبرو زەنگ بێو تۆڵەیان لێ وەرگرێتەوە... بەراستی ئەمەیە فەرمانڕەوای ناجیحو ولات ئاوەدانکەرەوەو حوکمڕانی راستو دروست ئەوە: ئاسایشو دڵنیایی بۆ هاوولاتیان بەو جۆرە حوکمە دەستەبەر دەبێ، ولات بەو شێوە دادەمەزرێ کار بەو جۆرە بەرێوە دەچێ!!

هەر کاتێ چاکەکار پاداشی کردەوەی چاکی خۆی وەرگرتەوە، دڵسۆزو خەمخۆر پاداشی دڵسۆزی خۆیان هاتەوەڕێ! ستەمکارانو خراپەکاران سزای تاوانی خۆیان وەرگرتەوە... ئەو کاتە خەڵکی هەست بەدڵنیاییو یاسا سەروەری دەکەن، لەناخەوە خۆیان هەڵدەنێن بۆ چاکەکردنی زیاترو دڵسۆزی نواندنی پترو بەرهەمهێنانی زۆر تر..

بەلام کاتێک تەرازوی حوکمو یاسا تێکچوو دزو جەردەو خوێڕیو چڵکاو خۆری ماستاوکەر بوونە راوێژکاری حاکمو فەرمانڕەوا، ئەوجۆرە کەسانە کاریان کەوتە دەستو پاشا گوێی لێ گرتن ئیشو کاریان رۆییشتو لەپێش بوون، لەبەرامبەریشدا کارمەندی صالحو راستاڵ لێدراوو دەرکراو بوون، نەیان دەهێشت کاری گرنگ بگرنە دەستو لێیان نەدەگەڕان رۆڵی خۆیان بگێڕن، نەیان دەهێشتن بەدەستی رەنگینی خۆیان ولات بەرەو پێش بەرن، ئەوە لەو کاتانەدا دەسەلاتو هێز لەدەستی فەرمانڕەوا دەبێتە قامچی عەزابو سزاو ئامێری روخاندنو داوەشاندن، لەجیاتی یاساو رێساو نیظام پشێوی باو دەبێو فەساد لەئارادا دەبێ. لەجیاتی ئاوەدانی ولات وێرانی، لەشوێنی یەکیەتیو تەبایی،پەرتەوازەییو فرەحیزبی، دژایەتیو دوژمنکاری باو دەبێو ژیانی شیرین تاڵو رۆژی روناک شەوزەنگو زەوی پانو پۆڕ تەنگەبەر دەبێ!!!!

﴿ثم أتبع سبباً، حتى إذا بلغ مطلع الشمس، وجدها تطلع على قوم لم نجعل لهم من دونها ستراً﴾ پاشان ذولقەرنەین رێگایەکی تری گرتەبەرو گەشتێکی تری دەست پێ کرد، لەخۆرئاواوە بەرەو خۆرهەلات کەوتەڕێ، هەتا گەییشتە شوێنێک یەکەم شوێن بوو: کە خۆری لێ هەڵبێ لەلای خۆر

هەڵاتەوە، یەکەم وڵاتێکی ئاوەدان بوو لەلای سنووری خۆر هەڵات، جا لەو شوێنەدا بینی خۆر هەڵدێ لەسەر نەتەوەیەک روتو پێخواس، هیچ شتێک نەبوو گەرمایی خۆریان لێ دوور بخاتەوە، نەپۆشاکیان هەبوو بیپۆشن، نەخانوو خێمەو رەشماڵو پەناپاسارو دارو درەختیان هەبوو تا لەسایەیاندا خۆیان لەتیشکی خۆر بشارنەوە، راخەریان زەویو لێفەیان ئاسمان بوو. لەدەشتێکی کاکی بەکاکیدا دەژیانو زوربەی رزقو رۆژی بژێویان لەسەر ماسی بوو.

﴿كذلك﴾ ئەوە بوو: کاروباری ذولقەرنەین، بەو جۆرە بوو: کە باس کرا، گەشتەکانی بۆ خۆرئاواو لەوێوە بۆ خۆرهەڵات، هێزو تواناو دەسەڵاتی، لەشکرو سوپای، زانیاریو لێزانی، هەڵوێستی بەرامبەر دانیشتوانی ئەو کیشوەرانەی کەوتوونە ژێر دەسەڵاتیەوە، ئەوە بوو کە بۆمان باس کردن!

﴿وقد أحطنا بما لديه خبراً﴾ ئێمە ئاگادار بووین بەسەر هەموو حاڵو وەزعێکی دا، هیچ شتێکی لەئێمە پەنهان نەبوو، واتە: هەرچەندە لەشکرو سوپای ئەوەندە، زۆرو بێ شمار بوو، ثەروەتو سامانی هێندە زۆرو بەرفراوان بوو، ئەو کیشوەرانەی کۆنترۆڵی کردبوون لێک دورو بەرفراوان بوون، ئێمە هەموو شتێکی ئەومان دەزانی، بەکورتی دەسەڵاتو دەوڵەمەندیو پاشایەتی گەییشتبوە رادەیەک هەر ئێمە دەمانزانی، کەسی تر نەیدەتوانی سەرژمێری بکاو بەسەریاندا ئاگادار بێ.

﴿ثم أتبع سبباً حتى إذا بلغ بين السدين وجد من دونهما قوماً لا يكادون يفقهون قولاً﴾ پاشان گەشتی سێهەمی دەست پێ کردو رێگایەکی تری گرتەبەر، لەخۆرهەڵاتەوە بەرەو باکور کەوتە رێ، هەتا گەییشتە نێوان دوو کێو لەنێوان ئەرمینیەو ئازربایىنجاندا، لای کێوەکانی رێی لەگەڵ نەتەوەیەک کەوت، لەوانە نەبوون لەقسەو گفتو گۆ تێ بگەن، لەئاخاوتنی کەس حاڵی

نەدەبوون، چونکە زمانی خۆیان زمانێکی زۆر غەریب بوو، بۆ خۆشیان تا بڵێی کەودەنو نەفام بوون.

ئەم گەلو نەتەوەیە بەشێک بوون لەنەتەوەی صەقالیبە (سلاف)ەکان. ئەوانەی نیشتەجێی خۆرهەڵاتی دەریای ڕەشن.

جا لەپاش ئەو کێوەوە نەتەوەیەکی زۆر دڕو شەڕانی هەبوو بەیەئجوجو مەئجوج بەناوبانگ بوون، هەمیشە لەکەلێنو بۆشایی نێوان دوو کێوەکانەوە هێرشیان دەکردو پەلاماری ئەو قەومە بێ دەسەڵاتو نەزانەی ئەم دیو کێوەکانیان دەداو تاڵان بڕۆیان لێ دەکردن، جا کە ذیلقەرنەینیان بینی پاشایەکی بەدەسەڵاتو زاناو دادپەروەرە سکاڵای خۆیان لەلا کردو ﴿قالوا: یاذالقرنین إن یأجوج ومأجوج مفسدون في الأرض﴾ دانیشتوانی نێوان بەربەستەکان (بین السدین)ی نێوان دوو کێوەکان بەذیلقەرنەینیان گوتو ئەویش بەهۆی ئەو زیرەکیو لێزانیەی کە خودا پێی بەخشیبوو لێیان حاڵی بوو، یان بەهۆی تەرجومانەوە تێیان گەییشت، وتیان: ئەی ذیلقەرنەین! پێت ڕادەگەیەنین کە یەئجوجو مەئجوج دوو نەتەوەن لەودیو ئەو کێوانەوەن، هێرشمان بۆ دەهێننو فەسادو وێرانبوون لەوڵاتماندا بڵاو دەکەنەوە، دەمانکوژن، ئەو بژێوەی بەئارەقی ناوچەوان پەیدای دەکەین لێمان دەستێنن، ناهێڵن ساتەوەختێک بەئاسایی ژیان بەسەر بەرینو بەبێ ترسو خەم سەربنێینەوە!

﴿فهل نجعل لك خرجاً علی أن تجعل بیننا وبینهم سداً؟!﴾ ئایا بەلاتەوە پەسندە لەلایەن خۆمانەوە هەندێ پارەو پول کۆبکەینەوەو بیخەینە ژێر دەستی جەنابتەوە بۆ ئەوەی لەنێوان ئێمەو یەئجوجو مەئجوجی ئەو دیو کەژانە بەربەستێک دروست بکەیو ڕێگایان لێ بگیرێ ئیتر نەتوانن ئەم دیوکەون، لەدەست هێرشو پەلاماری ئەوان ڕزگارمان بێ؟!

بەکورتی:

ئەوان پێشنیاری ئەوەیان بۆ ذیلقەرنەین کرد: کە لەناوخۆیان پیتاكێ بکەنو ماڵو سامان گردبکەنەوەو بیدەن بەذیلقەرنەین بۆ ئەوەی ئەویش سەددەکە دروست بکا.

﴿قال ماكني فيه ربي خير﴾ ذیلقەرنەین لەوەلامدا وتی: ئەو هێزو دەسەلاتەی خودا پێی بەخشیوم، ئەو ماڵو سامانو هۆکارە جیاجیایانەی خودا پێی داوەو بۆی دەستەبەر کردوم زۆر باشترە لەوەی ئێوە دەتانەوەی بمدەنێ، من پێویستم بەماڵو سامانی ئێوە نیە ... وەکوو چۆن حەزرەتی سولەیمان فەرمووی: ﴿**اتمدونني بمال، فما آتاني الله خير مما آتاكم**﴾(**النمل/٣٦**).

جا کە من پێویستم بەپارەو پولی ئێوە نەبێ، بۆ خۆم کەرەستەی پێویست دابین بکەم ﴿فأعينوني بقوة أجعل بينكم وبينهم ردماً﴾ بەکرێکارو ئیش کردن یارمەتیم بدەن، کرێکارو وەستای پێویستم بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی لەنێوان ئێوەو یەئجوجو مەئجوجدا بەربەستێك دروست بکەم زۆر لەوە تۆکمەتر بێ کە خۆتان داوای دەکەن.

ئەمجارە شێوەی هێزو تواناو دەسەلاتی خۆی دیاری دەکاو داوای کەرەستەی پێویست دەکا بۆی ئامادە بکەن دەفەرموێ: ﴿آتوني زبر الحديد حتى إذا ساوى بين الصدفين﴾ پارچە ئاسنی جۆراو جۆرم بۆ بێنن، جا کە پارچە ئاسنەکانیان بۆ ئامادە کردنو کرێکارو وەستایان خستنە ژێر فەرمانییەوە، دەستی کرد بەدروستکردنی بەربەستەکەو پارچە پارچە خستنیە سەر یەکو لێکی بەستن هەتا وای لێهات سەددەکەی لەگەڵ بەرزایی کێوەکان راست کردەوەو گەیاندییە سەر لوتکەکان!

ئەمجار فەرمانی بەوەستاو کرێکارەکان کرد، کە ئاگر لەئاسنەکان بەردەن، لەهەموو لایەکەوە موشەدەمەیان ئامادە کردنو ئاگریان لەناو

پارچەئاسنەکان کردەوەو ﴿قال انفخـــوا فيــها حــتى إذا جعلــه نــاراً﴾ بەموشەدەمە موشەدەمەیاندا هەتا هەموو ئاسنەکان بەسەریەکدا توانەوەو بوونە یەک پارچە ئاگری سورەوەبوو، ئەمجار ﴿قال: آتوني أفرغ عليه قطراً﴾ فەرمووی: مسی تووانەوەم بۆ بێنن دەیکەم بەسەر ئەو ئاسنە سوورەوەبووەدا، مسی تووانەوەی بەسەر ئاسنی سورەوەبوودا کردو هەموو کونو کەلەبەری ناو سەدەکەی پڕ کردەوەو سەدەکە بوو بەیەکپارچەی توندو تۆڵو تۆکمە، ئیتر لەوەدوا ﴿فما اسطاعوا أن يظهروه وما اسـتطاعوا لــه نقبــاً﴾ یەئجوجو مەئجوج نەیانتوانی سەر سەددەکە بکەون لەبەر بەرزیو لووسی، نەشیان توانی کونی بکەن لەبەر قایمیو تۆکمەیی، پەروەردگار ئەو گەلو نەتەوە هەژارەی خستە ئاسایشو ئارامییەوە.

ئەمجار ذیلقەرنەین دوای تەواو بوونی سەددەکە ﴿قال هذا رحمة مـــن ربي﴾ بەدانیشتوانی ئەو دەڤەرەی گوت: ئەمە نیعمەتو رەحمەتە لەخوداوە بۆ بەندەکانی، چونکە ئەو سەددە بوو بەبەربەستو ناوان لەنێوان ئێوەو یەئجوجو مەئجوجدا. ئیتر ناتوانن ئەم دیوکەونو فیتنەو ئاشووب لەولاتی ئێوەدا بلاویکەنەوە. جا ﴿فــإذا جــاء وعــد ربي جعلــه دكــاء﴾ ئەگەر وادەی مەزندەکراوی پەروەردگار دەربارەی دەرچوونی یەئجوجو مەئجوج لەپاش سەددەکەوە هات، ئەو کاتە پەروەردگار بەربەستەکە دەڕوخێنێو وردو خاشی دەکاو لەگەڵ زەویدا تەختی دەکا ﴿وكان وعد ربي حقــاً﴾ هەرچی خودا وادەی پێدا، دێتەجێو پاشکەوتنو هەڵوەشانەوەی نیەو هەردەبێ ببێ.

ئابەم شێوە ئەم حەلقەیەی ژیانی ذیلقەرنەین کۆتایی هات، بەراستی ئەم زاتەنموونەی فەرمانڕەوای صالحو عادڵ بوو، خودا دەسەلاتو هێزی پێ بەخشی، سوپاو سامانو هۆکاری تری دونیا داگیرکردنی پێدا، توانی هەموو دونیا بەخۆرهەلاتو خۆرئاوایەوە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەلام لەخۆی بایی نەبوو، جەورو ستەمی لەژێر دەستەکانی نەکرد، ئەو هەموو ولاتو

کیشوەرانەی خستنە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە، لەهیچ شوێنێک هەڵسو کەوتی ستەمکارانەی لەگەڵ دانیشتوەکانی نەکرد، بەڵکوو هەر شوێنێکی بگرتایە دادپەروەریو چاکەکاری تێدا بلاو دەکردەوە، یارمەتی دانیشتوانی دەدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ولاتو بەرپاکردنی ئاسایشو بەرقەرار بوونی یەکیەتیو تەباییو دالدەدانی هەژارو لێقەوماوان دەستی دەست درێژکارانی کوڵ دەکرد، بوو بەپشتو پەنای داماوان. هەرگیز سەرکەوتنەکانی خۆی نەکردە هۆکاری چەوساندنەوەی گەلو نەتەوەکان، بەڵکوو دەسەلاتو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ چەسپاندنی عەداڵەتکاریو پێشخستنی ولاتو گەشەکردنی باری ئابووری، قەلاچۆکردنی زوڵمو ستەمکاریو نەهێشتنی فیتنەو ئاشوب لەولاتدا! هەموو ئەو کارە باشانەشی دەکاتە نیشانەی رەحمەتو نیعمەتی خودا بەسەر بەندەکانیداو دەیانگێڕێتەوە بۆ دەسەلاتی خوداو بەهی خۆی لەقەڵەمیان نادا. لەو کاتانەدا کە لەترۆپکی سەرکەوتنو زاڵبووندایە خودای لەبیرەو ئاماژە بەدەسەلاتی بێ سنووری زاتی پاکی دەکاو هەموو شتێکی باش وەپاڵ پەروەردگاری خۆی دەدا!!

ئەمجار بزانین یەئجوجو مەئجوج کێنو لەکوێ بوونو ئێستا لەکوێنو چییان بەسەر هاتو چییان بەسەردێ؟

هەموو ئەمانە پرسیارنو خۆیان دەنوێننو ولامیان زەحمەتو دژوارەو ناتواندرێ بەدڵنیایی ولامیان بدەینەوە. چونکە ئێمە چییان لێ نازانینو زیاد لەوەی قورئان ئاماژەیان بۆ دەکاو فەرموودەی صەحیح باسیان دەکا، چ سەرچاوەی بڕواپێکراوی ترمان لەژێر دەستدا نیە، قورئان هەرئەوەندە ئاماژە دەکا: کە دەفەرموێ: ﴿فإذا جاء وعد ربي جعله دكاء وكان وعد ربي حقاً﴾ ئەم دەقەش کاتو زەمان دیاری ناکا! وادەی پەروەردگار بەوردو خاشکردنی سەددەکە، دەگونجێ هاتبێو رابوردبێ، وێ دەچێ ئەو وادەیە بەهاتنی تەتەرو پەلاماردانیان بۆ هەموو دونیاو خاپورکردنی هەموو ئەو شارو گوندانەی کەوتە

ژێر دەستیان هاتبێتە جێ، ئەوان بەسەر هەر شوێنێکدا گوزەریان کردبێ وێرانیان کردوە، هەر شارو گوندێک کەوتبێتە ژێر رکێفیان خاپوریان کردوەو دانیشتوانیان کوشت بڕ کردوە!!

لەشوێنێکی تردا لەسورەتی (الأنبیاء/٩٦) دەفەرموێ: ﴿**حتى إذا فتحت یاجوج وماجوج، وهم من كل حدب ینسلون واقترب الوعد الحق**...﴾ ئەم دەقە قورئانییەش دووبارە کاتێکی دیاریکراو ئاماژ پێ ناکا بۆ هاتنەدەرەوەی یەئجوجو مەئجوج. نزیک بوونەوەی وەعدی حەق: کە بەمانا نزیکربوونەوەی قیامەتە، ئەوە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ هاتۆتەجێ ... واتە: لەسەردەمی پێغەمبەرەوە هاتنی رۆژی قیامەت بەنزیک دادەنرێ، بەڵکوو رەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ کراوەتە نیشانەی نزیکبوونەوەی هاتنی رۆژی قیامەت، ئەوەتا لەشوێنێکی تردا قورئان دەفەرموێ: ﴿**اقتربت الساعة وانشق القمر**﴾ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کەچەرخو کات لەحیسابی خودادا زۆر جوداوازە لەچەرخو کاتی حیسابی ئادەمیزاد؛ وێ دەچێ ملیونەها ساڵ تێپەربێ لەنێوان نزیکبوونەوەی هاتنی قیامەتو رابوونیدا، بەحیسابی ئادەمیزاد بەدورو درێژ بزاندرێو وەلێ لای خودا ماوەیەکی کورتو کەمە! کەوابێ پێدەچێ روخانی ئەو سەددە لەنێوان نزیکبوونەوەی قیامەت: کە سەردەمی پێغەمبەرە ﷺو رۆژگاری ئەمرۆی ئێمەدا رووی دابێ، بەم جۆرە هەڵمەتو هێرشی مەغۆلو تەتەرەکان کە هەموو ولاتانی خۆرهەلاتی گرتەوە بریتی بێ لەدەرچوونو بەرەڵلابوونی یاجوجو ماجوج!

فەرمودەیەکی صەحیحو راست هەیە، ئیمامی ئەحمەدو لەسوفیانی ثەورییەوە لەعورۆەوە لەزەینەبی کچی ئەبو سەلەمەوە، لەحەبیبەی کچی ئومموحەبیبەی کچی ئەبو سەفیان، ئەویش لەدایکیەوە (خاتوحەبیبە)، ئەویش لەزەینەبی کچی جەحشەوە (خێزانی پێغەمبەر ﷺ) دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ لەخەو رابوو، دەمو چاوی سوور هەڵگەڕابوو، لەو حاڵو وەزعەدا

دیفەرمووی: ((ويل للعرب من شر قد اقترب. فتح من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذا)) بەقامکە گەورەو قامکی شایەتومان حەلقەیەکی دروست کرد، دایکی موسوڵمانان؛ (زەینەب) دەفەرموێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا ئێمە بەهیلاک دەبرێین لەکاتێکدا پیاوچاکمان تێدابن؟؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((نعم إذا كثر الخبث)) بەڵێ: ئەگەر خراپەکاری زۆر بوو.

ئەم خەونەی پێغەمبەر ﷺ پێش چواردە سەدە بووە، دوایی هێرشی تەتارو مەغۆل بۆ سەر عالەمی ئیسلامی روی داوە، ولاتی موسوڵمانانیان وێرانو خاپور کرد، تەنانەت مەرکەزی خەلافەو فەرمانڕەوایی موسوڵمانان: کە بەغدا بوو لەسەر دەستی لەشکری هۆلاکۆ وێران کراو دواخەلیفەی عەبباسی: کە خەلیفە موستەعصیم بوو کوژراو، دانیشتوانی بەغداد قەتڵو عام کران. دەی لەوانەیە ئەم هێرشە وێرانکارییانەی مەغۆلو تەتار بۆ سەر عالەمی ئیسلامی مانای خەونەکەی پێغەمبەر ﷺ بێ، پاش شەشصەدو ئەوەندە ساڵە هاتبێتە دی!!

ئەمجار بەشوێن باسو سەرگورشتەی ذیلقەرنەیندا دیمەنێکی رۆژی قیامەت رادەنوێنێو دەفەرموێ: ﴿وتركنا بعضهم يومئذ يموج في بعض﴾ لەو رۆژەدا: کە وادەی خودا دێتە دی، خەڵکی سەرگەردان دەبن، هەموویان لەحەیبەتانو لەترسان تێکەوە دەهاوێنو سەریان لێ دەشێوێ هەموویان تێکەڵو پێکەڵ دەبن، دەکەونە گەردوشو گەران، وەکوو دەریا شەپۆل دەدەن، کۆیان دەکەینەوە بەکۆکردنەوە. جا ئەم وەدی هاتنەی وادەی خودا پێش زیندوبوونەوە بێو بریتی بێ لەهاتنی رۆژی قیامەتو دوایی هاتنی جیهان، یان پاش زیندو بوونەوە بێ: کە بەجارێ هەموو مەخلوقات زیندو دەکرێنەوەو لەگۆڕەکانیان راست دەبنەوەو تێکەوە دەهاوێن، بەهەردووبار دەگونجێ!

یان مانای ئایەتەکە بەم جۆرەیە: ئەو رۆژەی سەددەکە دەڕوخێ ئەو ئاجوجو ماجوجانە لەدوا کێوەکەوە دێنە دەرەوەو پەلاماری خەڵکی دەدەنو دەست دەکەن بەئاشوب نانەوەو گەردش بەرپاکردنو وێران کردنی ولاتان. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**حتى إذا فتحت ياجوج وماجوج، وهم من كل حدب ينسلون**﴾(**الأنبياء/٩٦**). ئەو کاتە ئاجوجو ماجوج لەهەموو بەرزاییو قەلاو پەناگایانەوە بەهەڵەداوان دێنە خوارێو وەکوو ئاگر لەپووش بەربێ دەکەونە ولاتو هەر شوێنێ پێیدا برۆن وێرانی دەکەن! دەق ئەم وەصفە دەسەپێ بەسەر گەلو نەتەوەی جەنگیزخاندا، ئەوەبوو: ئەوان لەتەپۆلکەو تورکەتورکەی کیشوەری ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتنە خوارێو ئەوەیان بەسەر عالەم هێنا کە هێنایان!! هەموو ئەم روداوانە بەماوەیەکی نادیار پێش فووکردن بەکەڕەنای دونیا وێران بووندا رویان داوە!

﴿**ونفخ في الصور فجمعناهم جمعا**﴾ کە کاتی رابوونی قیامەت هات فودەکرێ بەکەڕەنای صورداو هەموو مەخلووقات زیندو دەکەینەوەو راپێچی سارای مەحشەریان دەکەینو کۆیان دەکەینەوە بۆ حیسابو لێکۆڵینەوەو وەرگرتنەوەی پاداشو سزا.

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**قل ان الأولين والآخرين لمجموعون إلى ميقات يوم معلوم**﴾(**الواقعة/٤٩-٥٠**). یان ﴿**وحشرناهم فلم نغادر منهم أحداً**﴾(**الكهف/٤٧**).

ئایەتەکە دیمەنێکی جمو جوڵی ئادەمیزادەکان رادەنوێنێ، وێنەی جمو جوڵی هەموو ئادەمیزاد دەکێشێ لەهەموو رەنگو رەگەزو کیشوەرو ولاتەکاندا، لەهەموو چینو توێژو سەردەمو رۆژگارێکدا هەر لەیەکەم رۆژی دونیاوە تا کۆتایی دونیا، ئەو هەموو ئادەمیزادانە زیندو دەکرێنەوە تێکەوە، دەهاونو دێنو دەچن، هەموویان دەڵێی سەرخۆشو مەستن، وەلێ لەراستیدا

سەرخۆشو مەست نین بەڵام سزای خودا سەختو دژوارە، ترسی ئەو عەزابو سزایە وای لیّ کردون وەکوو شەپۆلی دەریا بیّنو بچن.

سزادانی کافران

وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِّلْكَٰفِرِينَ عَرْضًا ﴿١٠٠﴾ ٱلَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِى غِطَآءٍ عَن ذِكْرِى وَكَانُوا۟ لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعًا ﴿١٠١﴾ أَفَحَسِبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَن يَتَّخِذُوا۟ عِبَادِى مِن دُونِىٓ أَوْلِيَآءَ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَٰفِرِينَ نُزُلًا ﴿١٠٢﴾ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا ﴿١٠٣﴾ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَزْنًا ﴿١٠٥﴾ ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُمْ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُوا۟ وَٱتَّخَذُوٓا۟ ءَايَٰتِى وَرُسُلِى هُزُوًا ﴿١٠٦﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار باسی ئەوەی کرد: کە هەر کاتیّ وەختی رابوونی قیامەت هات، فو دەکریّ بەکەرەنای صوردا، ئادەمیزادەکان لەگۆڕەکانیاندا راست دەکریّنەوە، ئەمجار هەموویان لەساری مەحشەردا کۆدەکریّنەوە بۆ حیسابو لیّکۆڵینەوە.

ئەمجار ئەوە باس دەکا: کە ئەوکاتەی دۆزەخ نیشانی کافرەکان دەدریّ، رادەنویّنریّ بۆیان باش باش دەیبینن؛ گوێیان لەگرمەو لرفەو نیڵە نیڵەی

دەبیو ناتوانن خۆیانی لیٚ گیٚل بکەن، ئەو کافرانە لەدونیادا رویان لەبانگەوازی خودا وەردەگیڕا، خۆیان لەدیتنی ڕیٚگای هیدایەت کویٚر دەکرد، گوێیان لەبیستنی حەق کەڕ دەکردو بەهیچ جۆریٚ شویٚن حەقو راستی نەدەکەوتن، پیٚیان وابوو ئەو خودا درۆزنانەی دەیانپەرستن لەعەزابی خودا رزگاریان دەکەن، شەفاعەتیان بۆ دەکەن!

دەفەرمویٚ: ﴿وعرضنا جهنم يؤمئذ للكافرين عرضاً﴾ ئەو رۆژە واتە رۆژی قیامەت، دۆزەخ بەباشی نیشانی کافرەکان دەدەین راستەو خۆ چاویان پیٚ دەکەویٚ، ناڕەحەتیو ناخۆشی هەست پیٚ دەکەن، گوێیان لەلرفەو نالّەیەتی، ئەمەش بۆ ئەوەی زوو بکەونە عەزابو ئەندیٚشەوەو بزانن: کە ئەویٚ جیٚگایانەو ناتوانن خۆیانی لیٚ رزگار بکەن!!

ئەمجار رەوشتو نیشانەی ئەو کافرانەی: کە شیاوی ئەو سزادژوارەن رون دەکاتەوەو دەفەرمویٚ: ﴿الذين كانت أعينهم في غطاء عن ذكر وكانوا لايستطيعون سمعاً﴾ واتە: عەزابی سەختی دۆزەخ بۆ ئەو کافرانەیە: کە لەدونیادا خۆیان گیٚل کردبوو لەوەرگرتنی هیدایەتو دۆزینەوەی ریٚگای حەق، سەیری نیشانەو ئایاتەکانی خودایان نەدەکرد، لیٚیان ورد نەدەبوونەوە، بەجۆریٚک بگەنە یەقینو دەست بکەن بەیەکتاپەرستی خۆیان لەبانگەوازی پیٚغەمبەرو بانگخوازانی ئایینی ئیسلام کەڕ کردبو، تاقەتیان نەبوو گویٚ لەنەصیحەتو ئامۆژگاری مامۆستاو ریٚبەرانی ئیسلام بگرن، گالّتەیان بەزیندوبوونەوەو هاتنی رۆژی قیامەت دەهات. شویٚن ریٚبازی شەیتان کەوتبوونو لەتاوانو گومڕاییدا رۆچوو بوون، شەیتان مامۆستاو ریٚ پیشاندەریان بوو وەکوو لەئایەتیٚکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له شيطاناً فهو له قرين﴾(الزخرف/٣٦).

بەکورتی:

ئـەوان لـەدونيادا خۆيـان لـەبينينی نيشـانەکانی هـەبوونی خـوداو تـاکئو تەنـهايی زاتـی پـاکی کوێـر کردبــوو، روويــان لەبەڵگــەو نيشــانەو ئايەتــە بيسـتراوەکانی قورئـان وەردەگێڕاو گوێـی خۆيانيــان لیَ دەهــاخنی وەکــوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فانها لا تعمي الأبصار ولكن تعمي القلوب التي في الصدور**﴾(الحج/٤٦).

ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە: کە ئەو کافرانە بەهەڵەچون: کە پێيان وايە: ئەو خودا درۆزنانە يارمەتييان دەدەن‌و لەچنگ عەزابی خودا رزگاريان دەکەن؛ دەفەرموێ: ﴿**أفحسب الذين كفروا أن يتخذوا عبادي من دوني أوليــــاء**﴾ ئايا ئەوانەی کافرن‌و بڕوايان بەتاکئو تەنـهايی خـودا نيـەو بەندايـەتی بـۆ مـن ناکەن، ســەرباری ئـەوەش هـاتوون ئـەو بەندانـەی مـن: کـە لـەژێر دەسـەڵاتی خـۆمدان: وەکـوو فريشـتەو عيسـاو ئـەمثالی ئـەوان، کردويـانن بەپەرسـتراوی خۆيان‌و بەندايەتييان بۆ ئەنجام دەدەن، پێيـان وايـە: ئـەو بەندايەتيکردنـە بـۆ ئەوان سوود بەخشەو عـەزابيان لیَ دوور دەخاتەوە؟ دەتوانن بەرهەڵستی خـودا بکەن‌و نەهێڵن خودا تۆڵەيان لیَ بسێنیَ! جا کـە مـادام ئـەوان بـيرو باوەڕيـان وەهايە دەبا سەرەنجامی ئەو بیَ عەقڵی‌و نەفامييەيان وەربگرنەوە، با کاڵەکێ بەئەژنۆی خۆيان بشکێنن چونکە ﴿**انا اعتدنا جهنم للكافرين نــــزلاً**﴾ ئێمـە دۆزەخمان بۆ کافرو تاوانباران ئامادەکردوەو بۆمان کـردون بەمــەنزڵ‌و شـوێنی مانەوەو حەوانەوە، ئای لــەو مــەنزڵ‌و شـوێنە؟؟ ئـای لـەو مەسـکەن‌و شـوێنی حەوانەوەيەی چاوەڕوانيانە، بۆيـان دەردەکـەوێ چـۆن مەنزڵێکـەو چـۆن بۆيـان ئامادە کراوە، بەراستی ئەو دۆزەخـەی بـۆ ئـەوان ئامـادەکراوەو چاوەڕوانيانـە خـراپ شـوێنێکەو جێگايـەکی دژوارو پــڕ ئــازارو ئەشــکەنجەيە! (خودايــە بەنسيبمان نەکەی‌و لێمانی دوور خەيەوە!)

ئەمجار پەروەردگار ئادەمیزادان لەبێ عەقڵیو نەفامی کافرەکان ئاگادار دەکاتەوە، کردەوەو هەڵوێستو بیرو باوەڕەکان کێشانە دەکاو لەسەنگی مەحەکیان دەداو دەفەرموێ: ﴿قل: هل ننبئكم بالأخسرين أعمالاً﴾ ئەی موحەممەد! بەو کافرە سەر رەقانە بڵێ: ئایا من هەواڵتان نەدەمێ بەخەسارەتمەندترین کەسانێک لەکردەوەکانیاندا؟ نەڵێم: کێ لەهەموو کەس زیاتر بەهەڵەچووە؟ ئەو کەسانەتان بۆ دەست نیشان نەکەم: کە خۆیان ماندو کردوە لەکارو کردەوەیەکداو بەهیوای پاداشو جەزا وەرگرتنەوەن کەچی بەهیلاک چونو ئاکام بەپێچەوانەی مەبەستو هیوایان بوو. پێتان بڵێم: ئەو کەسانە کێن؟ ﴿الذين ضلّ سعيهم في الحياة الدنيا وهم يحسبون أنهم يحسنون صنعاً﴾ ئەوانە کۆمەڵێکن بەهەڵەچون، هەڵخەڵەتاونو ڕێگایان لێ تێک چووەو گومڕابونو کردوکۆیان بێهودەیەو مایە پوچن، لەحاڵێکدا بۆ خۆیان وا دەزانن کردەوەکانیان باشەو سودبەخشە بۆیان! چونکە ئەوان لەگومڕاییدا دەژینو هەست بەسەر لێ شێواوی و هەڵخەڵەتاوی خۆیان ناکەن، رۆچون لەگومڕاییداو لەم کردەوەو کۆششە بێهودەیە واز ناهێنن! لەوە بەو لاوە بۆیان دەردەکەوێ چەند خەسارەت مەندنو چەند ماڵوێرانو بەد بەختو نەگبەتن!!

هۆی ئەو خەسارەتمەندیو بەد بەختییەیان ئەوەیە: ﴿أولئك الذين كفروا بآيات ربهم ولقائه فحبطت أعمالهم﴾ واتە: ئەوانەی خەسارەتمەندو بەدبەختن، ئەو کەسانەن: کە ئینکاری ئایاتی پەروەردگار دەکەن، بڕوایان بەبەڵگەی تەکوینیو ئایاتی قورئان نیە: کە تاکو تەنهایی خودا دەچەسپێنن، بڕوایان بەزیندوبوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەو گەیشتن بەزاتی پەروەردگارو روداوەکانی تری قیامەت نیە.

ئەوانە کردەوەکانیان پووچ کراوەتەوە، کردەوەکانیان بێ سوودو بێ ئاکامە، ﴿فلا نقيم لهم يوم القيامة وزناً﴾ کردەوەکانیان هیچ نرخو ڕێزو گرانیەکیان لەتەرازووی ئەعمالدا نیە، هیچ ئەهمیەتیان پێ نادەین، پاداشو پاساوی کردەوەکانیان نیە، چونکە کردەوەکانیان بێ خێرن!

ئیتر ئەو كاتە جـەزای دادوەرانـە بۆیـان لەسـەر كردەوەكانیـان دۆزەخـە، وەكوو دەفەرموێ: ﴿ذلك جزاؤهم جهنم بما كفروا واتخذوا آياتي ورسـلي هزوا﴾ واتە: ئەو هەموو هەڕەشەو سزاو عەزابە لەسـەر كـردەوە بەتاڵـەكانیان لـەئاگری دۆزەخدا بـەهۆی كوفـرو بێدنـیو گاڵتـەكردنیان بـەئایاتی خـوداو قەشمەری كردنیان بەپێغەمبەرانو بەموعجیزەكانیانە، هەر بەوەندە نەوەستان بـڕوا بەپـەیامی پێغەمبـەرەكان نەكـەن، بـەڵكوو ئـەو جـۆرە ئەحمـەقیو نەفامییەشیان نواندن!!

پاداشی موسوڵمانانو بەفراوانی زانیاری خوداو تاک و تەنهایی

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴿١٠٨﴾ قُل لَّوْ كَانَ ٱلْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَٰتِ رَبِّى لَنَفِدَ ٱلْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّى وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِۦ مَدَدًا ﴿١٠٩﴾ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًا ﴿١١٠﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار باسی ئەو سزاو عـەزابەی كرد: كە بۆ كافرەكانی ئامادە كـردوە، هـەروەها باسـی ئـەو نـازو نیعمەتەیشـی كـرد: كـە بـۆ خوداپەرستانی دانـاوە، كۆتـایی سـورەتەكە بـەوە دێنـێ: كـە زانیـاری خـودا بـەرفراوانو بـێ سـەروبنەو هـەرگیز كۆتـایی نایـە، ئـەمجار ئـەوەش روون

دەكاتەوە: كە موحەممەد ئادەمیزادێكە وەكوو باقی ئادەمیزادانی تـرو خـودا هەڵی بژاردوە بۆ رابەڕیو كردويەتی بەپێغەمبەرو نیگـاو سروشـی بـۆ نـاردوە! ئەوەشمان پێ رادەگەیەنێ: كە رزگاربوونو سەرفرازی لەدونیاو قیامەتدا بەوە دەبێ ئینسان یەكتاپەرست بێو كرداری چاك بكاو كەس نەكاتە هاوەڵی خودا.

دەربارەی هۆكاری نازڵبوونی ئايەتی ژمارە (١٠٩) ﴿قـل لـو كـان البحـر...﴾ حـاكمو هـی تریـش لـەئیبنو عەبباسـەوە ریوایـەتیان كـردوە؛ فەرموويەتی: قورەیشییەكان بەجولەكەكانیان گوت پرسیارێكمان پێ بڵێـن بـا لـەو كابرایـەی بكـەین (مەبەسـتییان پێغەمبـەر بـوو ﷺ) ئـەوانیش وتیـان: پرسـیاری لێ بكـەن دەربـارەی (روح) بڵێـن: پێمـان بڵـێ: روح چیـەو چۆنـە؟؟ ئەوانیش پرسیاریان لێ كرد، ئیتر ئايەتی ﴿ويسألونك عن الـــروح، قـل الروح من أمر ربي وما أوتيتم من العلم إلا قليـلاً﴾ نـازڵ بـوو، جولەكـەكان وتیان: ئێمە زانیاری زۆرمان دراوەتێ، ئەوە نیە تەوراتمان دراوەتێ! كەسـێك تەوراتی پێ درابێ زانیاریو خێرو بـێرێكی زۆری دراوەتـێ! ئـەمجار ئايـەتی ﴿قل لو كان البحر مداداً لكلمات ربي...﴾ نازڵ بوو.

دەربارەی هۆكاری نازڵبووی ئايـەتی ژمـارە(١١٠) ئیبنـو ئـەبی حاتـەم لـەموجاهیدەوە ریوایـەت دەكـا دەڵـێ: پیـاوێكی موسـوڵمان لـەدژی كـافران دەجەنگاو شوێنەكەی ترسناك بوو، پێی خۆش بوو خەڵكی شوێنەكەی ببینن‌و چاویان لێ بێ لەچ شوێنێكی خەتەرە. ئیتر پەروەردگار ئايەتی ﴿فمن كـان يرجو....﴾ی نازڵ كرد.

ئیبنـو ئـەبی حاتـەمو ئیبنـو ئـەبی دونیـا لـەكتێبی (الاخـلاص)دا لەطاووسەوە ریوایەت دەكەن دەڵێن: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من لەغەزادا سەنگەر دەگـرمو رادەوەسـتم مەبەسـتم رەزامـەندیی خودايـە، بـەلام لەهـەمان كـاتدا پێـم خۆشـە خەڵكەكـە لـەو شـوێنە بم بینـن‌و بزانـن لـەچ شوێنێكی خەتەرم، پێغەمبەر ﷺ ولامی نەدايەوە هەتا ئايەتی ﴿فمن يرجـو

لقاء ربه، فليعمل عملاً صالحاً، ولايشرك بعبادة ربه أحداً﴾ نازڵ بوو.
هەندێك دەڵێن: ئەم حەدیثە مورسەلە، حاكم لە(المستدرك)دا دەفەرموێ: مەوصوولەو طاووس لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتی كردوەو لەسەر مەرجی پیرانی فەرمووده (موسلیمو بوخاری) تەصحیحی كردوە.

ئێستاش بابزانین پاداشو سەرەنجامی خواپەرستان چۆنەو چیە؟ دەفەرموێ: ﴿ان الذین آمنوا وعملوا الصالحات كانت لهم جنات الفردوس نزلاً﴾ خۆشبەختو كامەڕان ئەو كەسانەن بڕوایان بەخودا كردوە، شوێن پەیامی پێغەمبەرەكانی كەوتوون، كارو كردەوەی باشیان ئەنجام داوە، بێگومان ئەوانەی ئیمانیان هێناوە یەكتاپەرستیان كردوە، پەیامی پێغەمبەریان كردوە بەمەنهەجو ڕێبازی خۆیان، كردەوەی باشو بەسوودیان ئەنجام داوە، پارێزگاری ئەركەكانی سەرشانیان كردوە، هیوای ڕەزامەندیی خودایان هەیە، هەرچی دەیكەن مەبەستیان خودایەو خالص بۆ ئەوی دەكەن، ئەوانە باغەكانی فیردەوس شوێنو جێگای حەوانەوەو ڕابواردنیانە. ئەو باغانەی فیردەوس لای زۆرووی بەهەشتەو فراوانترینو باشترین شوێنی بەهەشتی ڕازاوەیە، ئامادەكراوە بۆ خواپەرستانو بەجوانترین شێوەو شێواز ڕازانێندراوەتەوەو ئامادە كراوە. (خودایە بەنسیبمانی بكەی!).

لەصەحیحی بوخاریو موسلیمدا لەئەبو هورەیرەوە ریوایەت كراوە؛ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إذا سألتم الله الجنة، فاسألوه الفردوس، فانه أعلى الجنة، وأوسط الجنة، ومنه تفجر أنهار الجنة)).

بەڵێ بەدەقی ئایەتەكە خواپەرستان لەباغەكانی فیردەوسدا بۆ هەتا هەتایە دەمێننەوە، وەلێ نەفسی ئادەمیزاد حولحولییەو حەزی لەگۆڕانكاری هەیە، پێی ناخۆشە بۆ هەتا هەتایە لەشوێنێك بمێنێتەوە، دەیەوێ حاڵو گۆڕانی بەسەردا بێ، جاكە دڵنیابوو لەبەردەوامی نیعمەتو خۆشی لەوانەیە وەڕز بێو بیەوێ باری لێ بگۆڕێ، جا بۆ لابردنی ئەو خەیاڵەو ڕەواندنەوەی ئەو

جۆرە بۆچونە، فەرمووی: ﴿خالدين فيها، لا يبغون عنها حولاً﴾ بۆ هەتا هەتایە لەو بەهەشتە خۆشو رازاوەدا دەمێننەوەو هەرگیز نایانەوێ لێی دەرچنو هەوڵی ئەوە نادەن ئەو حاڵەیان لێ بگۆڕێ و بکەونە بارو دۆخێکی ترو بگوێزرێنەوە بۆ جیگایەکی ترا!

بەراستی ئەمە لەفتەیەکی وردو سەرنج راکێشە، قوڵو کاریگەرە لەدەروونی ئادەمیزاددا، پێویستی بەلێ وردبوونەوەو تێرامانو هەڵوێستە هەیە بەو رستە کورتە پڕ مانایە سەرباری ئەوە: کە گومانی ئەوە دەڕەوێنێتەوە کە بەهەشتیەکان لەبەهەشت وەڕزبن، ئەوپەڕی خۆشیو دڵگیری بەهەشتیشی تێدا رانوێنراوە! کوردی وتەنی: هێندە خۆشو دڵگیرە کەس دڵی نایەڵێ بگوێزێتەوە، کەس تیێدا بێ تاقەت نابێ، کەس لێی وەڕز نابێ، دەم لەدوای دەمو سات لەدوای سات زیاتر دڵیان پێدا دەچێو لەدڵیان شیرین تر دەبێو پتر وەگری دەبن!

سروشتی ئادەمیزاد کە لەدونیادا بەو شێوە داڕێژراوە حیکمەتێکی خودایی‌یەو بۆ ئەوەیە لەگەڵ ژیانی سەر زەوی بگونجێو بتوانێ رۆڵی خۆی تێدا بگێڕێ، ئەرکی جێنیشینی خۆی لەسەر زەوی ئەنجام بدا، ئادەمیزاد لەژیانی دونیادا پێویستی بەگۆڕینو گەشە کردنو پێش خستنی ژیانی خۆی هەیە، تا دەگاتە ئەو ئەندازەیەی لەعیلمی خودادا بۆی دیاریکراوە. بۆیە خۆشەویستی گۆڕینو گۆڕانکاری لەسروشتی‌دا داڕێژراوەو حەزی لەپشکنینو فێربونو ئاڵو گۆڕی حاڵو وەزعی خۆی و دەورو بەری هەیە، ئارەزوی گۆڕینی بارودۆخو شوێنو جێگای خانوو بەرەی هەیە، دەیەوێ دیمەنەکانی پێش چاوی بگۆڕێنو یاساو رێساکانی ژیانی گۆڕانکاریان تێدا بێتە جێ! هەموو ئەم دیاردەو حەزو ئارەزۆ ویستەمەنیانەی ئادەمیزاد بۆ ئەوەیە: گۆڕانکاری لەواقیعی ژیاندا ئەنجام بداو رۆڵی کاریگەر لەسروشتدا بگێڕێو نهێنی‌یەکانی بوونەوەر ئاشکرا بکا، داهێنانو دەست رەنگینی لەیاسای

کۆمەڵدا بنوێنێ، شان بەشانی ئەم گۆڕانکارییانە زانستو زانیاری بەرەو پێش بچێو پلە بەپلە بگاتە ئەو پلە بەرزەی خودا بۆی دیاری کردوەو بتوانێ سروشت بخاتە گەڕ بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو مرۆڤایەتیش بەکار بێنێ بۆ ئەنجامدانی بەندایەتی کردنی راستاڵانە بۆ بەدیهێنەری بونەوەرو بەم جۆرە بەختەوەریی هەردوو جیهان دەستەبەر بکا.

جا کە لەژیانی دونیادا ئەم سروشتە ئادەمیزادییە گونجاو بێ بۆ جنێشینی ئادەمیزاد لەزەویدا، ئەوە بێگومان لەبەهەشتدا سروشتە ئادەمیزادییەکە رۆڵی نامێنێو لەگەڵ ژیانی بەهەشتدا ناگونجێ، چونکە بەهەشت بۆ خۆی مەنزڵگایەکی تێرو تەسەلو رازاوەو بێ کەمو کورییە، لەهەموو رویەکەوە کەمالی موطلەقی هەیەو تەماعی ئەوە ناکرێ بەرەو پێشترو رازاوەتر بێ، بەڵکو تەصەوریش ناکرێ.

کەوابێ ئەم سروشتە ئادەمیزادییەی دونیا لەقیامەتدا چ رۆڵێکی نامێنێو لەکار دەکەوێ. خۆ ئەگەر نەفسی ئادەمیزاد بەم سروشتە دونیاییەی خۆی بمێنێتەوەو لەقیامەتیشدا هەمان رۆڵی کاریگەری هەبێ، ئەمجار لەو نازو نیعمەتە نەبڕاوەدا ژیان بەسەر بەرێ، پاش ماوەیەک ئەم نازو نیعمەتە دەبێتە دۆزەخ بۆ ئەو نەفسە سروشت حولحولییە. بەڵکوو هەموو بەهەشت دەبێتە بەندینخانە بۆ بەهەشتیانو حەزیان لەوە دەبێ ماوەیەک لێی بڕۆنە دەرێ تەبدیل هەوایەک ئەنجام بدەن!

وەلێ خودای زاناو داناو بەدیهێنەر، خۆی ئەم نەفسەی ئادەمیزادی بەدی هێناوەو خۆیشی لەهەموو کەس باشتر دەزانێ چۆنەو چیە، بەقودرەتو زانایی خۆی ئەو سروشتە دونیاییەی لێ دادەڕنێو وای رام دەکا: کە هەرگیزاو هەرگیز بەخەیاڵیش وەڕز بوونی لەو بەهەشتە بەسەر دڵدا رانەبووێو بۆ ئەتا هەتایە لێی تێر نەبێو کات دوا کات لەدڵی شیرینتر بێ!

ئەمجار باسی گەورەیی‌و فەڕی قورئان دێنێتە پێشەوەو تەصەووری زانیاری ئادەمیزاد دەکا، کە لەبەرامبەر زانیاری خودادا وەکوو نەبوو وایە. زانیاری پەروەردگار لەزەینی ئادەمیزاد نزیک دەکاتەوە بەوە کە دەیخاتە چوار چێوەی نموونەیەکی ماددی بینراوەو، دەفەرموێ: ﴿قل: لو كان البحر مداداً لكلمات ربي لنفد البحر قبل أن تنفد كلمات ربي ولو جئنا بمثله مدداً﴾ ئەی پێغەمبەر! بەو موشریکانە بڵێ: ئەگەر وشەو رستەکانی زانیاری خودا بنووسرێتەوە، هەموو ئاوی دەریاکان ببنە مەرەکەبی ئەو قەڵەمو پێنووسەی وشەو زانیاری پەروەردگاری پێ دەنووسرێتەوە، بێگومان ئاوی دەریاکان کۆتایی دێت پێش ئەوەی وشەو رستەکانی زانیاری خودا تەواو ببێ، ئەگەر دەریایەکی تریش بخەینە پاڵی‌و دەریایەکی ترو یەکی تریش بخەینە پاڵی‌و بکرێنە مەرەکەب دەریاکان دەبڕێنەوە هێشتا وشەو رستەکانی خودا بەکۆتا نایەن! چونکە زانیاری خودا بێ پایانەو سەرو بنی نیە، بەڵام دەریاکان سەرو بنیان هەیەو کۆتاییان دێ، ئایەتەکە ئاماژەیە بەزۆری‌و بەفراوانی زانیاری خوداو نەبڕانەوەی بەجۆرێک کە قەڵەمو کتێبو نووسین کۆنترۆڵی ناکەن‌و دەرەقەتی نایەن!

تەنانەت ئەگەر هەرچی چیلکەو داری سەر زەوی هەیە ببنە قەڵەمی نووسین‌و دەریاببێتە مەرەکەبو حەوت دەریای تریش بێنە پاڵی‌و زانیاری خودایان پێ بنووسرێ دەریاکان تەواو دەبن‌و کەلیماتی خودا کۆتاییان نایە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ولو ان مافي الأرض من شجرة اقلام، والبحر يمده من بعده سبعة ابحر مانفدت كلمات الله ان الله عزيز حكيم﴾ (لقمان/٢٧).

رەبیعی کوڕی ئەنەس دەڵێ: زانیاری هەمرو ئادەمیزاد لەبەرامبەر زانیاری خودا وەکوو دڵۆپە ئاوێک وایە لەبەرامبەر ئاوی دەریاکان هەموویان!

دەگێرنەوە دەڵێن: حویەی کوڕی ئەخطەبی جولەکە بەموسوڵمانەکانی گوت: من سەیرم لێ دێ، ئێوە لەقورئانەکەتاندا هاتووە ﴿ومن يؤت الحكمة فقد اوتي خيراً كثيراً﴾ کەچی لەهەمان کاتدا ئایەتێکی تر دەخوێننەوە کە دەڵێ ﴿وما اوتيتم من العلم الا قليلاً﴾ ئەمە چەندی بەچەندە؟ واتە: بەخەیاڵی خۆی دژایەتی لەنێوان ئایەتەکاندا دۆزیبووەوە! ئیتر ئەم ئایەتە نازڵ بوو ﴿قل لو كان البحر مداداً...الآية﴾ بۆ دەم کوتکردنی ئەم جۆرە هەڵوەڕانە! بێگومان زانیاری تازە ئەوەی چەسپاندوە: کەزەوی‌و ئاسمانەکان دا هێندە نیعمەت زۆرن لەژمارە نایەن‌و سەر ژمێر ناکرێن!

خاوەنی تەفسیری مەراغی لەتەفسیرەکەیدا وتەیەکی مامۆستا (جینس)ی ئینگلیزی تۆمار کردوە: کە مامۆستای زانیاری ریاضیاتی تەطبیقی‌یە لەدانیشگای (بنسلفانیا)ی ئەمریکاو لەرۆژی (١٩٢٧/٣/٧) رای گەیاندوە، ئەمەش تازە ترین لێکۆڵینەوەی زانستییە دەربارەی بونەوەر. دەڵێ:

١- تەمەنی زەوی نزیکەی دوو ملیون ساڵە.

٢- ئادەمیزاد نزیکەی سێ سەد هەزار ساڵێک دەبێ لەسەر زەوی پەیدا بووە.

٣- خۆر لەسەر ئەم حاڵەتەی خۆی دەمێنێتەوە بۆ ماوەی هەزار ملیون ساڵی ترو بەدەوری زەوی‌دا دەسوڕێتەوە وەکوو ئێستا.

٤- ئادەمیزاد لەداهاتوودا بەتواناتر دەبێ، بەرێژەی سێ ملیون هێندەی ئێستاو ژیانی خۆی بەگوێرەی بارودۆخی کورەی زەوی ئەو کاتە دەگونجێنێ.

٥- لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ئادەمیزاد تازە پەیدا بووە لەسەر زەوی‌و تەمەنی ئەو لەبەرامبەر زەوی‌دا زۆر کەم‌و کورتە بەمنداڵێکی تازە لەدایکبوو دەژمێردرێ، رێژەی زانیاریشی لەهی منداڵ تێپەڕ ناکا. هەموو هەوڵ‌و تەقەڵلایەکی بۆ دەستەبەر کردنی خۆراک‌و پۆشاک‌و خانوو بەرەیە! ئێستا

لەزۆر کونو قوژبنی بوونەوەر بێ ئاگایە، بەڵام وا خەریکە هەندێ زانیاری دەربارەی هەندێ لەجیهانەکانی بوونەوەر پەیدا بکا، بەڵام زانیارییەکی سەرەتایی‌و کەم‌و بێ بایەخ..

وێ دەچێ لەمەدرا ئادەمیزاد دوو هەزار ملیۆن ساڵی تر لەسەر زەوی بژی!

٦- ئەو قەبارانەی بەدەوری ئێمەوەن ئەم سەرو ئەوسەریان هەیە، بەڵام بۆشایی دوا ئەوان ئەمسەرو ئەو سەری نیە، خۆرو مانگ‌و مەجەرەکان سەرو بنیان هەیە، بەڵام بۆشایی پشت ئەوان بێ کۆتایی‌و سەرو بنە!

٧- ئەو قەبارە بەرزانەی ئێمە دەیان بینین‌و ئەوانەی نایان بینین هەموویان قەبارەی خڕن وەکوو خۆرو مانگ‌و زەوی..

٨- ئەو ئیشاراتە لاسلکییانەی لەئامێری لاسلکی گەورەوە دەردەچن لەماوەی کەمتر لەحەوت چرکەدا بەدەوری زەوی‌دا دەسوڕێتەوەو خولێکی تەواو دەکاو دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو خاڵەی لێوەی دەرچووە!

٩- ئەگەر دووربینێکی پێشکەوتوو گەورە دروست بکەین‌و پێی بڕوانینە قەبارەکانی بەرزایی ئەستێرەکان دەبینین ئێستاش لەسەر ئەو حاڵەن: کە پێش ملیۆنەها ساڵ روناکییان بۆ ناردوین.

١٠- ئەمڕۆ ئادەمیزاد لەبارەی زانیاری‌و زانستەوە بەساوا دەژمێردرێ، لەوانەیە لەداهاتوودا زانیاری وا بەدەست بێنێ: کە ئێستا بەخەیاڵیش پەی پێ نابەین!

١١- خێرایی ڕێگا بڕینی روناکی لەچرکەیەکدا (١٨٦) هەزار میلە، کارەبای (لاسلکی)یش هەمان خێرایی هەیە، چونکە لەجەوهەردا یەکن. وا مەزندە کراوە: کە روناکی بەدەوری بۆشایی کورەوی‌دا سەد هەزار ملیون ساڵ ڕێگا دەبڕێ، واتە: روناکی بۆ ئەنجامدانی خولێک بەدەوری هەموو قەبارە بەرزەکان دا کە هەموویان کۆمەڵە قەبارەیکی خڕ پێک دەهێنن ماوەی سەد

هەزار ملیون ساڵی گەرەکە!! ئەمە لەکاتێکدا کە لەماوەی حەوت چرکەدا بەدەوری زەویدا خولێک ئەنجام دەدا! دەی جا بۆ خۆت تەصەوری بەرفراوانی قەبارەکان بکە. حەوت چرکە لەبەرامبەر سەد هەزار ملیون ساڵدا دابنێ. وەلێ ژمارەو رەقەم ناتوانن مەسافەی نێوان هیچ دوو خاڵێکی سەر موحیطی بۆشایی کورەوی دیاری بکەن!

١٢- قەبارەی خۆر ملیۆنێکو سێ سەد هەزار جار لەقەبارەی زەوی گەورەترە، لەکاتێکا خۆر بەبەردەوردەیەکی ناو بۆشایی کورەوی دەژمێردرێو لەچاو بەرفراوانی بونەوەردا هەر هیچ نمودی نیە! خۆر یەکێکە لەکۆمەڵێک لەکۆمەڵانی ئەو کائناتانەی ناو بۆشایی کورەوی: کە زانای بەناو بانگ (سیرز) بەسی هەزار ملیون کۆمەڵە مەزندەی کردون، خۆرو ئەو ئەستێرانەی سەر بەکۆمەڵەی (خۆری) بەردوچکەیەکن لەکۆمەڵێک لەو سی هەزار ملیون کۆمەڵەیە!

١٣- پچەکترین ئەستێرە ئەستێرەی (فان ماتن)ە، قەبارەی بەئەندازی قەبارەی زەوییە. گەورەترین ئەستێرە ئەستێرەی جەوزایە: کە بیستو پێنج ملیون جار قەبارەی لەقەبارەی خۆر گەورە ترە.

١٤- خۆر هەموو دەقیقەیەک بەهۆی بەخشینی تیشکەکەی دوو سەدو پەنجا ملیون طن مادە صەرف دەکا، واتە: لەرۆژێکدا سێ سەدو شەصت هەزار ملیون طن وزە دەبەخشێ!

١٥- وا گومان دەبرێ: ئێستا تەمەنی خۆر دە هەزار ملیون ساڵ بێ! وا پێ دەچێ کە ملیون ملیون ساڵی تر نەکوژێتەوە.!

ئەمە برێ لەراو بۆچونی زانایانی فەلەکە، لەسەردەمی تازەدا بەلێکۆڵینەوەو مەزندە کردن بەیدەستیان کردوە. کە دەکرێ بکرێنە رێخۆشکەرەو راڤەکردنی ئایەتی ﴿قل لو كان البحر مداداً لكلمات ربي...الآية﴾.

ئا ئەمەیە کەلیماتی خوداو ئەو مانایە لەئایەتەکەدا مەبەستە، ئەو کەلیماتانەیە کە هەرگیز لەبڕانەوە نایەنو، عەقڵو هۆشی ئادەمیزاد تێیاندا کۆڵو کۆڵەوارە. زۆر کەس تەمەنی خۆیان لەلێکۆڵینەوەی ئەم بوارانەدا خەرج کردوە نەگەییشتونە هیچو بەردەوامیش زانایان خەریکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەنو زانیاریەکی کەم نەبێ بەدەستیان نەهێناوە.

﴿قل: انما أنا بشر مثلکم یوحی الي أنما الهکم اله واحد﴾ ئەی موحەممەد! بەو موشریکانە بڵێ: من تەنها ئادەمیزادێکم وەکوو ئێوە، لەئادەمیزادیەتیدا هیچم لەئێوە زیاتر نیە، هەرگیز لافی ئەوە لێ نادەم: کە من زانیاری هەموو کەلیماتی خودام بەدەست هێناوە! من تەنها ئەو زانیارییەم هەیە کە خودا فێری کردوم. پەروەردگار نیگام بۆ دەکا بەوە: کە خودای ئێوە خودایەکی تاکو تەنهایە، شیاوی ئەوەیە بەندایەتی بۆ بکرێو تەنها هەر ئەو مافی ئەوەی هەیە بپەرسترێ! خودایەکی تاکو تەنهاو بێ شەریکو بێ نەظیرە.

ئەمن ئادەمیزادێکم وەکوو ئێوە، تەنها ئەوەم لەئێوە جوداوازە کە خودا نیگای بۆ ناردووەو کردومی بەپێغەمبەر بۆ سەر ئێوەی ئادەمیزاد رەوانەی کردوم! ئادەمیزادێکم زانیاریم بۆ دێ لەو سەرچاوە لەبن نەهاتوە لەو زانیارییە بێ سەرو بنەی: کە ئەگەر دەریاکان ببنە مەرەکەبو ئەو زانیارییەیان پێ بنووسرێتەوە دەریاکان کۆتاییان دێو زانستی خودا بەکۆتا نایە.

من ئادەمیزادێکم شوێن هیدایەتی خودا کەوتومو لێی لانادەم جا ﴿فمن کان یرجو لقاء ربه فلیعمل عملاً صالحاً ولایشرك بعبادة ربه أحداً﴾ کەسێکێ بەتەمای پاداشی خودایەو دەیەوێ بەر رێژنەی رەحمەتی خودا بکەوێ، با دڵسۆزانە طاعەتی خودا بکا، تەنها پەرستشو بەندایەتی بۆ خودا ئەنجام بداو کەس نەکاتە هاوەڵو هاوشانی خودا، وریابێ خۆی لەشیرکی ئاشکراو نهێنی بپارێزێ! شیرکی ئاشکرا وەکوو بتپەرستیو گەردنکەچی بۆ ملهوڕانو طاغوتو پەیڕەوی کردنی فەرمانو نەهییەکانیان....هتد.

شیركی نهێنی وەكوو كردنی كاری چاكو بەسوود بەمەبستی ناوو شۆرەت دەركردنو ریبا بازی: كە ئەم جۆرە كردەوەو هەڵوێستانە پێشیان دەگوترێ (الشرك الأصغر).

ئیمامی ئەحمەد لەمەحموودی كوڕی لەبیدەوە فەرمودەیەكی ریوایەت كردوە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ان أخوف ما أخاف عليكم **الشرك الأصغر، قالوا: وما الشرك الأصغر يا رسول الله؟ قال الرياء، يقول الله يوم القيامة، إذا جزى الناس بأعمالهم: اذهبوا إلى الذين كنتم تراؤون في الدنيا، فانظروا هل تجدون عندهم جزاء؟**)).

واتە: ئەوەی من ترسم هەیە لەسەر ئێوە هاوەڵدانانی پچوكە، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خودا! هاوەڵدانانی پچوك چیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ریابازییە، رۆژی قیامەت كە ئادەمیزادەكان پاداشی كردارەكانی دونیایان وەرگرتەوە پەروەردگار بەریابازەكان دەفەرموێ: ئێوە بڕۆن پاداشی خۆتان لای ئەوانە وەربگرنەوە كە لەدونیادا ریبابازیتان بۆ دەكردن، بزانن ئاخۆ هیچ پاداشیان لایە بتاندەنێ؟؟

ئەحمەدو موسلیمو هی تریش لەئەبو هورەیرەوە ئەویش لەپێغەمبەرەوە فەرموودەیەكی قودسی ریوایەت دەكا دەفەرموێ: پەروەردگار دەفەرموێ: (**أنا خير الشركاء، فمن عمل عملاً أشرك فيه غيري فأنا بريئ منه وهو للذي أشرك**))

ئیمامی رازی دەفەرموێ: پەروەردگار لەكۆتایی ئەم سورەتەدا لەسێ ئایەتدا ئاماژە بەوە دەكا: كە لەقیامەتدا خودا دەبیندرێ!

یەكەم: ئایەتی ﴿**اولئك الذين كفروا بآيات ربهم ولقائه**﴾

دووەم: ئایەتی ﴿**كانت لهم جنات الفردوس نزلاً**﴾

سێیەم: ئایەتی ﴿**فمن كان يرجو لقاء ربه**﴾.[٤]

---

(٤) تفسير الرازي ج٢١/١٧٧.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

سورەتی مەریەم

ناونانی ئەم سورەتە بەسورەتی مەریەم لەم ڕووەیە: کە ناوی خاتو (مەریەم)و چیرۆکی سکێ پڕ بوونی بەحەزرەتی عیسا بەبێ ئەوەی شووی کردبێ لەخۆگرتووە. باسی لەدایکبوونی عیساو هەندێ لەموعجیزەکانی تێدا تۆمار کراوە.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی (**الكهف**)ەوە لەم روەوەیە: کە هەردوو سورەتەکە (**الكهف**، **مريم**) چیرۆکی سەرەنج راکێشیان لەخۆگرتوون. ئەوەتا سورەتی (**الكهف**) چیرۆکی ئەصحابولکەهفو چیرۆکی حەزرەتی موساو حەزرەتی خضرو چیرۆکی ذیلقەرنەینی تێدا بوو.

سورەتی (مريم)یش دوو چیرۆکی سەرسوڕهێنەری تێدان: یەکێکیان: چیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی یەحیای کوڕی زەکەریا. لەحاڵێکدا زەکەریا پیرو کەنەفت بوو، خێزانەکەشی نەزۆکێ بوو، واتە: حەزرەتی یەحیا لەباوکێکی کەنەفتو دایکێکی نەزۆکێ بەوەلەد بووە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا موعجیزە بووە. هەروەها چیرۆکی لەدایکبوونی عیسا ﵇ بەبێ ئەوەی باوکی هەبێ.

ئەو سەرەباسە گرنگانەی سورەتەکە لەخۆی گرتوون ئەمانەن:

١- یەکتاپەرستی: جەمسەری ئەم سورەتە باسی یەکتاپەرستییە دوور خستنەوەی خودا لەوەی: کە منداڵو هاوەڵو خێزانی هەبێ.

٢- گرنگییەکی زۆر دەدا: بەمەوزوعی زیندوو بوونەوەو هاتنی رۆژی قیامەت: کە ئەمیش پابەندە بەمەوزوعی یەکتاپەرستییەوە، ئەم دوو مەوزوعە جەمسەری سورەتەکەنو ئایەتەکان بەدەوری ئەم دوو سەرەباسەدا

دەخولێنەوەو شییان دەکەنەوە. هەروەکوو باقی سورەتە مەکییەکانی تر: کە زۆر گرنگی بەم دوو مەوزوعە دەدەن!

هەڵبەتە چیرۆکو سەرگورشتە روبەرێکی زۆری سورەتەکەی گرتۆتەوە. بەشێکی زۆری سورەتەکە لەم چیرۆک و سەرگوزەشتانە پێک هاتووە، سەرەتا دەست دەکا بەچیرۆکی زەکەریاو یەحیا، ئەمجار سەرگورشتەی خاتوو مەریەمو لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا، ئەمجار لایەنێکی چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمو گفتو گۆی لەگەڵ باوکیدا رادەنوێنێ، ئەمجار هەندێ ئاماژەو تیل نیشان بۆ پێغەمبەرانی وەکوو: ئیسحاقو یەعقوبو موساو هارونو ئیسماعیلو ئیدریسو ئادەمو نوح دەکا، ئەم چیرۆکانە نزیکەی دووبەش لەسێ بەشی سورەتەکە پێک دەهێنن. مەبەستی سەرەکیش لەم چیرۆکانە چەسپاندنی یەکتاپەرستیو هاتنی رۆژی قیامەتو زیندووبوونەوەو تاکو تەنهایی پەروەردگارو بێ هاوەڵیو بێ منداڵیو بێ خێزانی زاتی پاکیەتی.

هەروەها جودا کردنەوەی پەیڕەوو پرۆگرامی هیدایەتدراوان لەهی گومڕایان، بۆیە لەسورەتەکەدا هەندێ دیمەنی قیامەت رادەنوێنێو بڕێ جەدەلو کێشە لەگەڵ بێ بڕوایان ساز دەکا، بەشێوەیەکی گشتی سیباقی سورەتەکە سەرەباسەکانی لەسێ قۆناغدا نمایش دەکا:

قۆناغی یەکەم:

چیرۆکی حەزرەتی زەکەریاو یەحیاو چیرۆکی حەزرەتی عیساو توێژینەوەو تەعقیب لەسەر چیرۆکەکانو ئەو کێشەو نیزاعەی دەربارەی حەزرەتی عیسا لەناو جولەکەو مەسیحیەکاندا پەیدا بووە، رادەنوێنێ!

قۆناغی دووەم:

لایەنێک لەچیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ باوکیو گەلەکەیداو گۆشەگیربوونی حەزرەتی ئیبراهیم لێیانو قەرەبوو کردنەوەی پەروەردگار بۆی،

بەوە: کە لەجیاتی لەدەستدانی گەلو نەتەوەکەی وەچەو نەوەیەکی پیرۆزو خوداپەرستی پێ بەخشیو چەندەها پێغەمبەر لەوەچەو نەوەی ئەو رەوانە کراون، ئەمجار ئاماژە دەکا بۆ چیرۆکو سەرگورشتەی پێغەمبەرانو ئاکامو سەرەنجامی شوێنکەوتوانیانو دژو بەرهەڵستکارانیان! کۆتایی ئەم قۆناغە دێنێ بەراگەیاندنی سەلماندنو چەسپاندنی پەروەردگاریەتی بۆ خوداو تاکو تەنهاییو بێ هاوەڵی، دەفەرموێ: ﴿رب السموات والأرض وما بينهما فاعبده واصطبر لعبادته هل تعلم له سمياً؟﴾.

قۆناغی سێیەم و کۆتایی:

بریتییە لەکێشەو نیزاعی بەرپابوو دەربارەی زیندووبوونەوەو هاتنی قیامەتو هەندێ دیمەنی ئەو رۆژە سامناکە رادەنوێنێ، وێنەیەکی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەوانەی هاوەڵ بۆ خودا قەرار دەدەن رادەگەیەنێو دیمەنێکی کاریگەری لەناوچوونی گەلە پێشینەکان رادەنوێنێ دەفەرموێ: ﴿وكم أهلكنا قبلهم من قرن هل تحس منهم من أحد أو تسمع لهم ركزاً﴾.

سورەتەکە هەمووی مەککەییە، جگە لەئایەتی ژمارە (٥٨)و ئایەتی (٧١) ئەوان مەدینەیین.

لەفەضڵو رێزی ئەم سورەتەدا موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لەسیرەکەیدا حەدیثێک لەئوممو سەلەمەوە ریوایەت دەکا، هەروەها ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: جەعفەری کوڕی ئەبو طالیب کە لەگەڵ هاوەڵاندا سەرەتا کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو چوونە لای نەجاشی داوای لەجەعفەر کرد بزانێ ئاخۆ قورئانی پیرۆز چۆن باسی حەزرەتی عیسای کردوە؟ جەعفەر لەسەرەتای سورەتی مەریەم هەندێکی قورئان بۆ خوێندەوە.

پارانەوەی حەزرەتی زەکەرییاو داوا کردنی لەخودا بۆ ئەوەی مندالی پێ بداو، مزگێنی پێدانی بە(یەحیا)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

كٓهيعٓصٓ ﴿١﴾ ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُۥ زَكَرِيَّآ ﴿٢﴾ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا ﴿٣﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّى وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّى وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيًّا ﴿٤﴾ وَإِنِّى خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِىَ مِن وَرَآءِى وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِى عَاقِرًا فَهَبْ لِى مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا ﴿٥﴾ يَرِثُنِى وَيَرِثُ مِنْ ءَالِ يَعْقُوبَ ۖ وَٱجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا ﴿٦﴾ يَٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا ﴿٧﴾ قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِى عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱلْكِبَرِ عِتِيًّا ﴿٨﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَىَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْـًٔا ﴿٩﴾ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً ۚ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا

تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا ﴿١٠﴾ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنَ ٱلۡمِحۡرَابِ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَيۡهِمۡ أَن سَبِّحُواْ بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ﴿١١﴾

لەقورئانی پیرۆزدا زەكەریبا هەشت جار ناوی هاتووە. بەم جۆرە لەسورەتی (آل‌عمران)دا ئایەتی (٣٧-٣٨)، لەسورەتی (الأنعام)دا ئایەتی (٨٥)، لەسورەتی (مریم)دا ئایەتی (٢و٩) لەسورەتی (الأنبیاء)دا ئایەتی (٨٩).

حەزرەتی زەكەریبا: كە باوكی حەزرەتی یەحیایە بەشێو بەرپرسیارییەكی لەخزمەتكردنی هەیكەلدا هەبوو. حەزرەتی مەریەم: كە دایكی نەزری كردبوو بۆ خزمەتكردنی هەیكەل، دەبوو سەرپەرشتیارێكی هەبێ، حەزرەتی زەكەریبا بوو بەسەر پەرشتیاری، زەكەریبا بەخزمایەتی دەبوە مێردی پوری مەریەم.

جا كە حەزرەتی زەكەریبا بەچاوی خۆی هەڵسو كەوتی خاتو مەریەمی دەبینیو دەیزانی خودا رێزو قەدری لێ دەگرێو رزقو رۆژی تایبەتی لەغەیبەوە بۆ فەراهەم دەهێنێ، ئەویش حەزی چووە ئەوەی خودا منداڵێكی ئاوا صاڵحی پێ بدا، وەكوو قورئان ئاماژەی پێ دەكاو دەفەرموێ: ﴿هنالك دعا زكريا ربه، قال: رب هب لي من لدنك ذرية طيبة، انك سميع الدعاء﴾(آل‌عمران/٣٨). ئیتر پەروەردگار دوعاكەی گیرا كردو فریشتەی ناردە خوارێ موژدەی یەحیایان پێ دا، ئەو كاتە حەزرەتی زەكەریبا لەتەمەنی پیریدا بوو، خێزانەكەشی نەزۆك بوو! باوكی زەكەریبا ناوی (بەرخیا) بوو. پێویستە ئاماژەی ئەوەش بكەین: كە كابرایەكی تر هەیە بەناوی (زەكەریبای كوڕی بەرخیا) كتێبێكی قانوونی داناوە، هاوچەرخی (داریوس) بووە نزیكەی سێ سەدە پێش حەزرەتی عیسا بووە.[٥]

---

(٥) قصص الأنبياء للنجار (ص٣٦٨).

﴿کهیعص﴾ ئەم وشەیە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: (کاف، ها، یا، عین، صاد.) بەڵام دەبێ لەخوێندنەوەدا نوونی (عین)ەکە لە(صاد)دا دەغم بکەین!

وەکوو لەوەپێش چەند جارێک ئاماژەمان پێ کردوە، مەبەست بەهێنانی ئەم جۆرە پیتانە بەدابڕاوىو پچڕ پچڕی لەسەرەتای هەندێ سورەتدا بۆ تەحەددا کردنی عەرەبو غەیری عەرەبە، تەحەددایان دەکاو پێیان دەڵێ: ئەم قورئانە لەم جۆرە پیتو وشانە پێک هاتووە. دەی کە ئێوە ئازانو بەخۆتان رادەپەڕموون: وێنەی ئەم قورئانە یان وێنەی (دە) سورەت یان وێنەی سورەتێکی ئەم قورئانە با کورترین سورەتیشی بێ بخەنە بەردەست! ئەوە عەرزو ئەوە گەز! هەڵبەتە ئەوە هەزارو چوارسەدو بیست ساڵە قورئان ئەم تەحەددایەی کردوەو تا ئێستا بەمەلایین نووسەرو شاعیرو رەوانبێژی عەرەبو غەیری عەرەب هاتوونو رۆییشتوون، ئەگەر بۆیان بکرایە ئەم تەحەداو بۆڕدانەیان قبووڵ نەدەکردو بەرەنگارییان دەکردەوە، بەڵام دیارە کەس ناتوانێو کەس نەیتوانیوە ئەو تەحەددایە رەت بکاتەوە! چونکە قورئان شاکاری یەزدانەو هەر کەسێ بەرەنگاری بکا سەری خۆی لەبەرد دەداو ناماقوڵی دەکاو دەبێتە گاڵتەچی زەمانە!

هەندێک پێیان وایە: ئەم پیتانە بێ مانان، یان ئیشارە دەکەن بۆ نهێنییەکی تایبەتی، یان ناوە بۆ فلان، یان ناوەڵناوە بۆ فیسار! بەڵام ئیمامی رازی دەفەرموێ: دروست نیە، پەروەردگار شتێک بخاتە ناو کتێبی خۆیەوە: کە لۆغەت هەڵی نەگرێ. بەحەقیقەتو بەمەجاز مانا نەگەیەنێ! چونکە ئەگەر ئێمە ئەم دەرگایە بکەینەوە، ئەو کاتە رێگا بۆ ئەوانە دەکەینەوە: کە دەڵێن: هەموو وشەو رستەیەک مانایەکی (ظاهیر)و مانایەکی (باطنی) هەیە، ئەمجار ئەوانە بەئارەزۆی خۆیان بەبێ بەڵگە مانا (باطن)یەکە دەستنیشان دەکەن! ئەگینا چ بەڵگەیەک هەیە پیتی (کاف) بسەپێنێ بەسەر (الکریم)

یان (الكبير) كەناوی خودان، یان ناوێكی پێغەمبەر ﷺ یان ئاوەڵناوێكی، یان ئاماژە بێ بۆ فریشتە یان بەهەشت یان دۆزەخ یان بۆ شتێكی تر؟؟ بێگومان دابڕینی ئەم پیتە بەسەر یەكێ لەم مانایانەدا سەپاندنی شتی بێ بەڵگەیە بەسەر شتدا!!

﴿ذكر رحمة ربك عبده زكريا﴾ ئەمە یادو بیر خستنەوەی رەحمەتو نیعمەتی خودای تۆیە ئەی موحەممەد! بۆ بەندەی راستاڵو خودا ناسی خۆی؛ كەزەكەرییایە، بۆ تۆی دەگێڕینەوە بۆ ئەوەی پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگری، پێی بەهرەوەر ببی، زەكەرییا پێغەمبەرێكی رێزدار بوو لەپێغەمبەرە بەرێزەكانی نەتەوەی ئیسرائیل. خێزانەكەی پوری حەزرەتی عیسا بووە (هەندێك دەڵێن: پوری مەریەم بووە).

حەزرەتی زەكەرییا دارتاش بووە، بەدارتاشی خۆی ژیاندوە.

﴿إذ نادى ربه نداءً خفياً﴾ ئەو كاتەی بەنهێنیو پەنامەكی لەخودا پاڕایەوە، وا لەخودا پاڕایەوە كەس ئاگای لێ نەبێ، لەریابازیی دوور بێ، گۆشەگیربوو لەخەڵكو ئەمجار لەبەر خودا پاڕایەوەو لالایەوەو دەستی نزای بەرز كردەوە، شكوای حاڵی خۆی كردو چی غەمو پەژارەی لەدڵیدابوو خستیە ڕو (هەرچەندە خودا بەبێ ئەوەش دەیزانی چ لەدڵیدایە). وەلێ غەمبارو پەژموردە بەپاڕانەوەو غەم هەڵڕشتن دڵی ئارام دەگرێو پێی خۆشە پێداویستی خۆی رابگەیەنێ! پەروەردگاریش: كە خاوەنی رەحمو بەزەیییە بۆ بەندەكانی ئاگاداری سروشتی ئادەمیزادە پێی خۆشە هاواری لێ بكەن، هانای بۆ بەرن، دڵتەنگی خۆیانی بۆ لا بەرز بكەنەوە، ئەوەتا فەرمانی پێ كردون بانگی لێ بكەن، دوعاو پاڕانەوەی ئاڕاستە بكەن بۆ ئەوەی ئەعصابیان خاو ببنەوە، قورسایی و نارەحەتییان لەسەر سوك ببێ، هەست بكەن كە داوای یارمەتیو لابردنی غەمو پەژارەیان لەكەسێك كردوە خاوەنی هێزو توانایە، كەریمی كارسازەو فریاد رەسە. هەست بكەن: كە پەیوەندییان

بەزاتێکەوە هەیە هەر کەسێک بەدڵو ئیخلاص پەنای بۆ بەرێ ناهومێد نابێ، هەر کەسێ پشتی پێ ببەستێ رەنج بەخەسار نیە!

ئەمجار شێوەی دوعاو نزاکە شی دەکاتەوە ﴿قال: رب إني وهن العظم مني﴾ ئەی خودایە! ئەمن ئێسقانەکانم پۆلکاون، هێزم تێدا نەماوە، پیرو کەنەفت بووم، چونکە: ئێسقان راگرو جیسرو کۆڵەکەی جەستەیە، کە ئەو پۆلکا ئیتر هەموو جەستە دەپۆلکێ، هیچ ئەندامێکی لەش هێزو توانای تێدا نامێنێو ئەرکی خۆیان ئەنجام نادەن هەروەها ﴿واشتعل الرأس شيباً﴾ موی سەرم دەڵێی گڕی تێبەر بووە، زۆر بەخێرای رەشی مووی سەرم سپی هەڵدەگەڕێو هەر دەڵێی ئاگر بەربووەتە پۆشو پەڵاشو پێوە دەچێ رەشایی لەسەرم نەهێڵێ.

حاجی وتەنی:

کوێستانان خاڵ بەفری ناچێتۆ!
یارم تۆراوەو ئاشتی نابێتۆ!

پەروەردگارا! ئەمە حاڵی منە لەپیریو کەنەفتەییو پەککەوتەییدا هانات بۆ دێنم لێت دەپاڕێمەوە، بەفریام کەوەو ناهومێدم مەکە. ﴿ولم أكن بدعائك رب شقياً﴾ خودایە! من هیچ کاتێ لەئاکامی پاڕانەوەو دوعا کردنمدا بۆلای تۆ ناهومێد نەبووم، هەرگیز رەنجەڕۆ نەبووم، من لەوەپێش لەکاتی گەنجیو بەهێزو تواناییمدا کە هانام بۆ هێناوی فریام کەوتووی، کاری گرانم بۆ ئاسان بووە، لەتەنگو چەڵەمە رزگارت کردوم. ئێستا کە پیرم بوەو ئێسقانم پۆلکاون، هێزو توانام نەماوە، زیاتر جێگای بەزەییمو پتر بەهیوای فریارەسی تۆم، زۆرتر پێویستیم بەرەحمەتو یارمەتی تۆ هەیە، هیوادارم بەهانامەوە بێییو نیعمەتو رەحمەتی خۆتم بەسەردا بڕێژی!!

ئەمجار ئەوەی مەترسی لێ پەیدا کردوە رایدەگەیەنێو عەرزی بارەگای پەروەردگاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وإني خفت الموالي من ورائي وكانت امرأتي عاقراً﴾ ئەمن ترسی ئەوەم هەیە ئامۆزاو خزمەکانم لەدواخۆم کاروباری ئایینی بەباشی ئەنجام نەدەن، پاش مردنم واز لەبانگەوازیی بۆ ئایینو خوداپەرستی بێنن، سەرباری ئەوەی بۆخۆم پیرو کەنەفت بوم خێزانەکەشم نەزۆکە، مندالّمان نیەو وەجاخ کوێرم، کەس نیە جێ نشینم بێ، خزمو کەسو کارەکانیشم زۆر رویان لەئایین نیەو خەریکن روبکەنە شەڕو فەساد، ﴿فهب لي من لدنك ولياً﴾ خودایە! لەلایەن خۆتەوە بەلوطفو رەحمەتی خۆت لەپشتی خۆم کوڕێکم پێ ببەخشە، ﴿يرثني﴾ میراتی پێغەمبەرایەتیو رابەری ئایینی لەمن بگرێ ﴿ويرث من آل يعقوب﴾ میراتو کەلەپوری بنەمالەی یەعقووبی کوڕی (ماثان)یش وەرگرێ کە ریش سپێتیو پیاوماقوولّیو فرمانڕەواییو زانستو زانیارییە.

کولەبی دەلّێ: لەو رۆژگارەدا بنەمالّەی (ماثان) پاشاو فەمانڕەوای نەتەوەی ئیسرائیل بوون. حەزرەتی زەکەریپاش سەرۆکی ئەحبارەکان بوو.

﴿واجعله رب رضياً﴾ خودایە! ئەو کوڕەی پێم دەبەخشی مندالّێکی سالّحو راستالّ بێ، تەقواکارو هەلّبژاردە بێ، خۆت لەکردارو گوفتاری رازی بی، بەندەکانت لێی رازی بنو خۆشیان بوێ، شیاوی ئەوە بێ پەیامی دین هەلّگرێو بلاّوی بکاتەوەو فێری خەلّکی بکا، رابەری ئایینیو کاروباری دونیایی خزمو نەتەوەکەم بێ! وەکوو وتمان: حەزرەتی زەکەرییا مێردی خوشکی خاتو مەریەم یان مێردی پووری بووە. خاتو مەریەمو پووری لەوەچەی یەعقووب بوونو دەچنەوە سەر حەزرەتی سولەیمانی کوڕی حەزرەتی داود، ئەمیش کوڕی یەهوزای کوڕی یەعقووبە.

حەزرەتی زەکەریبا کوڕی حەزرەتی هاروونە: کە برای حەزرەتی موسا بووە. حەزرەتی هاروونو حەزرەتی موسا کوڕی (لاوی) کوڕی یەعقووبن، پێغەمبەرایەتی لەوەچەو نەوەی یەعقووبی کوڕی ئیسحاق بووە.[٦]

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿**هنالك دعا زكريا ربه، قال: رب هب لي من لدنك ذرية طيبة انك سميع الدعاء**﴾ (آل‌عمران/٣٨). یان ﴿**وزكريا إذ نادى ربه، رب لاتذرني فرداً وانت خير الوارثين**﴾(الأنبياء/٨٩).

پەروەردگار دوعاو نزاکەی گیرا کردو وەڵامی دایەوەو نیگای بۆ ناردو فەرمووی: ﴿**يازكريا إنا نبشرك بغلام اسمه يحيى لم نجعل له من قبل سمياً**﴾ ئەی زەکەریبا! ئێمە موژدەت دەدەینێ بەکوڕێک: کە ناوی یەحیای لێ دەنێی. لەوەپێش کەس بەو ناوە ناونەنراوە، یان لەوەپیش وێنەی نەبوە، هیچ منداڵێک لەباوکێو دایکی نەزۆک پەیدا نەبوە.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: (لم تلد العواقر قبله مثله) لەپێش ئەودا نەزۆک منداڵی ئاوایان نەبوە.

ئەمە ئاماژەیەبەوە: کە زەکەرییاو ژنەکەی هەردوکیان نەزۆک بوونو بەشێوەیەکی عادەتی هی ئەوە نەبوون منداڵیان ببێ! بەپێچەوانەوەی حەزرەتی ئیبراهیمو خاتو سارای خێزانی ئەوان کە مزگێنییان پێ درا بەئیسحاقو سەریان سوڕما، سەرسوڕمانەکەیان لەبەر پیرییان بوو نەک لەبەر نەزۆکییان چونکە ئەوان سێزدە ساڵ پێش ئەوە حەزرەتی ئیسماعیلیان بوبوو.

جا کە حەزرەتی زەکەریبا ئەم موژدە خۆشەی بیست، سەرسوڕمانێک روی تێکردو ﴿**قال: ربّ أنى يكون لي غلام؟ وكانت امرأتي عاقراً، وقد بلغت من الكبر عتياً**﴾ لەخۆشی گیرابوونی دوعاکەی شاگەشکە بوو، حەبەسا،

---

(٦) تەفسیری مونیر ج١٦/٥٤-٥٥.

وتی: خودایە! من چۆن منداڵم دەبێ، خێزانەکەم لەتەمەنی گەنجیشیدا نەزۆک بووە، ئێستا کە بۆتە پیرەژن چۆن منداڵی دەبێ؟ بۆ خۆشم هێندە پیرو کەنەفت بووم پۆڵکاوم لاشەم پیرەلۆک بووە، ئێسقانم ناسک بوونەوە، توانای چوونە لای ئافرەتیشم نەماوە، تەڕاییم تێدا نەماوە...!

پرسیارو سەرسوڕمانەکەی لەوەیە: کە بەگوێرەی عادەتو هۆکاری رواڵەتی ئەوان منداڵیان نابێ. نەک لەوە سەری سوڕمابێ کە خودا دەسەڵاتی ئەوەی نیە. حاشا! چونکە زەکەریا بۆ خۆی داوای لەخودا کرد کە بەلوطفو کەرەمی خۆی، بەدەسەڵاتو قودرەتی خۆی کوڕێکی پێ بدا. واتە: دەفەرموێ: خودایە! ئەمن لەکاتی گەنجیو هەڕەتی پیاوەتیدا منداڵم نەبوە. لەبەر ئەوە خێزانەکەم نەزۆک بووە، جا ئێستا: کە منیش پیر بووم بەرواڵەت لەوە تێپەڕیوم منداڵم ببێو خێزانەکەشم وێڕای نەزۆکی پیر بووە، چۆن منداڵم دەبێ؟؟

﴿قال: كذلك﴾ پەروەردگار فەرمووی؛ یان ئەو فریشتەی نیگاکەی هێنا پێی راگەیاند: کار ئەوەیە: کە پێت راگەیاندراوە، ئەوەی موژدەت پێ دراوە دێتە جێ، وێڕای ئەوەی بۆ خۆت کەنەفتو پیریو خێزانەکەشت پیرو نەزۆکە، کوڕێکتان پێ دەبەخشین.

﴿قال ربك: هو علي هيّن﴾ خودای تۆ کە لەوەپێش فەضلو ئیحسانی لەگەڵدا کردوی، بەلایەوە ئاسانە کە بەو حاڵەی خۆتو خێزانت تێیدان منداڵتان بداتێ، چونکە خودای تۆ کەویستی شتێک ببێ جاری وا دەبێ بەبێ هۆکاری رواڵەتیش ئەنجامی دەدا. هەر شتێک ویستی ببێ دەبێو دواکەوتنی نیە!!!

ئەمجار شتێکی بۆ باس دەکا: کە لەوەش سەرسوڕهێنەرترە. دەفەرموێ: ﴿وقد خلقتك من قبل ولم تك شيئاً﴾ دروستکردنی ئەو کوڕەی موژدەمان پێداوی هەرچەندە بۆ خۆت پیریو خێزانت نەزۆکە، لەدروستکردنی ئادەمیزاد لەنەبوەوە گرانترو سەرسوڕهێنەرتر نیە. بێگومان من تۆم دروستکردوە ئەی

ئادەمیزاد لەنەبوەوە، دروستکردنی ئادەم نموونەی هەموو نەوەی ئادەمە، دەی کەوابوو دەستڕەنگینی لەدروستکردنی ئادەمدا دەستڕەنگینی‌یە لەهەموو ئادەمیزاددا. یان هەر مەبەست خودی زەکەرییایەو دەفەرموێ: من لەهیچەوە تۆم دروستکردوە. کەوابێ هیچ سەرت سوڕنەمێنێ لەو موژدەیەی پێت دراوە... چونکە کەسێک بتوانێ زاتو صیفاتی شتێک لەنەبوەوە بێنێتە دی، باشتر دەسەلاتی بەسەر گۆڕینی زاتو صیفاتەکاندا هەیە! ئەمە بەڵگەیە لەسەر قودرەتو بەتوانایی پەروەردگار بەئەوپەڕی ڕەهایی‌یەوە. چونکە خودا هەموو کارێکی لا ئاسانە، بەڵکوو بەنسیبەت خوداوە کارێک نیە ئاسان بۆو کارێک گران بێ! هەموو کارێک بۆ خودا چوون یەکەو ئاسایی‌و ئاسانە، دروستکردنی ئادەم لەنەبوەوەو دروستکردنی ئادەمیزادێکی تر لەڕێگەی زاوو زێوە یەکسانە، کەسێک بتوانێ زات دروست بکا ئاڵو گۆڕکردنی ڕەوشتەکانی بەلاوە ئاسان تر دەبێ، کەوابێ زۆر شتێکی ئاسایی‌و ئاسانە: کە خودا تواناو ئامادەباشی منداڵبوون بۆ زەکەرییاو خێزانەکەی بگێڕێتەوە. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فاستجبنا له، ووهبنا له يحيى، وأصلحنا له زوجه**﴾(**الأنبياء/٩٠**).

ئەمجار پەروەردگار هەواڵی ئەوەمان پێ دەدا: کە حەزرەتی زەکەرییا بەتاسوخ بوو بۆ ئەوەی بزانێ کەی موژدەکە دێتە جێ.

﴿**قال: رب اجعل لي آية**﴾ حەزرەتی زەکەرییا وتی: خودایە! نیشانەو بەڵگەیەکم پێ بفەرموو: بزانم: کە موژدەکە هاتۆتە دی! پێم خۆشە بزانم کەی ژنەکەم منداڵی لەسکی دەکەوێ. بۆ ئەوە دڵم ئارامی تێ بکەوێ، چونکە منداڵ لەسک کەوتن لەسەرەتادا شتێکی نادیارەو پەنامەکییە، بەتایبەتی لەئافرەتێکدا کە لەعادەتی ژنانە وەستابێتەوە.

ئیتر پەروەردگار بەهۆی فریشتەی نیگاوە وڵامی دایەوە: ﴿**قال: آيتك أن لاتكلم الناس ثلاث ليال سويا**﴾ فەرمووی: نیشانەی سک پڕ بوونی

خێزانت ئەوەیە: کە ناتوانی سێ شەوو سێ ڕۆژ ئاخاوتن لەگەڵ ئادەمیزاددا بکەی، ئەتۆ ساغیو هیچ نەخۆشیت تێدا نابێ، بەڵام ناتوانی قسە بکەی. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**قال: رب اجعل لي آية، قال: آيتك ان لا تكلم الناس ثلاثة أيام إلا رمزاً**﴾ (آل‌عمران/٤١).

﴿فخرج على قومه من المحراب﴾ ئەوکاتەی زەکەریبا موژدەی پێ درا لەناو میحرابەکەیدا بوو: میحرابەکەی بریتی بوو: لەژوورێکی پچکۆلە بەبەرزییەوە دروست کرابوو، لەبەردەم عیبادەتخانە گشتییەکەدابوو، میحرابەکە قاپییەکی تێدا بوو بەچەند پلیکانەیەک بۆی سەردەکەوت، ئەو کەسەی لەناو هۆدەکەدابوایە خەڵکی ناو عیبادەتخانەکە نەیاندەبینی.

جا لەگەڵ موژدەکەی پێ درا ئیتر زەکەریبا لەمیحرابەکەی هاتە دەرەوەو چووە ناو گەلو نەتەوەکەیەوە، لەوەپێشیش زەکەریبا هەواڵی ئەو موژدەیەی پێدا بوون.

﴿فأوحى إليهم أن سبحوه بكرة وعشياً﴾ ئیشارەی بۆ کردنو تێی گەیاندن: کە نوێژو تەسبیحات بۆ خودا ئەنجام بدەن بەیانیو ئێوارە، هاوەڵو هاوشانی بۆ بەرەوا مەزانن. لەهەموو لەککەو عەیبو خەوشێک بەدووری بگرن! داوای لێ کردن: کە سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو نیعمەتەی کە بەخشی بەخۆیو ئەوانیش... ئەم ئیشارە بۆ کردنو تێگەیاندنە یان بەدەست بووە یان بەنووسین بووە. چونکە زەکەریبا زمانی بۆ قسە کردن لەگەڵ ئەواندا بەسترابوو، تەنیا بۆ ذیکرو یادی خودا زمانی دەگەڕا.

حەزرەتی یەحیا لەدایک دەبێو دەکرێ بەپێغەمبەرو شەریعەتو یاسای پێ دەدرێ

يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا ﴿١٢﴾ وَحَنَانٗا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَوٰةٗۖ وَكَانَ تَقِيّٗا ﴿١٣﴾ وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَيۡهِ وَلَمۡ يَكُن جَبَّارًا عَصِيّٗا ﴿١٤﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ وَيَوۡمَ يَمُوتُ وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا ﴿١٥﴾

چیرۆکی حەزرەتی یەحیا:

لەقورئانی پیرۆزدا پێنج جار ناوی حەزرەتی یەحیا هاتووە: لە(آل‌عمران/٣٩، الأنعام/٨٥، مريم/٧و١٢، الأنبياء/٩٠) حەزرەتی یەحیا پیاوێکی تەقواکارو راستاڵ بووە، خوداپەرستی بەشیرەوە فرچک کردوە. زاناو شارەزابوو لەرونکردنەوەی شەریعەتی تەوراتدا، بەمنداڵی کراوە بەپێغەمبەر! هەمیشە بانگەوازی ئادەمیزادانی دەکرد: بۆ تۆبەو گەڕانەوە بۆ لای خودا، تۆبەکارانی لەچەمی ئەردەندا دەشوشتنو لەگوناە پاکی دەکردنەوە. ئێستا کە مەسیحی‌یەکان غوسلی پاکردنەوەیان لەناودا باوە لەمە وەریان گرتووە. پێی دەڵێن: (يوحنا المعمدان).

لەسەردەمی حەزرەتی یەحیادا، لەفەلەستین فەرمانڕەوایەک هەبوە، ناوی (هیرودس) بووە. برازایەکی هەبوە ناوی (هیرودیا) بووە، زۆر جوانو جۆخو شەنگ بووە، هیروسی مامی حەزی لێ کردوە، کچەکەو دایکی کچەکە پێیان خۆش بووە شوی پێ بکا: کە پرسیان بەحەزرەتی یەحیا کرد بۆ مارە کردنو

شوپێکردنی، حەزرەتی یەحیا فتوای بۆ نەدان، وتی: شو کردنی کچ بەمامی خۆی حەرامەو نابێ. رۆژێک کچەکە لەبەردەم مامی لەنجەیەکی کردو مامی ئاگری بۆ تێبەربوو، وتی: چت دەوێ بۆت دەکەم هەر ئەوەندە رازی ببە شووم پێ بکە، کچەکەش بەتەگبیری دایکی وتی: سەری یەحیای کوری زەکەرییام بۆ ببرە شوت پێ دەکەم، ئەویش ناردی حەزرەتی یەحیایان شەهید کردو سەریان بری. کە هەواڵی شەهید بوونی یەحیا بەحەزرەتی عیسا گەییشت، حەزرەتی عیسا دەستی کرد بەبڵاو کردنەوەی پەیامی یەحیا. ئەمە کورتەیەک بوو لەژیانی حەزرەتی یەحیا.

ئەمجار بابێینەوە سەر راڤەکردنی ئایەتەکان، دەفەرموێ: ﴿یایحیی خذ الکتاب بقوة﴾ ئەی یەحیا! تەورات بەگرنگی بگرەو بەباشی وەربگرەو بەجوانی بەخەڵکی رابگەیەنە. تەورات نیعمەتو رەحمەتە بەسەر نەتەوەی ئیسرائیلدا.

هەڵبەتە لەکەلامەکەدا چەند وشەیەک مەزندە کراوە، بەقەرینە دەزاندرێ. ئەویش ئەوەیە: (حەزرەتی زەکەرییا کورە موژدە پێدراوەکەی پێ درا، ناوی یەحیایان لێ نا، کاتێک گەییشتە ئەو تەمەنەی نیگای بۆ بکرێ نیگامان بۆ کردو پێمان گوت:) ئەی یەحیا! گرنگی بەتەورات بدەو بەهێزو تواناوە وەری بگرە.

ئەمجار پەروەردگار باسی ئەو نیعەتانە دەکا: کە بەیەحیاو باوکو دایکی بەخشی دەفەرموێ:

١- ﴿وآتیناه الحکم صبیاً﴾ هێشتا منداڵ بوو تەمەنی لەخوار حەوت ساڵیەوە بوو تێگەییشتنو لێزانیو شەرعزانیمان فێر کرد، روی کردە خێرو چاکەو ئامۆژگاریکردنی خەڵکو ئایین پەروەری.

هەندێ دەڵێن: حیکمەت واتە: پێغەمبەرایەتی، چونکە پەروەردگار بەمنداڵی حەزرەتی یەحیاو حەزرەتی عیسای کردونە پێغەمبەر ﷺ دروودی خودایان لەسەربێ.

٢- ﴿وحناناً من لدنا﴾ دڵنەرمیو بەزەییمان لەلایەن خۆمانەوە پێ بەخشیبوو لیێ بوبوو بەخوو لەگەڵ سروشتی تێکەڵاو بوبوو. حەنانو دڵنەرمی رەوشتێکە بۆ ئەرکی پێغەمبەرایەتی زۆر پێویستە، دڵو دەروون مشتو ماڵ دەکا، هەڵیان دەنێ بۆ خێرو چاکەو هێدیو هێمنیان تێدا دەرسکێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی پێغەمبەرایەتی هەڵبگرێ.

٣- ﴿وزكاةً﴾ پاکو خاوێنی دڵو دەروونمان پێ بەخشیبوو بەو دڵو دەروونە پاکەوە ئامۆژگاری خەڵکی دەکردو چڵکو پیسی دەروونیانی پاک دەکردەوە.

٤- ﴿وكان تقيا﴾ هەمیشە لەخوداترسو تەقواکار بوو، خۆی لەتاوان دەپاراست دڵی پەیوەست بوو بەخوداوە، بەئاشکراو نهێنی لەخودا دەترساو موراقەبەی دەکرد، وای دەزانی چاوی لەخودایە، یان خودا چاوی لەئەوە.

٥- ﴿وبراً بوالديه﴾ زۆر گوێڕایەڵی فەرمانی باوکو دایکی بوو، خۆی لەئەزیەتدانیان دەپاراست، بەکردارو گوفتار شتێکی وای نەدەکرد دایکو باوکی دڵیان گەرد بگرێ، فەرمانبەرداری خوداو باوکو دایکی بوو!

٦-٧- ﴿ولم يكن جباراً عصياً﴾ فیزو تەکەببوری نەبوو بەسەر خەڵکیدا، بەڵکوو خۆی بەئادەمیزادێکی سادە دەهاتە بەرچاوو خۆی بەکەم دەگرت.

هەروەها سەرپێچی فەرمانی خودای نەدەکرد، بێ تاوانو گوناهـ سەری نایەوە.

(عبدالرزاق) لەسەعیدی کوڕی موسەییەبەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((مامن أحد يلقى الله يوم القيامة إلا ذا ذنب

إلا يحيى بن ذكريا)) هەر کەسێک رۆژی قیامەت لەگەڵ خودادا روب دەبێتەوە خاوەن گوناهە جگە لەیەحیای کوڕی زەکەریا. ئەو هیچ تاوانێ نیە.

ئەمجار دوای باسکردنو ڕانواندنی ئەم رەوشتە جوانانە بۆ حەزرە یەحیا. پاداشتەکەشی بۆ دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وسلامٌ عليه يوم ولـ ويوم يموت ويوم يبعث حياً﴾ سەلام و ئاشتی لەخوداوە لەسەر ئەو بێ لە سێ حاڵەتەدا: لەو کاتەدا: کە یەکەمجار دونیا بینیوە، لەو کاتەدا کە دو جێ دێڵێو دەچێتە قۆناغی قیامەتەوە. لەو کاتەدا: کە زیندو دەکرێتە بەهەشت و دۆزەخ دەبینێ!

ئەمانی خودای لەسەر لەو کاتەدا لەدایک دەبێ، بێگومان لەو کات لەچنگی شەیتان پارێزراوە، لەو کاتەدا: کە دەمرێ لەعەزابی گۆڕ پارێز لەو رۆژەدا: کە زیندو دەکرێتەوە لەناڕەحەتیو تەنگ و چەڵەمەی رۆ قیامەت بەدوور دەبێ.

سوفیانی کوڕی عویەینە دەفەرموێ: ناخۆشترین کات بۆ ئادەمیزاد ـ کاتە: ئەو کاتەی لەدایک دەبێ، خۆی دەبینێ لەشوێنێ خۆی هاتۆتە دەرە لەو کاتەدا: کە دەمرێ کەسانێک دەبینێ لەوەپێش نەیدیون، لەو کاتەدا: زیندو دەکرێتەوە، خۆی لەسارای مەحشەردا دەبینێو نازانێ چی لێ بە دێ. خودای مەزن لەو سێ حاڵەدا حەزرەتی یەحیای خستۆتە ژێر رێژ سەلامو ئەمانی خۆی..

ئیتر ئەمجار پەروەردگار پەردە بەسەر چیرۆکی حەزرەتی یەح دادەداتەوە، وەکوو چۆن لەوەپێش پەردەی بەسەر چیرۆکی حەزر زەکەریادا دادایەوە. چونکە هێڵە سەرەکیەکانی ژیانی کێشان، پەیڕ پرۆگرامی دیاری کردن، پەندو عیبرەتی وەرگیراو لەچیرۆکەکانیانی دە نیشان کردن، ئەوەی گرنگ بوو گەیاندی..

ئێستا دێتە سەر ڕانواندنی چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەرترو سەرەنج ڕاکێشتر، زۆر عەجایەبترە لەچیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی یەحیا. ئەویش سەرگورشتەی خاتوو مەریەم و حەزرەتی عیسایە.

چیرۆکی خاتو مەریەم و سک پڕبوونی بەعیسا

وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ مَرۡيَمَ إِذِ ٱنتَبَذَتۡ مِنۡ أَهۡلِهَا مَكَانٗا شَرۡقِيّٗا ﴿١٦﴾ فَٱتَّخَذَتۡ مِن دُونِهِمۡ حِجَابٗا فَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرٗا سَوِيّٗا ﴿١٧﴾ قَالَتۡ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا ﴿١٨﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمٗا زَكِيّٗا ﴿١٩﴾ قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا ﴿٢٠﴾ قَالَ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٞۖ وَلِنَجۡعَلَهُۥٓ ءَايَةٗ لِّلنَّاسِ وَرَحۡمَةٗ مِّنَّاۚ وَكَانَ أَمۡرٗا مَّقۡضِيّٗا ﴿٢١﴾ ۞ فَحَمَلَتۡهُ فَٱنتَبَذَتۡ بِهِۦ مَكَانٗا قَصِيّٗا ﴿٢٢﴾

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە، پەیوەندی لێکچوون و تەدەڕوجە، چونکە دوای ئەوەی پەروەردگار چیرۆکی حەزرەتی زەکەریای گێڕایەوە، ئەوەی باس کرد کە وێڕای پیری و کەنەفتی زەکەرییاو نەزۆکی خێزانەکەی خودا کوڕێکی زیرەک و موبارەک و بەهرەمەندی پێدان، ئەمجار

بەشوێن ئەوەدا چیرۆکی خاتو مەریەمی هێنایە کایەو ئەوەی راگەیاند: کە بەبێ ئەوەی خاتو مەریەم مێردی کردبێ و پیاو چوبێتە لای سکی بەعیسا پڕ بووە، لەنێوان هەردوو چیرۆکەکەدا لێکچونێکی ئاشکرا هەیە، هەر بۆیە هەردوو چیرۆکەکە لەسورەتی (آل‌عمران)و ئێرەو سورەتی (الأنبیاء)دا بەیەکەوە هێنراون، چونکە لەمانادا لیَکَ نزیکن، هەردوکیان نیشانەی بەدەسەلاتی خودا دەگەیەننو گەواهی ئەوەن: کە پەروەردگار بەسەر هەموو شتێکدا بەتواناو بالادەستە. هەروەها تەدەروجو گواستنەوەی تێدایە لەبارەی فێر کردنو تێگەیاندنەوە لەسوکەوە بۆ گران و لەروداوی سەرسوڕهێنەرەوە دەگوێزێتەوە بۆ روداوی سەرسوڕهێنەرتر، ئەوەتا لەپێشەوە چیرۆکی حەزرەتی یەحیای باس کرد: کە لەباوکَ و دایکێکی پیرو کەنەفت و نەزۆکَ پەیدا بووە. بەڕواڵەت بڕوا کردن بەم روداوە ئاسانترە لەپەیدابوونی حەزرەتی عیسا کە بەبێ باوکَ لەدایکَ بووە، بێگومان چیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا لەچیرۆکی حەزرەتی یەحیا سەرسوڕهێنەر ترە.

مامۆستا سەیید لێرەدا دەفەرموێ: ئێستا سەرەنج بدەینە چیرۆکێکی تر: کە لەچیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی یەحیا سەرسوڕهێنەر ترە، ئەویش چیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسایە. بێگومان سیباقی قورئانەکە پێ هەڵداچوون و تەدەروجی بەکار هێناوە، لەچیرۆکی یەکەم کە پەیدابوونی منداڵە لەباوکی پیرو کەنەفتو دایکی نەزۆکَ دەگوازێتەوە بۆ چیرۆکی دووەم کە روداوی سەرسوڕهێنەر تری تێدایە! ئەویش سکَ پڕ بوونی کچۆڵەیەکی دەست لێ نەدراوو منداڵ لێ بوونیەتی بەبێ ئەوەی مێرد چوبێتە لای. بێگومان ئەم روداوە: کە پەیدا بوونی حەزرەتی عیسایە بەبێ ئەوەی باوکی هەبێ، زۆر لەروداوی لەدایکبوونی حەزرەتی یەحیا سەرەنج راکێشترو سەرسوڕهێنەرترە.

خۆبێگومـان ئەگـەر ئێمـە بەسـەر روداوی دروسـتبوونی بـاوە ئـادەمدا تێپەڕینو خۆمـانی لیٚ بپارێزینو نەیخەینـەوە بـەرچاوی خۆمـان و بـیری لیٚ نەکەینەوە: کە خودا بەبیٚ باوکێ و دایـکێ دروسـتی کـردوە، ئـەوە لەراستیدا روداوی لەدایکبوونی عیسـای کـوڕی مـەریـەم عەجایـەبترین روداوی مێـژووە، روداوێکی تاقانەی مێژووی ئادەمیزادەو لەوەپێش و لەوپاشیش بیٚ وێنـەو بـیٚ نەظیرەو دووبارە نەبۆتەوە!

ئادەمیزاد ئاگای دروستبوونی خۆی نەبوە. ئاگای پەیدابوونی ئادەمیزادی یەکەم نەبوە: کە بەبیٚ باوکێو دایکێ خودا فەراهەمی هێناوە دوای ئەوەی: کـە پەروەردگار ئادەمی لەقوڕ دروسـتکرد، بـەبیٚ هـەبوونی بـاوکێ دایـکێ هێنایـە وجوود هەزاران ساڵ تێپەڕین، ئەمجار حیکمەتی ئیلاهی داخوازی ئـەوە بـوو: کە روداوێکی تر، شتێکی تری سەرسوڕهێنەر بخاتە ڕو، ئەویش لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا بوو، بەبیٚ ئـەوەی بـاوکی هـەبیٚ. کـە بـەگوێرەی عـادەت و سوننەتی بوونەوەرو لەو کاتەوە ئادەمیزاد لەسەر زەوی پەیدا بووە، روداوێکی تاقانەو بیٚ وێنەبوو؛ بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بۆ خۆیان ئاگـاداری ئـەو روداوە بـن؛ ئـەمجار لـەتۆمارگای ژیـانی ئـادەمیزاددا خـاڵێکی بـەرچاوو نـەمر بـیٚ، ئـادەمیزادان سـەرەنجی بـدەن و تـیٚ ی بفکـرن، چونکـە بۆیـان نـەگونجاوە سـەرەنجی بەدیـهاتنی روداوە سەرسـوڕهێنەرەکەی هـەوەڵجار بـدەن کـە دروستکردنی باوە ئادەمە.

بێگومـان بـەگوێرەی ئـەو سـوننەت و داب و نەرێتـەی پـەروەردگار لەبوونـەوەردا دایناوە بـۆ درێژەپێدانـی ژیـانی زینـدەوەران، بێچـوو زارۆکێ لەئاکامی بەیەکگەییشتنی نێرو میٚ پـەیدا دەبـن، ئەمـە یاسـای پـەیدابوونی منداڵ و بێچوو زارۆکە لەهەموو چینو رەگەزو جۆرەکانی زیندەوەردا. تەنانەت لـەو گیانلەبەرانـەی کـەنێرومێیان تێدانیـە نـێرەموکن، واتـە: جـوت

توخمن ئەوانەش دەبێ لەهەموو یەکێکیان دا رەچەڵەکێ و گەرای نێرو مێ هەبێ ئەمجار زاوو زێ دەکەن!

ئەم داب و نەرێتە چەند هەزاران ساڵ بەرقەرار بوو، هەتا لەبیرو بۆچونی ئادەمیزاددا ئەوە چەسپا: کە ئیتر ئەم رێگایە تاقە رێگایە بۆ پەیدا بوونی منداڵ، روداوی دروستکردنی باوە ئادەمیان هەر لەبیر چوبوەوە، بەڵکوو هەر نەیان دیبوو، بۆیە پەروەردگار ویستی جارێکی تر قودرەتی خۆی نیشان ئادەمیزاد بدا، لەدایکبوونی حەزرەتی عیسایان بۆ بکاتە نیشانەو بەڵگە لەسەر رەهایی دەسەڵاتی خۆی. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ولنجعله آية للناس﴾ وەلێ دوای روداوی لەدایکبوونی عیسا ئیتر وێنەی دووبارە نەبۆتەوە، چونکە ئەم روداوە بۆ خۆی بەسە بۆ گەواهی لەسەر رەهایی دەسەڵاتی خودا... هەروەها چونکە بنچینەی یاسای خودا ئەوەیە: منداڵ بەو شێوە لەدایک بێ: کە باوەو لەئاکامی بەیەکێ گەییشتنی نێرو مێ دێتە کایە.

جا لەبەر ئەوەی روداوی لەدایکبوونی عیسا زۆر سەرسوڕهێنەرو غەریب و سەرنج راکێش بوو، بەشێکی زۆر لەخەڵکێ نەیانتوانی روداوەکە لەقاڵبی خۆیدا بهێڵنەوەو پەی بەحیکمەتی روداوەکە بەرن، حەقیقەتەکەی بزانن. بۆیە هاتن حەزرەتی عیسایان لەچوار چێوەی ئادەمیزاد بردە دەرەوەو لەپلەو پایەی ئادەمی یەوە بەرزیان کردەوە بۆ پلەو پایەی خودایەتی! هەندێکێ وتیان و تا ئێستاش دەڵێن: عیسا کوڕی خودایە، یان بەشێکە لەخودا!

ئەمجار قورئانی پیرۆز روداوەکە بەرێکێ و رەوانی دەگێڕێتەوە، واقیعەکە وەکوو خۆی نمایش دەکاو دەفەرموێ: ﴿واذكر في الكتاب مريم إذ انتبذت من أهلها مكاناً شرقياً﴾ ئەی موحەممەد! لەم سورەتەدا چیرۆکی مەریەم بۆ ئەو خەڵکە بگێڕەوە، بەسەرهات و سەرگورشتەی خاتو مەریەم: کە کچی عیمران و لەنەوەی داود بوو، لەخانەوادەیەکی داوێنپاکێ و خاوەن پلەو پایە بوو. ئەوەیان بۆ بگێڕەوە: کە بۆ کارێکی تایبەتی خۆی کە دەبوایە لەکەس و

کاری نەدیو بێ (کەمێک بۆ لای خۆر هەڵاتی بەیتولمەقدیس دوور کەوتەوە)، قورئان هۆی دوورکەوتنەوەکە دیاری ناکا، لەوانەیە بۆ خوداپەرستیو طاعەتکردن خۆی دزی بێتەوە، وێ دەچێ بۆ کارێکی تایبەتی زۆر تایبەتی خۆی دوور کەوتبێتەوە.

﴿فاتخذت من دونهم حجاباً﴾ ئەمجار پەردەیەکی لەنێوان خۆی و کەس و کارەکەی داگرتەوە، واتە: خۆی لێ نەدیو کردن، بۆ ئەوەی لەکاتی عیبادەتکردندا چاویان لێ نەبێ، یان بۆ ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی کارە تایبەتیەکەیدا کەسیان نەی بینێ، ﴿فأرسلنا إليها روحنا فتمثل لها بشراً سوياً﴾ ئەمجار جوبرائیلمان بۆلا نارد، لەشێوەی پیاوێک دا خۆی نیشان دا، بۆ ئەوەی نەترسێ و نەحەپەسێ و بتوانێ ئاخاوتنی لەگەڵ بکا، چونکە جوبرائیل لەشێوەی فریشتەیی خۆیدا سامناکەو رەنگە کەس نەتوانێ لەئاستیدا خۆ رابگرێ، جا: کە جوبرائیل لەشێوەی پیاوێک دا خۆی نیشانی خاتو مەریەم دا، مەریەم وای زانی دەیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەرو خەیاڵی خراپی هەیە.

روداوەکە سەرەنج راکێشە: خاتو مەریەم کە نارگیر بووە، دڵنیاو ئارامە، دەیەوێ کارێکی تایبەتی خۆی بەتەنیاییو دوور لەئاگاداری خزم و کەس و کارەکەی ئەنجام بدا، بەلام ئەوەتا لەنکاوێک تووشی ئەوموفاجەئە سەرسوڕهێنەرە دەبێ...! ئەوەتا لەپشت ئەوپەردەیەوە: کە بەخەیاڵی خۆی هیچ کەس چاوی لێ نیە، پیاوێکی رێکو پێک لیێ نزیک بۆتەوە. قسەی لەگەڵ دەکا، ئای لەم مەوقیفە حەریجەی تیێ کەوتووە، بسیری لێ بکەرەوە؛ کچۆڵەیەکی سرکی بەشەرمو حەیاو ترسنۆک، پیاوێک لەو شوێنە چۆڵەدا لەبەردەمی قووت بۆتەوە! ئارامیو دڵنیایی لێ تێک داو هێدیەتی شێواند، بەلام چی بکا؟ مەوقیفەو تیێ کەوتووە، ئا لەو کاتەدا هیچیکەی پێ نەکرێ، پەنا بۆ خودا دەبا، داوای رزگاربوون لەخودا دەکا، دەیەوێ هەستی پیاوەکە

بوروژێنیٚ، ترسی خودای دەخاتە دڵەوە، ناوی خودای بەگژدا دەکا، بۆ ئەوەی ئەگەر پیاو خراپە بەخۆیدا بچێتەوە، شەهوەتو ئارەزۆی نەفسانی بەپاشەوە بچێتەوە پیٚ لەکەللەی شەیتان بێنێتە خواری.

﴿قالت: اني أعوذ بالرحمن منك ان كنت تقياً﴾ وتی: من پەنا دەگرم بەخودا لەتۆ ئەگەر تۆ لەخودا ترسو خۆپارێزی بەتاوان، تکات لیٚ دەکەم لێم دوور بکەوەرەوەو لەپەردە ئەو دیوکەوە!.

﴿قال: انما أنا رسول ربك لأهب لك غلاماً زكياً﴾ حەزرەتی جوبرائیل ویستی ترسی لیٚ برەوێنێتەوە بیهێنێتەوە سەر حاڵی ئاسایی‌و هێواشی بکاتەوە. پیٚی گوت: مەترسە من لەو کەسانە نیم کە خەیاڵی خراپم هەبیٚ لەگەڵ تۆدا، من رەوانەکراوی خودای تۆم بۆ ئەوەی بەفەرمانی خودا کوڕێکی پاکٔ و خاوێن و بیٚ گوناهت پیٚ ببەخشم، بێتە مایەی رەحمەت و فەڕ بۆ ئادەمیزادان!

دەی تۆ بەخەیاڵ ئەو مەوقیفە بێنەرە پێش چاوی خۆت و ئەندازەی ترس و خەجاڵەتی‌و شەرم و حەیای خاتو مەریەم تەصەوور بکە. بزانە چەند خەیاڵی بەملاو ئەولادا رۆییشتووە: ویٚ دەچیٚ بڕوای نەکردبیٚ ئەم پیاوە نێرراوی خودابیٚ، وای زانیبیٚ ئەمە فێڵەو ئەم پیاوە لیٚی دەکا، لەوانەیە هەڵی خەڵەتێنیٚ، لەوانەیە مەبەستی شتێکی تر بیٚ!

ئەمجار خاتو مەریەم تۆزێکٔ ورە بەخۆی دەداو، ئازایەتی مێینەیەکی ناموس لەخەتەرکەوتووی بۆ پەیدا دەبیٚ، کارەو تووشی بووە، ریشەو بووە بەریشەوە دەبیٚ شانەی بۆ هەڵبگری، بۆیە ئەمجار بەصەراحەت و رەپەورپو ئاخاوتنی لەگەڵ کرد، ﴿قالت: أنى يكون لي غلام؟ ولم يمسسني بشر، ولم أك بغياً﴾ هەلاتن ناکریٚ، پیاوەکەش بەئاشکرا پیٚی گوتووە من دەمەویٚ: کوڕێکت پیٚ ببەخشم! ئەویش تا ئێستا نازانی چۆن ئەم کوڕەی پیٚ دەبەخشیٚ، کە دەشڵیٚ: من رەوانەکراوی خودای تۆم، بڕوا ناکا دەڵیٚ لەوانەیە فێڵ بیٚ‌و لێم

بکا. کەوابێ منجە منجی ناوێ خودا راستەو راستی خۆش لێ دێ، شەرم‌و حەیا لێرەدا کەڵکی ناگرێ، بەراشکاوی‌و صەراحەت وڵامی بداتەوەو پێی بڵێ: بۆیە: روی تێکردو وتی: من چۆن کورم دەبێ؟ خۆ من کچم بوخچەی نەکراوەم، شوم نەکردوەو پیاوێک نزیکم نەبۆتەوە، داوێن پیسیش نیم، پیاوان بەکرێ کاری ئاوام لەگەڵ بکەن، شتی وا لەمن و بنەماڵەی ئێمە ناوەشێتەوە، ئەدی چۆن تۆ کورم پێ دەبەخشی؟!

لەپرسیارەکەی ئەوە دەردەکەوێ: کە تا ئەو دەمە پێی وانەبوە هۆکارێکی تر هەبێ بۆ پەیدابوونی منداڵ جگە لەهۆکاری جوتبوونی نێوان نێرو مێ. هەڵبەتە وڵامی خاتو مەریەم لەوەوە سەری هەڵنەداوە: کە شتی ئاوا لەقودرەتی خودا بەدوور بزانێ نەخەیر ئەوەی مەبەست نەبوە. بەڵکوو بەگوێرەی عادەت‌و ئاسایی وای زانیوە: کە پەیدابوونی منداڵ بەهۆی بەیەکگەیشتنی (نێرو مێ)وە دەبێ ئەمەش مافی خۆیەتی‌و شتێکی ئاسایی‌یە هەرچەندە بڕوای بەوە هەبوە کە بۆ قودرەتی خودا دوور نیە بەشێوەی تریش منداڵ پەیدا ببێ!

چونکە، گومان لەوەدا نیە خاتو مەریەم ئەوەی زانیوە: کە پەروەردگار باوە ئادەمی بەبێ دایک‌و باوک دروست کردوە کەوابێ پرسیارەکەی لەم روەوە بووە: ئایا ئەم کورەی کە پێی دەبەخشرێ، پەروەردگار بەشێوەی دروستکردنی باوە ئادەم دروستی دەکا، یان لەرێگەی مێردێکەوە کە ئەم لەداهاتوودا شوی پێ دەکا!!؟

حەزرەتی جوبرائیل وەڵامی دایەوە ﴿قال: کذلك﴾ جوبرائیل وتی: کارەکە بەو شێوەیە: کە پێت راگەیاندرا، ئەوەی پێم گوتی: هەواڵێکی راستەو خۆت بۆ ئاکامی ئەو روداوە ئامادە بکە.

﴿قال ربك:﴾ خودای تۆ فەرمووی: ﴿هو علي هين﴾ بەخشینی کوڕێکی پاكێ و خاوێن و رەوشت بەرزو بێ گوناهـ لەلای من کارێکی ئاسانەو ماندوبوونی تێدا نیە.

ئەم کارە نائاساییە: کە خاتو مەریەم لێی سەرسام بووە بەلایەوە قورسەو تەصەوری ناکا، لای خودا زۆر ئاسانەو چ ماندو بوونێکی تێدا نیە، پەروەردگار هەر کاتێ ویستی شتێك ببێ، پی ی دەفەرموێ: ببە، دەبێ، دەی خودایەكێ دەسەڵاتی بەو جۆرە بێ!! بەخشینی کوڕێكێ بەخاتو مەریەم لەلای ئەو چ گرانیەکی تێدا نیە.؟؟

﴿ولنجعله آية للناس، ورحمة منا﴾ ئێمە ئەم کوڕەبەم شێوەیە، بەخاتو مەریەم دەبەخشین، بۆ ئەوەی بیکەینە نیشانە بۆ ئادەمیزاد، بزانن: خودا چەند بەدەسەڵات و توانایە، چەند موختارو ئازادە، چۆن هەرچی بیەوێ دەیکاو کەس نیە بتوانێ بەرهەڵستی بێ، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کوڕە ببێتە مایەی رەحمەت بۆ نەتەوەی ئیسرائیل بەتایبەتیو بۆ هەموو ئادەمیزاد بەگشتی. چونکە هەڵیان دەنێ بۆ زێدە ناسینی خوداو عیبادەت بۆ کردنیو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی رەزامەندی ئەو! بۆ ئەوەی ئادەمیزادان بزانن پەروەردگاریان بەسەر هەموو شتێکدا بەتواناو دەسەڵاتە، ئەوەتا باوە ئادەمی دروست کردوە بەبێ ئەوەی باوكێ و دایکی هەبن، دایە حەووای دروست کرد بەبێ ئەوەی دایکی هەبێ، عیساشی دروست کرد بەبێ ئەوەی باوکی هەبێ. باقی ئادەمیزادانی تریشی لەنێرو مێ دروست کردون.

ئیتر گفتو گۆی نێوان روحەلئەمین و خاتو مەریەم کۆتایی هات و سیاقی قورئان لێرەدا چی دی لەم بارەوە باس ناکا. تەنیا ئەوە جەخت دەکاتەوە: کە بەخشینی کوڕێکی پاكێ و خاوێن و رەوشت بەرز بەخاتو مەریەم هەرچەندە نێرینەی لێ نزیك نەبوبێتەوە ﴿وكان أمر مقضياً﴾ کارێکە بڕیار دراوەو بڕاوەتەوە!

ئەمجار چیرۆکەکە دەکەوێتە بارێکی دیکەو دیمەنێکی تر نمایش دەکا لەم دیمەنە تازەیەدا، دەبینین خاتو مەریەمی کچۆڵەو دەست لێ نەدراو کەوتۆتە مەوقیفێکی تری زۆر ناخۆشەوە، مەوقیفێکی وا زۆر لەمەوقیفی پێشوو قورسترە، سکی پڕبووە. نۆ مانگ و نۆ رۆژی خۆیەتی و ژان دەیگرێ و منداڵی دەبێ. منداڵ دەکەوێتە قسەو ئامۆژگاری دایکی دەکا!!!

بەڵێ: وا قورئان دیمەنێکی تری چیرۆکەکە نمایش دەکاو با گوێ رابگرین و دڵمان بکەینەوە: بزانین خەزێنەی غەیب چی رادەنوێنێ!؟

بەڵێ ئەوا خاتو مەریەم دڵنیا بوو لەوەی: کە فریشتەکە پێی فەرموو: ئیتر فریشتە لەنزیکەوە یان لەدوورەوە فوی کرد بەبەرۆکی کراسەکەی‌داو لەبەرچاوی ون بوو. فووەکە هاتە خوارێ بۆ ناوگەڵی‌و چووە ناو هێلکەدانیەوەو ﴿فحملته﴾ بەهۆی ئەو فووەوە مەریەم کۆرپەلەی هەڵپێچا سکی پڕ بوو، ﴿فانتبذت به مكاناً قصياً﴾ ئەمجار مەریەم بەسکەکەیەوە پاش تێپەڕ بوونی ماوەی سکی ئاسایی، یان هەر لەعەینی کاتدا وەکوو لەهەندێ ریوایەتدا هەیە. لەشوێن‌و جێگای خۆی بۆ شوێنێکی دوور دوورکەوتەوە، چونکە زۆر دڵتەنگ بوو زۆر بیری لەوە دەکردەوە، ئاخۆ دوایی نەتەوەکەی چی پێ دەڵێن: پێی ناخۆش بوو بەسک پڕی بیبینن.

قورئانی پیرۆز باسی ئەوە ناکا مەریەم چۆن سکی پڕ بوو، ماوەی سک پڕ بوونەکەی چەندەی خایاند؟ ئایا سک پڕبوونەکەی و ماوەی سکەکەی ئاسایی بوو، وەکوو هی ئافرەتی تر تێپەڕبوو؟ ئایا فووی فریشتەکە گیانی خستە هێلکۆکەی هێلکەدانی مەریەم و هێلکۆکە بوو بەزاڕۆڵەو پاشان بوو بەگۆشتیپارەو ئەمجار ئێسقان پاشان ئێسقان بەگۆشت داپۆشران و کۆرپەلە پێک هات و ماوەی عادەتی سک کە نۆ مانگ و نۆ رۆژە تێپەڕی؟؟ یان ئەم ماوانە نەبوون و کۆرپەلە لەماوەیەکی کورتدا پێگەییشت؟؟

لەراستیدا ئایەتەکە شتێک نیشان نادا کە بتوانین لەم دوو حاڵەتە لایەکیان دیاری بکەین. پێویستیش ناکا بەبێ بەڵگەی بڕوا پێکراو خۆمان بەوەوە خەریک بکەین. ئەگەر سودێک لەو یەکالاکردنەوەیەدا هەبوایە قورئان لێی بێدەنگ نەدەبوو!!!

بەراستی ئێستا خاتو مەریەم لەمەوقیفێکی زۆر حەریجو ناخۆشدایە. دڵی بەهێزی دەوێ خۆی لەبەردا بگرێ. ئافرەتێکی گەنجی کچۆڵەو دەست لێ نەدراو، خوداپەرست و رەوشت بەرز، پەروەردە بووی خانەوادەی پێغەمبەران، بەگەنجیو بەکچی سکی پڕ ببێو لەو کاتەشدا هیچ بەڵگەو نیشانە نەبن لەسەر پاکیو داوێنپاکی، ئایا چۆن خۆی بۆ راگیراو پەنای بۆ خۆ کوشتن و خۆسوتان نەبرد؟؟ ئەگەر ئەو لەسەرەتادا پشت ئەستوربوو بەوەی: کە داوێنپاک و خاوەن رەوشتە. دڵنەوایی خۆی دەکرد. ئەوا ئێستا سکی بەرز بۆتەوەو نزیکە روبەڕوی کۆمەڵ ببێتەوە بەم حاڵ و وەزعەی تێیدایە، گومانی لەوەدا نیە کە جۆرەها تاوانی پاڵ دەدەن و چەندان گومانی لێ پەیدا دەکەن (کوردی وتەنی: دەمی خەڵک دەستی خۆت نیە بیقوچێنی) وێرای ئەم ئازارە دەروونیانە، ئازاری جەستەییشی بۆ پەیدابوو، رۆژ بەرۆژ سکی گەورە دەبێو منداڵبوونی نزیک دەبێتەوەو ئەوەی ترسی لێیەتی خەریکە پەیدا ببێ، نەخەیر! کار بەمەشەوە نەوەستا، وا دیاردەی منداڵبوونەکەی سەری هەڵدا، وا وردە وردە ژانی منداڵ بوون دەیگرێ، ئای لەم مەوقیفەو لەم حەیاچونو ریسوا بوونە؟!!

دەی با بزانین کار بەچی دەگاو ئاکام چۆن دەبێ؟

لەدایكبوونی حەزرەتی عیسا و دیاردەكانی

قَالَتْ يَٰلَيْتَنِى مِتُّ قَبْلَ هَٰذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا ﴿٢٣﴾ فَنَادَىٰهَا مِن تَحْتِهَآ أَلَّا تَحْزَنِى قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا ﴿٢٤﴾ وَهُزِّىٓ إِلَيْكِ بِجِذْعِ ٱلنَّخْلَةِ تُسَٰقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ﴿٢٥﴾ فَكُلِى وَٱشْرَبِى وَقَرِّى عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِىٓ إِنِّى نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ ٱلْيَوْمَ إِنسِيًّا ﴿٢٦﴾

ئێش و ئازاری سكی پڕی و بەرەژان تەنگیان بەخاتو مەریەم هەڵچنی و حەجمینیان لێ هەڵگرت. ﴿فأجاها المخاض إلى جذع النخلة﴾ دوای ئەوەی لە ماڵ و مەنزڵی خۆی دوور كەوتەوە، ژانی منداڵبوون تینیان بۆ هێنا و ناچاریان كرد بڕوات بۆ باخێكی نزیك ئەو شوێنەو لەباخەكەدا چووە پاڵ دار خورمایەك و دەستی لێ گیر كرد، بۆ ئەوەی بەئاسانی منداڵەكەی لێ ببێتەوە، لەبەر شەرمی خۆی و لەترسی ئەوەی خەڵكی گومانی خراپی لێ بكەن، لەبەر تەنیایی و زۆر هێنانی ئێش و ئازاری منداڵبوون ﴿قالت: يا ليتني مت قبل هذا وكنت نسيا منسيا﴾ وتی: كاشكێ، خۆزگە من پێش ئەم رووداوە بمردمایەو لەبیر بچومایەوە كەس ناوی نەبردمایەو بەخەیاڵی كەسدا نەهاتمایە. یان خۆزگە هەر نەبوومایەو دروست نەكرابام.

بۆخۆی دەیزانی: بەهۆی ئەم منداڵەوە تووشی چ تەنگ و چەڵەمەو گێژاوێك دەبێ، دەیزانی: كەس بڕوای پێ ناكاو هەموو كەس داوێن پیسی پاڵ دەدەن و بوختانی بۆ هەڵدەبەستن، پاش ئەوەی: كە بەتەقواكارو خواپەرست و

دونیا نەویست لەناو خەڵکدا ناسرابوو بەزیناکارو داوێن پیس لەقەڵەم دەدرێ!!

ئەمجار خودای خاوەن بەزەیی و فریاد رەس بەهانایەوە هات و چارەسەری هەموو غەم و پەژارەو ئێش و ئازارێکی بۆ کرد ﴿فناداها من تحتها﴾ جوبرائیل لەژێردار خورماکەوە بانگی لێ کرد، یان پەروەردگار ئەم منداڵە تازە لەدایکبووەی هێنایە قسەو لەژێر داوێنیەوە بانگی لێ کردو دڵخۆشی دایەوەو پێی گوت: ﴿ألا تحزني﴾ غەم و خەفەت مەخۆ، دڵت تەنگ نەبێ، ئارام بگرە ﴿قد جعل ربك تحتك سرياً﴾ بێگومان خودای مەزن لەژێر داوێنی تۆوە ئادەمیزادێکی خاوەن پلەو پایەی دروست کردوە: مەبەستی خۆیەتی. یان خودای تۆ لەلای خوارۆتەوە جۆگەلە ئاوێکی بۆ فەراهەم هێناوی بۆ ئەوەی ئاوی لێ بخۆیەوە.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: مەبەست بە(من تحتها) واتە: ئەوەی لەخوارەوە بانگی لێ کرد حەزرەتی جوبرائیل بووە، حەزرەتی عیسا نەکەوتۆتە قسە تا ئەو کاتەی دایکی هێنایەوە بۆ ناو قەومەکەی.

﴿وهزي إليك بجذع النخلة﴾ لقی دارخورماکە بۆ لای خۆت راوەشێنە ﴿تساقط عليك رطباً جنياً﴾ خورمای تەڕو تازەو پێگەییشتوت بەسەردا بەردەداتەوە: کە شایانی ئەوەیە بچنرێنەوە، ئەمە بۆ خواردنت و ئاوەکەش بۆ خواردنەوە.

خواردنی شیرین و بەتایبەتی خورمای تەڕو تازە باشترین خواردەمەنییە بۆ ئافرەتی زەییستان: کە تازە منداڵەکەی لێ بوویێتەوە.

﴿فكلي واشربي﴾ لەو خورمایە بخۆو لەو جۆگە ئاوەش بخۆرەوە عافێتت بێو نەوشی گیانت بێ، دڵت ئارام بگرێ و بەهێدی و لەسەرەخۆیە ﴿وقري عينا﴾ چاوو دڵت رۆشەن بەو منداڵە جوانەی بووتە، غەم و پەژارە لەخۆت دوور بخەرەوە، دڵتەنگ مەبە، چونکە پەروەردگار دەتوانێ پاك

دامێنی تۆ بچەسپێنیو قسەو قسەڵۆکی گومڕایانت بۆ بەرپەرچ بداتەوە، ڕاستی ڕوداوەکە بۆ خەڵکی دەربکەوێ، پاکیو بێ تاوانی تۆ بۆ خەڵکی ئاشکرا ببێ.

ئیبنو ئەبی حاتەم فەرموودەیەکی لەعەلی کوڕی ئەبو طالیبەوە ڕیوایەت کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**اكرموا عمتكم النخلة، فانها خلقت من الطين الذي خلق منه آدم** عليه السلام **وليس من الشجر شيء يلقح غيرها**)). واتە: ڕێزی پورتان بگرن کەدارخورامایە، چونکە دارخورما لەو گڵە دروست کراوە: کە باوەئادەمی لێ دروستکراوە، جگە لەدارخورما هیچ درەختێکی تر تەلقیح و موتوربە ناکرێ.

﴿**فاما ترين من البشر أحداً**﴾ هەر کەسێکت لەئادەمیزاد بینیو ڕوبەڕووی بوویەوەو پرسیاری لێ کردی دەربارەی ئەم منداڵەو چۆنیەتی لەدایکبوونی ﴿**فقولي إني نذرت للرحمن صوماً فلن أكلم اليوم انسياً**﴾ ئیشارەتیان بۆ بکە، بەقسە نا بەڵکوو بەشێوەیەک لەشێوەکانی تێگەیاندن و فێر بوون تێیان بگەیەنە: کە من بۆ خودا بەرۆژوو بڕیارم داوە لەگەڵ هیچ کەسدا قسە نەکەم.

لەشەریعەت و یاسای ئەوان دا کەسێک بەرۆژو بوایە، خواردن و خواردنەوەو قسە کردنی لێ یاساغ دەبوو!! شایانی باسە: کە واز هێنان لەقسەکردن لەئیسلامدا ڕەوا نیە، ئیبنو ئەبی حاتەم و ئیبنو جەریر لەحاریثەوە ڕیوایەت دەکەن، دەڵێ: لای ئیبنو مەسعوود بووم، دوو پیاو هاتن بۆ لای، یەکێکیان سەلامی کردو ئەوی تریان متەقی نەکرد، ئیبنو مەسعوود پرسیاری کرد: ئەو کابرایە بۆ وا بێدەنگە؟ هاوەڵەکانی وتیان: سوێندی خواردوە: کە ئەمڕۆ لەگەڵ کەس قسە نەکا. ئیبنو مەسعوود فەرمووی: براڵە! قسە لەگەڵ خەڵک بکە، سڵاویان لێ بکە، ئەوە ئافرەتێک بوو دڵنیابوو لەوەی کەس

بڕوای پێ ناکا کە بەبێ مێرد سکی پڕ بووە (مەبەستی خاتو مەریەم بوو) خۆ لەقسە گرتنەوەی بۆ ڕەوا بوو تا ببێتە بیانوو بۆی: کە پرسیاریان لێ کرد، تێیان بگەیەنێ: کە بەرۆژوە.

وەلێ لەشەریعەتی ئیسلامدا کەسێک بەرۆژو بوو زیاتر پێویستە خۆی لەقسەی پڕوپوچ بگرێتەوە. لەصەحیحەیندا فەرموودەیەک لەئەبو هورەیرەوە هاتووە بەمەرفوعی دەفەرموێ: ((**إذا كان احدكم صائماً فلا يرفث ولا يجهل، فان امرؤ قاتله أو شاتمه، فليقل إني صائم**)) هەروەها بوخاریو ئەبو داودو تیرمیذیو نەسائیو ئیبنو ماجە لەئەبوهورەیرەوە فەرموودەیەکیان ڕوایەت کردوە دەفەرموێ: ((**من لم يدع قول الزور والعمل به، فليس لله حاجة في أن يدع طعامه**)).

پێغەمبەرێتی عیساو قسەکردنی لەلانکەدا

فَأَتَتْ بِهِۦ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُۥ ۖ قَالُوا۟ يَـٰمَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْـًٔا فَرِيًّا ﴿٢٧﴾ يَـٰٓأُخْتَ هَـٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا ﴿٢٨﴾ فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ ۖ قَالُوا۟ كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِى ٱلْمَهْدِ صَبِيًّا ﴿٢٩﴾ قَالَ إِنِّى عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِىَ ٱلْكِتَـٰبَ وَجَعَلَنِى نَبِيًّا ﴿٣٠﴾ وَجَعَلَنِى مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَـٰنِى بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا ﴿٣١﴾ وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِى وَلَمْ يَجْعَلْنِى

جَبَّارًا شَقِيًّا ﴿٣٢﴾ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيًّا ﴿٣٣﴾

ئەمەش دیمەنێکی ترە لەچیرۆکی سەرسوڕهێنەری خاتو مەریەمو منداڵەکەی. حەڵقەیەکی تری ئەو سەرگورشتەیەیە. وەکوو لەوەپێش زانیمان خاتو مەریەم بەو نیشانانە بەو ئاو خواردنەوەی بۆی فەراهەم هێنرا، منداڵی لێ بوەوە، ئازاری ژانو منداڵبوونی لێ کەم بووەوە، خۆی تەسلیمی قەزاو قەدەری خودا کردو دڵنیابوو لەوە: کە ئەمە فەرمانی خودایەو قەزاو قەدەری یەزدان بڕیاری داوە. ئیتر پاش ماوەیەک بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ لای کەسو کارەکەی! ﴿فأتت به قومها تحمله﴾ منداڵی ساوای لەباوەش گرت و هێنایەوە بۆ لای گەل و نەتەوەکەی. کە چاویان بەم وەزعە کەوت، مەلۆتکەیان بەباوەشی خاتو مەریەمەوە بینی، هەمویان سەرسام بوون، جۆش دامان، بەشتێکی گەورەیان زانی، پێیان ناخۆش بوو، سەرزەنشتی مەریەمیان کرد؛ ﴿قالوا: یا مریم! لقد جئت شیئاً فریاً﴾ وتیان: ئەی مەریەم بەراستی شتێکی خراپت کردوە، ئەمە چیەو چ باسە؟ ئەم منداڵەت لەکوێ بوو؟ چۆن بووت؟ ئەمەی تۆ کردوتە کەس نەیکردووە سەرسوڕهێنەرە، چۆن روت دێ چاو هەڵبڕی؟

ئەمجار زیاتر جەختیان لەسەر لۆمەکردن و سەرزەنشتکردنی کردو بەتەوسەوە پێیان گوت: ﴿یاأخت هارون ماکان أبوكِ امرأ سوءٍ وما كانتْ أُمكِ بَغیاً﴾ ئەی خوشکی هارونی برای موسا لەعیبادەت و خوداپەرستیدا، ئەی ئەو کەسەی وەکوو هارون دەچی لەخوداپەرستیو خزمەتکردنی هەیکەل دا، یان ئەی ئەو کەسەی وەچەو زرۆێتی هارونی... یان هارون: پیاوێکی صالحی ئەو رۆژگارە بووەو کەسێک زۆر بەدین بووبێ شوبهاندویانە بەئەو.

لەزمانی عەرەبی‌دا ئەم جۆرە زاراوە باوە، بۆ نموونە بەکابرایەکی تەمیمی دەگوترێ: (یا أخا تميم) بەکابرایەکی میصری دەگوترێ: (یا أخا مصر)...هتد.

وتیان: ئەی مەریەم! ئای شتێکی ناشیرینت ئەنجام داوە، خۆ لای خۆت لەخانەوادەیەکی پاکو پاکێ داوێنو ناسراو بەخوداپەرست و لەخودا ترس پەیدا بووی!! چۆن تۆ کاری وا دەکەی و رێگەت بەخۆت دا ئەم ریسواییە بەسەر خۆت دا بێنی و حەیای خۆتو بنەماڵەت بەری؟! کچێ تۆ لەکوێ و ئەم کارە ناشیرینە لەکوێ؟ کەی شتی وا لەتۆ دەوەشێتەوە؟ خۆ تۆ باوکت پیاوێکی فاسق و تاوانکار نەبوو، دایکت داوێن پیس و بێ رەوشت نەبوو، ئەدی تۆ ئەم منداڵەت لەکوێ هێنا؟ جا کە تۆ لەو بنەماڵەو خێزانەدا پەروەردە بوویو منداڵی ئەو باوکێ و دایکە لەخودا ترسە بی دیارە تاوانەکەت زۆر گەورەترەو شیاوی سزای سەخت ترو شاربەدەر کردنی!

﴿فأشارت إليه﴾ خاتو مەریەم ئیشارەی کرد بۆ لای عیسا، واتە: تێی گەیاندن: کە وتووێژ لەگەڵ ئەودا بکەن، بەمە خەڵکەکە شێلگیر بوون و بەتەواوی رقیان هەڵسا، لەدڵی خۆیان دا وتیان: سەیری ئەم ئافرەتە ناکەن بەکچۆڵەیی، بێ ئەوەی مێردی کردبێ مەلۆتکەیەکی لەباوەش گرتووە، وێڕای ئەوەش قەشمەریمان پێ دەکا دەڵێ قسە لەگەڵ ئەم منداڵە بکەن، با ئەو نهێنی روداوەکەتان بۆ بگێڕێتەوە. ئیشەکەشی کردوەو گاڵتەشمان پێ دەکا!

﴿قالوا: كيف نكلم من كان في المهد صبياً﴾ وتیان: کچێ ئەوە دەڵێی چی؟ ئێمە چۆن گفت و گۆ لەگەڵ منداڵێکێ دا بکەین: کە ئێستا لەلانکەدایەو عەقڵ و هۆشی پەیدا نەکردوە.؟!؟

ئێستا موعجیزە دووبارە دەبێتەوە، شتێکێ: کە چاوەڕوان نەکراوە رو دەدا. ریوایەت کراوە: کە حەزرەتی عیسا ئەم قسانەی خەڵکەکەی بیست،

دەمی لەمەمکی دایکی بەرداو روی تێکردن و بەدەستی راستی ئامـاژەی بـۆ کردن نۆ صیفاتی جوانی بۆ خۆی بەیان کردن: کە ئەمانەن.

أ- ﴿قال: إني عبـــد الله﴾ عیسا وتـی: بەندەیـەکی راستـاڵی خـودام، ئەوپەڕی بەندایەتی بۆ دەکەم، عیبادەت بـۆ کەسـی تـر ناکـەم، سـەیر بکـەن: یەکەم قسەی کە کردی دان نـانی بـوو بەبەندایـەتی کـردن بـۆ خـوداو تەبریئـە کردنـی خـۆی لـەوەی کـە کـوڕی خودابـێ، بـۆ ئـەوەی مەسـیحیەکان ئاگـادار بکاتەوە: کە ئەوان بەهەڵەچوون لەوەدا کە عیسا بەخودا دەزانن.

ب- ﴿آتاني الكتاب﴾ لەوەدوا ئینجیلـم بـۆ دەنـێرێ لەئـەزەلدا بڕیـاری داوەو مەزندەی کردوە: کە ببمە پێغەمبەرێکی خاوەن نامە، هەرچەندە هێشتا نامەی بۆ سەر نازڵ نەکردوم.

ج- ﴿وجعلني نبياً﴾ تەقدیری ئەوەی کردوە: کە ببمە پێغەمبەر بەمـەش هەموو ئەو قسەو تۆمەتانەی رەتکردنەوە: کە وەپـاڵ دایکیـان دابـوو، چونکـە هەرگیز پەروەردگار پێغەمبەر لەئادەمیزادی لەزینا پەیدا بوو نانێرێ، بەڵکوو پێغەمبەران پیرێکی پاک و خاوێن و رەچەڵەک و گەرا بێ خەوشن.

د- ﴿وجعلني مباركاً أينما كنت﴾ پەروەردگار وای لێ کردوم کە سوود بەخش بم بۆ ئادەمیزاد، فێری چاکەو شتی بەسوودیان بکەم، شارەزایان بکـەم بۆ رێبازی نەجات و سەرفرازی لەهەر شوێنێک بم. پەروەردگار بۆ چەسپاندنی ئەم صیفاتانە صیغەی فیعلی مـاضی بـەکار هێنـا، تـا ئامـاژە بـێ کـە ئـەو کردەوانە لەداهاتوودا دێنە جیێو گومان لەپەیدابوونیاندا نیە.

هـ- ﴿وأوصاني بالصلاة والزكاة مادمت حياً﴾ خـودای خـۆم فـەرمانی پێ کـردوم بەبەجێـهێنانی نوێـژ: کـە پـەیوەندی قـایم و پتـەوی نێـوان بـەندەو خودایەو پاککەرەوەی دڵ و دەروونە. نـاهێڵێ خراپـەکاری کـاری فەحشـائامێز ئەنجام بدا.

هەروەها فەرمانی پێ کردوم بەدەرکردنی زەکات لەماڵو سامان: کە دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی ماڵەکەو یارمەتیدانی فەقیرو هەژار، فەرمانی پێ کردوم کە پابەندی بەجێهێنانی ئەم ئەرکانە بم تا گیانم تێدابێ!

و- ﴿وبراً بوالـدتي﴾ وای لێ کردوم کە چاکەکاربم لەگەڵ دایکمدا، فەرمانی پێ کردوم کە چاکەی لەگەڵدا بکەم و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بم دوای بەندایەتیکردن بۆ خودا چاکە لەگەڵ دایکم بکەم، بەمەش جارێکی تر جەخت لەسەر داوێنپاکی دایکی دەکاتەوە، چونکە ئەگەر خاتو مەریەم زیناکەر بوایە پێغەمبەرێکی وەکوو عیسا فەرمانی پێ نەدەکرا کە چاکەی لەگەڵدا بکا.

ز-ح- ﴿ولم يجعلني جباراً شقياً﴾ پەروەردگار وای لێ نەکردوم کە خۆبەزلزان بم و یاخی بم و لوتبەرزی بکەم لەئاست طاعەت و خوداپەرستیدا، لوتبەرزی بکەم لەچاکەکاری لەگەڵ دایکمداو بەوە تووشی بەدبەختیو نەگبەتی بم.

ط- ﴿والسلام علي يوم ولدت ويوم أموت ويوم أبعث حياً﴾ ئاشتیو سەلامەتی لەسەرم بێ لەهەموو خراپیو ناخۆشییەک لەو رۆژەی لەدایک بووم شەیتان فرسەتم لێ نەهێنێو نەتوانێ زیانم پێ بگەیەنێ. هەروەها لەکاتی مردنم دا گومڕام نەکا، لەکاتی زیندوبوونەوەشدا دڵ ئارام و لەسەلامەتیدا بم، کەس نەتوانێ لەم سێ کاتانەدا زیانم پێ بگەیەنێ.


ئەمەش داننانە لەعیساوە بەبەندایەتی خۆی بۆ پەروەردگاری. راگەیاندنی ئەوەیە: کە ئەو دروستکراوێکی خودایە، ئەو خودایەی کە مردن و ژیان بەدەست خۆیەتی.. ئەمیش دەژیاو دەمرێ و زیندو دەکرێتەوە وەکوو باقی ئادەمیزادانی تر.. وەلێ لەم سێ حاڵەتەدا لەئەماندایەو کەس ناتوانێ فرسەتی لێ بێنێ. بەتایبەتی: کە ئەم سێ حاڵە ناخۆشترین کاتە بەسەر ئادەمیزاددا تێپەڕ دەکا..

ئا بەو جۆرە حەزرەتی عیسا بەندایەتی خۆی بۆ خودا رادەگەیەنێ کەوابوو ئەو کوڕە خودا نیە، وەکوو هەندێک لەمەسیحیەکان بڕوایان وایە، خوداش نیە وەکوو هەندێکی تریان دەڵێن: سێیەمی سێ خوداش نیە وەکوو هەندێکی تریان دەڵێن، ئیعلانی ئەوە دەکا کە خودا کردویەتی بەپێغەمبەری خۆی (نەک منداڵی خودابێ یان هاوەڵی خودا بێ) خودا پیرۆزی کردوە، فەرمانی پێ کردوە: کە نوێژ بکا، زەکات بدا، چاکە لەگەڵ دایکی بکا، لوتبەرزی بەسەر دایکی و خزم و کەس و کاریدا نەکا.

ئیتر قورئان باسی ئەوە ناکا خەڵکەکە چۆن پێشوازییان لەم خاریقە کردوە، هەروەها باسی ئەوەش ناکا لەگەڵ خاتو مەریەم و کوڕەکەی هەڵوێستیان چۆن بووە. باسی ئەوەش ناکا کەی کرا بەپێغەمبەرو پەیامی بۆ نێردراو بانگەوازی خۆی راگەیاند! لەئەم شتانە بێ دەنگە.

کێشەو نیزاعی نەصارا دەربارەی حەزرەتی عیسا عليه السلام

ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ ٱلْحَقِّ ٱلَّذِى فِيهِ يَمْتَرُونَ ﴿٣٤﴾ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ سُبْحَٰنَهُۥٓ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾ وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٣٦﴾ فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٣٧﴾ أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا لَٰكِنِ ٱلظَّٰلِمُونَ ٱلْيَوْمَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٨﴾



سەرەتا بەپێویستی دەزانین سورێکی خامە بەدەوری حەزرەتی عیسادا بدەین.

لەروانگەی ئیسلامەوە حەزرەتی عیسا بەندەو پێغەمبەری خودایە، کەلیمەی خودایە بۆ خاتو مەریەمی هاویشتووە، گیانێکە لەخوداوە، دوا پێغەمبەری نەتەوەی ئیسرائیلە، لەقورئاندا بەنازناوی (المسیح)و بەناوی (عیسا)و بەکونیەی (ابن مریم) باس کراوە.

باسی حەزرەتی عیسا لەسێنزە سورەتی قورئان دا: کەسیو سێ ئایەتی گرتۆتەوە ناوی هێنراوە، لەسورەتی (البقرة)دا ئایەتی (٨٧، ١٣٦، ٢٥٢) لەسورەتی (آل‌عمران)دا ئایەتی (٤٥، ٥٢، ٥٥، ٥٩، ٨٤) لەسورەتی (النساء)دا ئایەتی (١٥٧، ١٦٣، ١٧١، ١٧٢) لەسورەتی (الأنعام)دا ئایەتی (٨٥) لەسورەتی (التوبة)دا ئایەتی (٣٠، ٣١) لەسورەتی (مریم)دا ئایەتی (٣٤) لەسورەتی (المؤمنون)دا ئایەتی (٥٠) لەسورەتی (الأحزاب)دا ئایەتی (٧) لەسورەتی (الشوری)دا ئایەتی (١٣) لەسورەتی (الزخرف)دا ئایەتی (٥٧، ٦٣) لەسورەتی (الحدید)دا ئایەتی (٢٧) لەسورەتی (الصف)دا ئایەتی (٦، ١٤).

لەروانگەی دیدو بۆچونی مەسیحیەکانەوە عیسا کوڕی یوسفی نەججارە، ئەم یوسفە یەکێکە لەگەنجە صالحو خوداپەرستەکانی یەهودو لەهۆزو عەشیرەی مەریەم بووە.

دایکی حەزرەتی عیسا کچی عیمرانە: کە پیاوێکی گەورەو بەناو بانگ و زانای نەتەوەی ئیسرائیل بووە.

خێزانی عیمران سکی پڕ بوو، هێشتا منداڵەکە لەسکیدا بوو لەسەر خۆی نەذر کرد ئەوەی لەسکیدایە بیکاتە مجێورو خزمەتکاری هەیکەل، کە منداڵەکەی بوو کچۆڵەی بوو، ناوی نا مەریەم. عیمران لەدونیا دەرچوو، مەریەم هێشتا منداڵ بوو، پێویستی بەسەر پەرشتیار هەبوو، مالمە لێپرسراوەکانی هەیکەل قورعەیان لەناو خۆیاندا ئەنجام دا بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاریکردنی مەریەمیان بەرکەوێ بەشێوەی قورعە بەخێوکردنی مەریەم بەر حەزرەتی زەکەرییا کەوت.

حەزرەتی زەکەرییا مێردی پوری مەریەم بوو، ئیتر خاتو مەریەم لەسەر پاک داوێنیو خواپەرستیو ئەخلاق بەرزی پەروەردە بوو.

کە پێگەییشت و دەست و دووی خۆی ناسی، جوبرائیل لەشێوەی پیاوێکی ڕێک و پێکدا هاتە لای و پێی ڕاگەیاند: کە لەخوداوە نێردراوە بۆ ئەوەی بەفەرمانی خودا منداڵێکی پاک و خاوێن و پیرۆزی بداتێ، فوی بەبەرۆکیدا کردو حامیلە بوو، ماوەی سک پڕ بوونەکەی بەشێوەی ئاسایی بەسەر بردو وا پێدەچێ (٩) مانگئو نۆ ڕۆژی تەواو کردبێ.. ئەم سک پڕ بوونەی خاتو مەریەم بەشێوەیەکی تایبەتیو خاریقەی عادەت بووە، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە لەسەر بەتوانایی خودا: کە دەتوانێ ئادەمیزاد بەبێ باوک دروست بکا. وەکوو چۆن توانی ئادەم بەبێ باوک و دایک دروست بکا. خاتو مەریەم ماوەی سک پڕی خۆی بەسەر بردو منداڵی لێ بووەوە، دوای تێپەڕبوونی هەشت ڕۆژ بەسەر لەدایکبوونی، حەزرەتی عیسا خەتەنە کرا.

هەر بەگوێرەی مێژووی نووسراوی مەسیحیەکان کاتێ هیرۆدس کە حامی فەلەستین بوو، فەرمانی دەرکرد بەکوشتنی هەموو منداڵێک کە لەبەیتەلەحمدا بوو، یوسفی نەججاڕ لەخەودا فەرمانی پێ کرا کە عیساو دایکی بەرێ بۆ وڵاتی میصر، ئەویش هەر کە لەخەوەکەی ڕاست بووە خێرا

حەزرەتی عیساو خاتومەریەمی لەبەیتەلەحم دەربازکردن و بردنی بۆ وڵاتی میصر، لەوێ مانەوە تا هیرودس لەدونیا دەرچوو.

ئەمجار گەڕانەوە بۆ فەلەستین: ئەو کاتە تەمەنی حەزرەتی عیسا حەوت ساڵانە بوو، ئیتر لەشاری (الناصرة) پەروەردە بوو، کە تەمەنی گەییشتە (١٢) ساڵی لەگەڵ دایکی و یوسف دا هاتن بۆ ئورشەلیم بۆ ئەوەی بەگوێرەی شەریعەتی موسا نوێژ بکەن، لەوێ حەزرەتی عیسا تووشی کێشەو نیزاع بوو لەگەڵ مالمەکانی جولەکەدا. پاشان لەگەڵ دایکیدا گەڕانەوە بۆ (الناصرة).

کە تەمەنی گەییشتە سی ساڵی لەگەڵ دایکیدا چون بۆ سەر کێوی زەیتون بۆ زەیتون چنین، لەکاتێکدا: کە عیسا خەریکی ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ بوو حەزرەتی جوبرائیل ئینجیلی بۆ هێنا، شایانی باسە حەزرەتی یەحیاش وەکوو حەزرەتی عیسا لەتەمەنی سی ساڵیدا بووە بەپێغەمبەر.

ئینجیل: واتە: مزگێنیکە بریتییە لەپەڕاوێکی ئاسمانی هیدایەت و نووری تێدایە بۆ ئادەمیزادان. وەلێ ئەو ئینجیلەی بۆ عیسا هاتووەو ئەویش بەقوتابیەکانی راگەیاندوەو فەرمانی پێ کردوون کە بڵاویکەنەوەو بەخەڵکی رابگەیەنن ئێستا نەماوە!.

ئەوەی: کە ئێستا بەئینجیلی ناو دەبەن چەند چیرۆکێو سەرگورشتەیەکی ژیانی حەزرەتی عیسان، قوتابیەکانی دایانناوە، هەندێ پەندو ئامۆژگاری و نەصیحەتی تێدان کە لەحەزرەتی مەسیحەوە وەرگیراون!!

ئینجیلەکان زۆرن؛ سەدو ئەوەندە ئینجیلە هەن، هەرچی راست بۆتەوە ئینجیلێکی نووسیوەو پاڵ حەزرەتی عیسای داوە، کەنیشتەی مەسیحی تەنیا چوار ئینجیل بەراست دەزانێو بڕوای پێ دەکا، ئەوانەش ئینجیلی مەتیو ئینجیلی مەرقس و ئینجیلی لوقاو ئینجیلی یوحەننایە. هیچ کامێ لەو چوار ئینجیلانەش لەسەردەمی حەزرەتی عیسادا نەنووسراونەوە.

ئینجیلی مەتتا یان مەتیٚ:

یەکەم ئینجیلو کۆنترین ئینجیلە، بەلاّم بەتەئکید ئەو ئینجیلە نیە کەحەزرەتی عیسا هێناویەتی، بەڵکوو ئینجیلە ئەصلّیەکە لەناو چووە، ئەوەی: کە ئێستا هەیە دەست لیٚ دراوو گۆڕدراوە. زانا مەسیحیە کۆنەکان بۆ خۆیان دان بەم راستییەدا دەنێن. بێگومان سەرەتا ئینجیل بەزمانی عیبرانی نووسراوە، پاشان وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی یۆنانی، کەسیش نازانیٚ چۆن و کەی و کیٚ ئەم وەرگێڕانەی ئەنجام داوە!!

بەگوێرەی راو بۆچوونی ئیرونیمووس مەتتا ساڵی (٣٩)ی زایینی ئینجیلی خۆی نووسیوە.

مەرقس:

جولەکەیەکی لاوی بوو، واتە: خزمەتکارو مجێوری هەیکەل بوو، قوتابی بوطرس بوو، یەکێک بوو لەوانەی دژی ئەو بیرو باوەڕانە بوو: کە عیسایان بەخودا دەزانی، ساڵی (٦١)ی زایینی ئینجیلی نووسیوەتەوە، ساڵی (٦٨)ی زایینی لەبەندینخانەی ئەسکەندەرییەدا کوژراوە.

لۆقا:

کابرایەکی پزیشک بوو، خەڵکی ئەنطاکییە بوو، چاوی بەمەسیح نەکەوتووە، بیرو باوەڕی نەصرانی لەکابرایەک وەرگرتووە ناوی بۆڵس بووە. ئەم بۆڵسە کابرایەکی جولەکە بووەو زۆری رق لەئایینی مەسیحی بووە. بەهیچ جۆریٚ چاوی بەمەسیح نەکەوتووە زۆر دژی نەصرانیەکان بوو، گەلێک ئازارو ئەشکەنجەی دان، بەلاّم دوایی: کە زانی چەوساندنەوەو زەخت کردن بیٚ سوودە، ئەمجار بەدووڕوویی چووە ناو ئایینی مەسیحیەوە، بەڕواڵەت خۆی بەپابەندو پەیڕەوکاری ئایینی مەسیحی نیشان دەدا، پاشان هەوڵو تەقەلاّی دا بۆ بوچەڵ کردنەوەی ئایینی مەسیحی، توانی وا بکا زۆر لەمەسیحیەکان واز لەئەحکامی تەورات بهێنن و پابەندی شەریعەتی مەسیح نەبن.

شایانی باسە: کە لۆقا ئینجیلی خۆی پاش ئینجیل نووسینەوەی مەرقس‌و مردنی بوطرس‌و بۆڵس نووسیوەتەوە.

یۆحەننا:

یەکێکە لەدوازدە قوتابیەکانی حەزرەتی مەسیح، کە قورئان بە(حواریون) ناوی بردون. یۆحەننا خەڵکی شاری صەیدایە لەناوچەی (جەلیل). حەزرەتی عیسا زۆری خۆش ویستووە. یوحەننا ئینجیلی خۆی ساڵی (٩٦) یان (٩٨)ی زایینی نووسیوەتەوە، ئەو بڕوای وا بوو: کە حەزرەتی مەسیح جگە لەئادەمیزاد هیچی تر نەبوە.. بێگومان زۆر لەزانایانی نەصرانی پێیان وایە: ئەم ئینجیلە پاڵ یوحەننا دراوە، یوحەننا نەینووسیوەتەوە، بەڵکوو یەکێک لەقوتابیەکانی لەسەدەی دووەمی زایینی‌دا نووسیویەتیەوەو پاڵ یوحەننای داوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێ هەڵخەڵەتێنێ‌و مەبەستێکی تایبەتی هەبوە ئەویش باوەڕی عیسا خودایی و عیسا بەخودا زانین بووەو بەر پەرچدانەوەی ئەو تەعالیم و بیرو باوەڕانە بووە: کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە عیسا ئادەمیزاد بووە.

ئینجیلی بەرنابا:

یەکێکە لەو ئینجیلانەی تایبەتە بەچیرۆک و بەسەرهاتی مەسیح. بەرنابا بۆ خۆی یەکێکە لەشوێنکەوتوانی حەزرەتی مەسیح‌و تێکۆشەرو لەخۆبردوو بووە بۆ بلاوکردنەوەی بانگەوازی مەسیح. ئینجیلی بەرنابا لەدوو شتی جەوهەری‌و سەرەکی‌دا لەئینجیلەکانی تر جیایە.

١- دانانان بەوەدا: کە عیسا ئادەمیزادەو خودا نیە.

٢- دانانان بەوەدا: کە عیسا موژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامی داوەو لەزۆر شوێن ئاماژەی ئەوەی کردوە: کە نزیکە پێغەمبەری ئاخرزەمان: کە ناوی موحەممەدە پەیدا ببێ.

پەیامی حەزرەتی عیسا:

پەیامی حەزرەتی عیسا لەم چەند خاڵانەدا خۆی دەنیوێنێ:

١- کەمکردنەوەی خۆبەزلزانینی جولەکەکان و هەوڵدان بۆ ئەوەی وازبێنن لەهەڵس و کەوتی شەکلیو بێ گیان: کە ئەم هەڵس و کەوتە رواڵەتیانە سەر دەکێشێ بۆ قەڵاچۆکردنی خێرو بەرەکەتی رۆژی شەممە کە لەلای جولەکە رۆژێکی پیرۆزە. هەروا هەڵنان و شارەزایی کردنیان بۆ پوختەی ئایین و حەقیقەتی خوداپەرستی. تێکۆشان بۆ ئەوەی لەمادەپەرستییان دوور بخەنەوەو واز بێنن لە دونیاپەرستیو ماڵ خۆشەوویستیو سامان کۆکرنەوە بەشێوەیەکی زیاد لەپێویست.

٢- گێڕانەوەی ئەو جولەکانەی بە(الصدیقین) بەناوبانگن و بۆ بیرو باوەڕی راستەقینەو ئیمانهێنان بەزیندوبوونەوەو چەسپاندنی بیرو باوەڕی راست لەدڵ و دەروونیاندا.

٣- راستکردنەوەو هێنانەوەی سەرجادەرێی ئەو جولەکانەی بە(الفریسین) بەناوبانگن. ئەمانە پێرو تاقمێک بوون لێبڕابوون بۆ خوداپەرستیو دونیایان بەلاوە نابوو وەلێ لەسەردەمی مەسیحدا بەرواڵەت صوفیلکە بوون و ئایین و دینداری خۆیان کردبوە پەردە بۆ ماڵ کۆکردنەوە. تاقمو پێرێکی تری جولەکە هەبوون خوێندەوارو میرزا بوون، ئەمانە فتواو شەرعیان بۆ خەڵکی دەنووسیەوە. ئەمانیش وەکوو (فریسیین)ەکان وا بوون بۆ ماڵ کۆکردنەوە. هەروەها کاهین و ماڵم و مجێورەکانی هەیکەلیش رویان کردبوە دونیاویستیو ماڵ کۆکردنەوە. بەئارەزۆی خۆیان بەپارە دەقەکانی شەریعەتی خودایان دەگۆڕی.

ئەم هەموو نەخۆشیو ئافاتانە لەناو نەتەوەی ئیسرائیلدا بڵاوبوبوونەوەو تەشەنەیان کردبوو، بۆیە پێویست بوو حەزرەتی مەسیح پەیدا ببێو بانگەوازی خۆی هەڵبدا بۆ دەرمانکردنی ئەم دەردانە شیفا بەخش بێ.

٤- سزگێنــی دان بەنزیکبوونــەوەی رەوانــەکردنی پێغەمبــەرێکی نەخوێندەوار بۆ سەر ئادەمیزاد بەگشــتی ئـەویش حـەزرەتی موحەممـەدە ﷺ وەکوو لەبڕگەی ژمارە (١٥)و بڕگەکانی دواییــش لـەئیصحاحی (١٨) (سفر التثنية)دا هاتووە.

هەروەکوو چۆن زۆر پێغەمبەری تریش لەپەیامەکانیاندا ئەم موژدەیەیان داوە.

وەلێ پەیامی عیسا جگە لەکۆمــەڵێک پـەندو ئامۆژگـاری بەمەبەستی بەندایـەتیکردنی راستەقینە بـۆ خـوداو کەمکردنـەوەی گرنگـی دان بـەمادەو مادەپەرستی: کە خـەڵکی تابینـەقاقایان تێیـدا سـەرگەردان بـوون، هـەروەها وازهێنــان لـەریبابازیو دووڕوویو گرنگـی دان بەپوختـەو کاکڵـەی ئـایین کــە لەئایینی تەوراتەوە بۆیان مابووەوە، هیچی تری تێدا نەبوو!

الحواريين:

بریتــین لـەهاوەڵانی حـەزرەتی عیســا (١٢) پیـاو بــوون زوو ئیمانیــان بەحەزرەتی عیسا هێناو بوونە قوتابیو لەخزمەتیا مانــەوە فـێری، ئـەحکامی ئایینی بوون، ئینجیلەکان بەقوتابی (التلاميذ) ناویان دەبەن. حەزرەتی عیسا دەیناردن بۆ گوندو شارەکانی جولەکەنشین، بۆ ئەوەی دانیشتوان بانگ بکــەن بۆ ئیمانهێنان بەپەیامی عیسا.

موعجیزانی حەزرەتی عیسا:

حـەزرەتی عیســا وەکـوو پێغەمبــەرانی تـر موعجـیزەی جــۆراو جــۆری نواندون، بۆ ئەوەی ببنە بەڵگە لەســەر راستی پێغەمبەرایەتییەکـەی. وەکـوو ئەوە لەقوڕ شێوەی باڵندەی دروست کـردوەو فـووی پێـدا کـردوە، بەفـەرمانی خودا باڵندەگیانی بەبەردا کراوەو فڕیوە؛ هەروەها بەفــەرمانی خـودا بەڵـەک و گوێل و کوێری چــاک کردونـەوە، مـردووی زینـدو کردوونـەوە، هـەواڵی پێـداون جولەکەکان لەماڵەوە چی دەخۆن و چی پەزمەندە دەکەن....هتد.

لەدونیا دەرچوونی مەسیح:

بانگەوازی حەزرەتی عیسا پەردەی لەسەر پۆخلاوتی کاهینو (فریسین)ەکان هەڵدایەوە، دونیا خۆری و ماڵ کۆکردنەوەیان بەناوی ئایینەوە بۆ خەڵکی ئاشکرا بوو، ئیتر دونیاخۆرەکان ترسیان لێ پەیدابوو زانییان: کە ئەگەر بانگەوازی عیسا بەردەوام بێ لەبەرژەوەندییان دەدرێو ناتوانن بەئارەزۆی خۆیان خەڵکی بڕوتێننەوە! بۆیە پڕوپاگەندەی جۆراو جۆریان دژی حەزرەتی عیسا بڵاو کردەوە، چوونە لای فەرمانڕەوای ئەو ڕۆژگارە شکایەتیان لێ کردو وتیان: عیسا دەڵێ: من پاشای جولەکانم. بەبڕوای فەرمانڕەوای ئەو هەرێمەش جگە لەقەیسەری ڕۆم کەسی تر شیاوی ئەوە نیە ببێتە پاشای جولەکە. ئیتر فەرمانڕەوا مەفرەزەیەکی بەسەرۆکایەتی (یهوذا الاسخر یوطي) نارد بۆ گرتن و قۆڵبەستکردنی عیسا، کاتێک مەفرەزەکە هات بۆ ئەو شوێنە حەزرەتی عیسای لێ بوو، (یهوذا) چووە ژوورەوە بۆ گرتنی، حەزرەتی عیسا لەدەرگایەکی ترەوە دەرچوو، پەروەردگار شێوەی عیسای خستە سەر یهوذا ئەسخر یوطيو بردیان هەڵیان واسیو ئیعدام کرا؛ ئەمجار جولەکەکان کەوتنە شکو گومانەوە وتیان: ئەگەر ئەم کابرایە ئیعدام کراوە عیسایە ئەدی یهوذا کوا؟ ئەگەر یهوذایە کوا عیسا؟؟ بەم جۆرە خودا حەزرەتی عیسای ڕزگار کرد، بۆیان نەگیراو نەیان کوشتووەو هەڵیان نەواسیوە. چونکە قورئان دەفەرموێ: ﴿**وماقتلوه وما صلبوه ولكن شبه لهم**﴾(النساء/٥٧).

پەروەردگار لەدونیای دەرچواندو بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی بەگیانو جەستە، یان هەر تەنیا بەگیان. خودا بۆ خۆی دەزانێ چۆنیەتی لەدونیا دەرچوونەکەییو بەرزکردنەوەکەی چۆنە. قورئان دەفەرموێ: ﴿**إذ قال الله: یاعیسی، إني متوفيك ورافعك إلي**﴾(آل‌عمران/٥٥).

(ئالووث) لەلای مەسیحیەکان:

بەگوێرەی تەعلیماتی کەنیسەی کاثۆلیکی و کەنیسەی خۆرهەلاتیو بیرو باوەڕی زوربەی پرۆتستانتەکان سێ ئوقنوم هەن بۆ پێکهێنانی خودا، واتە: خودا لەسێ ئوقنوم پێک هاتووە (باوک، کوڕ، روحولقودس) هەرچەندە زاراوەی سێ ئوقنوم لەکتێبی پیرۆزدا وجوودی نیە بەڵکوو ئەم بیرو باوەڕە لەکۆڕو کۆبوونەوەی مەسسیحیەکاندا بڕیاری لەسەر دراوە کۆڕی (النیقاوی) ساڵی (٣٢٥)ی زایینیو کۆڕی قوستەنطەنیەی ساڵی (٣٨١)یز بڕیاری ئەوەیاندا کە (کوڕ)و (روحولقودس) وەکوو (باوک) وان لەخودایەتیدا، ئەم سێیانە لاهوت پێک دەهێنن. بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە (عیسا) لەئەزەلدا باوک بووە واتە: لەخودا بووەو کوڕی خودایە (روحولقودس)یش لەباوک کەوتۆتەوە.

کۆڕی (طولەیطیلە) ساڵی (٥٨٩)ی زایینی بڕیاری لەسەر ئەوەدا: کە (روحولقودس) لەعیسا پەیدا بووە نەک لەخودا!!!

هەڵبەتە قورئانی پیرۆز لەوەپێش چۆنیەتی پەیدابوونی حەزرەتی عیساو شێوەی لەدایکبوونیو بەندایەتیکردنی بۆ خوداو پێغەمبەرایەتی ئەو زاتەو رەوشتەکانی راگەیاند: ئەمجار دەفەرموێ: ﴿ذلك عيسى ابن مريم قول الحق الذي فيه يمترون﴾ ئەو کەسەی باس کراو رەوشتەکانی دیاری کران و چۆنیەتی پەیدابوون و لەدایکبوونیمان بۆ گێڕانەوە ئەوەیە: عیسای کوڕی مەریەم و ئەوەیە قسەی راست و حەقەو هیچ شک و گومانی تێدا نیە. کەوابێ بەو جۆرە بیناسن و پلەو پایەی شیاوی خۆی بدەنێ، نەک وەکوو جولەکە سەرباری ئەوەی بڕوایان پێی نیە بەحەرامزادەو جادوبازیشی دەزانن! نەوەکوو گاورەکانیش: کە زیادڕەوی لەپلەو پایەیدا دەکەن و بەرزی دەکەنەوە بۆ پلەو پایەی خودایەتی: دەڵێن: کوڕی خودایە، یان هەر خۆی خودایە، یان بەشێکە لەخودا. (وەکوو ئێستا لەپێشەکی ئینجیلی تازەدا نووسیویانە).

قسەی حەق و راست ئەوەیە: کە ئێمە پێمان راگەیاندن: عیسا کوڕی مەریەمە نەک کوڕی خودایە، بەفەرمانی خودا هاتۆتە وجوودو خەڵقندەی پەروەردگارە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ان مثل عیسی عند الله کمثل آدم، خلقه من تراب، ثم قال له: کن فیکون، الحق من ربك فلا تکونن من الممترین**﴾(آل‌عمران/٥٩-٦٠).

ئەو جولەکەگومڕایانەو ئەو گاورە سەرلێ شێواوانەی کە شیاوی خەشمو قاری پەروەردگارن، گومانیان هەیە دەربارەی عیسا هەر پێرو تاقمەیان بیرو بۆچونێکی جوداوازی هەیە، هیچ لایەکیان حەق نین هەردولایان بەهەڵەچوون!

ئەمجار پەروەردگار ئەوە لەخۆی دوور دەخاتەوە کە منداڵی هەبێ، دەفەرموێ: ﴿**ماکان لله أن یتخذ من ولد سبحانه**﴾ راست نیەو ناگونجێ بۆ خودا: کە منداڵ بۆ خۆی دابنێ، خودا پاك و مونەزەهە لەوەی پێویستی بەمنداڵ ببێ، چونکە منداڵ بۆ کەسێکە مردنی بەسەردا بێو منداڵەکەی جێگای بگرێتەوە، منداڵ بۆ کەسێك پێویستە ئاتاجی یارمەتیو کۆمەکی پێ کردن بێ! دیارە خودا هەمیشە زیندوو خاوەن دەسەلات و هێزو توانایە، ئاتاجی کەس نیەو پێویستی بەکۆمەکیو یارمەتیدانی کەس نیە، ئەگەر وانەبێ دەبێ خودا ناتەواو بێ، ناتەواویش بۆ خودا ناگونجێ، خودا بەرزو پیرۆزە، دوورە لەهەموو عەیبو ناتەواوی یەك ﴿**إذا قضی أمراً فإنما یقول له کن فیکون**﴾ هەر کاتێ خودا ویستی کارێك بێتە جێو بڕیاری هەر شتێ بدا هەر ئەوەندە پێی دەفەرموێ: ببە ئیتر دەسبەجێو بێ دواکەوتن چۆنی بوێ ئاوا دێتە جێو پەیدا دەبێ، جا کەسێك ئەمە دەسەلات و توانای بێ، چۆن خەیاڵی ئەوەی لێ دەکرێ منداڵی هەبێو پێویستی بەیارمەتیو کۆمەکی پێ کردن بێ!؟

ئەمجار حەزرەتی عیسا کۆتایی بەوتووێژ کردن لەگەڵ گەلەکەیدا بەجاڕدانی پەروەردگاریەتی خودا دەهێنێو ئەوە رادەگەیەنێ: کە خۆیشی و

ئەوانیش بەندەی خودان، وەکوو قورئان لەزمانی حەزرەتی عیساوە بۆمان دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: ﴿وان الله ربي وربكم﴾ زاتی (الله) خودای من و خودای ئێوەشە، هەموومان بەندەی بێ دەسەلاتو دروستکراوی ئەوین، ﴿فاعبدوه هذا صراط مستقيم﴾ کەواتە هەمووتان ئەو بپەرستن‌و بەندایەتی خۆتان بۆ زاتی پاکی رابگەێنن، ئەم پەیامەی من بۆم هێناون لەخوداوە ڕێگای راست و پەیامی حەق و پەسندە، تاکە ڕێگایە بۆ سەرفرازی‌و بەختەوەری دونیاو قیامەت!

وێڕای حەقیقەت و راستی عیسای کوری مەریەم لەوەدا: کە بەندەی خودایە، پێغەمبەری خودایە، کەچی ﴿فاختلف الأحزاب من بينهم﴾ دوای عیسا گەل و ئۆمەتەکەی لەناوخۆیاندا کەوتنە کێشەو نیزاعەوە، بەشبەش بوون و بوون بەچەند تاقم و پێڕو کۆمەڵ. جولەکە دەڵێن: حەرامزادەیەو لەڕێگای داوێن پیسی‌یەوە پەیدا بووە، سیحربازو جادوکار بووە، پەیامەکەشی سیحر بووە. دەڵێن: کوری یوسفی نەجارە، مەسیحیەکانیش تێیدا کەوتوونە کێشەوە، نەسطوریەکانیان دەڵێن: عیسا کوری خودایە، مەلکانیەکان یان مەلەکییەکانیان دەڵێن: عیسا سێیەمی سێ خودایەکانە. یەعقوبییەکانیان دەڵێن: عیسا بۆخۆی خودایە!!

ئیمپراتۆری رۆمانی قوسطنطین کۆمەڵێکی زۆری لەئوسقوفەکان کۆکردەوە ژمارەیان دوو هەزارو سەدو حەفتا ئەندام بوو، داوای لێ کردن دەربارەی عیسا رایەکی پەسەند دەربڕن و رای خۆیان یەکالا بکەنەوە. کەچی وەندەی تر کێشەیان تێکەوت و هەر کۆمەڵ و تاقمێکیان رایەکی دەربڕێ و دژی ئەوی تریان وەستا، هەندێکیان وتیان: عیسا خودی خودایەو دابەزیوە بۆ سەر زەوی، ژیانی بەهەندێ ئادەمیزاد بەخشی‌و هەندێکی مراندن، ئەمجار بەرز بووە بۆ ئاسمان، هەندێکیان وتیان: کوری خودایە، تاقمێکی تریان وتیان: عیسا ئوقنومێکە لەسێ ئوقنومەکان (باوک+کوڕ+روحولقودس) واتە:

بەهەرسێکانیان خودایان پێک هێناوە. کۆمەڵێکی تریان وتیان: عیسا سێیەمی سێ خوداکانە (ثالث الثلاثة)یە. (الله) خودایە، عیسا خودایە، دایکی خودایە!!

هەندێکی تریان وتیان: عیسا بەندەو رەوانەکراوی خودایە، روح و کەلیمەی خودایە. هەندێ تاقم و کۆمەڵی تریان بیرو بۆچونی تریان درکاند، سێ سەدو هەشت ئوسقوفیان نەبێ لەسەر رایەک گردبونەوە ئەگینا ئەوانی تر هەر تاقمەو رایەکیان دەربڕی! ئیتر ئیمپڕاطۆر قوسطەنطین رای سێ سەدو هەشت ئوسقوفەکەی وەرگرت و ئەوانی تری دەرکردو لێیان توڕە بوو بەتایبەتی ئەوانەی کە وتیان: عیسا بەندەو رەوانەکراوی خودایە بەتوندی کەوتنە بەر هێرش و خەشم و قینی ئیمپڕاطۆر!![7]

تەفسیری مەراغی دەڵێ: رای مەلکانیەکان (کە پاڵ مەلیک قوسطەنطین دەدرێن) ئەوە بوو: کە عیسا بەندەی خودایەو وەکوو باقی دروستکراوانی تر دروستکراوی خودایە. ئەمجار دەڵێ: مەلیک قوسطەنطین ئەم رایەی پەسند کردو کۆمەگی پێ کرد، رایەکانی تری رەتکردەوە..[8]

ئەمجار قورئان هەڕەشە لەوانە دەکا: کە لەرێگای یەکتاپەرستی لادەدەن و لەدیمەنی سامناکی رۆژی قیامەت دەیانترسێنێ دەفەرموێ: ﴿فويل للكافرين من مشهد يوم عظيم﴾ شیوی وەیل یان هاوار بۆ کافرو بێ باوەڕان لەدیمەنی عەزابی سامناکی رۆژی قیامەت. ئای چەند ترسناک و بەئێشە. لەو رۆژەدا دەست و قاچ و زوبان دەبنە شایەدو گەواهیدەر لەسەر ئادەمیزادو چ تاوانێکیان پێ کرابێ راستی لەخاوەنەکەیان دەڵێن. ئەمجار بەگوێرەی تاوانەکانیان سزا دەدرێن. خودای خاوەن حیلم و بەتوانا مۆڵەتی داون تا ئەو رۆژە، ئیتر ئەمجار بەسەر قافێیانەوە ناچێ، ئیهمالیان ناکاو ناهێڵێ چیدی

(٧) في ظلال القرآن ج٥/٤٣٦.

(٨) تەفسیری مەراغی ج١٦/٥٠.

بەسەریانەوەی بچێو وەکوو بەرزەکی بانان بۆی دەرچن. بەڵێ پەروەردگار تاوانبار مۆڵەت دەدا بەلام پاشگوێی ناخا!

لەصەحیحەیندا فەرمووده‌یەک هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ان الله ليملي للظالم حتى إذا أخذه لم يفلته)) بێگومان پەروەردگار مۆڵەتی ستەمکار دەدا تا ماوەیەک هەتا: کە گرتی ئیتر لەچنگی عەزابی خودا رزگاربوونی نیە! ئەمجار قورئان گاڵتەیان پێ دەکا بەلاقرتێوە باسیان دەکا، چونکە ئەوان لەدونیادا پشتیان لەبانگەوازی هیدایەت هەڵکردبوو، وەلێ لەو رۆژەدا لەهەموو کەس زیاتر گوێ سوک و چاو تیژن!.

﴿أسمع بهم وأبصر يوم يأتوننا﴾ حاڵی ئەو کافرو چەند سەیرو سەمەرەیە؟ لەدونیادا: کە بیستنو دیتن هۆکارە بۆ هیدایەت و رزگاربوون ئەوان نابیسن و نابینن، پشت هەڵدەکەن و رو لەحەق وەردەگێرن، کەچی لەرۆژی قیامەتدا کە بیستنو دیتن هۆکارە بۆ ریسوابوون لەهەموو کەس چاو تیژترو گوێ سوک ترن!

﴿لكن الظالمون اليوم في ضلال مبين﴾ وەلێ ئەو کافرو ستەمکارانە: کە لەقیامەت دا حەق و راستی دەزانن، لەدونیادا بەهۆی ستەمکاری خۆیان دا، کەرو کوێرن، لەئاستی حەقدا رێیان لێ گوم بووە!!

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەری خۆی دەکاو دەفەرموێ: ﴿وأنذرهم يوم الحسرة؛ إذ قضي الأمر وهم في غفلة وهم لايؤمنون﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! هەموو ئادەمیزاد بەموشریک و موسوڵمانیەوە بترسێنە لەرۆژی خەفەتخواردن و ئاخ و ئۆف، بیانترسێنەلەرۆژێک هەموو ئادەمیزاد خەفەت دەخۆن؛ خراپەکار خەفەت لەخراپەکاریەکەی دەخواو پەشیمانە لەکردەوەکانی، موسوڵمان و چاکەکارانیش پەشیمانن لەوەی کە زۆر نزیان نەکردوە، دەستی خۆیان دەشکێننەوە کە بۆچی زیاتر کردەوەی باشیان ئەنجام نەدا.

ئەم خەفەت و پەشیمانبوونەوەیان کاتێک دەبێ: کە حیساب و لێکۆڵینەوە تەواو دەبێ، نامەو دەفتەری کردەوەکان دەپێچرێنەوە، ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ لێک جیا دەکرێنەوە، بەهەشتییەکان بەرەو بەهەشت بەرێ دەکرێن و دۆزەخیەکان دەخرێنە دۆزەخەوە! ئەوان ئێستا لەدونیادا بێ ئاگان لەوەی کە رۆژی حەسرەت و پەشیمانی تووشیان دەبێ، بێ ئاگان لەوەی: کە لەو رۆژەدا لەگەڵیان دەکرێ و ئەو نارەحەتیەی تێی دەکەون، ئەوان ئێستا لەدونیادا بڕوایان بەهاتنی رۆژی قیامەت و حیساب و لێکۆڵینەوە نیە، کەواتە: بیانترسێنەو هەڕەشەی عەزابی سەختی ئەو رۆژەیان لێ بکە، با بەخۆیاندا بچنەوە، واز لەکوفرو بێدینی بهێنن، بڕوا بەپەیامەکەت بکەن و شوێنت بکەون.

ئیمام ئەحمەدو موسلیم و بوخاری و تیرمیذی لەئەبو سەعیدی خودرییەوە ریوایەتیان کردوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**إذا دخل أهل الجنة الجنة وأهل النار النار، يجاء بالموت كأنه كبش أملح (أبيض وأسود) فيوقف بين الجنة والنار، فيقال يأهل الجنة هل تعرفون هذا؟ قال: فيشرئبون وينظرون ويقولون: نعم هذا الموت، فيؤمر به فيذبح، ويقال ياأهل الجنة خلود ولا موت، وياأهل النار! خلود ولا موت**)) ئەمجار پێغەمبەر ﷺ ئایەتی ﴿وأنذرهم يوم الحسرة، إذ قضي الأمر وهم في غفلة، وهم لايؤمنون﴾ی خوێندەوەو بەدەست ئیشارەی کردو فەرمووی: ئەهلی دونیا سەرگەرمی دونیان و بەدونیاوە هەڵەوگیرن!

﴿انا نحن نرث الأرض ومن عليها، وإلينا يرجعون﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەوەیان پێ رابگەیەنەو فێریان بکە: کەئێمەی پەروەردگار زەوی و چی لەسەر زەوی هەیەو چی تێدایە، بەمیرات وەری دەگرینەوە، هەمووی دەبێتە هینی ئێمەو کەس نامێنێ میرات لەمردوان بگرێ، تاکە میراتگری زەوی خۆمانینو جگە لەئێمە کەس نیە بمێنێ، هەموو زیندوێک نامێنێ، ئەمجار هەموتان زیندو دەکرێنەوەو دەگەڕێندرێنەوە بۆ لای خودا، هەر کەسە بەگوێرەی کردەوەکانی سزاو پاداشی دەدرێتەوە چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە!!

چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ و دەمە دەمێی لەگەڵ باوکیدا دەربارەی بتپەرستی

وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِبۡرَٰهِيمَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيًّا ﴿٤١﴾ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعۡبُدُ مَا لَا يَسۡمَعُ وَلَا يُبۡصِرُ وَلَا يُغۡنِي عَنكَ شَيۡـٔٗا ﴿٤٢﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي قَدۡ جَآءَنِي مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَمۡ يَأۡتِكَ فَٱتَّبِعۡنِيٓ أَهۡدِكَ صِرَٰطٗا سَوِيّٗا ﴿٤٣﴾ يَٰٓأَبَتِ لَا تَعۡبُدِ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ عَصِيّٗا ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيۡطَٰنِ وَلِيّٗا ﴿٤٥﴾ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنۡ ءَالِهَتِي يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ لَأَرۡجُمَنَّكَۖ وَٱهۡجُرۡنِي مَلِيّٗا ﴿٤٦﴾ قَالَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكَۖ سَأَسۡتَغۡفِرُ لَكَ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيّٗا ﴿٤٧﴾ وَأَعۡتَزِلُكُمۡ وَمَا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدۡعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيّٗا ﴿٤٨﴾ فَلَمَّا ٱعۡتَزَلَهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۖ وَكُلّٗا جَعَلۡنَا نَبِيّٗا ﴿٤٩﴾

وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا ﴿٥٠﴾

ئەمە سێیەم چیرۆکە لەم سورەتەدا. پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم روەوەیە: پەروەردگار دوای ئەوەی گومرایی و سەرلێ شێواوی مەسیحیەکانی رونکردەوە، ئەمجار گومرایی بتپەرستەکان رون دەکاتەوە هەر دوو کۆمەڵەکە (گاورو بتپەرست) هەرچەندە لەگومراییدا چون یەکن وەلێ گومرایی بتپەرستەکان ئاشکرا ترە. چونکە مەبەستی سورەتەکە چەسپاندنی تاک و تەنهایی خوداو راستی پێغەمبەرایەتی و هاتنی رۆژی قیامەتە. ئەمجار ئەوانەی ئینکاری تاک و تەنهایی خودا دەکەن دوو پێڕن پێڕێکیان کە نەصرانییەکانن ئادەمیزادێکی عاقڵ و رێک و پێکیان کردوە بەهاوەڵی خودا!! پێڕەکەی تریان بەردوداری بێ گیانیان کردەوە بەهاوەڵی خودا هەر دوو پێڕ گومڕاو سەر لێ شێواون؛ بەڵام پێڕی بتپەرستەکان زیاتر.

هێنانی چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم لێرەدا لەم روەوەیە: کە تەشریفی بەباوکی عەرەب دەژمێردرێ، عەرەبەکان بۆ خۆیان دانیان بەپێغەمبەرایەتی و ئایینی ئیبراهیم دا دەنا، دەیانزانی کەعبەی پیرۆز دروستکراوی ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوریەتی، ئەمجار لێرەدا پەروەردگار سەرنجی عەرەبەکان رادەکێشێ بۆ پەیڕەوو پرۆگرامی حەزرەتی ئیبرهیم و بۆیان رون دەکاتەوە کە ئەو زاتە دژی بتپەرستی بووە، مەنهەجی ئەو یەکتاپەرستی و بەندایەتی کردنی خالصانە بووە بۆ خودا، هەرگیز هاوەڵی بۆ خودا بەرەوا نەزانیوە.

حەزرەتی ئیبراهیم بەباوکی پێغەمبەران دەژمێردرێ و لەوەوە پێغەمبەر کەوتوونەوە، ئەم زاتە (١٧٥) سەدو حەفتاو پێنج ساڵ ژیاوە، نێوان ئەوو حەزرەتی ئادەم دوو هەزار ساڵ بووە، نێوان ئیبراهیم و نووح هەزار ساڵ بووە.

جا بائێستا دڵ و گیانی خۆمان بکەینەوە بۆ چیرۆک و بەسەرهاتی ئەم زاتە پیرۆزە بزانین قورئان چۆنی نمایش دەکا؟. دەفەرموێ: ﴿واذكر في

الكتاب ابراهيم إنه كان صديقاً نبيـاً﴾ ئـەی پێغەمبـەر! لـەقورئاندا باسـی ئیبراهیم بۆ ئەو خەڵکە بکە، سەرگورشتەو گفتوگـۆ کردنـی لەگـەڵ بـاوکیدا، دڵفراوانی و نەرم و نیانی لەقسە کردنیدا بۆ موشریکەکان بگێڕەوە، بێگومان ئەو زاتە راستگۆ بوو، باوەڕی بەراستی هەبوو پێغەمبەرو رەوانە کـراوی خـودا بوو، بـاوکی پێغەمبەران و خۆشەویسـتی خـودا بـوو! بانگـەوازی گـەل و نەتەوەکەی کرد بۆ یەکتاپەرستیو واز هێنـان لەبتپەرستی، دڵسـۆزانە بـانگی کردن و زۆری خۆ پێوە ماندو کردن، ﴿إذ قال لأبيه: ياأبت! لم تعبـد مـا لا يسمع ولايبصر﴾ باسی ئەوەیان بۆ بکـە: کـاتێک ئیـبراهیم بـەباوکی گـوت: ئەی باوکی خۆشەویستم! باوەگیان! ئەوە تۆ بەچ بیرو بـاوەڕێک عیبـادەت بـۆ شتێک دەکەی نابیسێ و نـابینێ؟ هـەرچی هـاواری لێ بکـەی و لیی بپـاڕێ پەوە گوێی لێت نیە، چەندێک کڕنووشـی بـۆ بـەری و گەردنکـەچی بـۆ بکـەی چاوی لێت نیە، ئەوەی تۆ دەیپەرستی بێ گیان و هەستەو ئاگـای لـەهیچ نیـە ﴿ولا يغني عنك شيئاً﴾ هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنێ، نـەقازانجت بـۆ کێـش دەکا، نەبەرگری زیانت لێ دەکا، ئەوانەی تۆ بەخودایان دەزانیو بەندایـەتییان بۆ دەکەی دارو بەردێکی بێ گیانن، ئەدی تۆ چۆن رێگـە بـەخۆت دەدەی دارو بەردی بێ گیان بپەرستی؟ قاعیدەو یاسا لەعیبادەت کردن ئەوەیە: ئادەمیزاد رو بکاتە شتێک لەخۆی بـەرزترو بـەرێز تـر بـێ، زانـاترو بـەهێز تربـێ، نـەک رویکاتە شتێک لەخۆی پەست تر بێ، پلەی لەخوار پلەی ئـاژەڵ و پەلـەوەرەوە بێ، بیستن و دیتنی لێ چاوەڕوان نەکرێ..

سـەیر بکـە بـەچ جۆرە ئاخـاوتنێک بانگـەوازی بـاوکی کـردو چـەند بەشێوەیەکی ناسک و هەست بزوێن سەرەتای وتووێژی لەگەڵ دەسـت پێکـرد، چەند بەدڵسۆزی هەوڵ و تەقەڵای لەگـەڵ دا بـۆ ئـەوەی بیخاتـە سـەر رێگـای هیدایەت و خێرو فەڕ! وشەی شـیرین بـەکار دێنـێ و خـۆی لـەلا خۆشەویست دەکا بۆ ئەوەی دڵی نەرم بکاو بەخۆیدا بچێتەوەو ئیمان بێنێ!

﴿یا أبت انی قد جاءنی من العلم مالم یأتك﴾ ئەی باوکی خۆشەوستم! هەرچەندە من بەتەمەن لەتۆ بچوکترم، ئەزمونی ژیانم لەتۆ کەمترە، بەڵام لەخوداوە زانیاری و هیدایەتم بۆ هاتووە، تێگەیشتن و حەقناسیو شەریعەتم پێ بەخشراوە، زانیاری و شەریعەتێکم بۆ هاتووە بۆ تۆ نەهاتووە، ﴿فاتبعنی﴾ دەوەرە شوێنم بکەوە، گوێم بۆ رابگرەودڵتم بۆ بکەرەوە ﴿اهدك صراطاً سویاً﴾ شارەزاییت دەکەم بۆ رێگایەکی راست و حەق، رێگایەکت پێ دەڵێم بتگەیەنێ بەمەبەست و سەرفرازی دونیاو قیامەت ببێ، لەهەموو تەنگ و چەڵمەو ناخۆشی‌یەك رزگارت ببێ!

﴿یاأبت لاتعبد الشیطان﴾ ئەی باوکی خۆم! نەکەی بەندایەتی شەیتان بکەی، نەچی شوێنی بکەوی و گوێڕایەڵی فەرمان و ختوکەو دەنە دەنەی ئەو نەفرین لێکراوە بی، ﴿ان الشیطان کان للرحمن عصیاً﴾ بێگومان شەیتان هەر لەکۆنەوە لەخودای خاوەن رەحم و بەبەزەیی‌یاخی بووە، سەرپێچی فەرمانی پەروەردگاری کردوەو، هەمیشە لەیاخی بوونو سەرپێچی‌کردندایە. شەیتان ئادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ لەخودا یاخی بوون، بۆ بتپەرستیو هاوەڵدانان بۆ خودا. جا کەسێك بت پەرستبێ، ئەوە بەگوێی شەیتانی کردوەو لەراستی‌دا شەیتانی پەرستووە، شەیتان دوژمنی سەرسەختی ئادەمیزادە، هەمیشە لەهەوڵ و تەقەڵلای ئەوەدایە، ئادەمیزاد لەخشتە بەرێ، کەوابێ ئەی باوکی خۆشەویستم! زۆر نارەوایە تۆ گوێڕایەڵی شەیتان بی و بەویستی ئەو هەڵس و کەوت بکەی!!

﴿یا أبت انی أخاف أن یمسك عذاب من الرحمن فتکون للشیطان ولیاً﴾ ئەی باوکی خۆشەویستم! ئەمن ترسی ئەوەم هەیە: کە لەخوداوە سزایەکی سەختت لێ بکەوێ، مەترسی‌ئەوەت لێ دەکەم لەسەر ئەم بتپەرستی‌یەت خودای خاوەن رەحم و بەزەیی تووشی سزایەکی سەختت بکا،

ببیە دەستەوهاوەڵی شەیتانی نەفرین لێکراو؛ لەدونیادا نـەفرینت لیٚ بکـریٚ و لەقیامەت دا بەعەزابی دۆزەخ سزا بدریٚو لەئاگردا هاونشینی شەیتان بی.

حەزرەتی ئیبراهیم بـەم شـێوە جـوان و گوفتـار شـیرین و رێـکـ و پێـکـە دڵسۆزانە هەوڵی لەگەڵ باوکی دا، بانگەوازی کـرد بـۆ خواپەرستیو رێبـازی سەرفرازی، بەڵام ئەم گوفتوگۆ شیرین و بانگ کردنە نەرم و نیانە هیچ کاریان لـەدڵی ئـەو موشـریکە چەقاوەسـوە نـەکرد، دڵەرەقەکـەی نـەرم نـەبوو، بەشێوەیەکی رەق و ناشیرین وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە ﴿قال: أراغب أنـت عن آلهتي ياأبراهيم!﴾ وتی: ئایا ئەی ئیبراهیم! تـۆ خوداکـانی منـت نـاوێن؟ رویان لیٚ وەردەگێری و بێزاری خۆت لەپەرستنیان دەردەبڕی؟ تۆ وات لیٚ هات بەئاشکرا دژی خواکانی من هەڵوێست بنوێنی؟ گەییشتیتە ئەو رادەیە من و خەڵکی لەپەرستنیان ژێوان بکەیەوە!! سوێندم وا بیٚ شەرت و قەرار بیٚ ﴿لئـن لم تنته لأرجمنك﴾ ئەگەر واز لەو بـیرو بـاوەڕە نـەهێنی: کـە ئێسـتا پـەیڕەوی دەکەی، لەو هەڵوێسـتە نالـەبارەی خـۆت پەشـیمان نەبیتـەوە، بـەردە بـارانت دەکەم دەتکوژم، ناهێڵم بەسەرتەوە بچیٚ ﴿واهجرني مليا﴾ برۆ بەرۆکم بەردە، لێم دوور بکەوەرەوە جارێکی تر نەتبینمەوە!! ئەگەر دەتـەویٚ خـۆت بەکوشـت نەدەی کە نارگیریەو لەپێش چاوم لاچۆ.

ئا بەم نەزانیو کەللەڕەقییە ئەم کـابرا لـەخۆبایی بـووە بـەپیر بانگـەوازی یەکەوە چوو، بەم شێوە توندو تیژە وەڵامی ئەو وتـارە پـڕ لەئـەدەب و رێـزەی ئیـبراهیمی دایـەوە، ئـەوە حـاڵی ئیمانـە لەگـەڵ کوفـردا، ئـەوە هەڵوێسـت و رەوشتی دڵێکە ئیمان ئاوەدانی کردبێتـەوە لەبەرامبـەر دڵێکـی کوفـر وێرانـی کردبیٚ!!

وەلیٚ وێڕای ئـەو هـەڵس و کەوتـە ناشـیرینەی بـاوکی دڵـڕەق و گومـڕاو چەقاوەسو، حـەزرەتی ئیـبراهیم رقـی هەڵنەسـاو سـەرخۆی نـەهێناو سـۆزو چاکەکاری و ئەدەبی خۆی لەدەست نەدا ﴿قال: سلام عليك. سأستغفر لـك

ربي انه كان بي حفياً﴾ وتی: سلاوت لێ بێ، دڵنیابە کارێک ناکەم زیانت پێ بگا، بەدوعا بەجێت دەهێڵم، کێشەو نیزاعت لەگەڵ دا ناکەم، هەڕەشەو گوڕەشەت لێ ناکەم، لەوە بەولاوە دوعات بۆ دەکەم و لەخودا دەپاڕێمەوە: کە لەسەر گومڕایی نەتهێڵێتەوە: تووشی سزاو عەزابی سەخت نەبی، بەڵکوو هیدایەتت بدا! بێگومان خودای من لوطف و رەحمەتی هەیە بۆم و لەوەپێش رێزی لێ ناوم بەوە: کە دوعاکانمی گیرا کردوە، جا ئەگەر هەبوونی من لەنزیکتەوە نارەحەتت دەکاو پێت ناخۆشە بانگەوازیت بکەم بۆ رێبازی حەقو سەرفرازی، ئەوە ناچارم هەڵوێستێکی تر وەربگرم و رێگاچارەیەک بۆخۆم بدۆزمەوە ﴿وأعتزلكم وما تدعون من دون الله﴾ کە نارگیر دەبم لەخۆتانو لەخوداکانتان، جگە لەخودای تاکو تەنها کەسی تر ناپەرستم. لێتان دوور دەکەومەوەو چی تر لەناوتاندا نامێنمەوە، سەری خۆم هەڵدەگرمو ئەم ولاتە جێ دێڵم، ﴿وأدعو ربي عسى الا أكون بدعاء ربي شقياً﴾ خودای خۆم دەپەرستم، بەندایەتی هەر بۆ ئەو دەکەم، هومێدەوارم لەعیبادەت کردنمدا بۆ خودای خۆم رەنج بەخەسارنەبم، وەکوو ئێوە کۆششو عیبادەتم بێ سوود نەبێ.

ئای لەم ئەدەبو ئەخلاقە؟! فەرمووی: ئومێدم وایەو چاوەڕوانی دەکەم، بەشێوەی دڵنیاییو مسۆگەری نەیگوت، بۆ ئەوەی نەفسی خۆی بشکێنێ، لەهەمان کاتدا ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: کە وەرگرتنی کرداری چاکو پاداشتدانەوە لەسەری شتێک نیە لەسەر خودا واجب بێ، بەڵکوو عائیدە بەلوطفو بەزەیی خوداوە، حەزی لێ بوو وەری دەگرێو حەزی لێ بوو رەتی دەکاتەوە.

هەروەها هەموو کردەوەیەکی ئادەمیزاد بەستراوە بەکۆتایی ژیانیەوە، ئەگەر ئاخر خێر بێ کۆتایی تەمەنی لەسەر خێرو چاکە بێ ئەوە خودا چاکەکەی لێ وەردەگرێ، خۆ ئەگەر ئەو کاتەی بەخراپی لەسەر تێپەڕی ئەوە

ڕەنجەڕۆ دەبێو هەر کردەوەیەکی باشی کردبێ بێ سودەو با دەیبا، چۆنیـەتی ئاخرو ئۆخری تەمەنیش شتێکی پەنامەکیو غەیبی‌یە، هەر خودا دەزانێ چۆن دەبێ. پێغەمبـەر ﷺ لەفەرموودەیـەکی‌دا دەفـەرموێ: ئـادەمیزادی وا هەیـە لـەدونیادا هـەر کـردەوەی چاکێ دەکـا، هـەتا وای لێ دێ لەبەهەشـت نزیـکێ دەبێتەوە تەنیا بستێکی دەمێنێ بچێتە بەهەشتەوە، بـەلام لـەعیلمی خـودادا بەدۆزەخی تۆمار کراوە ئیتر کۆتایی تەمەنی بەکردەوەی خراپ بەسـەر دەبـاو دەچێتە دۆزەخەوە. هی وایش هەیە بەدرێژایی ژیانی کردەوەی خـراپ ئـەنجام دەدا تا وای لێ دێ بستێکی دەمێنێ بکەوێتـە دۆزەخـەوە، بـەلام لـەزانیاری خودادا بەبەهەشتی نووسراوە، ئیتر کۆتایی ژیانی بەکرداری باش بەسەر دەباو دەچێتە ناو بەهەشتەوە. کەواتە: دەبێ هەر بڵێین: هومێدەواریـن خـودا بمـان باتە بەهەشتەوە، بەلوطفـو کەرەمی خـۆی کردەوەکانـمان لێ وەرگـرێ، نـابێ بڵێین: دڵنیاین نابێ دڵنیـابین لـەوەرگرتنی کـردەوە باشـەکانمان. وەرگرتنـی کرداری چاکو پاداشت دانەویان بەدەست خودایە.

بەڵێ حەزرەتی ئیبراهیم بڕیاری گۆشەگیریی خۆی لـەخزمو کـەسو کـاری دا، وڵاتـو نیشـتمانی بـەجێ هێشـت، خۆی تەسـلیم بـەخودا کـردو لـەپێناو ئایین‌دا سەری خۆی هەڵگرت، پەروەردگاریش بەتەنیایی نەیهێشتەوە، بەڵکوو باشتر کەلێنی خزمو کـەس و کـارو وڵاتـو نیشـتمانی بۆ پڕ کـردەوە. وەکـوو دەفەرموێ: ﴿فلما اعتزلهم ومايعبدون من دون الله وهبنـا لـه اسـحاق ويعقوب﴾ کە حەزرەتی ئیبراهیم لەباوکو خزمو کـەسو کـاری گۆشـەگیربوو، وازی لەوڵاتـو نیشتمانی هێنا، ئـەو شـوێنەی بـەجێ هێشـت: کـە عیبـادەتی غـەیری خودای تێدا دەکرا، بەردەوام بوو لەسـەر ڕەتکردنـەوەی بەندایـەتیکردن بـۆ بتـەکانیان. لـەپێناو ئـایینی خـودارا هیجرەتـی کـردو بـەرەو ئـاخی بەیتولمەقدیس کەوتەڕێ: چونکە لەوێ دەیتوانی بەڕاشکاوی ئایینی خۆی بڵاو بکاتەوە، پەروەردگار کەلێنی کەسو کاری بـەجێ هێشـتووی بۆ پڕ کـردەوە،

سارا خاتوونی خێزانی، حەزرەتی ئیسحاقی بوو، حەزرەتی ئیسحاقیش پێگەیی خودا یەعقووبی پێدا، ﴿وكلاً جعلنا نبياً﴾ هەموویانمان کردن بەپێغەمبەر بۆ ئەوەی حەزرەتی ئیبراهیم چاوی پێ روون ببنەوە، هەموو پێغەمبەرانی بەنوئیسرائیل لەوەچەو نەوەی ئەم دوو پێغەمبەرە بەرێزەن!

هەموو خاوەن ئایینێک حەزرەتی ئیبراهیمی خۆش دەوێ، حەزرەتی ئیسحاقو حەزرەتی یەعقووبیان بەلاوە بەرێزە، حەزرەتی ئیبراهیم پێش ئەوەی ئیسحاقی ببێ، وەجاخ کوێر بوو، حەزرەتی یەعقووب هەرچەندە کوڕی ئیسحاقە بەڵام بەکوڕی ئیبراهیم حسێب دەکرێ چونکە لەژیانی حەزرەتی ئیبراهیمدا بەوەلەد بوو، لەباوەشی ئەوداو لەژێر چاودێری ئەودا لەخزمەت ئەودا پەروەردە بوو، فێری ئایین بوو، کەوابێ هەروەکوو کوڕی خۆی بێ وایە.

﴿ووهبنا لهم من رحمتنا﴾ بەخشیمان بەئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقووب، لەفەضل بەخششی خۆمان پێغەمبەرایەتیو ماڵو سامانو ژنو منداڵو نامەی ئاسمانیمان پێدان. ﴿وجعلنا لهم لسان صدق علياً﴾ مەدحو پەسنی ئەوانمان خستە سەر زوبانی ئادەمیزاد، هەموو کەس سوپاسگوزاریانە، ئەهلی هەموو ئاینەکان رێزیان لێ دەگرن! صەلاتو سەلامی خودایان لەسەر بێ.

جا چونکە عەرەبەکان خۆیان بەوەچەو رەچەڵەکی حەزرەتی ئیبراهیم دەزانیو لافی ئەوەیان لێ دەدا: کە لەسەر ئایینی ئەون، پەروەردگار چیرۆکی ئەوی بۆ گێڕانەوە بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو پەند وەربگرن!

چیرۆکی حەزرەتی موسا ﷺ

﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَىٰ إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا (٥١) وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا (٥٢) وَوَهَبْنَا لَهُ مِن رَّحْمَتِنَا أَخَاهُ هَارُونَ نَبِيًّا (٥٣)﴾

ئەمە چیرۆکی چوارەمە بۆ تێگەیاندنی عەرەبو عەجەم بەوە: کە حەزرەتی موساش وەکوو حەزرەتی ئیبراهیم پیاوێکی راستاڵ بوو، دڵسۆزانە بەندایەتی بۆ خودا ئەنجام دا، هاوەڵی بۆ خودا بەڕوا نەزانیوە، ریبابازی نەکردوە.

هەروا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکا: کە حەزرەتی موساو هارون وەچەو زرۆیتی حەزرەتی ئیبراهیمنو لەبەرەبابی حەزرەتی ئیسحاقی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمن. دەفەرموێ: ﴿واذكر في الكتاب موسى﴾ ئەی موحەممەد! رەوشتو سەرگورشتەی موسا بۆ قەومەکەت بگێڕەوە، ئەوەی ئێمە بەنیگا لێرەدا بۆت نازڵ دەکەین بۆ ئوممەتەکەتی باس بکە: کە پێنج رەوشتی بەرزی موسایە، لێرەدا بۆت باس دەکەین:

١- ﴿انه كان مخلصاً﴾ بێگومان ئەو زاتە هەڵبژاردەبوو، خودا پاڵفتەی کردبوو بۆ پێغەمبەرایەتی، لەهەموو تاوانێک پاکمان کردبوەوە، وەکوو لەشوێنێکی تر دەفەرموێ: ﴿اني اصطفيتك على الناس برسالاتي وبكلامي﴾(الأعراف/١٤٤).

ئەگەر وشەی (مُخْلِصاً) لەئایەتەکەدا بەشێوەی ئیسمی فاعیل بخوێنینەوە ئەو کاتە مانای بەم جۆرە دەبێ، موسا راستاڵانە بەندایەتی

خودای کرد لەیەکتاپەرستیو طاعەتکردندا دڵسۆز بوو، طاعەتو بەندایەتی هەر بۆ خودا بوو، هیچ ریبابازی نەدەکرد.

٢- ﴿وكان رسولاً نبياً﴾ پەروەردگار دوو سیفەتی گەلێک بەرزی بەو زاتە دابوو؛ هەم رەوانەکراو بوو هەم خاوەن شەریعەت بوو، یەکێک بوو لەپێنج پێغەمبەرە خاوەن عەزیمەتەکانو شەریعەتو یاساشی بۆ نەتەوەکەی هێنابوو.. واتە: صیفەتی رەسولیو نەبییەتی هەبوو:

رەسوول کەسێکە بەنیگا شەریعەتێکی بۆ هاتبێو فەرمانیشی پێ کرابێ بەگەیاندنی بەخەڵک، واتە: نامەیەکی ئاسمانی بۆ هاتبێ شەریعەتی تێدابێو فەرمانی پێ کرابێ بەگەیاندنی. وەکوو حەزرەتی موسا ﷺ جا یان کتێبێکی سەربەخۆی بۆ نێردرابێ، یان کار بەکتێبی پێغەمبەری پێش خۆی بکا.

نەبی: کەسێکە نیگای بۆ کرابێ بەشەریعەتێک لەخوداوە، جا فەرمانی پێ کرابێ ئەو شەریعەتە بگەیەنێ بەخەڵک یان نا، بەڵام بۆ خۆی نامەی سەر بەخۆی بۆ نەهاتبێ وەکوو حەزرەتی یوشع.

٣- ﴿وناديناه من جانب الطور الأيمن﴾ لەلای راستی کێوی طورەوە بانگمان لەموسا کردو ئاخاوتنمان لەگەڵدا ئەنجامدا، واتە: لەو شوێنەوە: کە کەوتبوە دەستە راستی مووسا لەو کاتەدا کە لە(مەدیەن)وە دەگەڕایەوە بۆ میصر ئێمە نیگامان بۆ کردو هەواڵمان پێ دا: کە کردوومانە بەپێغەمبەرو رابەری نەتەوەی ئیسرائیل. لەو کاتەوە بووەتە (كليم الله)و فروستادە ئەمجار دوای خنکانی فیرعەونو دارو دەستەکەی وادەمان پێدا بۆ سەرکێوی طوورو لەوێ تەوراتمان بۆ ناردە خوارێ.

٤- ﴿وقربناه نجيا﴾ پلەو پایەی ئەومان لەخۆ نزیک کردەوە، رێزو شکۆمەندیمان پێدا، لەکاتێکدا راستەوخۆو بێ ناوەند بەنهێنی گوفتو گۆی لەگەڵ کردین، واتە: رێزو شەرەفێکمان پێ بەخشی گەییشتە ئەو پلەو پایە: کە ئاخاوتنمان لەگەڵدا کردو کردمانە قسە لەگەڵ کراوی خۆمان، لەعالەمی

ئەرواحدا پلەو پایەمان ئەوەندە بەرز کردەوە، وەکوئەوە قسە لەگەڵ کەسێکی نزیکدا بکا بەشێوەی چپە کردن!

مامۆستا سەیید دەفەرموێ: پەروەردگار پلەو پایەی حەزرەتی موسای ئەوەندە بەرز کردەوەو لەخۆی نزیک کردەوە بۆ رادەی قسە لەگەڵ کردن لەشێوەی چپەکردنو سرتە سرتدا، ئیتر ئێمە نازانین ئەم چپە کردنە چۆن بووە، موسا چۆن لیّ ی حاڵی بووە، نازانین ئایا ئاخاوتنەکە دەنگێک بووە بەگوێچکە بیستویەتی، یان (کییانە ئادەمیزادیەکەی موسا بەگشتی) ئەو ئاخاوتنەی وەرگرتووە؟ نازانین پەروەردگار چۆن کیانی ئادەمیزادی موسای بۆ ئەو ئاخاوتنە خودایی‌یە ئامادەباش کردوە، ئێمە بڕوامان وایە: ئاخاوتنەکە بووەو بەڵام چۆنیەتیەکەی نازانین. بێگومان بۆ خودا زۆر ئاسانە: کە بەشێوەیەک لەشێوەکان مەخلوقێکی خۆی بگەیەنێتە رادەی ئەوەی کەلامی ئەزەلی خودا ببیسێ. هەروەکوو چۆن لەسەرەتادا ئادەمیزاد بەنەفخەیەک لەگیانی خودایی هاتۆتە وجوود!!

٥- ﴿**ووهبنا له من رحمتنا أخاه هارون نبيـــاً**﴾ بەفەضڵو رەحمەتو بەزەیی خۆمان، هارون: کە برای موسا بوو کردمان بەپێغەمبەر لەبەر خاتری ئەوو بۆ یارمەتیدانیو پشتگیری کردنی، ئەمە لەو کاتەدا: کە موسا لەخودا پاڕایەوەو وتی: ﴿**واجعل لي وزيراً من اهلي، هارون أخي، اشدد به أزري واشركه في امري**﴾(طه/٢٩-٣٢). دوعاکەی گیرابوو داخوازییەکەی هاتە دی ﴿**قال قد اوتيت سؤلك يا موسى**﴾(طه/٣٦). هەروا کە دەفەرموێ: ﴿**سنشد عضدك بأخيك**﴾(القصص/٣٥). شایانی باسە پلەو پایەی (ئولولعەزمیەتی) پلەو پایەیەکی بەرزو شکۆمەندە، پێویستی بەدەستەبەربوونی چەند رەوشتێکی تایبەتی هەیە، ، ئەو پێنج صیفەتانەی قورئان بۆ حەزرەتی موسای تۆمار کردوون بەشێکن لەو رەوشتە بەرزە پێویستانەی ئەو پلەو پایە شکۆمەندییە کە: لەزنجیرەی پێغەمبەراندا تەنیا پێنج پێغەمبەر ئەم پلەو

پایەیان دەست کەوتووە. نیعمەتێکی تر: کە بەخشراوە بەموسا ئەوەیە: کە لەسەر داوای خۆی بۆ پشتگیریکردنی پەیامەکەی هارونی براشی کراوە بەپێغەمبەر ئەمەش نیعمەتێکی گەورە بووە بەسەر هەردو جوتە برادا کەبوونە پشتو پەنای یەکتریو بەیەکەوە پەیامی خودایان گەیاندوە..

چیرۆکی حەزرەتی ئیسماعیل ﷺ

وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِسۡمَٰعِيلَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلۡوَعۡدِ وَكَانَ رَسُولٗا نَّبِيّٗا ﴿٥٤﴾ وَكَانَ يَأۡمُرُ أَهۡلَهُۥ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرۡضِيّٗا ﴿٥٥﴾

ئەمە پێنجەم چیرۆکە: کە لەسورەتی مەریەمدا تۆمار کراوە، ئەویش چیرۆکی حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمە دروودی خودایان لیٚ بیٚ حەزرەتی ئیسماعیل بەگوێرەی شەریعەتی باوکی پەیڕەوی کردوە، لەیەکتاپەرستیو دژایەتیکردنی بتپەرستیدا چاوی لەباوکی کردوە، حەزرەتی ئیبراهیم وەکوو زانیمان باوکی عەرەبەکانە بەیەمەنیو موضەرییەوە، کەواتە ئەو عەرەبانەی لەنەوەی ئیبراهیم کەوتوونەوە عەرەبی عاریبە نین بەڵکوو موستەعرەبن. بۆیە (طە حسین) لەنوسراوێکیدا دەڵێ: عەرەب نەتەوەیەکی عاطفین و هەستو شعوریان بەهێزە وەندەی لایەنی عاطیفەو خەیاڵیان بەهێزە، لایەنی فیکرەو مەنطیقیان لاوازە، بۆیە هەرگیز فەیلەسوفیان تێدا هەڵنەکەوتووە، ئەمجار دەڵێ: ئەگەر بگوترێ: ئەدی ئەوە نیە پێغەمبەریان تێدا هەڵکەوتووە، خۆ لەهەموو فەیلەسوفێک فەیلەسوف ترە؟ (دکتۆر طە

حسین) هەر بۆخۆی وەلامی خۆی دەداتەوە دەڵێ: موحەممەد عەرەبی عاریبە نیە، بەڵکوو موستەعرەبە!!

سورێکی خامە بەدەوری چیرۆکو سەرگورشتەی حەزرەتی ئیسماعیلدا. کە بەزەبیح مەشهورە:

حەزرەتی ئیبراهیم خەوی بینی (خەوی پێغەمبەرانیش حەقو راستە) لەخەودا بینی کورەکەی خۆی دەکردە قوربانی، بەلای زوربەی زانایانی ئیسلامەوە ئەو کورە حەزرەتی ئیسماعیل بووە. جا کەبەیانی لەخەو هەڵسا رووداوی خەوەکەی بۆ ئیسماعیل گێرایەوە، ئەویش یەکسەر رەزامەندی بەسەربرینی خۆی راگەیاندو ﴿**قال: یاابت افعل ما تؤمر ستجدني ان شاء الله من الصابرین**﴾(**الصافات**/١٠٢).

جا کە حەزرەتی ئیبراهیم دەستی کرد بەسەربرینی ئیسماعیلو کێردەکەی خستە سەر گەردنی کورە تاقانەکەی پەروەردگار نیگای بۆ ناردو بانگی لێ کرد، کە ئیتر تۆ خەوەکەی خۆت بەجێ هێناو ئەو فەرمانبەرداریەی تۆ نیشانەی ئەوەیە: کە خەوەکەت بەراست گێرا، ئیتر لەو کاتەدا حەزرەتی ئیبراهیم بەرانێکی گەورەو قەڵەوی لەنزیک خۆیەوە بینی، ئەوی سەربری لەجیاتی کورەکەی خۆی، قورئان ئەو کورەی دیاری نەکردوە: کە حەزرەتی ئیبراهیم قەصدی سەربرینی کرد، بەلام سیاقی ئایەتەکانو دوای موژدەدان بەئیبراهیم بەبەخشینی ئیسحاق پێی گەواهی ئەوەن: کە ئەو کورەی فەرمان کرا بەئیبراهیم بەسەربرینی حەزرەتی ئیسماعیل بووە. کە لەسورەتی (**الصافات**)دا دوای چیرۆکی سەربرینەکە دەفەرموێ: ﴿**وبشرناه باسحاق نبیاً من الصالحین**﴾(**الصافات**/١١٢) ئاماژەیە بەوە: کە ئیسحاق ئەو کورە نیە فەرمان بەباوکی کرابێ بەسەر برینی!

جولەکەکان: پێیان وایە ئەو کوڕەی ئیبراهیم ویستی سەری ببڕێ ئیسحاق بووە، ئەمەش بۆ خۆهەڵنانەوەو فەخر کردن بەوە کە باوکیان گیانی خۆی بەخشی لەپێناو ڕەزامەندی خودادا.

بەڵگە زۆرن لەسەر ئەوە: کە ئیسماعیل ئەو کوڕەبووە: کە حەزرەتی ئیبراهیم ویستی سەری ببڕێ.

١- تەوراتی خۆی دان بەوەدا دەنێ: کە ئیبراهیم پڕکێشی تاقە کوڕەکەی کرد بۆ سەربڕین، دیارە پەنابردن بۆ سەربڕینی تاقانە ئەوپەڕی پابەندیو گەردنکەچی بۆ خودا تێدایە، ئاشکراشە هیچ کاتێ ئیسحاق تاقانە نەبوە، چونکە ئەو کاتەی ئیسحاق هاتۆتە دونیاوە تەمەنی حەزرەتی ئیسماعیل چواردە ساڵان بووە. لەژیانیشدا ماوە، تا حەزرەتی ئیبراهیم کۆچی دوایی کردودو سەرپەرشتی کفنی کردوە. کەوابوو پێش لەدایکبوونی حەزرەتی ئیسحاق حەزرەتی ئیسماعیل تاقانە بووە. هەروەها روداوی هەوڵدانی سەربڕینی کوڕەکە لەمەککە رووی داوە، دەی حەزرەتی ئیبراهیم ئیسماعیلی بەشیرەخۆری بردوە بۆ مەککە نەک ئیسحاق!

سەرگوزەشتەی ئیسماعیل و دایکی لەمەککە:

پاش دروستکردنی کەعبە لەمەککە هیچ خانوو بەرەیەک بنیات نەنراوە هەتا سەدەی دووەمی پێش هاتنی ئیسلام کە سەردەمی قوصەی کوڕی کیلاب بووە. ئەو لەرۆژگاری خۆیدا (دار الندوة)ی دروست کرد، ئەمجار قورەیشییەکان لەدەورو بەری کەعبە خانوبەرەیان بنیات نان.

فەرموودەیەک هەیە لەبوخاریدا ئیبنو عەبباس ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەر فەرمووی: یەکەم ئافرەت: کە پشتێنی بەست دایکی ئیسماعیل بوو پشتێنی بەست بۆ ئەوەی دیاردەی سکەکەی لەسارا خاتون بشارێتەوە. ئەمجار حەزرەتی ئیبراهیم (هاجرە)و (ئیسماعیلی) کوڕی هێنان لای کەعبە نیشتەجێی کردن، ئەو کاتە ئیسماعیل شیرەخۆرە بوو لەژوور

مزگەوتەوەو لەپشت زمزمەوە دای نان، ئەو سەردەمە مەککە هیچ کەسی تێدا نەبوو، ئاویشی لێ دەست نەدەکەوت، لەوێ داینانو هەمبانەیەک خورماو گۆزە ئاوێکی لەلا بەجێ هێشتنو بۆ خۆی گەڕایەوە بەرەو وڵاتی فەلەستین، دایکی ئیسماعیل دوای کەوت، وتی: ئەی ئیبراهیم! بۆ کوێ دەڕۆیو چۆن ئێمە لەم شوێنە چۆڵو هۆڵەدا بەجێ دێڵی؟ چەند جارێک ئەم پرسیارەی لێ دووبارە کردەوە، بەڵام ئیبراهیم هیچ وڵامی نەدایەوەو ئاوڕی لێ نەدایەوە، ئەمجار پێی گوت: ئەی ئیبراهیم! ئایا خودا فەرمانی پێ کردوی بەوە ئێمە لێرە جێ بێڵی؟ حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی: بەڵێ: وتی: کەوابێ خەمم نیە، خودا هەرگیز لێمان غافڵ نابێو ئاگای لێمانە ئیتر گەڕایەوە بەدواوە.

ئیبراهیم ڕۆیی تا لێیان نەدیویوو گەییشتە (الثنية) لەوێ ڕووی کردە کەعبەو دوو دەستی بەرز کردنەوەو لەخودا پاڕایەوە وتی: ﴿رب! إني أسكنت من ذريتي بواد غير ذي زرع عند بيتك المحرم...﴾ تا دەگاتە ﴿يشكرون﴾.

ئیتر (هاجەرە) دایکی ئیسماعیل جێ نشین بوو خەریکی بەخێوکردنی کوڕەکەی بوو، شیری دەدا بەرۆڵەکەی، هەتا ئاوەکەی لێ بڕایەوە، تینوایەتی تینی بۆ هێنا، خۆیو کوڕەکەی زۆریان تینوو بوو، بەچاوی خۆی بینی رۆڵەکەی لەتینوان جینگڵی دەدا، ئیتر چاوی بەرایی نەدا بڕوانێتە رۆڵەکەی، بۆیە کەوتە هەوڵدانو هاتوچۆ بۆ رزگار کردنی خۆیو رۆڵەکەی، کێوی صەفا نزیکترین بەرزاییەک بوو لێیەوە، چووە سەر ئەو کێوە، ئەمجار سەیری شیوەکەی کردو روانی بەڵکوو یەکێک ببینێ فریایان بکەوێ، کەسی نەبینی، لەسەر تەپۆلکەی صەفاوە هاتە خوارێ بۆ ناو دۆڵەکە، ئەمجار لایەکی داوێنی کراسەکەی هەڵکردو کەوتە خێرا ڕۆییشتنو گورگەلۆقە، هەتا دۆڵەکەی بڕیو چووە سەر (مەروە) لەوێوە روانی ئاخۆ کەس نابینێ، کەسی بەرچاو نەکەوت حەوت جار ئەم هاتووچۆو گورگە لۆقەیەی ئەنجامدا.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەمەیە بناغەی هاتوچۆی حاجیان لەنێوان صەفاو مەروەدا، جا کە جاری حەوتەم سەرکەوتە سەر (مەروە) دەنگێکی بیست، خۆی بەخۆی گوت: بێدەنگ بە! پاشان دووبارە گوێی خۆی هەڵخست، هەمان دەنگی گوێ لێ بوو، ئەمجار وتی: گوێم لێ بوو، ئەگەر کۆمەکیو یارمەتیەکت لایە فریامان بکەوە! کاتێک کە روانی ئەوا فریشتەیەک لەشوێنی بیری زمزمی ئێستا بەباڵی زەوی هەڵدایەوە هەتا ئاو دەرکەوت، ئەمجار (هاجەرە) چووە ناو بیرەکەوەو بەلوێچ ئاوی هەڵدەهێنجاو دەیکردە گۆزەکەیەوە، چەندێکی لێ هەڵ بهێنجایە دەهاتەوە شوێنی.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خودا رەحم بەدایکی ئیسماعیل بکا، ئەگەر وازی لەزمزم بهێنایە، یان فەرمووی ئاوی لێ هەڵ نەهێنجایە زمزم دەبوە کانیاوو ئاوی لەبەر دەڕۆیی!

ئەمجار خاتو (هاجەرە) شیری‌دا بەمنداڵەکەی، فریشتە پێی گوت: لەفەوتان مەترسن، ئا لەم شوێنە خانوی کابە دروست دەکرێ، ئەم منداڵەو باوکی بنیاتی دەنێن، پەروەردگار خۆشەویستانی خۆی زائیع ناکا.

دروستکردنی کابە:

حەزرەتی ئیبراهیم بەینا بەین سەردانی ئیسماعیلی کوڕی دەکرد، لەسەردانێکی‌دا بۆ ماڵی هاجەرەو ئیسماعیل پەروەردگار فەرمانی بەحەزرەتی ئیبراهیمو حەزرەتی ئیسماعیل کرد: کە کابە بنیات بنێن، فەرمانبەردار بوونو کەعبەیان دروست کرد. کە تەواویان کرد، پەروەردگار فەرمانی بەحەزرەتی ئیبراهیم کرد، بەخەڵکی رابگەیەنێ کە کابەی‌دروست کردوە بۆ خوداپەرستی، پێویستە لەسەر بەتواناکانیان ساڵانە حەجی ماڵی خودا بکەن، ئەمجار ئیبراهیمو ئیسماعیل لەخودا پاڕانەوە: کە مەناسیکی حەجیان فێر بکاو نیشانیان بدا، کەعبە یەکەم خانوێکە لەسەر زەوی بۆ خوداپەرستی

دانراوە، حەزرەتی ئیسماعیل دوانزە کوڕی بوون لەهەر کوڕێکی وەچەو نەوەیەکی زۆر کەوتنەوە، کوڕەکانی هەموویان بوون بەسەرۆک هۆزو ریش سپی خێڵ. حەزرەتی ئیسماعیل سەدو حەفتاو سێ ساڵ ژیا، لەمەککە کۆچی دوایی کردوە، لەپەنا کابە لەو شوێنەی ئێستا بەحیجری ئیسماعیل مەشهوورە لەپەنا دایکی بەخاک سپێردراوە.

﴿واذكر في الكتاب اسماعيل﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! لەقورئاندا سەرگورشتەو رەوشتی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم ﷺ بۆ ئەو مەردومگەلە باس بکە، ئەو زانە باوە گەورەی هەموو ولاتی حیجازە. ئەمەش صیفەتو رەوشتی ئیسماعیلە: کە لەم سورەتەدا تۆمار کراون:

١- ﴿انه كان صادق الوعد﴾ بێگومان ئیسماعیل زۆر وادە راست و پابەندی بەڵێنی خۆی بوو. هەروادەو بەڵێنێکی دابێ بەجێی هێناوە، هەر شتێک دەربارەی خواپەرستی فەرمانی پێ کرابێ، گەردنکەچ بووە بۆیو ئەنجامی داوە، کیفایەتە بۆ وادە دروستیو بەڵێن راستی ئەو زاتەوادەی بەباوکی دا کە ئامادەش بێ بۆ سەربڕین و پابەندی وادەکەی بوو، تا سەر چەقوەکە ئارامی گرتو رازی بوو بەقەزای خودا! وەکوو دەفەرموێ: ﴿ستجدني انشاء الله من الصابرين﴾(الصافات/١٠٢).

راستگۆیی لەوادەدا یەکێکە لەرەوشتە پەسندەکانی ئادەمیزاد لەهەموو کاتو شوێنێک، وادە بەجێ نەهێنان رەوشتێکی ناشیرینەو پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین! قورئان سەرزەنشتی ئەوانەی کردوە: کە وادە دەدەنو پابەندی وادەی خۆیان نابن، وەکوو دەفەرموێ: ﴿یاایها الذین آمنوا لِمَ تقولون مالا تفعلون، کبر مقتاً عند الله ان تقولوا مالا تفعلون﴾(الصف/٢-٣).

بوخاریو مەسلیمو تیرمیذیو نەسائی لەئەبو هورێرەوە ریوایەتیان کردوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((آية المنافق ثلاث: إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف وإذا ائتمن خان)) نیشانەی ئادەمیزادی دوو ڕوو سێ شتن:

کە قسەی کرد درۆ بکا، کە وادەی دا نەیباتە سەر، ئەگەر سپاردەیەکی پێ سپێردرا خییانەتی تێدا بکا. جا کە ئەم ڕەوشتانە دزێوو ناشیرین بن، ئەوە پێچەوانەکانیان دەبنە ڕەوشتی خودا ناسان. کەوابوو ڕاستگۆییو پابەند بوون بەوادەو پارێزگاری کردنی ئەمانەت تەرازوی موسوڵمانەتیو ڕاستاڵییە، هەر کەسێکێ لافی موسوڵمانەتی لێ بدا بالەخۆی بفکرێ ئاخۆ تا چ ئەندازەیەکێ ئەم ڕەوشتە پەسندانەی تێدان..!

هەڵبەتە ڕاستگۆییو ڕاست وادەیی ڕەوشتی هەموو پیاوچاکو پێغەمبەرێکن، بەلام وا دیارە ئەم ڕەوشتانە لەحەزرەتی ئیسماعیلدا زۆر بەرچاوو بەدەرەوە بوون بەرادەیەکێ: کە شیاوی ئەوەن ئاماژەیان پێ بکرێ.

٢- ﴿وكان رسولاً نبياً﴾ ئەو زاتە هەم ڕەوانە کراوو هەم نەبی بووە، ڕەوشتی ریسالەتو نبوەتی تێدا بوون، ڕەوانە کراوە بۆ سەر هۆزی جورهەم لەمەککە، بۆ ئەوەی شەریعەتی حەزرەتی ئیبراهیمیان بۆ شی بکاتەوەو پێیان رابگەیەنێ، کەواتە ڕەسول مەرج نیە نامەی ئاسمانی سەر بەخۆی بۆ بنێردرێ، بەڵکوو جاری وا دەبێ شەریعەتی پێغەمبەرێکی پێش خۆی بەخەڵکێ رادەگەیەنێ.

ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ڕێزداریی حەزرەتی ئیسماعیل بەسەر ئیسحاقی برایدا، چونکە ئیسحاق تەنیا وەصفی نبوەتی بۆ هێندراوە، بەلام بۆ ئیسماعیل فەرمووی: ﴿وكان رسولاً نبياً﴾ تیرمیذیش لەپێغەمبەرەوە فەرموودەیەکێ ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((ان الله اصطفى من ولد ابراهيم اسماعيل)).

٣- ﴿وكان يأمر أهله بالصلاة والزكاة﴾ فەرمانی بەئوممەتو هۆزو خێزانی خۆی دەکرد بەئەنجامدانی نوێژو زەکات دەرکردنی ماڵو سامان. بەصەبرو پشو درێژ بوو لەسەر خوداپەرستی ﴿وكان عند ربه مرضيا﴾ لەلای خودای خۆی پلەی ڕەزامەندیی بەدەست هێنابوو، خودا لێی رازی بوو، جا

کەسێک بگاتە ئەو پلەو پایە خودا لێی رازی بێ ئیتر چی دەوێ؟؟ کەوابێ تۆش ئەی پێغەمبەر بەتایبەتی و ئەی ئادەمیزاد بەگشتی چاو لەئەو بکەنو ئیقتیدای پێ بکەن!

چیرۆکی حەزرەتی ئیدریس ﷺ



ئەمە چیرۆکی حەزرەتی ئیدریسە، شەشەم چیرۆکی سورەتی مەریەمە، مەبەست لەهێنانی ئەم چیرۆکە پەندو عیبرەت وەرگرتنە، چونکە ئەمیش بانگەوازی ئادەمیزادی کردوە بۆ خوداپەرستیو یەکتاپەرستیو رزگارکردنی خودی خۆیان لەسزای دۆزەخ، بەهۆی ئەنجامدانی کرداری چاکو بەسوود، ئادەمیزادانی هەڵنان بۆ دونیا ویستیو عەداڵەتکاریو جیهاد کردنی دژی دوژمنان. فەرمانی بەئەنجامدانی نوێژو بەرۆژو بوونی چەند رۆژێک لەهەموو مانگێک کردوە، فەرمانی کردوە بەزەکاتدانو یارمەتیدانی هەژارو زەبوونەکان، دوای حەزرەتی ئادەمو حەزرەتی شیث کراوە بە پێغەمبەر لەوەچەو نەوەی ئادەمە، چونکە رۆژگاری لەرۆژگاری حەزرەتی ئادەم نزیکە. بەباپیری حەزرەتی نووح دادەنرێ.

زۆر لەپێش رۆژگاری حەزرەتی ئیبراهیم بووە، چونکە بەگوێرەی قورئان حەزرەتی ئیبراهیم لەوەچەو نەوەی ئەوانەیە: کە لەگەڵ حەزرەتی نوحدا لەکەشتییەکەدا بوون.

حەزرەتی ئیدریس یەکەم کەس بووە: کە بەقەڵەم نووسیویەتی، فێری زانینی ژمارەو ئەستێرەناسی بووە، یەکەم کەس بووە پۆشاکی دووراوی لەبەر کردوە، یەکەم کەس بووە چەکی بەکار هێناوە.

لەصەحیحی موسلیمدا لەباسی ئیسراو میعراجدا هاتووە: کە پێغەمبەر ﷺ لەشەوی میعراجدا لەئاسمانی چوارەمدا بەلای حەزرەتی ئیدریسدا تێپەڕیوە.

هەندێک لەمێژوو نووسانی کۆنینە دەڵێن: لەوڵاتی میصر لەدایک بووە، هەندێکیش پێیان وایە لەوڵاتی بابل لەدایک بووە. لەسەرەتای تەمەنیدا بەگوێرەی زانیاری حەزرەتی ئادەمو شیث کاری کردوە، حەزرەتی سیث باپیری باوکی ئیدریسە.

قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی کورت لێرەدا باسی حەزرەتی ئیدریس دەکاو دەفەرموێ: ﴿واذكر في الكتاب ادريس﴾ ئەی پێغەمبەر! لەقورئاندا باسی ئیدریس بۆ ئۆمەتەکەت بگێڕەوە، سێ ڕەوشتی ئەم زاتە بۆ ئادەمیزاد رون بکەرەوە.

١- ﴿انه كان صديقاً﴾ بێگومان ئیدریس زۆر ڕاستگۆ بوو لەگفتارو کرداردا هەرگیز درۆی نەکردوە..

٢- ﴿نبياً﴾ پێغەمبەر بووەو شەریعەتی بۆ نێردراوە، فەرمانی پێ کراوە ئەو شەریعەتە بەئوممەتەکەی رابگەیەنێ، پەروەردگار سێ صەحیفەی بەنیگا بۆ ناردوە.

٣- ﴿ورفعناه مكاناً علياً﴾ بەرزمان کردۆتەوە بۆ پلەو پایەو مەقامێکی بەرز، رێزدارمان کرد بەوە: کە پلەو پایەی پێغەمبەرایەتیمان پێ بەخشی.

هۆی بەرزکردنەوەی مەکانەتی ئیدریس بەهۆی ئەوەوە بوو: کە زۆر خوداپەرست بووە. بەرۆژ بەرۆژو بووە. بەشەو خوداپەرستی کردوە.

خاوەنی ئەم جۆرە رەوشتانە قودوەو رابەرن، پێویستە موسوڵمان چاویان لێ بکاو بەرەوشتی ئەوان خۆی ئارایش بدا، قورئانی پیرۆز سەرگوزشتەی ئەو پێغەمبەرانەی بۆ گێڕاینەوە رەوشتی شیرینی ئەوانی بۆ دیاری کردین، بۆ ئەوەی بەراوردێ بکەین لەنێوان ئەو کۆمەڵە بەرزو پاکو راستاڵە لەگەڵ ئەو هەموو چینو تاقمە خراپەکارانەی: کە دوای ئەوان هاتوون، هەڵسو کەوتی ئەو تاقمە خوداپەرستە نموونەییانە بەهەڵسو کەوتی ئەو تاوانبارانە بەرامبەر بکەینو بەیەکیان بگرینو ئەمجار بۆ خۆمان حوکم بدەینو چاکو خراپ لێک جیا بکەینەوە، پەیڕەوی چاکەکاران بکەینو لەرەوشتی خراپەکاران بەدووربینو خۆمان بپارێزین. خوداش پشتیوان بێ!

بڕێ لەرەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەران
(دروودی خودایان لەسەر بێ) (٥٨)

أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِن ذُرِّيَّةِ ءَادَمَ وَمِمَّنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٖ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡرَٰٓءِيلَ وَمِمَّنۡ هَدَيۡنَا وَٱجۡتَبَيۡنَآۚ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُ ٱلرَّحۡمَٰنِ خَرُّواْۤ سُجَّدٗاۤ وَبُكِيّٗا ۩ ﴿٥٨﴾

لەوەپێش پەروەردگار ناوو وەصفو پەسنی دە پێغەمبەری خۆی راگەیاند، هەر پێغەمبەرەو بڕێ لەرەوشتی جوانی تۆمار کردن، لەکۆتاییدا لەژێر چەتری رەوشتێکی فرە مەزندا کۆی کردنەوە، ئەویش بەخشینی پلەی پێغەمبەرایەتییە پێیانو شارەزایی کردنیانە بۆ رێگای هیدایەتو هەڵبژاردنیانە لەناو مەخلووقاتی خۆیدا بەسەر مەخلوقاتدا.

هەڵبەتە ئاماژە بۆ کراو بەوشەی (أولئك) هەر ئەو (دە) پێغەمبەرە نین: کە لەم سورەتەدا باس کراون، بەڵکوو مەبەست جینسی پێغەمبەرانە. ذیکری ئەشخاصەو مەبەست جینسە. دەفەرموێ: ﴿أولئك الذين أنعم الله عليهم من النبيين﴾ ئەو زاتانەی لەسەرەتای سورەتەکەوە تا ئێرە باس کراون هەر لەزەکەرییاوە تا ئیدریس، بەڵکوو هەموو پێغەمبەران بەگشتی، ئەوانەن: کە خودا نیعمەتی پێغەمبەرێتی پێ بەخشیونو لەخۆی نزیکێ کردونەوەو پلەی بەرزو شکۆمەندی پێداون. لەناو بەندەکانیدا هەڵی بژاردوون، هیدایەتی داونو شارەزای کردون بۆ ئەوەی ببنە نموونەی مرۆڤایەتیو رابەری ئادەمیزاد لەخوداپەرستیو بەندایەتی کردندا، بۆ ئەوەی خەڵکێ چاویان لێ بکەنو لەرەوشتو خوداپەرستیدا شوێنیان بکەون، ئەم زاتانە هەندێکیان ﴿من ذرية آدم﴾ بریتین لەو پێغەمبەرانەی لەوەچەی ئادەمن: وەکوو ئیدریس، ﴿وممن حملنا مع نوح﴾ هەندێکی تریان وەکوو لەنەوەی ئادەمنو ئادەم بەباوەگەورەیان حسێب دەکرێ، لەوەچەو نەوەی ئەوانەشن کە لەگەڵ نووحدا لەکەشتییەکەدا هەڵمان گرتن، ئەوەش وەکوو ئیبراهیم کە لەنەوەی (سام)ی کوری (نووح)ە، هەشتەکەی تریشیان ﴿من ذرية إبراهيم﴾ لەنەوەی ئیبراهیمن وەکوو ئیسماعیلو ئیسحاقو یعقوب ﴿واسوائيل﴾ هەندێکی تر لەو پێغەمبەرانە لەنەوەو وەچەی ئیسرائیلن؛ واتە: لەیەعقووب کەوتوونەوە: وەکوو موساو هارونو عیساو زەکەرییاو یەحیا (دروودی خودا لەسەر هەموویان بێ) ﴿وممن هدينا واجتبينا﴾ ئەوانە لەکۆمەڵی ئەو پێغەمبەرانە بوون: کە هیدایەتمان دان بۆ ئایینی ئیسلام؛ ئەو ئایینەی: کە بەرنامەو دەستووری هەموو پێغەمبەران بووە، هەموو پێغەمبەرەکان بانگەوازییان بۆ کردوە، لەکۆمەڵی ئەو زاتانە بوون: کە هەڵمان بژاردون بۆ پلەو پایەی پێغەمبەرایەتیو رێزلێنانو شکۆمەندیمان پێدان.

ئەو زاتانە: ﴿إذا تتلى عليهم آيات الرحمن خرّوا سجداً وبكيـــا﴾ هـەر کاتێ ئایەتەکانی خودای خـاوەن بـەزەیی‌و رەحـم بخوێندرایـەوە بەسـەریاندا، بـەرەو ڕو بـەدەمدا دەکـەوتن‌و بەگریانـەوە سـوژدەیان بـۆ خـودا دەبـرد، گەردنکەچی‌و بەندایەتی خۆیان بەئەوپەڕی شێوەی زەلیلی نیشان دەدا، حەمدو سوپاسی خودایان ئەنجام دەدا، لەسەر نیعمەتو بەخششـەکانی، ترسـی سزاو تۆڵەی خودای خاوەن دەسەڵاتیان لەدڵابوو!.

واتە: ئەو زاتـە هەڵبژێراوانـە رەوشـتو نیشـانەی ئاشـکرایان ئەمـە بـوو لەخودا ترس بـوون، تـرس‌و بیمـی خودایـان لـەدڵدا جێگـیر بـوو، دڵو دەرونو هەسـتو شـعووریان وا پاڵفتـەو مشـتو مـاڵ کرابـوو هـەر کـاتێ ئایەتـەکانی خودایان ببیستایە، بەڵگەو دەلیلی هەبوونو تاکو تەنهایی خودایـان بـەگوێدا بدرایە، یاساو شەریعەتی خودایان بۆ شـی بکرایـەوە دەسـت بـەجێ دەکەوتنـە سوژدەو دەستیان دەکردە گریانو لەرزینو فرمێسکی باران لەترسی خودا.

ئایەتەکـە ئـەوەی لێ وەردەگـیرێ کـە پێویسـتە ئـەو کەسـەی قورئـان دەخوێنێ یان گوێی لێ دەگرێ بیر لەمانای ئایەتەکان بکاتەوە، هەوڵ بدا کار لەدڵو دەروونی بکاو گریانی بێ، خۆ ئەگـەر گریـانی نـەهات خـۆی بگریـەنێ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((أتلوا القرآن وابكوا فان لم تبكوا فتباكوا)) قورئان بخوێننو بـیری لێ بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی تـرس‌و بیمـی عـەزابی خـودا بەگریانتان بێنێ، ئەگەر گریانی راستی‌و سروشتیتان نەهات، بـەئارەزۆ خۆتـان بگریەنن.

(صالح المرّی) دەڵێ لەخەودا قورئـانم بـۆ پێغەمبـەر ﷺ خوێنـد، پاشـان پێی فەرمووم: ئەی صاڵح! ئەمە خوێندنی قورئان بوو ئەی کوا گریان؟

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: هەر کاتێ ئایـەتی سـوجدەی (سـبحان)ەتـان خوێند خێرا سوجدەکە مەبەن هـەتا کوڵـی گریـانی خۆتـان هەڵنەسـتێنن، خـۆ ئەگەر چاوتان فرمێسکی نەهات با دڵتان بگری!!

هەروەها لەئایەتەکە ئەوەش وەردەگیرێ: کە هەموو پێغەمبەران (قدوة)ی راستاڵنو رابەری راستەقینەی مرۆڤایەتین، نموونەی بڕو باوەڕ دروستیو عیبادەتکردنی زۆرو باشو ئایینی راستو رەچەڵەکی پاکو نەسەبو خانەوادەی بەرزو پاکو خاوێن لەرەوشتو سروشت دان.

ئایەتەکانی (٨٣-٩٠)ی سورەتی (الأنعام) بەڵگەن لەسەر ئەوە: کە مەبەست بەم ئایەتەی ئێرە هەر ئەو دە پێغەمبەرە نین کە لەم سورەتەدا باس کراون، بەڵکوو مەبەست تێکڕای پێغەمبەرانن بەگشتی..

صیفاتو رەوشتی وەچەو چینی دوا پێغەمبەرەکان رەوشتی تۆبەکارانو ئەوانەی شیاوی چوونە ناو بەهەشتن

﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ﴿٦٠﴾ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ عِبَادَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّهُۥ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَأۡتِيّٗا ﴿٦١﴾ لَّا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوًا إِلَّا سَلَٰمٗاۖ وَلَهُمۡ رِزۡقُهُمۡ فِيهَا بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ﴿٦٢﴾ تِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِي نُورِثُ مِنۡ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيّٗا ﴿٦٣﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار وەصفو پەسنی ئەو پێغەمبەرانەو شوێنکەوتوانیانی تۆمار کرد، بەوە ناساندنی کە لەخوداترسو راستاڵن، پەیڕەوی فەرمانی دین دەکەنو خۆیان لەو شتانە دەپارێزن: کە خودا نەی لێ کردوە، ئادەمیزادانی هەڵنان بۆ چاو لێ کردنو شوێنکەوتنیان، باسی صیفاتو رەوشتی ئەوانە دەکا کە لەرۆژگاری دوا ئەوان دێنە کۆڕی ژیانەوە، روو لەئایین وەردەگێڕن، ئەرکی ئایینی پاش گوێ دەخەن، سەرگەرمی رابواردنو ئارەزۆبازی دەبن، ئەمجار سزاو تۆڵە لێ ستاندنیان لەرۆژی قیامەت دا دیاری دەکاو ناهێڵی هەروا بەسەریانەوە بچێ، مەگەر ئەوانەیان نەبێ: کە تۆبە دەکەن، ئەوانە خودا تۆبەیان لێ وەردەگرێو بەهەشتی جوانو رازاوەیان بەخەڵات پێ دەبەخشێ!

ئیمامی رازی دەفەرموێ: ظاهیری ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە مەبەست بەو پاشماوەو وەچەو نەوانە،وەچەو نەوەی پێغەمبەرەکان بن.

موجاهید دەفەرموێ: ئەم ئایەتە دەربارەی گەلو نەتەوەیەکێ نازڵ بووە لەئوممەتی پێغەمبەرن، لەسەر رێگەوبان سواری یەکتری دەبن وەکو چۆن ئاژەڵ سواری یەکتر دەبن، شەرم لەخەڵکی ناکەنو لەخواش ناترسن.

ئەڵلاهوئەکبەر! ئەو پێغەمبەرە هەستناسکو دڵو دەروون پاکو خاوێنانە: کە هەمیشە دڵیان بەخوداوە پەیوەستەو چاویان پڕ لەفرمێسکە، هەر کە یادی خودا دەکەن دڵیان وەلەرزدێو دەکەونە سوجدەو دڵیان وەکوو مەنجەڵ دەکوڵێو لەترسی خودا حەجمینیان نیە، لەپاش خۆیان وەچەو نەوەیەکێ جێ دێڵن دوور لەخوداو خوداناسی، واز لەنوێژ کردن دەهێنن، بڕوایان پێی نیە، سەرگەرمی رابواردنو هەواو هەوەش دەبن! ئای لەم جوداوازییەو لەم موفارەقەیە.؟

دەفەرموێ: ﴿فخلف من بعدهم خلف أضاعوا الصلاة واتبعوا الشهوات، فسوف يلقون غياً﴾ پاش لەدونیا دەرچوونی ئەوزاتانە، دوای ئەو

بەهرەمەندو بەختەوەرانەو شوێنکەوتوانیان، وەچەو نەوەو چینو توێژێک هاتنە کۆڕی ژیانەوەو بەرواڵەت جێگای ئەوانیان گرتەوە، بەڵام نوێژەکانیان زایەکردنو وازیان لێ هێنانو پاشگوێیان خستن، بەڵکوو هەر بڕوایان پێ نەبوو. وازیان لەخوداپەرستی هێناو دەستیان کرد بەخراپەو خراپەکاری، ڕۆچون لەگومڕاییو ئارەزۆبازیدا، دەستیان دایە زینا کردنو سەرپێچی فەرمانی خودا لەهەموو ڕویەکەوە، سەرگەرمی دونیا خواردنو لەبیرچوونەوەی ڕۆژی قیامەت بوون، ئەوانە سزاو تۆڵەیان لێ دەستێندرێو لەوەبەولاوە تووشی عەزابو مەینەتی دەبن، لەڕۆژی قیامەت دا نائومێدو خەسارەتمەند دەبن، دوچاری تۆڵەی سەختو دژواری گومڕاییەکەیان دەبن لەدۆزەخدا. چونکە لەدونیادا تاوانیان ئەنجام داوەو ئەرکی سەرشانی خۆیان پاشگوێ خستووە!

ئیمامی شەوکانی دەفەرموێ: هەر کەسێک نوێژ لەکاتی خۆیدا نەکا، ئەرکێک لەئەرکەکانی سەرشانی بەجێ نەهێنێ، یان مەرجێک لەمەرجەکانی نوێژ یان ڕوکنێک لەروکنەکانی پاشگوێ بخا بێگومان ئەوە نوێژی زایە کردوە.

بۆیە کۆمەڵێک لەزانایانی سەلەفو خەلەفو بڕێک لەشەرعزانو موجتەهیدەکان پێیان وایە نوێژنەکەر کافرە، بەڵگەشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە فەرمویەتی: ((**بين الرجل وبين الكفر ترك الصلاة**)) نێوان ئادەمیزادو کوفر بریتییە لەوازهێنان لەنوێژ. یان ئەو فەرمودەیەی: کە ئیمام ئەحمەدو تیرمیذیو نەسائیو ئیبنو ماجە لەبورەیدەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: ((**العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة، فمن تركها فقد كفر**)) ئەو پەیمانو بەڵێنەی لەنێوان ئێمەو ئەهلی کوفردایە بریتییە لەنوێژ، کەسێک نوێژی نەکرد بێگومان بەکافر حسێبە.

ئەمجار پەروەردگار لەدوچاربوونی ئەو سزا دژوارە هەندێ لەئادەمیزادان وەلا دەنێو لەو حوکمە چەرتیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿الا من تاب وآمن

وعمل صالحاً، فأولئك يدخلون الجنة ولا يظلمون شــــيئاً﴾ وەلیّ کەسێك تۆبە بکا لـەتاوانی نوێـژ نـەکردنو لەشـوێنکەوتنی هــەوەسو ئارەزۆبـازی، بگەڕێتەوە بۆ خوداپەرستی، وێڕای ئەوەش باوەڕی بـەخودا قـایمو پتـەو بکـا، کـرداری چـاکو بەسـوود ئـەنجام بـدا، ئەوانـە دەچنـە نـاو بەهەشـتی رازاوەو قەشەنگەوە، خودا لەتاوانیان خۆش دەبێ، چونکە تۆبەی راستەقینەو راستاڵانە تاوانی لەوەپێش دەسڕێتەوە وەکوو لەفەرمودەیەکی تردا هاتووە ئیبنـو ماجـە لەئیبنو مەسعوودەوە ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: ((التائب مـن ذنـب كمـن لا ذنب له)) کەسێك تۆبەی راستاڵانە بکاو لەتاوانەکانی پەشیمان بوێتـەوە وەکوو ئەوە وایە تاوانی نەبێ، تاوانی نەکردبێ.

ئەم وەلانانو ئیستیثناکردنەی ئێرە وەکوو چەرتکردنو ئیستیثنای ئایەتی ژمـارە (٦٨-٧٠)ی سورەتی (الفرقان) وایـە: کـــە دەفــەرموێ: ﴿والذين لايدعـون مع الله إلهاً آخر، ولايقتلـون النفس الـتي حـرم الله الا بـالحق ولا يزنون﴾ پاشان دەفەرموێ: ﴿الا من تاب وآمن وعمل عملاً صالحاً، فأولئك يبدل الله سيئاتهم حسنات، وكان الله غفوراً رحيماً﴾.

ئەمجار پەروەردگار وەصفو پەسنی ئەو باغانـەی بەهەشـت دەکـا: کـە تۆبەکاران دەچنە ناویان، سێ وەصف بۆ ئەو باغانـە تۆمـار دەکـا: کـە دەبنـە مایەی خۆشگوزەرانی ئەوانەی دەچنە ناویانو تێیاندا دەمێننەوە.

١- ﴿جنات عدن التي وعد الرحمن عبـــاده بـــالغيب﴾ ئـەو بەهەشـتە بریتییە لەچەند باغو باغاتێك کە باغاتی (عدن)یان نـاوە، بەشـێکە لـەقاتو تەبەقەی ناو بەهەشت، یان شوێنی نیشتەجێ بوونو مانەوەی هــەتا هـەتایین، پەروەردگار وادەی ئەو بەهەشتە خۆشو رازاوەیەیداوە بەبەندە باشەکانی: کــە بەنەدیدەیی بڕوایان بەهەبوونی هەیەو کاری بۆ دەکەن، چاویان پـێ نەکـەوتووە ئیمانیان پێ هێناوە، بەهۆی بەهێزی بیرو باوەڕیانــەوە، دڵنیـان لـەوەی وادەی خودا هەردێو پاشگەزبوونەوەی تێدا نیە ﴿إنه كان وعده مأتيـــاً﴾ بێگومـان

خودا وادەی بەدی دێو هەرچی بەڵێنی پێ دابێ دەبێ بێتەجێو بەڵێن پێدراوەکان بەمرازی خۆیان دەگەنو هەموویان دەچنە ناو ئەو بەهەشتانەوە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وكان وعده مفعولاً﴾(المزمل/١٨).

٢- ﴿لايسمعون فيها لغواً إلا سلاماً﴾ ئەهلی بەهەشت: ئەو پیاوچاکانەی خودا دەیانخاتە بەهەشتەوە، لەوێدا قسەی پڕوپووچ نابیسن، کەس قسەی ناشیرینو بێ سوودیان ئاڕاستە ناکا، بەڵکوو ئەوەی دەیبیسن هەر سەلامکردن لەیەکتریو سەلامکردنی فریشتەیە لێیان، دڵنیاییو ئارامییان پێ دەبەخشرێ بۆ ئەوەی هێندەی تر بکەونە خۆشیو لەززەتەوە، هیچ شتێک نەبێ زەوقیان تێک بداو دڵیان گەرد بگرێ! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لايسمعون فيها لغواً ولا تأثيماً إلا قيلاً سلاماً سلاماً﴾(الواقعة/٢٥-٢٦).

٣- ﴿ولهم رزقهم فيها بكرة وعشياً﴾ هەیە بۆ ئەو بەهەشتییانە لەبەهەشتدا رزقو رۆژی خۆیان بەیانیو ئێوارە، واتە: ئەوەی حەزیان لێ بێ لەخواردنو خواردنەوە لەئەندازەی کاتی بەیانیو ئێوارەدا بۆیان دێ بەبێ ماندووبوون، بێگومان لەبەهەشتدا شەوو رۆژ نیە، بەڵکوو هەموو کاتێ لەنوورو روناکیدان، تێپەڕبوونی کاتەکان بەهۆی هاتووچۆی روناکییەکانو کشانی چۆمەکان دەزانن. کەواتە دەبێ بڵێین: مەبەست ئەوەیە: بەئەندازەی کاتی نێوان بەیانیو ئێوارەی ئەم جیهانە خواردنو خواردنەوەیان بۆ دێ، نێوان قاوەڵتیو نانخواردنی ئێوارەیان بەئەندازەی نێوان قاوەڵتیو نانخواردنی ئێوارەی ئەم دونیایەیە!

ئیمام ئەحمەدو بوخاریو موسلیم لەئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکەن: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((أول زمرة تلج الجنة صورهم على صورة القمر ليلة البدر، لايبصقون فيها، ولا يتمخطون فيها، ولا يتغوطون آنيتهم وأمشاطهم الذهب والفضة، ومجامرهم اللؤلوءة،

ورشحهم المسك ولكل واحد منهم زوجتان، يرى مخ ساقها من وراء اللحم من الحسن، لا إختلاف بينهم، ولا تباغض، قلوبهم على قلب رجل واحد، يسبحون الله بكرة وعشيا)).

﴿تلك الجنة التي نورث من عبادنا من كان تقياً﴾ ئەو بەهەشتە جوانو رازاوەیەی: کە بەو شێوە وەصف کرا بەمیرات دەیدەین بەبەندە تەقواکارەکانمان، ئەوانەی حەمدو سوپاسی خودا دەکەن لەکاتی خۆشیو ناخۆشیدا، لەهەموو حاڵێکدا فەرمانبەرداری خودای خۆیانن، ئێمەش بەهەشت دەکەینە مڵکی راستەقینەی ئەوانو وەکوو میرات پێیان دەبەخشین.

هاتنی سروش و هێنانی نیگا بەفەرمانی خودایە

وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُۥ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَٰلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَٱعْبُدْهُ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦ هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴿٦٥﴾

دەربارەی هۆی نازڵبوونی ئایەتی ژمارە (٦٤) ئیمام ئەحمەدو بوخاری لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ بەجوبرائیلی فەرموو: بۆچی زیاتر سەردانمان ناکەی؟ ئیتر ئایەتی ﴿وما تتنزل إلا بأمر ربك﴾ هاتە خوارێ!

ئیبنو ئەبی حاتەم لەعەکرەمەوە ریوایەت دەکا؛ دەڵێ: چل رۆژ جوبرائیل نیگای بۆ پێغەمبەر نەهێنا. کە پێغەمبەر ﷺ لێی پرسی بۆچی وەندە دواکەوتی؟ جوبرائیل هەمان وڵامی دایەوە.

ئیبنو ئیسحاق لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا؛ دەڵێ کاتێک قورەیشییەکان پرسیاریان لەپێغەمبەر کرد دەربارەی ئەصحابولکەهف، پانزە شەو نیگای بۆ نەهات، جا پاشان کە جوبرائیل هات بۆلای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: زۆر دواکەوتوی! ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە.

لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتکراوە دەفەرموێ: کاتێک پرسیار لەپێغەمبەر کرا دەربارەی ئەصحابولکەهفو ذیلقەرنەینو چۆنیەتی گیان، پێغەمبەر ﷺ نەیزانی چی وەڵام بداتەوە، چەند رۆژێکیش جوبرائیل نەهات بۆ لای پێغەمبەرو پەی لێ دابڕی، ئیتر پێغەمبەر زۆر دڵتەنگ بوو، غەمو پەژارە دایگرت. موشریکەکان وتیان: خوداکەی موحەممەد وازی لەموحەممەد هێناوەو تڕۆی کردوە، جا: کە جوبرائیل هات بۆ لای: پێی فەرموو: ئەی جوبرائیل خۆت لێ وون کردم، هەتا وام لێ هات گومانی خراپ بەرم، حەزم زۆر بەهاتنت کردو پێم خۆش بوو بێی. ئەویش فەرمووی: من زیاتر بەتاسوخەوەم بۆ دیدەنیت وەلێ من بەندەیەکی فەرمان پێ کراوم، هەر کاتێ فەرمانم پێ کرا بەهاتن دێم، کە فەرمانم پێ نەکرێ نایەم. ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نازڵ کرد، چ مانعێکیش نیە رووداوەکان زۆربنو ئەسبابی نزولیش زۆر بن!

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم روەوەیە: پەروەردگار لەوەپێش چیرۆکی پێغەمبەرانی وەکوو زەکەریاو ئیبراهیمو موساو ئیسماعیلو ئیدریسی باس کرد بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرو دامەزراندنی دڵو دەروونی لەسەر پەیامەکەی. هەروەها باسی ئەو نازو نیعمەتانای کرد: کە خودا بەپێغەمبەرانو نەوەکانیانی بەخشی بوو چۆنیەتی هەڵسو کەوتی ناشیرینی نەوەکانی دوا ئەوانی دیاری کردو پاداشی هەردوولایەنی رون کردەوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بکا کە قورەیشییەکانو جولەکە لەو وەچەو نەوە پاشینانەن: کە نوێژیان زایە کردوەو شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوون،

هەروەها بۆ ئەوەی ئەم ئاخاوتنو کورتە چیرۆکەی ئێرەی سەرداری پێغەمبەران (حەزرەتی موحەممەد ﷺ) بکاتە کۆتایی چیرۆکەکانی سورەتەکە، دەفەرموێ:

﴿وما نتنزل إلا بأمر ربك﴾ واتە: پەروەردگار فەرمانی بەجوبرائیل کرد: کە بەپێغەمبەر رابگەیەنێ: کە ئێمەی فریشتە دانابەزین بەمەبەستی نیگا هێنان بۆ سەر پێغەمبەران کات دوای کاتو بەیناو بەین مەگەر بەفەرمانی خوداو بەگوێرەی داخوازی حیکمەتو زانایی زاتی پاکیو بەگوێرەی بەرژەوەندی بەندەکانیو بەجۆرێک خێری دینیو دونیایی ئەوانی تێدابێ، هەرکاتێ خودا فەرمانمان پێ بکا دادەبەزین.

﴿له مابين أيدينا وماخلفنا ومابين ذلك﴾ هەر بۆ خودایە ئەنجامدانی هەموو کارو بارێک، کاری دونیاو قیامەتمان رابوردوو ئێستاو داهاتوومان لەهەموو کاتو شوێنێکدا بەدەست خودایەو بەویستی ئەو ئەنجام دەدرێ، رەخنەی لێ ناگیرێو کەس رایەی ناکەوێ بڵێ ئەوەت بۆ واکردو بۆ وات نەکرد! ئێمە فریشتە بەندەی فەرمانبەرداری ئەوینو بەبێ ئیزنو فەرمانی ئەو لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر ناچین.

﴿وما كان ربك نسياً﴾ هەرگیز خودای تۆ ئەی موحەممەد! تۆی لەیاد نەکردوەو لێت بێ ئاگا نەبووە، هەرچەندە بۆ ماوەیەکیش نیگاو سروشت لێ دواکەوتووە، چونکە پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەمڵکو مەلەکوتی بوونەوەرو هەرگیزاو هەرگیز بێ ئاگاییو لەبیرچوونەوەی بەسەردا نایە، کەوابێ لەتۆ غافڵ نەبووەو لەبیری نەکردوی، بەڵکوو دواکەوتنی نیگا بۆ ماوەیەک لەبەر حیکمەتێک بووە: کە هەرخۆی دەیزانێ!!

ئیبنو مونذیرو ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو مەردەوەیهیو طبەرانی لەئەبو دەرداوە بەمەرفووعی فەرمودەیەکیان ریوایەت کردوە دەفەرموێ: ((**ماأحل الله في كتابه فهو حلال وما حرمه فهو حرام، وما سكت عنه فهو عافية**

فاقبلوا من الله عافيته فان الله لم يكن لينسى شيئاً)) ئەمجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿وما كان ربك نسياً﴾.

ئەمجار پەروەردگار بەڵگە لەسەر ئەو راستییانەی پێشەوە دەهێنێتەوەو دەفەرموێ: ﴿رب السموات والأرض وما بينهما﴾ خودا بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی تێیان دایە، هەرچی لەئاسمانەکانو زەویدا هەیە مڵکی خودایەو خەڵقندەی ئەوە، جا کەسێکێ خاوەنی هەموو بوونەوەر بێ، بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوی بێ، چۆن تەصەوور دەکرێ بێ ئاگاییو لەبیر چوونەوەی بەسەردا بێ!؟

کەوابێ ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەی پێغەمبەر! ﴿فاعبده واصطبر لعبادته﴾ بەردەوام بە لەسەر عیبادەکردن بۆ خودای خۆتو ئارام بگرە لەسەر عیبادەت کردنو گوێڕایەڵی بۆ خودا، ئەرکئو ناخۆشی خوداپەرستیو بانگەوازی بۆ ئایین لەئەستۆ بگرە، بەهۆی دواکەوتنی نیگاو سروش بۆ ماوەیەکێ واز لەخوداپەرستی خۆت مەهێنە، ﴿هل تعلم له سمياً﴾ ئایا تۆ پێت وایە وێنەو نموونەی خودا هەیە؟ ئیستیفهامەکە ئیستیفهامی ئینکارییە، بەمانا نەفیە. واتە کەس نیە وەکوو خودا شیاوی پەرستشو بەندایەتی بۆ کردن بێ، هەر خودا بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە، رزقو رۆژیدەرە، هەموو شتێکێ بەویستی ئەو هاتۆتە وجوود، ئادەمیزاد بەجەستەو گیانیو بەعەقڵو زانیاریو هەموو پێویستیاتێکی ژیانی هەمووی خەڵقندەی پەروەردگارە، کەوابێ بەخودا زانینو پەرستش بۆ کردن هەر شیاوی ئەوە، دان بەخودایەتیدا بنێو گەردنکەچی دەسەڵاتو فەرمانی بە!

بیرو بۆچونی موشریکەکان دەربارەی هاتنی رۆژی قیامەت

وَيَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ أَءِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا ﴿٦٦﴾ أَوَلَا يَذْكُرُ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْـًٔا ﴿٦٧﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَٱلشَّيَٰطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا ﴿٦٨﴾ ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحْمَٰنِ عِتِيًّا ﴿٦٩﴾ ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِٱلَّذِينَ هُمْ أَوْلَىٰ بِهَا صِلِيًّا ﴿٧٠﴾ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار ئەوەی رونکردەوە: کەئادەمیزاد بەعیبادەتو خواپەرستی لەتەنگو چەڵەمەی رۆژی حەشر رزگاری دەبێ هەروا رۆژی قیامەت هەردێو گومانی تێدا نیە، زیندو کردنەوەی ئادەمیزادان ئاسانترە لەدروستکردنی هەوەڵجاری، کەسێک بتوانێ لەنەبوەوە ئادەمیزاد بێنێتە گۆڕەپانی ژیانەوە، جارێکی دی زیندو کردنەوەی زۆر ئاسانترە، هەرچەندە بۆ خودا کاری ئاسانو گران نیە هەموو کارێک بۆ خودا ئاسانو بێ ئەرکەو ماندووبونی تێدا نیە.

جا لەبەر ئەوەی هەدەفی سورەتەکە چەسپاندنی دەسەلاتی خودایە لەسەر ژیانبەخشینو مراندن، لەسەر بەدیهێنانو لەنابردن، لەسەر راستی هاتنی رۆژی دوایی، بۆیە هەندێ بیرو بۆچونی موشریکەکانی باس کرد: کە بڕوایان بەرۆژی قیامەتو زیندوبوونەوە نیە، بەبەڵگەی بەهێز رەددی دانەوەو بۆری دان.

هەروەها هەندێ لەئەو ناخۆشیو تەنگو چەڵەمانە باس دەکا: کە رۆژی قیامەت تووشی موشریکەکان دێ ئەمجار بەشوێن ئەوەدا ئەوە روون دەکاتەوە: کە هەموو ئادەمیزاد بەسەر ئاگردا رادەنوێندرێنو کەس لەئاگر رزگاری نابێ، مەگەر ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو تەقوای خودا دەکەنو کرداری باش ئەنجام دەدەن.

کولەبی دەڵێ: ئایەتی ﴿ويقول الإنسان...الآية﴾ دەربارەی ئوبەی کوڕی خەلەف نازڵ بووە، ئەوە بوو ئێسقە رزیوێکی بەدەستەوە گرتو هەڵیگلۆفتو وردی کردو بەربایدا ئەمجار وتی: موحەممەد پێی وایە ئێمە دوای مردنو رزینی جەستەمان جارێکی دی زیندو دەکرێینەوە.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: دەرحەق بەوەلیدی کوڕی موغەیرەو هاوەڵانی نازڵ بووە.

ئێستاش با بزانین دیمەنی ئێرە بەچی دەست پێ دەکا؟ دیمەنەکە بەو وتەیە دەست پێ دەکا: کە هەر لەکۆنەوە بێ بڕوایان دەیڵێنو دەیڵێنەوە، وتەیەک: کەچەندەها تاقمو گرۆ بەدرێژایی مێژوو گوتویانەو ئێستاش هەڵگرانی بیرو باوەڕی ماددی کاوێژی دەکەنەوە. ﴿ويقول الإنسان: أئذا مامت لسوف أخرج حياً﴾ ئادەمیزادی دڵ بێ باوەڕو دڵرەق دەڵێ ئایا کاتێ من مردمو لاشەم رزیو بووم بەخاکو خۆڵ، جارێکی تر زیندو دەبمەوەو لەگۆڕ راست دەکرێمەوە؟ واتە: بەلایەوە شتێکی سەیرەو زۆر بەدووری دادەنێو پێی وا نیە شتی وا راست بێ، هەڵبەتە وتنی ئەم قسەیە پاڵ هەموو کافرو

موشریکێک دراوە، هەرچەندە هەموویان ئەم وتەیان نەگوتووە وەلێ چونکە هەموویان پێی رازی بوون بۆیە پاڵ هەموانیان دراوە.

بێگومان ئەم وتەو رەخنەیەی کافرو بێ بڕوایان رەخنەیەکی زۆر نابەجێ یە، لەنەفامیو بێ ئاگایی خۆیان دەربارەی پەیدابوونی خودی خۆیان لەسەرەتادا سەرچاوەی گرتووە، هۆی سەرسوڕمانیان بیرنەکردنەوەو تێنەفکرینە لەچۆنیەتی پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەرەتادا، ﴿أولا يذكر الإنسان انا خلقناه من قبل ولم يك شيئاً﴾ بۆچی ئادەمیزاد بیر ناکاتەوە لەچۆنیەتی پەیدابوونی خۆی؟ بۆ بیر لەوە ناکاتەوە: کە ئێمە ئەومان لەنەبووەوە دروست کردوە، کاتێک ئەو هەر نەبوە، لەنەبوونەوە هێناومانەتە وجوود، بۆ بیر لەوە ناکاتەوە لەکوێوە هاتووە، چۆن هاتووە؟ دەبا بیر بکاتەوەو پەیدابوونی خۆی لەیەکەمجاردا بکاتە نیشانەو بەڵگە لەسەر گونجاوی دووبارە بوونەوەو دروستکردنەوەی. خۆ ئاشکراشە دروستکردنی شت لەسەرەتادا قورسترە لەدووبارە کردنەوە، زیندوکردنەوەو دروستکردنەوەی ئادەمیزاد لەجاری دووەمدا زۆر ئاسانترە وەکوو دەفەرموێ: ﴿هو الذي يبدأ الخلق، ثم يعيده وهو أهون عليه﴾(الروم/٢٧).

ئەمجار پەروەردگار بەشوێن ئەم ئینکاری کردنەی کافرەکان دا سوێندێکی هەڕەشەئامێز بەزاتی خۆی دەخوا، ئەمەش گەورە ترین سوێندو سامناکترین هەڕەشەیە لەموشریکەکانو دەفەرموێ: ﴿فوربك لنحشرنهم﴾ سوێند بەخودای تۆ ئەی موحەممەد ئێمە ئەو موشریکو بێ بڕوایانە پاش زیندوکردنەوە لەسارای مەحشەردا کۆیان دەکەینەوە، بەتەنیا ئەوان کۆناکەینەوە، بەڵکوو ﴿والشياطين﴾ لەگەڵ ئەو شەیاتینیانەی کە لەدونیادا هاوڕاو هاو رەوشت بوونو گومڕایان کردن ئەوانیشیان لەگەڵ تێکەوە دەپێچینو راپێچی سارای مەحشەریان دەکەین بۆ لێکۆڵینەوەو لێ پرسینەوەو تۆڵە لێ ستاندن. ئەمەش بۆ زێدە سزاو ئازاردانی دەروونی بۆیان، بۆ ئەوەی

پەنجەی پەشیمانی بگەزن، بزانن چەندە نەفامو هەڵخەڵەتاو بوون، بیر بکەنەوە: کە بۆچی ئەوەندە نەفام بوون شوێنی ئەم شەیتانانە کەوتن.

ئەمجار قورئان دیمەنێکی سامناکی رادەنوێنێو وێنەیەکی زیندوو هەست هەژێن دەکێشێو دەفەرموێ: ﴿ثم لنحضرنهم حول جهنم جثياً﴾ لەپاش زیندو کردنەوەو کۆکردنەوەیان لەدەشتی مەحشەردا ئەمجار هەموو ئەو کافرو موشریکانە لەدەوری دۆزەخ حازر دەکەین لەشێوەیەکی سەرنج راکێشدا، هەموویان بەسەر ئەژنۆدا کەوتوون، لەبەر ئەوە کەس خۆ بەپێوە ناگرێ، ناتوانێ لەسەر قاچی بوەستێ!

خوێنەری هێژا! بۆ خۆت بەخەیاڵ ئەو دیمەنە بێنە پێش چاوی خۆت، دیمەنی ئەو هەموو موشریکو کافرانەی: کە هەر خودا ژمارەیان دەزانێ، هەموویان لەدەوری دۆزەخ لەترسانو لەسەرمان لەقاچ کەوتونو خۆیان بەپێوە بۆ ناگیرێ، بەسەر ئەژنۆدا کەوتوونو ترسو لەرز دایگرتونو ئارەقی شەرمەزاری دەرێژنو بەچاوی خۆیان دیمەنی سامناکی دۆزەخ دەبینن، هالاوو بڵێسەی بۆیان دێت، هەست بەگەرمیو ئازاری دەکەن، چاوەڕوانن ئێستا نائێستا لەپیلی رۆ دێنو فرێی دەدەنە ناو ئەو ئاگرە بێ ئامانو سوتماکە. بێگومان قەڵەم کوڵو زمان کۆڵە لەئاست روونکردنەوەی ئەو بەسەرهاتەداهاتووە، خەیاڵیش پەی پێ نابا و هەموو تەصەورێکی ئادەمی لەئاستیا کورت دێنێ، بەبیر لێ کردنەوەی دڵ وەلەرز دێو هەست دەحەبەسێو پێست گرژ دەبێ، هەرچەندە تارمایەکی ئەو دیمەنە بەناو خەیاڵدا رادەبرێ، قەترە بەدەریایەکی لێ تەصەوور دەکرێ!

﴿ثم لننزعن من كل شيعة أيهم أشد على الرحمن عتياً﴾ پاشان بەتەئکید ئێمە لەهەموو نەتەوەو کۆمەڵ گرۆیەکی فەسادو گومڕا، سەرڕەقترینو زۆر یاخی بووەکانیان بڕ دەدەین، کێیان زیاتر سەرڕەقو خۆیەزلزانو تەجاوەزکار تر بوون بەرامبەر خودای بەرەحمو بەزەیی دەیانهێنینە

ریزی پێشەوەو لەدەوری دۆزەخ مۆڵیان دەدەین، واتە: سەرانی کوفرو رابەرانی گومڕایی لەکۆمەڵی موشریکو گومڕایان دابڕ دەکەینو راکێشی سەر لێواری دۆزەخیان دەکەین بۆ ئەوەی پێشتر فڕێیان بدەینە ناو دۆزەخەوە.

واتە: لەسەرتاوە هەموو تاوانکاران لەدەوری دۆزەخ لەسەر ئەژنۆیان مۆڵ دەدەین، ئەمجار هەر کەس تاوانبارترو یاخی‌تر بووبێ لەخوداو زیاتر سەرپێچی کردبێ لەپێشەوە ئەوانە توڕ دەدەینەناو دۆزەخەوە.

﴿ثم لنحن أعلم بالذين هم أولى بها صلياً﴾ ئەمجار ئێمە بێگومان زۆر باش دەزانینو لەهەموو کەس شارەزاترین بەوانەی شایانترن بەدۆزەخو چونە ناویو سوتان بەئاگرە بێ ئامانەکەی، دەزانین کێ شیاوی ئەوەیە فڕێی بدەینە ناو دۆزەخەوەو بۆ هەتا هەتایە تێیدا بمێنێتەوەو سزای دوچەندانەو زیاد بچێژێ! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿لكل ضعف، ولكن لاتعلمون﴾(الأعراف/٣٨).**

ئەمجار پەروەردگار هەواڵی ئەوەمان پێ دەدا: کە هەموو ئادەمیزاد دەچنە ناو دۆزەخەوەو دەفەرموێ: ﴿وان منكم الا واردها، كان على ربك حتماً مقضياً﴾ هیچ کەس نیە لەئێوەی ئادەمیزاد ئیللا لەرۆژی قیامەتدا دەچێتە سەر لێواری دۆزەخو بەسەر پردی صیراطدا تێدەپەڕێ، ئەم لێ نزیکبوونەوەو تێپەڕینە بەسەر دۆزەخدا کارێکی حەتمیو بڕیار لەسە ردراوە، پەروەردگار حوکمی پێ کردوەو بڕاوەتەوە، هەر دەبێ بێتە جێو پاشگەزبوونەوەی تێدا نیە.

هەندێک پێیان وایە (وارد) بوونی دۆزەخ بەمانا نزیکبوونەوەیە لێی. بەم جۆرە لەدەورو بەری دۆزەخ کۆبکرێنەوە.

هەندێکی تر دەڵێن: (وارد) بوونی دۆزەخ بەمانا چوونە ناویەتی هەرچی ئادەمیزاد هەیە بەچاکو خراپیانەوە دەبێ بچنە ناو دۆزەخ، جابەڵام بۆ

موسوڵمانان ساردو سەلامەتەو نایانسووتێنێ وەکوو چۆن بەفەرمانی خودا ئاگر ئیبراهیمی نەسوتاندو بۆی ساردو سەلامەت بوو.

وەلێ رای صەحیح ئەوەیە کە (وارد) بوون لێرەدا بەمانا تێپەڕبوونە بەلایدا یان بەسەریدا. بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەی: کە ئیبنو ئەبی حاتەم لەئیبنو مەسعودەوە ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: ((**يرد الناس جميعاً الصراط وورودهم قيامهم حول النار، ثم يصدرون عن الصراط بأعمالهم، فمنهم من يمر مثل البرق، ومنهم من يمر مثل الريح، ومنهم من يمر مثل الطير، ومنهم من يمر كأجود الخيل، ومنهم من يمر كأجود الأبل، ومنهم من يمر كعدو الرجل حتى أخرهم مرا رجل نوره على موضع ابهامي قدميه، يمر فيتكفأ به الصراط، والصراط دحض مزلة، عليه حسك كحسك التقاد، حافتاه ملائكة معهم كلاليب من نار، يختطفون بها الناس**)). ئەم فەرموودە ئیبنو مەسعوود لەپێغەمبەری ژنەوتووە.

ئیبنو جەریر لەئیبنو مەسعودەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: ((**الصراط على جهنم مثل حد السيف فتمر الطبقة الأولى كالبرق، والثانية كالريح، والثالثة كأجود الخيل، والرابعة كأجود البهائم، ثم يمر والملائكة يقولون: اللهم سلم سلم**)).[9]

مامۆستا سەیید ئەو مانایەی بەلاوە پەسندە: کە بگوترێ (واردها) لەئایەتەکەدا بەمانا نزیکبوونەوەو تێپەڕبوونە بەلای دۆزەخدا، دەفەرموێ: موسوڵمانان ئەم دیمەنە سامناکە دەبینن و لەدۆزەخ نزیک دەبنەوەو بەلای دا تێدەپەڕن، دەبینن دۆزەخ لەکڵەودایەو لرفەی دێ، دەبینن دیکتاتۆرو سەرڕەقو گومڕاکانی دونیا یەکە یەکە فڕێ دەدرێنە ناو دۆزەخەوە ﴿ثم ننجي الذين

(٩) ئەم دوو فەرموودەیە لەصەحیحی مسلمدا هەن بەلام بەهەندێ جیاوازی لەوشەو رستەیاندا. صەحیحی موسلیم لە(الإيمان)دا (١٨٣) باب(٨١) مانای (دحض مزلة) شوێنێکە کە قاچ لەسەری ناوەستێ.

اتقوا﴾ پاش ئەوەی هەموو ئادەمیزاد لەدەوری دۆزەخ کۆکرانەوە، ئەوەی کەوتە ناو دۆزەخەوە کەوتە ناوی لەکافرو یاخی بوان، ئەمجار تەقواکارو خۆپارێزان لەتاوان بەگوێرەی کردەوەکانیان رزگار دەکەین داڵدەیان دەدەین‌و ناهێڵین بکەونە ناو دۆزەخەوە، بەهۆی ئیمان‌و کردەوەیانەوە بەسەر پردی صیراطدا تێپەڕ دەبن، ﴿ونذر الظالمين فيها جثيا﴾ کافرو ستەمکارو یاخی بووەکان لەدۆزەخدا دەهێڵینەوە بەشێوەی بەچۆکاهاتوویی، لەسەر ئەو شێوەی کە لەدەوری دۆزەخ گرد کرابوونەوە ئاوا لێیان دەگەڕێین با لەناو دۆزەخدا بسوتێن، هاتنە دەرەوەیان نیە، توانای رزگار بوونیان نیە.

هەڵبەتە ئەوانە لەدۆزەخدا دەمێننەوە کە خودا بڕیاری مانەوەی هەتا هەتایی بۆ دابن. بەڵام تاوانبارانی موسوڵمان دوای تۆڵە لێ ستاندنیان بەگوێرەی تاوانەکانیان لەئاگر رزگاریان دەبێ، هەر کەسێک جارێک بەراستی (لا إله إلا الله)ی گوتبێ با کردەوەی چاکیشی نەکردبێ پاش تۆڵە لێ وەرگرتنەوە لەسەر تاوانەکانی لەدۆزەخ رزگار دەکرێ.

بێگومان بینینی‌و نزیکبوونەوەی هەموو ئادەمیزاد لەدۆزەخ‌و تێپەڕبوون بەسەریدا کارێکی واقیع‌و شتێکە هەر دەبێ‌و نەبوونی محاڵە! دەبێ هەموو ئادەمیزاد بەموسوڵمان‌و نامۆسوڵمانەوە دۆزەخ ببینن‌و لێی نزیک ببنەوە جا خودا پەرستان لێی رزگار دەبن‌و ستەمکاران تێی دەکەون.

ئیبنو عەبباس‌و ئیبنو مەسعودو کەعبولئەحبارو (السدّی)و حەسەنی بەصری وشەی (وارد) لەئایەتەکەدا کە لەچاوگەی (ورود) وەرگیراوە بەمانا رۆییشتن بەسەر پردی صیراطدا تەفسیریان کردوە.

حەسەن بەراشکاوی دەڵێ: (ورود) لەئایەتەکەدا بەمانا چونە ناو نیە. ئەوەتا لەزمانی عەرەبیدا دەگوترێ: (وردت البصرة ولم أدخلها) کەوابوو (واردها) بەمانا رۆییشتن بەسەر پردی صیراطدایە، ئەمجار دەڵێ: ئەوەتا خودا بۆخۆی دەفەرموێ: ﴿ان الذين سبقت لهم منا الحسنى أولئك عنها

مبعدون﴾(الأنبياء/١٠١). واتە: ئەوانەی تۆفیقمان داون بۆ کاری خێر بڕیاری ئەوەمان داوە چاکەیان لەگەڵ بکەین ئەوانە لەدۆزەخ دوور دەخرێنەوە.. دەی کەسێک خودا بۆی بەرعۆدە بووبێ لەدۆزەخ دووری بخاتەوە چۆن تەصەوری ئەوە دەکرێ بچێتە ناو دۆزەخەوە؟!

هەروەها پەروەردگار لەئایەتی ژمارە (١٠٢)ی هەمان سورەتدا دەربارەی ئەو خوداپێداوانە دەفەرموێ: ﴿لايسمعون حسيسها﴾ دەنگی بڵێسەی ئاگری دۆزەخ نابیسن، دەی ئەگەر ئەوانە بچنە ناو دۆزەخەوە دەنگی بڵێسەی ئاگرەکە دەبیسن. لەلایەکی ترەوە قورئان لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وهم من فزع يومئذ آمنون﴾(النمل/٨٩).

هەندێکی تر لەموفەسسرین دەفەرموون: راناوی (منكم) لەئایەتەکەدا تایبەتە بەکافرەکانەوە. واتە: ئەی موحەممەد! بەکافرەکان بڵێ: هەر یەکێ لەئێوە دەبێ بچێتە ناو دۆزەخەوە.

وەلێ زوربەی زانایانی تەفسیر دەفەرموون: راناوی (منكم) لەئایەتەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئادەمیزاد بەکافرو موسوڵمانیەوە، وەلێ ئاگرەکە بۆ موسوڵمانان ساردو سەلامەت دەبێو بەسەلامەتی لێی رزگار دەبن.

خالیدی کوڕی میعدان دەڵێ: کە ئەهلی بەهەشت چوونە ناو بەهەشتەوە لەناو خۆیاندا دەڵێن: ئەرێ خودای ئێمە نەیفەرموو ئێمە دەچینە ناو دۆزەخەوە؟ ولامیان دەدرێتەوە، بەڵێ چوونە ناوی وەلێ ئاگرەکە بۆتان بوو بەخۆڵەمێش.

قورطوبی دەفەرموێ: ئەم رایە هەموو رایەکان کۆ دەکاتەوە چونکە کەسێک چووە ناو دۆزەخەوەو بەگەرمایی‌و بڵێسەی ئاگرەکە ئەزیەتی نەبینی مانای وایە لەئاگرەکە دوور خراوەتەوەو لێی رزگار بووە!!

هەڵخەڵەتانی موشریکەکان بەخۆشگوزەرانی‌و لەشساغی‌و ساماندارییان لەدونیادا

وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا ﴿٧٣﴾ وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَٰثًا وَرِءْيًا ﴿٧٤﴾ قُلْ مَن كَانَ فِى ٱلضَّلَٰلَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ مَدًّا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ إِمَّا ٱلْعَذَابَ وَإِمَّا ٱلسَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضْعَفُ جُندًا ﴿٧٥﴾ وَيَزِيدُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ هُدًى ۗ وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا ﴿٧٦﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار بەڵگەی لەسەر موشریکە قورەیشییەکان راست کردەوە، بەبەڵگە ئەوانەی بۆردان کە ئینکاری زیندو بوونەوەیان دەکرد ئەمجار وێرای هەرەشەکردن لێیان شوبهەو بیرو بۆچونێکی هەڵەی تریان رادەنوێنێ ئەویش ئەوە بوو بەموسوڵمانەکانیان دەگوت: ئەگەر راست دەکەن ئێوە لەسەر حەقن‌و ئێمە لەسەر بەتاڵین، دەبوایە حاڵو گوزەرانی دونیاتان لەهی ئێمە خۆشتر بوایە، چونکە ناگونجێ خودای حەکیم‌و دانا خۆشەویستانی خۆی بخاتە عەزاب‌و زەلیلی‌یەوە، دوژمنەکانیشی بخاتە خۆشی‌و شکۆمەندییەوە، جا کە واقیع ئێستا بەپێچەوانەوەیە مانای وایە ئێمە لەسەر

حەقینو ئێوە لەسەر بەتاڵن، ئەوەتا ئێمە لەخۆشگوزەرانیو روفاهیەتداین لەشساغو ساماندارینو لەسەر حەقین، ئێوە لەتەنگو چەڵەمەو ناخۆشیدان فەقیرو لەش بەبارن کەوابێ ئێوە لەسەر بەتاڵن!

ئیتر پەروەردگار رەددی دانەوە، فەرمووی: کافرو بتپەرستە پێشینەکان لەئێوە خۆشگوزەرانترو ساماندارتربوون کەچی خودا بەعەزابی ریشەکەر لەناوی بردن، کەوابێ پێدانی نازو نیعمەتی دونیا بەکەسێک نابێتە نیشانەی خۆشەویستی خودا بۆ ئەو کەسە، هەروەکوو ناردنی نەخۆشیو هەژاریو تەنگو چەڵەمە بۆ سەر کەسێکی تر نابنە نیشانەی ئەوە کە خودا ئەو کەسەی ناخۆش دەوێ.

دەگێڕنەوە دەڵێن: بێژەری ئەم قسە نابەجێیە (النضر)ی کوڕی (الحارث)و هەواخواهانی بوون، کاتێک کە بینیان هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ پۆشاکیان شڕو ژیانیان زبرو کولەمەرگییە، بۆخۆشیان لەرابواردنو خۆشیدا بوون ئیتر ئەو بیرو بۆچوونەیان لەلا گەڵاڵەبوو.

دەفەرموێ: ﴿وإذا تتلى عليهم آياتنا بينات قال الذين كفرو للذين آمنوا:﴾ هەر کاتێ ئایاتی قورئان بەسەر ئەو موشریکە سەرڕەقانەدا بخوێندرێتەوە، بەڵگەو نیشانەی ئاشکراو روون لەسەر تاکو تەنهایی خودا بەگوێیاندا بدرێ، رووی خۆیان وەردەگێڕنو پشت هەڵدەکەن، بەفیزەوە خۆیان هەڵدەنێنەوە، فەخرو شانازی بەسەر موسوڵمانەکاندا دەکەن، لەشساغیو سامانداریی خۆیان دەکەنە بەڵگەی راستی ئایین و بیرو باوەڕیان، رو دەکەنە موسوڵمانەکانو پێیان دەڵێن: ﴿أي الفريقين خير مقاماً وأحسن ندياً﴾ کام لا لەئێمەو لەئێوە شوێنو مەنزڵی خۆشترە، خانوو بەرەی پەرداخو رازاوە ترە؟ کێمان لەشساغ ترو پۆشتەو پەرداخ ترین؟ کێمان یارمەتیدەرو لایەنگیرمان زۆرە؟ کێمان دیوەخانو کۆڕو مەجلیسی قەرەباڵغ ترو رازاوە ترە؟؟ چۆن ئێمە بەو هەموو دونیا بەیدەست بوونە بۆمان لەسەر بەتاڵینو ئێوە بەو هەژاریو

کەم دەرامەتیەوە لسەر حەقن؟؟ هەرگیز ئەمە راست نایاتەوەو ناچێتەوە عەقڵەوە! چۆن دەبێ ئەو روتو رەجالانەی لەماڵی (الأرقم)دا خۆیان شاردۆتەوە لەسەر حەق بنو ئێمە بەو هەموو شکۆمەندیو دەسەڵاتو ساماندارییەوە لەسەر بەتاڵ بین؟؟ وەکوو لەئایەتێکی تردا پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿**وقال الذين كفروا للذين آمنوا: لو كان خيراً ماسبقونا إليه**﴾(**الأحقاف/١١**).

بەڵێ ئەو نەفامە لەخۆیایی بوانە بەرواڵەتی حاڵو وەزعی جیهانیان لەخۆیایی بوونو پێیان وایە: هەر کەسێ سامانداروو دونیا پێدراو بێ لەسەر حەقەو رێبازی راستی گرتووە! هەر کەسێکیش هەژارو نەدار بێ لەسەر ئایینی بەتاڵو پووچە!

ئای کە پێوەرێکی هەڵەیان داناوەو بەتەرازوێکی لار شتەکان دەکێشن! قیاسو مەنطیقێکی خوارو خێچیان داناوە! چەن بەهەڵەچوونو چۆن بیرو بۆچونیان هێرو ناڕێکە!

ئیتر خودای مەزن رەددی شوبهەو بیرو بۆچونەکەیانی دانەوەو فەرمووی: ﴿**وكم أهلكنا قبلهم من قرن هم أحسن أثاثاً ورئيا**﴾ زۆر لەگەلو نەتەوە رابوردوەکانمان بەهیلاک بردون لەوانەی پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستونەوە، بەردەوام بوون لەسەر کوفرو بێدینی خۆیان، ئێمە ریشەکێشمان کردن، وەلحال ئەوانە زۆر لەئەمان شۆخو شەنگترو پۆشتەو پەرداخترو پتر خاوەن ماڵو سامانو کەلو پەلو ئامێربوون، دەی شۆخو شەنگیو دەوڵەمەندییان نەبوە لەمپەر لەبەردەم ویستی خودادا، کاتێ ویستی لەناویان بەرێ.

بەکورتی :

دیاردەی دەوڵەمەندیو دەست رۆیشتویی پۆشتەو پەرداخیو شۆخو شەنگی نیشانەی ئەوە نیە کە لای خودا ئەوانە خۆشەویستن، ئەوە مێژوو

شاهیدە پەروەردگار زۆر گەلو نەتەوەی خۆشگوزەرانی لەناوبردنو هـەژارو بـێ نەوای صالْحو راستاڵی رزگار کردون.

بێگومان ئەمە هەڕەشەیە لەو دەوڵەمـەندە موسوڵمانە گێلانـەی پێیـان وایە گوزرانخۆشییان لەجیهاندا نیشانەی ئەوەیە خـودا لێیـان رازییـەو حـاڵی قیامەتیشیان خۆش دەبێ!

ئەمجار پەروەردگار جەخت لەسـەر هەڕەشـەکانی دەکاتـەوە دەفـەرموێ: ﴿قل: من كان في الضلالة فليمدد له الرحمن مـداً﴾ ئـەی موحەمـەد! بـەو موشریکە بێ باوەڕانە بڵێ: کە لافـی ئـەوە لێ دەدەن ئەوانـە لەسـەر حـەقنو ئەتۆ و شـوێنکەوتوانت لەسـەر بـەتاڵن، پێیـان بڵـێ: لەئێمـەو لـەئێوە هـەر لایەکمان لەسەر رێبـازی گومڕایـی بـین، ئـەوە پـەروەردگار سزای دەدا بـەوە مۆڵەتی دەدا لەگومڕاییدا بمێنێتەوەو زیاتر گومڕاببێ هەتا کاتی ئەوەی دێ گیـانی بکێشـرێو تەمـەنی تـەواو ببـێ، ئـەمجار بیخاتـە نـاو دۆزەخـەوەو بەتوندترین سزا تۆڵەی خراپەکارییەکانی لێ بستێنێ!

ئەمەش دابـو نەرێتی خودایە، پشی پشی ستەمکارانو یاخی بووان بکا، لێیان بگەڕێ لـەگومڕایی خۆیـاندا بمێننـەوە، بەڵکوو زیـاتر نـازو نیعمـەتی دونیایان پێ دەدا بۆ ئەوەی زیاتر لەگومڕاییدا رۆبچنو شیاوی عـەزابو تۆڵـە لێ ستاندن بن. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إنما نملي لهم ليزدادوا اثمـاً﴾(آل‌عمـران/١٧٨). یـــان دەفـــەرموێ: ﴿ونذرهـم في طغيانـهم يعمهون﴾(الأنعام/١١٠).

بەکورتی پەروەردگار ئەوانە ئیستیدراج دەکاو بەپشی پشی کێشیان دەکا ﴿حتى إذا رأوا مايوعدون اما العذاب واما الساعة﴾ هەتا بـەچاوی خۆیـان ئەوەی وادەیان پێدراوەو هەڕەشەیان پـێ لێ کراوە دەیبینـن: جـا ئەوعەزابـە عـەزابی دونیایـە بـەگرتنو شـەڕ لەگـەڵ کـردنو ترسـاندنو کوشـتنو بڕیـنو تـاڵانکردن: وەکـوو لەجـەنگی بـەدردا روی دا، یـان هـاتنی رۆژی قیامـەتو

زیندوبوونەوەیانە بەناگەهانیو لەنکاو دووچار بوونیان بەو هەموو عەزابو تەنگو چەڵەمەیەی تێی دەکەون، ئیتر ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوێ کێ شوێنی ناخۆشو خەسارەتمەندە، کێ بێ پشتیوانو بێ دەسەڵاتو مایە پوچە؟ دەزانن کێ بەختەوەرو خودا پێداوە، بەپێچەوانەی بیرو بۆچوونی دونیایان: کە بەدیوەخانو لەشساغیو ساماندارى خۆیان هەڵخەتابوونو پێیان وا بوو لەقیامەتیشدا هەمان تاسو حەمامە!

ئەو کاتە حەقیقەتیان بۆ دەردەکەوێو بۆیان ئاشکرا دەبێ: کە ئەوان بێ هێزو بێ دەسەلانن، خواردنیان کێمو زوخاوو قەترانو ئاوی کولاتووە، پۆشاکیان لیباسی ئاگرینە، دەمو چاو هەڵقرچاوو هەڵپرووزاوە، ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوێ: کە لەگومڕایی دا بوونو پەشیمانن، بەڵام پەشیمان بوونەوە چ سوودیان پێ نابەخشێ.. شاعیری عەرەب دەڵێ:

ندم البغاة ولات ساعة مندم والبغي مرتع مبتغية وخيم!

ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکا: کە مۆڵەتدانی تاوانباران، خۆشیو رابواردنی جەبباران، دەوڵەمەندی ستەمکاران، نیشانەی فەزڵو هونەرو کەماڵی ئەوان نیە، بەڵکوو مەبەستی شەڕی پێیانەو ئیستیدراجکردنیانە بۆ بەتەڵەوە بوونو چوونە ناو دۆزەخ.

لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوەش دەکا: کە هەر ناخۆشیو نارەحەتیەکی تووشی موسوڵمانان دێ، هەر کەمو کوڕیەکی خودا بەسەر خۆشەویستانی خۆیدا دەهێنێ بۆ سودو قازانجی ئەوانەو بۆ زێدە پاڵفتەکردنو قالبونو لەبۆتەدانیانە، بۆ ئەوەیە شتی باشتریان بداتێ. دەفەرموێ: ﴿ويزيد الله الذين اهتدوا هدىً﴾ ئەوانە شوێن پەیامی پێغەمبەر دەکەونو ڕێگای هیدایەت دەگرنە بەر، خودا زیاتر هیدایەتیان دەدا بۆ ئیمانهێنانو ئیمان پتەو بوون، پتر شارەزایان دەکا بۆ خێرو چاکە، چونکە چاکە چاکەی لەدوایە. ﴿والباقيات الصالحات خير عند ربك ثواباً وخير مرداً﴾ ئەو بیروباوەڕە راستو پەسندەی

ئەو چاکانە هەیانە، ئەو کردارو هەڵوێستە باشانەیان کە لەدونیادا هەیانەو پابەندن پێوەی بۆیان پاشەکەوتو پەزمەندە دەبێو دەچێتە سەر رەصیدی کردەوەکانیان، ئەو خوداپەرستیو کردەوە باشانەی ئەنجامی دەدەن، ئەوە لای خودای تۆ زۆر باشترو بەسودترە لەبارەی پاداشو بەرهەمەوە بۆ پاشەرۆژ لەو نازو نیعمەتە کاتیانەی دراوە بەکافرەکانو کەشخەی پێوە دەکەنو خۆی پێوە بادەدەن بەسەر موسوڵماناندا.

ئەو طاعەتو خوداپەرستییەی موسوڵمانان سەردەکێشێ بۆ خۆشبەختیو کامەرانی هەتا هەتایی، پاداشو ئاکامی زۆر باشترە لەماڵو سامانو دیوەخانی کافرەکان، زۆر بەسوود ترە بۆ خاوەنەکانیان! پاشەرۆژی ئەوانە چاکە چونکە دەچنە ناو بەهەشتی رازاوەوە، ئەو نازو نیعمەتە نەبڕاوانەیان بەنسیب دەبێ، بەراستی لێرەداقورئان موقابەلەو بەرامبەرییەکی ئاشکراو نومایانی لەخۆگرتووە لەنێوان کافرو موسوڵماندا، ئەوەتا پەروەردگار پاداشی خوداپەرستان بەوە دەداتەوە: کە بیرو باوەڕیان پتەو دەکاو ئیمانیان زیاد دەکا، لەهەمان کاتدا پاداشی کافرەکان بەوە دەداتەوە کە زیاتر پشی پشییان دەکا بۆ زێدە گومڕابونو رۆچوون لەگومڕاییدا. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿وإذا ما أنزلت سورة، منهم من يقول أيكم زادته هذه إيماناً، فأما الذين آمنوا فزادتهم إيماناً، وهم يستبشرون. وأما الذين في قلوبهم مرض فزادتهم رجساً إلى رجسهم، وماتوا وهم كافرون﴾(التوبة/١٢٤-١٢٥).**

قسە نابەجێیەکانی موشریکەکان دەربارەی زیندوبوونەوەو حەشر

أَفَرَءَيْتَ ٱلَّذِى كَفَرَ بِـَٔايَـٰتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٧٧﴾ أَطَّلَعَ ٱلْغَيْبَ أَمِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَـٰنِ عَهْدًا ﴿٧٨﴾ كَلَّا ۚ سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُۥ مِنَ ٱلْعَذَابِ مَدًّا ﴿٧٩﴾ وَنَرِثُهُۥ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا ﴿٨٠﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار چەند بەڵگەیەکی هێنایەوە لەسەر راستی هاتنی رۆژی قیامەت، ئەمجار گومانو بیرو بۆچوونی ئەوانەی باس کرد: کە ئینکاری زیندو بوونەوە دەکەن. پاشان دێتەسەر گێرانەوەی هەندێ قسەی نابەجێیان کە بەلاقرتێوە ئاراستەی موسوڵمانانی دەکەن بەمەبەستی گاڵتەپێکردنو تانەو تەشەردان لەئایینو هاتنی رۆژی قیامەتو حەشر.

ئیمامانی فەرموودە ئەحمەدو بوخاریو موسلیمو تیرمیذیو طبەرانیو ئیبنو حەببانو هی تریش لەخەبابی کوڕی ئەرەتەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێ: من کابرایەکی ئاسنگەربوم، قەرزم لەسەر (العاص)ی کوڕی وائیل بوو، چوومە لای بۆ ئەوەی قەرزەکەمی لێ وەربگرمەوە. وتی: سوێندم وابێو وابێ هەتا لەئایینی موحەممەد ژێوان نەبیەوە ناتدەمەوە، دەڵێ: منیش پێم گوت: وەڵلا هەرگیز من لەو ئایینەی موحەممەد هێناویەتی ژێوان نابمەوە، هەتا دەمریو پاشان زیندو دەبیەوە لەوێ مافی خۆمت لێ دەستێنم، (العاص) وتی: باشە: کە مردمو دوایی زیندو کرامەوە وەرە بۆ لام ئەو کاتە ماڵو

منداڵو سامانم زۆر دەبێ ئەوسا حەقی خۆتت دەدەمێ، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نازڵ کردو فەرمووی:

﴿أفرأيت الذي كفر بآياتنا، وقال لأوتين مالاً وولـــداً﴾ ئایا هەواڵت نەدەمێ بەسەر گورشتەی ئەو کافرەی کە سنورشکێنی دەکاو رێگە بەخۆی دەدا بەریەرەکانی خودا بکا، جورئەت بەرامبەر خودا بنوێنێ وەندە بێ شەرمو حەیا بێ بڵێ من لەقیامەتدا ماڵو منداڵو سامانم پێ دەدرێ؟!!

ئیتر پەروەردگار بیرو بۆچوونی ئەم جۆرە کەسانە پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە قسەیەکی بێ بەڵگەو بیرو بۆچونێکی پۆچو بێ بناغەیە، پشتی نەبەستووە بەبەڵگەیەکی غەیبیو وادەو بەڵێنێکی خودایی. بەسەرسامیو تەعەجوبەوە وێڕای دەربڕینی بێزاری لەو وتە نابەجێیەیان دەفەرموێ: ﴿أطلع الغيب أم اتخذ عند الرحمن عهداً﴾ ئایا ئاگاداریی بەسەر غەیبدا هەیە؟ یان لەخوداوە وادەو بەڵێنێکی لەو بارەوە وەرگرتووە؟ واتە: ئەوەی ئەو کافرە سەررەقە دەیڵێ: بەیەکێ لەو دوو رێگایە نەبێ نازانرێ، دەی خۆ ئەو هیچ کامێ لەم دوو رێگایەی بۆ دەستەبەر نەبووە.. کە دەفەرموێ: (أطلع الغيب) ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئاگادار بوون بەسەر زانیاری غەیبیدا کارێکی زەحمەتو گرانە، بۆ هەموو کەس نابێ، چونکە خودا کەس بەسەر غەیبدا ئاگادار ناکا مەگەر کەسانێک کە لێیان رازییە لەپێغەمبەران.

ئەمجار پەروەردگار هەڕەشەی توندیان لێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿كـــلا﴾ ئەوەی ئەو بەتەمایەتی وا نیەو نایەتەدی، بەهەڵەچووە ﴿سنكتب مـــا يقول﴾ ئەوەی دەیڵێ: بۆی دەنووسینو بۆی پەزمەندە دەکەینو لەقیامەتدا سزای دەدەینەوە، ناهێڵین بەسەریەوە بچێ، ﴿ونمدّ له من العـــذاب مـــداً﴾ سزاو عەزابی بۆ زیاد دەکەین لەسەر ئەو قسە ناشیرینو نابەجێیانەی، کافربوونی بەخوداو بڕوا نەکردنی بەپێغەمبەری خوداو گاڵتەکردنی بەئایینی خودا، لەباتی ئەوەی لەقیامەتدا ماڵو سامانو منداڵی بدەینێ عەزابی بۆ زیاد

دەکەین، ﴿ونرثه ما يقول: ويأتينا فـــرداً﴾ لـەدونیا دەیمرێنـینو ئـەو مـاڵو سامانەی هەیەتی بەمیرات دەدرێ بەیـەکێکی تـرو هـەمووی لێ دەسـتێنین، ڕۆژی قیامـەت دێ بۆ لای ئێمە بەروتو قوتی نەماڵی لەگەڵە نە منداڵی پێیە، هەرچی لەدونیادا هـەی بـووە هـەموویان لێ ستاندۆتەوە، دەی چۆن بەتـەما ئەوەیـە لەقیامـەتدا مـاڵ و سـامانی بدەنـێ؟ وەکـوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿ولقـد جئتمونـا فـرادى كمـا خلقنـاكم اوّل مـرة وتركتـم مـا خولناكم وراء ظهوركم﴾(الأنعام/٩٤).

ڕەتدانەوەی بتپەرستەکان لەلایەن بتەکانیانەوە

وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُواْ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾ كَلَّاۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا ﴿٨٢﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّآ أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا ﴿٨٣﴾ فَلَا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْۖ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا ﴿٨٤﴾ يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَٰنِ وَفْدًا ﴿٨٥﴾ وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا ﴿٨٦﴾ لَّا يَمْلِكُونَ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَنِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَٰنِ عَهْدًا ﴿٨٧﴾

پەروەردگار لەوەپێش باسی حەشرو نەشرو زیندو بوونەوەی کرد، ئـەمجار ڕەددی بتپەرستەکان دەداتەوە، بیروبۆچونی ئەوانە پوچ دەکاتەوە: کە بتەکانیان کردونە خودای خۆیان بەهومێدی ئەوە ڕۆژی قیامەت بۆیان ببنە پشتو پـەناو

شەفاعەتیان بۆ بکەنو لەتەنگو چەڵەمەو بەهیلاکچوون رزگاریان بکەن! ئەوە روون دەکاتەوە: کە ئەو پەرستراوانە رۆژی قیامەت دەبنە دوژمنیان نەک پشتیوان بۆیان، ئەوەش رون دەکاتەوە: کە هۆی گومڕابوونەکەیان وەسوەسەو ختوکەی شەیاتینییەکانە، فەرمانیشی بەپێغەمبەر ﷺ کرد: کە پەلە لەهاتنی عەزابی ئەو موشریکانە نەکا، تەمەنو مانەوەیان لەدونیادا ماوەیەکەو بەسەر دەچێ.

ئەمجار بەرامبەرىو پێک گرتنێک لەنێوان دیمەنی چوونی موسوڵمانان بۆ بەهەشتو راپێچکردنی کافرەکان بۆ دۆزەخدا ئەنجام دەدا.

دەفەرموێ: ﴿واتخذوا من دون الله آلهة ليكونوا لهم عزاً﴾ سەیرە! ئەو کافرو موشریکانەی ئایاتی خودا رەتدەکەنەوە، جگە لەخودا چەند شتێکیان کردوە بەپەرستشی خۆیانو بەندایەتییان بۆ دەکەن، بەتەمای ئەوەن لەلای خودا پشتگیرییان لێ بکەنو نەهێڵن خودا عەزابیان بدا، بەهومێدی ئەوەن بۆیان ببنە شەفاعەتکارو لەخودایان نزیک بکەنەوە، هەڵبەتە موشریکەکان هەیان بوو فریشتەی دەپەرست، هەیانبوو جندۆکەی دەپەرست، هەیانبوو بەردو داری دەتاشىو دەیپەرست، بەخەیاڵی خۆیان ئەم پەرستراوانە دەبنە شەفاعەتکارو کۆمەگیکار بۆیان. جا پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿كلا: سيكفرون بعبادتهم، ويكون عليهم ضداً﴾ کار بەو شێوە نیە: کە ئەوان تێی گەییشتونو بەتەمان، نەخەیر بەهەڵەچونو ئاواتو هومێدیان نایەتە جێ، بەڵکوو پەرستراوەکانیان تەنانەت ئەوانەشیان کە بێ گیانن خودا وەزمانیان دێنێو بەدرۆیان دەخەنەوە، ئینکاری عیبادەتو پەرستشی ئەوان دەکەن، خۆیانیان لێ دوور دەخەنەوە، یەخەی خۆیانیان لێ دادەڕنن، لەجیاتی ئەوە شەفاعەتیان بۆ بکەن دەبنە دژو دوژمن بۆیان، بەپێچەوانەی ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکەن، بەدرۆیان دەخەنەوەو دەڵێن: درۆ دەکەن ئێوە عیبادەتی ئێمەتان نەکردوە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وإذا رأى الذين

اشركوا شركاءهم قالوا: ربنا هؤلاء شركاؤنا الذين كنا ندعو من دونك فألقوا إليهم القول انكم لكاذبون﴾(النحل/٨٦). یان دەڵێن: ﴿**ما كانوا ايانا يعبدون**﴾(القصص/٦٣). یان دەفەرموێ: ﴿**إذ تبرأ الذين اتبعوا من الذين اتبعوا ورأوا العذاب، وتقطعت بهم الأسباب**﴾(البقرة/١٦٦).

ئەوە حاڵو وەزعییانە لەگەڵ بتو پەرستراوەکانیان لەرۆژی قیامەتدا بەو جۆرە رەد دەدرێنەوەو بەدرۆ دەخرێنەوە، ئەی دەبێ حاڵی ئەو کافرانە لەگەڵ شەیاتینی‌یەکان لەدونیادا چۆن بێ؟ دەفەرموێ: ﴿**ألم تر أنّا أرسلنا الشياطين على الكافرين تؤزهم أزاً**﴾ ئەتۆ نەتزانیوە ئەی موحەممەد! کە ئێمە شەیاتینیمان بەسەر کافرەکاندا زاڵ کردون، جێگیرمان کردوون بۆ گومڕا کردنیان، دەنە دەنەیان دەدەن، هەڵیان دەنێن بۆ ئەنجامدانی تاوانو رۆچوون لەگومڕایی‌دا. هەڵیان دەخلێنن بۆ ئەوەی بکەونە ناو زلکاوی تاوانەوە، رێگای کوفرو بێدینییان بۆ جوان دەکەن، ئیزن دراون بۆ گومڕاکردنی ئادەمیزاد، لەو کاتەوە شەیتان داوای لەخودا کرد: کە رێگەی بدا ئادەمیزاد گومڕا بکا، ئەم ئیزنەیان وەرگرتووە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**واستفزز من استطعت منهم بصوتك، وأجلب عليهم بخيلك ورجلك وشاركهم في الأموال والأولاد**﴾(الإسراء/٦٤).

کەوابو ئەی پێغەمبەر! ئەتۆ دڵتەنگ مەبە، هۆی ئیمان نەهێنانەکەیان ئەوەیە: شەیاتینی دەنووکیان لەسەریانەو بەرەو گومڕایی رایان دەدەنو ناهێڵن روو لەرێبازی هیدایەتو بەختەوەری بکەن، هۆی کەمتەرخەمی تۆ نیە لەبانگەوازیو هەوڵو تێکۆشانتدا. ئەتۆ ئەرکی خۆت ئەنجام داوەو پەیامی خۆت گەیاندوە، ئیمان نەهێنانەکەیان بەهەند مەگرەو پێی دڵتەنگ مەبە ﴿**فلا تعجل عليهم**﴾ ئەی موحەممەد! پەلەی ئەوەیان لێ مەکە زوو لەناو بچن، داوای هاتنی عەزابی ریشەکێشکەرو کۆکوژیان لێ مەکە، داخوازی ئەوە مەبە بەهۆی سوور بوونیان لەسەر کوفرو بێدینی هەموانیان لەناو بەرین،

چونکە ماوەی ژیانیان کورتەو کاتی لەناو بردنیان نزیکە، ﴿انما نعدّ لهم عداً﴾ چەند رۆژو کاتێکیان لەدونیادا ماوە، رۆژو سەعاتیان لێ دەژمێرین، هەتا سەروکارو کردەوەیانمان کۆنترۆڵ کردوە، لێیان دەگەڕێین بۆ کاتو ساتێکی دیاریکراو کە کۆتایی تەمەنیانە، ئەو کاتە حیسابو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین سزای شیاوی خۆیان وەردەگرن، ئەوان بەرەو عەزابەکە دەچنو عەزابەکەش بەرەو رویان دێ ماوەی نێوان ئەوانو عەزابی سەخت چەند رۆژو ساتێکەو بەم زوانە یەخەیان دەگرێ، هەموو شتێکی چاوەڕوانکراوو لەمەدوا هاتوو نزیکە، هاکا پەیدابوو، هاکا یەخەی گرتن ﴿ولا تحسبن الله غافلاً عما یعمل الظالمون﴾(ابراهیم/٤٢). یان دەفەرموێ: ﴿فمهل الکافرین أمهلهم رویداً﴾(الطارق/١٧). یان دەفەرموێ: ﴿نمتعهم قلیلاً ثم نضطرهم إلی عذاب غلیظ﴾(لقمان/٢٤).

ئەمجار پەروەردگار دیمەنێکی رۆژی قیامەت رادەنوێنێ، وێنەی سەرەنجامی حیسابو لێکۆڵینەوە دەکێشێو دەفەرموێ: ﴿یوم نحشر المتقین إلی الرحمن وفداً﴾ ئەی پێغەمبەر! باسی ئەو رۆژە بۆ گەلەکەت بکە: کە ئێمە کۆمەڵی خوداناسان کۆ دەکەینەوە بۆ لای خۆمان؛ بۆ لای خودای خاوەن رەحمو بەزەیی بەشێوەی رێزو حورمەت، دەیان بەین بۆ ناو بەهەشت بەسوارییو رێزەوە، ئیمامی عەلی دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە خوداپەرستان بەپیادە نارۆن بۆ بەهەشت، بەڵکوو ولاغی سواریان بۆ دەهێنن: کە هیچ کەس نەی بینیون، بەزینی ئاڵتونو جڵەوی زوبەرجەدەوە ئامادەکراون، بەسواری ئەو ولاغانە دەچن بۆ بەهەشت. ئەمجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە.

﴿ونسوق المجرمین إلی جهنم ورداً﴾ تاوانباران بەپیادەیی راپێچ دەکەین بۆ لای دۆزەخ، ماندوو شەکەتن تینوو برسین. بەو حاڵە دەیاندەینە بەرو

راپێچیان دەکەین وەکوو چۆن گەلە حوشترو گاران: کە راپێچی دوێلی ئاو دەکرێن!

کەس لەهانایان نایەو ﴿لایملکون الشفاعة إلا من اتخذ عند الرحمن عهداً﴾ هیچ کەسێک لای خودا مافی ئەوەی نیە شەفاعەت بۆیەکێکی تر بکا، مەگەر کەسێک لەخوداوە وادەو بەڵێنێکی وەرگرتبێ، کە شایەتیدانە بەتاکو تەنهایی خوداو راستی پێغەمبەرایەتیو هاتنی رۆژی قیامەت.

شایەتی (أشهد أن لا إله إلا الله وأنّ محمداً رَسول الله) ئەم شایەتیەی دابێو مافی خۆیشی دابێ بەشایەتیەکەی، ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دابێ، عەقیدەی راست بوبێ، لەکردارو گوفتاردا راستاڵ بووبێ، لەژیانی دونیایدا هادیو موصلیح بووبێ، ئەوە لەقیامەتدا شەفاعەت بۆ کراو دەبێ، وەلێ شەفاعەتکردنی بتو صەنەم بۆ پەرستشکارانیان ئەوە خەیاڵ پلاوەو هیچی بەسەر هیچەوە نیە، چونکە زیانو قاوانجیان بۆ خودی خۆیان نیە چ جایی بۆ غەیر!

ئیبنو ئەبی حاتەم لە(الأسود)ی کوری زەیدەوە ریوایەت دەکا؛ دەڵێ: عەبدوڵلای کوری مەسعوود ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿الا من اتخذ عند الرحمن عهداً﴾ ئەمجار فەرمووی: خەڵکینە! لەلای خودا وادەو بەڵێن وەربگرن، چونکە خودا رۆژی قیامەت دەفەرموێ: هەر کەسێ لای خودا وادەو بەڵێنی هەیە با هەڵسێ، هاوەڵان وتیان: ئەی ئەی ئەبو عەبدوررەحمان فێرمان بکە چۆن وادەو بەڵێن لەخودا وەربگرین: فەرمووی: بڵێن: (أللهم فاطر السموات والأرض، عالم الغيب والشهادة، اني أعهد إليك في هذه الحياة الدنيا الا تكلني إلى عمل يقربني من الشر ويباعدني من الخير، واني لا أثق الا برحمتك، فاجعل لي عندك عهداً تؤديه إليّ يوم القيامة، انك لاتخلف الميعاد). پەروەردگارا! ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوی، ئەی زاناو ئاگادار بەسەر هەموو نهێنیو ئاشکرایەک، ئەمن تکات لێ دەکەم کە نەمخەیە سەر کارێک

لەشەڕ نزیکم بخاتەوە، لەخێر دوورم بخاتەوە، بێگومان مـن بەتمانە بەرەحمەتی تۆ دەکەمو بەس! خودایە عەهدو پەیمانێکم لێ وەربگرە رۆژی قیامەت سوودی لێ وەربگرم، بێگومان وادەی تۆ پاشگەزبوونەوەی تێدا نیە.

مەبەست بە(عهد) لێرەدا شایەتیدانی ئادەمیزاد بەتاکو تەنهایی خوداو هەڵسو کەوت کردن بەگوێرەی ئەو شەهادەتە، چونکە ریوایەت زۆر هەن لەسەر ئەوە: کە ئەهلی فەضڵو عیلمو پیاوچاکان رۆژی قیامەت شەفاعەت دەکەن بۆ تاوانبارانو شەفاعەتەکەشیان لێ قبووڵ دەکرێ.

ئیبنو مەسعوود دەفەرموێ: لەپێغەمبەرم ژنەوت بەهاوەڵانی دەفەرموو:

((أيعجز أحدكم أن يتخذ كل صباح ومساء عند الله عهدا؟ قيل: يارسول الله وماذاك؟ قال: يقول: كل صباح ومساء: اللهم فاطر السموات والأرض عالم الغيب والشهادة، إني أعهد إليك في هذه الحياة الدنيا بأني أشهد أن لا اله الا أنت وحدك لاشريك لك وأن محمدا عبدك ورسولك، فلا تكلني إلى نفسي، فانك، ان تكلني إلى نفسي تباعدني من الخير وتقربني من الشر، واني لاأثق الا برحمتك، فاجعل لي عندك عهدا توفنيه يوم القيامة، انك لاتخلف الميعاد، فاذا قال ذلك طبع الله عليها طابعاً ووضعها تحت العرش، فاذا كان يوم القيامة نادى مناد: أين الذين لهم عند الله عهد؟ فيقول فيدخل الجنة)).

رەتدانەوەی ئەوانەی منداڵ وەپاڵ خودا دەدەن (٨٨-٩٥)

وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ﴿٨٨﴾ لَّقَدْ جِئْتُمْ شَيْـًٔا إِدًّا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ

جِئۡتُمۡ شَيۡـًٔا إِدًّا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِنۡهُ وَتَنشَقُّ ٱلۡأَرۡضُ وَتَخِرُّ ٱلۡجِبَالُ هَدًّا ﴿٩٠﴾ أَن دَعَوۡاْ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدًا ﴿٩١﴾ وَمَا يَنۢبَغِي لِلرَّحۡمَٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا ﴿٩٢﴾ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدًا ﴿٩٣﴾ لَّقَدۡ أَحۡصَىٰهُمۡ وَعَدَّهُمۡ عَدًّا ﴿٩٤﴾ وَكُلُّهُمۡ ءَاتِيهِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَرۡدًا ﴿٩٥﴾

لەوەپێش پەروەردگار رەدی بتپەرستەکانی دایەوە، ئەمجار لێرەدا رەدی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن: خودا منداڵی هەیە، رەدی موشریکەکانی عەرەب دەداتەوە: کە دەڵێن: فریشتەکان کچی خودان، رەدی موشریکەکانی جولەکە دەداتەوە: کە دەڵێن: عوزەیر کوڕی خودایە، رەدی موشریکەکانی مەسیحی دەداتەوە: کە دەڵێن: عیسا کوڕی خودایە. دەفەرموێ: ﴿وقالوا: اتخذ الرحمن ولداً، لقد جئتم شيئاً اداً﴾ کافرەکانی قورەیشو جولەکەو نەصارا دەڵێن: خودا منداڵی بۆ خۆی داناوە، منداڵی هەیە؛ موشریکەکانی قورەیش دەڵێن: فریشتە کچی خودان، جولەکەکان دەڵێن: عوزەیر کوڕی خودایە، مەسیحییەکان دەڵێن: عیسا کوڕی خودایە! بەراستی ئەو کافرە نەفامانە بەم قسەو بیرو بۆچوونانەیان هەڵوێستێکی ناشیرین دەنوێنن، قسەیەکی زۆر ناشیرینو بەعەقڵدا نەچوو دەڵێن. تاوانێکی گەورەو بەڵایەکی سامناک بۆ خۆیان دێننە دی! ئای کە بوختانێکی گەورە دەکەن! بوختانەکەیان هێندە سامناکە ﴿تكاد السموات يتفطرن منه وتنشق الأرض، وتخر الجبال هداً﴾ نزیکە ئاسمانەکان شەق بەرن، شەقار شەقار ببن! زەوی بقەڵشێو رۆچێ، کێوەکان تێک روخێنو وردو خاش ببن! خەریکە کەون وەلەرز بێ، قەبارە

زلەکانی بوونەوەر بەئەرزو ئاسمانەوە هەرچەندە بێ گیانن بکەونە لەرزەو حەجمینیان لێ هەڵگیرێ، تاوانەکە هێندە گەورەیە بێ زمان وەزمان دێنێو بێ گیان دەلەرزێنێ، ئەم رەتدانەوەو پێ ناخۆشبونو نارەزایی دەربڕینە ئاسمانەکانو زەویو کێوەکان بەشداری تێدا دەکەن، هەموویان وەکوو شەقشەقە دەکەونە لەرزەو رادەچڵەکێن ﴿ان دعوا للرحمن ولداً﴾ لەبەر ئەوەی ئەو نەفامانە منداڵ وەپاڵ خودا دەدەن، دەڵێن: خودا کوڕی هەیە کچی هەیە. بونەوەر تێکڕا ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ، وەکوو مێژوڵکێ دەلەرزێ، لەبەر بەگەورەگرتنی خوداو بەدوور گرتنی لەهەموو عەیبو نەنگییەکێ، چونکە خودا تاکو تەنهایەو بێ هاوەڵو بێ وێنەو بێ خێزانو منداڵە، ئەنجامدانی ئەو بوختانە گەورە هێندە سامناکە بونەوەر دەهەژێنێ.

ئیبنو عەبباسو کەعب دەفەرموون: ئاسمانەکانو زەویو کێوەکان ترسانو لەرزیان لێ هات بەڵکوو هەموو مەخلووقات جگە لەئادەمیزادو جنۆکە کەوتنە لەرزەو نزیکبوو لەبەریەکێ دەربچن، فریشتە رقیان هەڵسا، دۆزەخ زیاتر هەڵگیرساو گەرم بوو، درەختەکان شکاتیان کرد، زەوی گرژ بوو، کاتێکێ ئەو کافرانە وتیان خودا منداڵی هەیە!

موحەممەدی کوڕی کەعب دەڵێ: نزیکێ بوو دوژمنانی خودا قیامەت لەسەرخۆیان هەڵسێنن، پێش وەخت دونیا وێران بکەن! بێگومان ئەمە ترس بەرنانێکی زۆر گەورەو سامناکە! وەلێ ئەگەر حیکمەتو حیلمی خودا نەبوایە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە: کە خودا بێ باکەو موبالات بەکوفرو بێدینی موشریکەکان نادا، قیامەت رادەبوو بوونەوەر تێکێ دەچوو، بەڵام خودا حەکیمو حەلیمە، حیکمەتو دانایی داخوازی ئەوە بوو: کە مۆڵەتیان بداو دەمو دەست تۆڵەیان لێ نەستێنێ! هەڵیان بگرێ بۆ کاتێکی تر!

﴿وما ينبغي للرحمن أن يتخذ ولداً﴾ هەرگیز نەگونجاوەو نابێ خودا منداڵی هەبێ، لایەق نیە بۆ خودا، چونکە هەبوونی منداڵ نیشانەی

ئیحتیاجیو کەمو کورپیە، پەروەردگار لەشتی ئاوا دوورەو پێویستی پێ نیە ﴿ان کل من في السموات والأرض إلا آتي الرحمن عبداً﴾ هەموو یەکێ لەمەخلووقات، لەفریشتەو ئادەمیو جندۆکە ناچارن ئیللا دەبێ رۆژی قیامەت لەبەردەم خودادا دان بەبەندایەتی خۆیاندا بنێن بۆ خودا، دەبێ هەموویان ملکەچیو زەلیلی خۆیان رابگەیەنن، ئیتر چۆن دەبێ هەندێ لەو مەخلووقانەی ببنە منداڵیو بەکورو کچی خودا حسێب بکرێن؟؟

﴿لقد أحصاهم وعدهم عداً﴾ بێگومان پەروەردگار هەموو بەندەکانی خۆی، هەموو دروستکراوانی خۆی سەرژمێر کردونو دەوری داون، هەموویان لەژێر فەرمانو تەگبیری ئەودان، ئاگاداری هەموو هەڵسو کەوتێکیانە، هیچی لێ نادیار نیەو لیٚی گوم نابێ، هەموو بەندەکانی خۆی سەر ژمێر کردون، کردارو گوفتارو هەناسەو جمو جوڵیانی کۆنترۆڵ کردوە، هەموو شتێک لای خودای زاناو ئاگادار بەئەندازەو مەزەندەیە.

﴿وکلهم آتیه یوم القیامة فرداً﴾ هەریەکێ لەبەندەکانی رۆژی قیامەت دێنە خزمەت پەروەردگاریان بەتەنیاو بێ کەسو بێ یارمەتیدەر، هانا بۆ خودا دێنیو ئاتاجی بەزەییو رەحمی خودایە. هەموو هەڵوێستو کارو کفتارێکی لای خودا تۆمار کراوە، بەتەنیاو بێ کەسو بێدەر دێتە بەردەم دادگایی خودا، کەس گیانی کۆمەکیو هەمئاهەنگی تێدا نەماوە، هەموویان لە شعور بەکۆمەک هەمئاهەنگی روت کراونەوە روتو قوتو تەنیاو بێ کەس لەبەردەم دادگای خودادا خۆیان دەبیننەوە!

خۆشەویستی خودا بۆ موسوڵمانان و ئاسانکردنی تێگەیشتن لەقورئان و لەناوبردنی تاوانباران

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا ﴿٩٦﴾ فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ ٱلْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا ﴿٩٧﴾ وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًۢا ﴿٩٨﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار رەدی کافرەکانی دایەوە حاڵو وەزعی دونیاو قیامەتی رونکردنەوە، ئەمجار حاڵو چۆنیەتی موسوڵمانان دیاری دەکا، ئەوە رون دەکاتەوە: کە خۆشەویستی ئەوان دەخاتە دڵی بەندەکانیەوە، ئەوەش رادەگەیەنێ: کە قورئانی بەزوبانی پێغەمبەر بۆ ناردونو لێ تێگەیشتنی بۆ ئاسان کردون.

ئەمجار کۆتایی سورەتەکە بەپەندو ئامۆژگاریەکی کاریگەر دەهێنێو هەرەشە لەموشریکەکان دەکا بەلەناوچونو ریشەکێش کردنیان وەکو چۆن گەلە پێشینەکانی لەناو بردوە. دەفەرموێ: ﴿ان الذین آمنوا وعملوا الصالحات سیجعل لهم الرحمن وداً﴾ بێگومان ئەوانەی بروایان بەتاکو تەنهایی خوداو پێغەمبەرێتی پێغەمبەر هێناوە، کردەوەی باشو بەسودیان ئەنجام داوە، ئەرکی سەرشانیان بەگوێرەی توانا بەجێ هێناوە، ئەوەی ئایین بەحەلاڵی دانابێ بەحەلاڵی بزانن ئەوەی ئایین بەحەرامی دانابێ لایان حەرامە. پەروەردگار لای بەندە صاڵحەکانی خۆشەویستیان دەکا، ئەحمەدو بوخاریو موسلیمو تیرمیذی لەئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکەن دەفەرموێ:

پێغەمبەر فەرمووی: (هەر کاتێ خودا بەندەکانی خۆی خۆش ویست بانگی جوبرائیل دەکاو دەفەرموێ: من فلانکەسم خۆش دەوێ ئەتۆش خۆشت بوێ. ئەویش خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو کابرایە بەئاسمانەکاندا بلاو دەکاتەوە ئەمجار خوشەویستی‌یەکەی بۆ ئەو بەندەیە دەخاتە نێو دلی دانیشتوانی سەرزەوی. ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆی ناخۆش ویست، ئەوە بەجوبرائیل رادەگەیەنیو دەفەرموێ: من فلانکەسم ناخۆش دەوێ، ئەویش ئەم هەواڵە بەئاسمانەکاندا بلاو دەکاتەوە، پاشان ئەو رق لیێ بوونەوەیە دەخاتە نێو دلی دانیشتوانی سەر زەوی).

ئەم خۆشەویستی‌یە لەروی خزمایەتی‌و هاوەڵی‌یەوە دەستەبەر نابێ، بەڵکوو خودا ئەو خۆشەویستی‌یەیان بۆ لەدڵی بەندەکانی‌دا دەخولقێنێ! بەخششو نیعمەتێکی خودایە بۆ موسوڵمانان.

شتێکی ئاشکراو نومایانە قورئان مزگێنی یە بۆ موسوڵمانانی لەخواترسو هەڕەشەیە لەموشریکەکانی سەر رەق ئەو دوو شتە کاری گرنگی قورئانن دوو مەبەستی سەرەکی ئەو کەلامە ئاسمانییەنو خودا بەزمانی عەرەبی نازڵی کردوە بۆ ئەوەی بیخوێننەوەو لیێ حاڵی ببن.

بێگومان خودای خاوەن رەحمو بەزەیی هەر پێغەمبەرێکی رەوانە کردبێ بۆ سەر هەر گەلو نەتەوەیەکو هەر کتێبێکی ناردبێتە خوارێ بەزمانی ئەو گەلو نەتەوە بووە: کە یەکەمجار بانگەوازییان ئاڕاستە کراوە بۆ ئیماهێنان، چونکە ئەگەر وا نەبوایە تیێ نەدەگەییشتن، بانگکردنەکە بێ سود دەبوو، خەڵکەکە بیانوویان دەبوو لەوەدا: کە شوێنی نەکەون، بەڵام: کە پێغەمبەر لەرەگەزی خۆیان بوو، شەریعەتو یاساکەی بەزمانی ئەوان بوو بیانوویان نامێنیو ئامادەباشی ئەوەیان تێدا دەبێ وەری بگرن، ئەوانەی خاوەن فامو دڵی زیندوون زوو وەری دەگرنو پەیڕەوی دەکەن، ئەوانەی دڵیان مردووە بیانوویان نامێنیو بەهانەیان دەبڕێ. ئەوسا کە ئایینەکە جێگیر بوو، خەڵکی

لیّ کۆ بووەوە ئیتر رونکردنەوەو راڤەکردنی ئەو شەریعەتە بەزمانی ترو بۆ خەڵکی تر ئاسانەو سود بەخش دەبیّ، جا چونکە ئەو گەلەی یەکەمجار ئەم قورئانەی پیّ راگەیەندراوە عەرەبی زمان بوون حیکمەتی خودا وا داخواز بووە پێغەمبەرەکە لەخۆیان بیّو قورئانەکەشی بەزمانی ئەوان بیّ، بۆ ئەوەی وردە وردە ئەو گەلە بڕوای پیّ بکەنو بکەونە ژێر بەیداخەکەیەوەو پاشان لە رێگەی ئەوانەوە بەهەموو جیهاندا بڵاو بکرێتەوە گەلو نەتەوەکانی تریش وردە وردە لیّی حاڵی بنو بەزمانی خۆیان راڤەو لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام بدەن. پەروەردگار لەچەند ئایەتێکدا ئەم مەبەستە روون دەکاتەوە، یەکیّ لەو ئایەتانە ئەم ئایەتەیە کە لەکۆتایی ئەم سورتەدا دەفەرمویّ: ﴿فانما يسرناه بلسانك لتبشر به المتقين وتنذر به قوماً لدّاً﴾ ئێمە ئەم قورئانەمان ئاسان کردوە بەوە کە بەزمانی تۆ نازڵمان کردووە بۆ ئەوەی موژدە بدەی بەوانەی تەقواکارو لەخودا ترسن، ئامادەباشییان تێدایە بۆ ئەوەی بچنە ریزی خوداناسانەوە، موژدە بدەی بەوانەی بەپیر بانگەوازییەکەتەوە دێن خودا بەتاکو تەنیا دەناسن، بڕوا بەپێغەمبەرایەتی تۆ دەکەن، موژدەی بەهەشتیان پیّ بدەی، لەهەمان کاتدا بەم قورئانە کۆمەڵێ کەسانێکی تر بترسێنیّ: کە سەررەقو دڵڕەقن، دەمدرێژو چەقە چەناون، حەزیان لەکێشەو جەدەلە بەناحەق، لەحەق لایان داوەو رویان لەبەتاڵ کردوە، هەڕەشەیان لیّ بکەی بەئاگری دۆزەخ لەتۆڵەی ئەو خراپەکارییەی ئەنجامی دەدەنو ئەو بیرو باوەڕەی سوورن لەسەری!

ئەمجار کۆتایی سورتەکە بەهەڕەشەیەکی سامناک دەهێنیّو دەفەرمویّ: ﴿وكم أهلكنا قبلهم من قرن هل تحس منهم من أحد أو تسمع لهم ركزاً﴾ لەپێش ئەو عەرەبە موشریکانەوە زۆر گەلو نەتەوەو تاقمو کۆمەڵمان لەناوبردون، خستومانە توونی نەمانەوە، بەهۆی کوفرو بێدینییەوە بەهۆی بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکانیانەوە، ئایا ئێستا کەسیان لیّ دەبینی، هەست

بەهیچ جۆرو جوڵو هاتوچۆی ئەوانە دەکەی؟ ئایا هیچ سرکەو پرتەو دەنگو صەدایەکیان لێ دەبیسی؟ واتە: پێش ئەم عەرەبە موشریکانە زۆر گەلو نەتەوە هەبوون وەکوو ئەمانە سەرکێشو دڵڕەقو سەرپێچی کەر بوون، نەهاتنە سەر رێبازی حەقو بڕوایان بەپێغەمبەرەکانیان نەکردو خودا ئاسەواری بڕینەوەو لەناوی بردن، دەی با ئەم گەلەی تۆش بترسن تەمێ خواردوو ببنو پەند لەو گەلو نەتەوە پێشینانە وەربگرن کە خودا لەسەر کوفرو بێدینی لەناوی بردون!

بەیارمەتی خودا لێرەدا سورەتی (مریم) تەواو بوو

خودا یارمەتیمان بدا بۆ تەواو کردنی سورەتەکانی تر...

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سورەتی (طـه)

بۆیە ناونراوە سورەتی (طه) چونکە سورەتەکە بەبانگ کردن لەو ناوە دەست پێ دەکا، دەفەرموێ: ﴿طه! ما انــزلنا عليك القــــران لتشـــقى﴾. (طاها) ناوێکە لەناوەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێز لێنانە لەپێغەمبەرو تەسەللا دانەوەیەتی لە بارەی ئەو ئەزیەتونارەحەتیەی تووشی دەبوو لەلایەن گەلەکەیەوە.

موناسەبەو پیوەندی ئەم سورەتە بەهی پیشەوە لەچەند ڕوویەکەوەیە:

١- سورەتی (طـه) لە ڕوی مێژوویی یەوە، وەکو ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: لە دوای سورەتی(مريم) نازلّ بووە.

٢- سورەتی (مريم) چیرۆکی (٢٥) پێغەمبەری تێدابوو وەکو: زەکەریا- یەحیا- عیسا- ئیبراهیم - موسا. چیرۆکی حەزرەتی موسا لەسورەتی (مريم) دا بەکورتی باس کراوە لەم سورەتەدا بەدورو درێژی ڕونکراوەتەوە ، لە سورەتی (مريم) دا دەربارەی چیرۆکی حەزرەتی ئادەم تەنها ناوەکەی هێناوە لەم سورەتە دا چیرۆکەکە بەتەواوی ڕون کراوەتەوە.

٣- لە کۆتای سورەتی (مريم) دائەوەی ڕاگەیاند: کە قورئان بە زوبانی عەرەبی نێردراوەتە خوارێ وئاسان کراوە بۆ ئەوەی لێی حالّی بن.سەرەتای ئەم سورەتەش تەئکیدی کۆتایی سورەتی پێشوو دەکاتەوە.

ئەم سورەتە مەککەیی یە جگە لە ئایەتی ژمارە(١٣٠ -١٣١) ئەو دوو ئایەتە مەدینەیین.ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سورەتەسەدو سی و پێنج ئایەتە.

باسە گرنگەکانی ئەم سورەتە وەکوو باقی سورەتەکانی تری مەککی چەسپاندنی بنەمای ئایینن لەبارەی یەکتاپەرستی و پێغەمبەرایەتی و زیندوو بونەوە.سەرەتای سورەتەکە کاریگەریەکی تایبەتی هەیە، جەرەس و ئیحایەکی

داچلەکێنەری هەیـە، بۆیـە:کـە حـەزرەتی عومـەری کـوڕی خـەططاب کـاتێك لەسـەرەتای ئیسـلام بوونـیدا گوێـی لەسـەرەتای ئـەم سـورەتە بـوو،یەکسـەر داچلەکیو دڵیگۆڕا.وەکوو لە چیرۆکی موسوڵمان بوونیدا تۆمارکراوە.

ئەم سوڕەتە ئەم خاڵانەی لە خۆگرتوون:

١- قورئـانی پـیرۆز یادخەرەوەیـە بۆکەسـێك لـەخوای باڵادەسـت بترسێ،دەرخستنی کەسـایەتی پێغەمبـەرو ئـەنجامدانی ئـەرکی سـەر شـانی و لەهەموو بوارەکاندا بەتەواویی تێدا روون کراوەتەوە.

٢- ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی سەر گوزشـتەی حـەزرەتی موسـا هەرلـە ڕۆژی لەدایك بونییەوە تاکۆتایی ژیانی.

٣- ئاماژە کردن بەفائیدەو سوودی چیرۆکی قورئانو دیـاریکردنی سـزای ئەوانەی ڕوو لەقورئان وەردەگێڕن.

٤- وێنـە کێشـانی دیـەنی ترسـناکی حەشـرو وردو خاشـکردنی کێوەکانوحاڵو چۆنیەتی تاوانباران لەڕۆژی قیامەت دا.

٥- قورئان بەزمانی عەرەبییەو پێغەمبەرﷺ هیچی لەیاد نەچۆتەوە.

٦- ڕانواندنـی چیرۆکی حـەزرەتی ئـادەم و هـەڵسو کـەوتی شـەیتان لەگەڵیدا.

٧- نمونـە هێنانـەوەو پـەند وەرگرتـن لەبـەهیلاکبردنی گـەلو نەتـەوە پێشینەکانو مۆڵەتدانی عەرەبە موشریکەکان تارۆژی قیامەت.

٨- ڕێنمویی کردنی خودا بۆ پێغەمبەرﷺ و گەلەکەی، بۆئەوەی بەردەوام بێ لەسەر خودا پەرستیوبە جوانیو ڕازاوەیی دونیـا هەڵنەخەڵتێوفـەرمان بـە خاوو خێزانی بکا بۆ ئەنجامدانی نوێژ.

٩- باسی داواکردنی موشریکەکان: کە خـودا نیشـانەی مادییـان نیشـان بـدا، هـەروابیانوو بڕانـی کافرەکـان دوای نـاردنی پێغەمبـەر ﷺ ونـازلکردنی قورئانو هەڕەشەکردن لێیان بەناردنی عەزاب.

قورئانی پیرۆز هۆی بەختەوەرییە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

طه ﴿١﴾ مَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لِتَشْقَىٰٓ ﴿٢﴾ إِلَّا تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ ﴿٣﴾ تَنزِيلًا مِّمَّنْ خَلَقَ ٱلْأَرْضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلْعُلَى ﴿٤﴾ ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴿٥﴾ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ ٱلثَّرَىٰ ﴿٦﴾ وَإِن تَجْهَرْ بِٱلْقَوْلِ فَإِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخْفَى ﴿٧﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿٨﴾

سەرەتاو کۆتای ئەم سورەتە پیرۆزە خیطابە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و بەیانکردن و ڕونکردنەوەی ئەرکی سەر شانیەتی، ئەوە ڕون دەکاتەوە: کە نازلکردنی قورئان بۆ سەری مایەی نەگبەتی و ئەزیەت دان نیە، بەڵکو بانگەوازی و بیر خستنەوەیە، موژدە پێدان و هەرەهەڕەشە لێکردنە، فەرمانکردنە بەئادەمیزادکە بەئاگا بێنەوە و بزانن: کەخودای ئەوان خودایەکی تاك و تەنیاو بێ هاوەڵ و نەزیرە. باڵادەستە بە سەر بونەوەردا،ئاگادارە بەسەر هەموو کون و کەلەبەرێکیدا، ئاگاداری پەنامەکی و نهێنی ناو دڵانە، لەکۆتاییدا هەموو کەسێك بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە، پاداشت و سزای هەموو کەسێك بە گوێرەی کردەوە کانیان دەداتەوە.دەفەرموێ(طه) ئەم پیتە بڕ بڕانە: کە لەسەرەتای هەندێ سورەت دا چەسپاون بۆ بەئاگا هێنانەوەو ئاگادار

کردنەوەی موخاطە بە:کە خۆی ئامادە باش بکا بۆ ئەو نیگایەی بۆی دەکـریّ، بۆ ئەوپەیامەی پیّی ڕادەگەیەنریّ:

هەر وەها بۆ تەحەدا کردنی عەرەبو ناعەرەبە: کە ناتوانن وێنەی قورئان بخەنە ڕوو، پێیان دەفەرمویّ: قورئان لەم جۆرە پیتانە پێك هـاتووە، دە ئەگـەر ئێوە ئازانو درۆ ناکەن، ئەمە عەرزو ئەمە گەز، وێنەی ئەم کەلامـە بخەنـەڕو! بەڵکو دەسورەتیّ تەنانەت وێنەی سورەتێکیشی ! هەندێکیش لـە ڕاڤەکـەرانی قورئان لێرەدا فەرمویانە: (طه) ناوە بۆ پێغەمبەر ﷺ ماناکـەی ئەوەیـە: ئـەی موحەممەد! خۆت بخە سەر زەوی‌و ئیسـراحەت بکـە، پـاڵدەرەوە! ئیبنوئەنباری دەڵیّ: پێغەمبەر ﷺ زۆری نوێژ دەکردو لـە نوێـژدا بـە پێـوە ڕادەوەسـتا هـەتا قاچەکانی هاوسان پێویستی بە ئیسراحەت‌و پشوو دان هەبوو؛ ئیتر بەم پەیامە فەرمانی پیّ کرا: کە ئەوەندە لەنوێژدا خـۆی مـاندو نـەکا ئـازار بەقاچـەکانی بگا.

﴿ماانــزلنا علیك القران لتشقی! الا تذکرة لمن یخشی﴾ ئێمە قورئانمان بۆیە بۆسەر نازلّ نـەکردوی: کەئـەوەندە خـۆت مـاندو بکـەی‌و ئـەوەندە خـەم‌و خەفەت بخۆی: کەئەوانە ئیمان ناهێنن، ئیمانهێنانی ئەوان بەدەست تۆ نیە، تۆ لەوە بـەر پرسـیار نـی، بـەڵکوو ئێمـە قورئانمـان: کـە بـۆ نـاردوی بـۆ ئەوەیـە بەمەردومی ڕابگەیەنی‌و تێیان بگەیەنی، ئەتۆ هـەر ڕاگـەیاندن‌و تێگـەیاندنت لەسەرە، لەوەبەو لاوە گویّ بە سەرپێچی‌و ڕو وەرگێڕانی ئەوانە مـەدە،ئـەوەندە زەخـت لـەخۆت مەکـە زیـان بـەدڵ‌ودەرون و جەسـتەت بگـا، ئـەوەی لـــەخودا دەترسیّ: کەخودای بـیر دەکەوێتەوەپـەند ئـامێز دەبـیّ، تـەقوای خـودا دەکـاو داوای لیّ خۆشبوون‌وبەمراز گەیشتنی لیّ دەکا،بەمەش ئـەرکی پێغەمبـەر ﷺ کۆتـایی دیّ، چونکـە ئـەرکی سـەر شـانی پێغەمبـەر ﷺ ڕاگـەیاندنی پـەیام‌و موژدە دان‌و ترساندنە!

جووەیبیر لە ضە حـاكو موقاتیلـەوە ڕیوایـەت دەكـا دەڵـێ: كـە قورئـان بەنیگا بۆ پێغەمبەر ﷺ هات، خۆیو هاوەڵانی پاپەندی فەرمانو نەهیـەكانی بـوون، موشـریكە قورەیشـییەكان وتیـان: خـودا كەئـەم قورئانـەی بـۆ سـەر موحەممەد ناردوە بۆ ئەوە ناردویـەتی موحەمـەد توشـی نەگبەتی بكـا.. ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نازڵ كرد، فەرمووی: ئەوانە بەهەڵە چون، وەكو ئەوان دەڵێن كار وانیە، بەڵكوو كەسێك پەروەردگار نیگای بـۆ بنـێرێو فـێری دینـی بكات بەختەوەرە، سەرفرازە، خێر لەخۆ دیوە.لـە فەرمودەیـەكدا: كەموعاویـە لێی ڕیوایەت دەكاو لەصەحیحەیندا هـاتوە. دەفـەرموێ: ((مـن یـرد الله بـه خیرا یفقهه فی الدین)) هەركەسێ خودا بیەوێ تووشـی خـێرو خۆشـی بكـا شارەزای ئایینی دەكا.

﴿تنـــزیلا ممن خلق الارض والسموات العلـی﴾ ئـەم قورئا ـەی بـۆ تـۆ هاتووە ئەی موحەمـــەد! وەجبـە وەجبـە بەسـروش بەرەبـەرە بـۆت نـازڵ كـراوە لەلایـەن خـودای خۆتـەوە: كـە بەدیهێنـەری زەویو ئاسمانـە بەرزەكانـە، راتـە: هەرچی هەیە لەقەبارە نزمەكانو قەبارە بەرزەكانو لەزەویو بەرزاییدا، هەروا هەموو ئەو شتانەی نامادینو قەبارەیان نیەو خـودا بـۆ خـۆی پێیـان دەزانـێو لەئێمە نـهێنین. هـەموو دروسـت كـراوی خـوای پـەروەردگارن،ئـەو خودایـەی قورئانی نازڵ كـردووە،كـەوابێ ڕێـزی ئـەو قورئانـە بگـرنو بیكەنـە بەرنامـەی ژیانتان، بەگوێرەی فەرمانو نەهی‌یەكانی پەیڕەو بكەن.

﴿الرحمن علی العرش استـوی﴾ ئـەو كەسـەی قورئـانی ناردۆتـە خـوارێ خودای بەرەحمو بەزەیی‌یە، خاوەن نیعمەتو فەزڵە بەسەر بەندەكانیدا، هەموو نیعمەتێ لەتەوەوەیەو ئەو خاوەنیـەتی.. ئـەو خودایـە: كـە بەسـەر عـەرشـدا باڵادەستەو كۆنترۆڵی كردوە. هەموو بارێكی بوونـەوەر بـە دەسـت ئـەوەو ئـەو هەڵیدەسوڕێنێ.

* عەرش لەزمانی عەرەبی دا ناوە بۆ تەختو کورسی رازاوەی پاشایان.
لە شەرعدا ناوەبۆ مەخلوقێکی پەروەردگار کەلە ژوورهەموو ئاسمانەکانەوەیەو هەر خودا دەزانێ چەند گەورەو بەر فراوانە، هەشت فریشتە یان هەشت کۆمەڵ فریشتە هەڵیان گرتوە. لەدەوروبەری فریشتەی زۆر هەن: هەر خودا دەزانێ ژمارەیان چەندەو چۆنن هەر یەکەیان کاری تایبەتی پێ سپێردراوە! بە گوێرەی زاهیری قورئان هەموو فەرمانو بڕیارێکی خودای پەروەردگار دەربارەی هەموو بوونەوەر لەعەرشەوە دەردەچن.
هەڵبەتە عەرش عالەمێکی غەیبی یەو لەئێمە نهێنی یەو نازانین چۆنەو چی‌یە؛ بۆیەواچاکە لێی نەدوێینو حەواڵەی عیلمی خودای بکەین.
* ووشەی (استوی) لەزمانی عەرەبی دا بەمانا جێگیربوونو نیشتە جێ بوونی شتێك لە سەر شتێك هاتوە. دەگوترێ: (زید استوی علی السطح) (الفارس استوی‌علی الفرس)... دەی ئەم ووشەیە بەو مانایە ناگونجێ بۆ خودا بەکار بهێندرێو دەچێتە پێڕی ئایاتی (موتەشابیهاتەوە) کەواتە دەبێ (استوی) بەشێوەیەك مانا بکرێ: کە بۆخودا بگونجێو لایەنی مادییەت بە بەر چاو نەگیرێ. بۆیە زانایانی ئیسلام بوون بە دوو تاقمو هەر تاقمەیان مانایەکی بۆ داناوە.

١-زانایانی سەلەفی صالح:

ئەوانەی ئیمانیان بەصیفاتی خودا هەیە بەو جۆرەی خودا بۆخۆی پاڵ خۆی داون، هیچ گۆڕانو تەئویلو لێکچواندن بڕیار نادەن، ئەمانە دەڵێن: پەروەردگار ئیستیوای بەسەر عەرش دا کردوە بەوجۆرەی لەگەڵ گەورەیو شکۆمەندی خۆی‌دا دەگونجێ، ئیتر چ پێویست بەتەئویلو مانا گۆڕین هەیە؟ خودا بۆخۆی (استوی) ی بۆ زاتی خۆی بەکار هێناوە ئێمە بۆچی بەبێ بەڵگە لەسەر مانای خۆی لای بدەین. ئەم کۆمەڵە سەلەفە سالحە دەڵێن: خودا زاتو صیفاتی هەن، زاتو صیفاتی لەدروست کراوانی جوداوازن، خودا عیلمی

هەیەو ئادەمیزادیش عیلمی هەیـە بـەلاّم عیلمـی خـودا جـودا وازە لـەعیلمی ئادەمیزاد، خودا صیفەتی بیســتنو دیتنـی هەیـە وەلیّ بیسـتنو دیـتنـی خـودا لەبیستنو دیتنی ئادەمیزاد جیایە. کەوابوو هەموو ئەو وشانەی کە لە قورئـان دا بۆ خودا بەکار هێنراون وەکوو (وجـە، یـد ،قـدم ، اسـتوی...هتـد) لەسـەر مانای خۆیان دەیانهێڵینەوە، بەلاّم بەتەنکید چۆنیەتی مانای ئەم وشــانە کـە بۆ خودایان بەکاربهێنین جودا وازە لەوەی کە بۆ مەخلوقاتیان بەکار بهێنین.

٢- زانایانی خەلەف:

ئەمان بــۆ ئـەو جـۆرە وشـانە تـەئویل دەکـەنو مانـای تایبـەتی دیـاریی دەکەن، بـۆ نمونـە وشـەی (یـد) کەلـە قورئـان دا بـەکار هێـنراوە هـەندیّ جـار بەمانای هێزو تواناو هەندیّ جار بــەمانای چاکـەو نیعمـەت تـەئویلی دەکـەن. (استوی) بەمـانا زاڵبوونو بالاّدەستیو کۆنترۆڵ کردنی عــەرش مانـا دەکـەن.. بەهەر حاڵ پابەند بوون بە یەکیّ لەم دوو ڕایە بەبیّ زێدە ڕەوی کردن تیان دا چ زیانێکی تێدانیە، هەردوو ڕایـەکان بـیرو بـۆ چوونـی تـاقمو پـێڕێکی زانایـانی تێکۆشەری ئیسلامن ویجهە نە ظــەرو بەڵگـەی خۆیـان هەیـە. ڕەحمـەتی خـودا لەهەموانیان بیّو خودا پاداشتی هەوڵو تێکۆشانیان بداتەوە.

هەڵبەتە تەئویلی ئەوانەی کە زێدەڕەوی دەکەنو دەڵێن: هەموو وشەیەکی قورئان دوو مانای هەیە؛ مانایەکی ظاهیرو مانایەکی بــاطن، ناچێتـە بازنـەی ڕای خەلەفو دژی ڕای سەلەفیشە بـەلکو ئەمـە بیرو بۆچونێکـی ناپەسـەندەو لەگەڵ ڕۆحی قورئان ناگونجیّ، ئەو جۆرە تەفسیرانە عەرەب ووتەنی (المعنی فی بطن الشاعر!)ە: خودا ڕەحمیان پیّ بکا.

﴿له ما فی السموات و ما فی الارض و ما بینهما و ما تحت الـــثری﴾

واتـە: ئـەو خودایـەی قورئـانی بـۆ نـازلکردوی خاوەنیـەتیو ملکایــەتی نـاو ئاسمانەکانو سەر زەویو هەرچی لە ئاسمــانو زەوی دا هەیـە، تەنانـەت ئـەوەی

لەژێرگڵ‌و خۆڵیشدایە بەڵکوو هەموو شتێکی ناو بوونەوەر هـی خودایـەو ئـەو تەصەروفی تێدا دەکاو بەویستی خۆی هەڵیدەسوڕێنێ !

﴿وان تجهر بالقول فانه یعلم السر واخفی﴾ ئەی موحەممەد! ئەگـەر تـۆ بـە دەنگـی بـەرز لـەخودا بپاڕێیـەوەو ذیکـری خـودا بـە ئاشـکرا بکـەی یـان بەنهێنی‌و لەسەرە خۆ ئەنجامی بـدەی، ئـەوە تـۆ بـاش بزانـە: کـە خـودا زانـاو ئاگادارە بە سەر هەموو نهێنی یـەك و شـاراوەتر لەنـهێنی، ئاگـای لـە چپـەو شاراوەتر لە چپە هەیە، وەکوو نیازو خەتەرەی دڵ، نهێنی وەکو نیازو خەتەرەی دڵ: کە ئێستا بە دڵ دا دێـن، شـاراوە تریـش لـەو نهێنی‌یـە وەکـو ئـەو نیـازو خەتەرانەی لەداهاتودا بە دڵ دا دێن.

زانیاری بەو شتانەو ئاگاداریی بەسەریان دا بەهـەموو ئاشـکراو نـهێنی‌و شاراوەتر لە (نهێنی) یش بۆ خودا چون یەکە!!

سەیر بکە قورئان چۆن تەنسیق دەخاتە نێوان دیمەنی ئاشکراو بەر چاو لـە کەون داو هەروا ئەو دیمەنانەی کەلەبەر دووری‌و گـەورەیی ئێمـە نایـان بینـین. هـەموویان دێنـی‌و لەگـەڵ قسـەو گفتـو گـۆی ئاشـکراو چپـەو شـتی نـهێنی‌و شاراوەی ژێر گڵ لێکیان دەداو دەیان کاتە تابلۆیەکی سەرنج ڕاکێش‌و هەسـت بزوێن‌و دڵ وەخورپەهێن بۆ ئەوەی تەسـەللای پێغەمبـەر ﷺ بداتـەوەو دڵنیـای بکا: کە خودای ئەو، هەموو شتێك دەبیسی‌و ئاگای لێیـەتی‌و بـەرەڵلای ناکـا توشی نەگبەتی‌و ناخۆشی ببی‌و بەبێ پشتیوان بکەوێتە ژێر دەستی کافرەکان، ئەگەر بە ئاشکراو دەنگی بەرز هاواری بکاتی‌تەوە گوێی لی یەو گومانی تێـدا نییە، تەنانەت ئەگەر بە چپەو نـهێنی تریـش لەچپـە ڕوی تـێ بکـا ئـەو هـەر دەیبیستێ. ناهێڵێ بە تەنها بێت لەهەڵسان‌و ئەنجامدانی ئەرکی ئـەم قورئانـە لە بەرەنگاری کردنی موشریکەکاندا.

ئاشکراشە هەر کاتێ دڵ هەستی کرد بە نزیکی لەخواوە، زانی: کە خـودا ئاگای لە ئاشکراو نـهێنی‌و شـاراوە تریش هەیـە. ئـارام دەگری‌و هەسـت بـە

تـەنیایو بـێ کەسـی ناکـا. لـەناو ئـەو کۆمـەڵگایـە سـەر ڕەقو نـەفامو بـێ ویژدانەدا. ئەو کۆمەڵگایەی دژی عەقیدەو بیروباوەڕی بوون...

شایانی باسە دوعـاو پاڕانـەوە لـە خـودا: کەبـە زمـان ئـەنجام دەدرێ بـۆ ئەوەیە: زیاتر دڵو دەروون تەرکیز بخەنە سـەر ذیکـرو یادەکـەو پـتر ئیخلاصـی تێدا بێو هەستەکان تەرخان بکرێن بۆ زیکرو یادەکـە، فیکـرو هـۆش بـەملاو ئەولادا نەڕوا، وەکو لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿**وا ذكر ربك في نفسك تضرعا و خيفة و دون الجهر من القول**﴾ (الاعراف/٢٠٥).

ئـەمجار ئامـاژە بـە تـاكو تەنـهای خـوداو صیفەتـەکانی کـەماڵی دەکـاو دەفەرمووێ:﴿**الله لا اله الا هو له الاسماء الحسنى**﴾ پەرستراوی بەحەقو تـاكو تەنیا ((الله)) یە، هیچ خودای تـر نـین جگـە لەئـەو، هـەر ئـەو پـەروەردگارەو شەریكو هاوەڵی نییە، جوانترین ناوو جوانـترین صیفـاتی هەیـە: کەنیشـانەی کەماڵو جەماڵی زاتی بێ وێنەیین، زاتی پاکی نەوەدو نـۆ نـاوی لـە قورئـانو حەدیث دا هاتوە، لە ڕاڤە کردنیئایەتی ژمارە (١١٠) ی سورەتی (الاعـراف) دا بە دوورو درێژی ئەم باسەمان ڕونکردۆتەوە. پێویست ناکا جارێکی تر لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

تا ئێرە ئایەتەکان وەسفی پەروەردگار دەکەن بەوە: کە بەدیهێنـەری زەوی و ئاسمانەکانە، خـاوەن نیعمـەتو بەخششـە بـە سـەر بـەندەکانیدا، کۆنـترۆڵی عەرشـی کـردوەو بەویسـتی خـۆی بونـەوەر هەڵدەسـوڕێنێ، هـەموو بونـەوەر بەملکایەتیو بەڕێوە بردنو گۆڕانکاری تێیدا هی ئەوە، زاناو ئاگادارە بەسـەر هەموو شتێکی ئاشکراو نهێنیو شاراوە تریش دا، خودایـەکی بـێ وێنـەو بـێ شەریکە، هەرچی ناوی جوانو صیفاتی بەرز هەیە هی ئەوە.جا خودایەك ئەوە تواناو دەسەڵاتو ناوو صیفاتی بێ، ئایا دەگونجـێ خـەیاڵی ئـەوە بکـرێ: کـە قورئان لە لایەن غـەیری ئەو خودایـەوە هـاتبێ. ئایـا عـەقڵ دەیگـرێ بتێکـی

داتاشراو لە بەرد یان لە دار یان لەهەر مەعدەنێکی تر بکرێتە هاوەڵی خـوداو بپەرسترێ.؟؟

بۆیە حەزرەتی عومەر ﷺ لە سەرەتای ئیسـلام بوونیـدا هێشـتا ئیمـانی نەهێنا بوو، کە ئەم ئایەتەی سورەتی (طه)ی گـوێ لیّ بـوو داچڵـەکی‌و سەر لەبەر گیانی وەلەرزە هات‌و بیروبـاوەری گۆڕاو وازی لـە بـت پەرستی هێنـاو موسوڵمان بوو!

* موسوڵمان بوونی ئیمامی عومەر ﷺ: عومەری کوڕی خەتتاب پێـش موسوڵمان بوونی زۆری ڕق لە موسوڵمانان بوو، بە تایبەتی بە خوێنـی سـەری پێغەمەبـەر ﷺ تینـوو بـوو، ڕۆژێـك شمشێری هـەڵگرت‌و خـۆی ئامـادە کـرد لەماڵی خۆی دەر کەوت دەیەویست زیان بە پێغەمبەر ﷺ بگەیەنیّ، لە ڕێگـا نوعەیی کوڕی عەبدوڵلا ؟! توش بوو، ووتی: ئەی عومـەر! بـۆ کـویّ دەچـی ؟ وتی: دەمەویّ بچم ئەو شێتە واتە(محمد) لەناو بەرم، چونکە دوو بەرەکی لەناو قورەیش دا ناوەتەوە، ڕەخنە لەئاییني قورەیش دەگـریّ، جوێـن بـە بتـەکانیان دەدا، بڕیارم داوە بچم بەم شمشێرە بیکوژم !

نوعەیم پێی گوت: سوێند بەخودا تێك چووی و لـە سـەر خـۆت نـەماوی ئەی عومەر! پێت وایە: کە تۆ موحەممەدت کوشت بـەنو عـەبدو مـەناف لێـت دەگەڕێن بە سەر زەوی دا بڕۆی‌و ناتکوژنەوە؟! کوڕە ماڵ وێران ئەوە تـۆ دەڵـێ ی چی و چی دەکەیت ؟! ئەتۆ بڕۆ ئاگاداری ماڵ‌و منداڵ‌و خزم وکـەس وکـاری خۆت بەو مەهێڵە ئەوان ڕێگایان لی گوم بـیّ، وتـی: بـۆ مـاڵ‌و منداڵـی خـۆم ؟ چیانە؟ ووتی: کوڕە زاواکەت مـێردی خوشکەکەت؟ کـوڕی مـامت: سـەعدی کوڕی زەیدو فاطمە ی خوشکت موسوڵمان بوون: ئـەتۆ ئاگـات لـە چیـیە؟ دە ئەگەر ئازای بڕۆ ئەوان تەمبیّ بکە، حـەقی موحەممـەدت نـەبیّ. ئیـتر عومـەر ﷺ بەتوڕەیی گەڕایەوەو ڕوی کردە ماڵی زاواکەی‌و خوشکەکەی، لـەو کاتـەدا خەبابی کوڕی ئەڕەت ﷺ لایـان بـوو بەشـێکی لـە قورئـان بـە دەسـتەوە بـوو

سەرەتای سورەتی (طاها)ی تێدانوسرا بۆوە پیێ دەخوێندنەوە. کاتێ هەستی عومەر یان کرد ترسان، خەباب خۆی خستە ناو کەژاوە کۆنێکەوە، فاطیمەش پارچە قورئانەکەی خستە ژێر ڕانیەوە، بەلاّم عومەر پێش ئەوەی هەستی پێ بکەن گوێی لە قورئان خوێندنی خەباب بوو بۆیان، ئیتر کە چوە ژور ووتی: ئەوە چی بوو دەتان خوێندەوە؟؟گوێم لیّ بوو، پێم بڵێن خۆتانم لیّ هەڵە مەکەن.

زاواکەی‌وفاتیمەی خوشکی ﷺ وتیان: کوا هیچت نەبیستوە. وتی: بەڵێ گوێم لیّ بوو، بیستوشمە ئێوە هەر دوکتان ئیمانتان هێناوەو شوێن موحەممەد کەوتوون، ئیتر پەلاماری سەعیدی زاوای دا، فاتیمەی خوشکی هەڵسا نەهێڵێ لە مێردەکەی بدا دوو سێ پلارو مستەکۆڵەی لەویش دا خوێنی لیّ هات، ئیتر سەعیدو فاتیمە ﷺ ڕقیان هەستاو وتیان: بەڵێ ئیمانمان هێناوەو چیت لە دەست دێ مەنەتت نەبێ:

کاتێ عومەر ﷺ ئەوەی بینی خوشکی خوێنی پێدا دەهاتە خوارێ پەشیمان بووە وە بە خوشکی گوت ئەو پارچە کتێبەم بدەنێ: کە گوێم لیّ بوو دەتانخوێندەوە بزانم موحەممەدﷺ ئەمە چی‌یە هێناویەتی خوشکەکەی وتی: بە خودا ترسمان هەیە لێت ناوێرین پیشانتی بدەین. ووتی: نە خەیر ترستان نەبێ، سوێندی بۆخواردن‌و پەیمانی پێدان: کە پیشانی بدەن دەیخوێنیتەوەو دوایی دەیان داتەوەوە، کەوای پێ گوتن خۆشکەکەی هومێدی ئەوەی لیّ کرد، کە موسوڵمان ببێ، وتی: برای خۆشەویستم ئەتۆ بەهۆی بتپەرستیەوە پیسی، ئەمەش قورئانە کەسێك پاك نەبێ، نابێ دەستی بکاتێ.

ئیتر عومەر چووخۆی شتو هاتەوە، فاطیمە قورئانەکەی پێدا سورەتی (طه) ی تێدا بوو ئیتر کەسەرەتای سورەتەکەی خوێندەوە، پیێ سەرسام بوو: ووتی: ئای لەم کەلامە جوان و پڕمەعناو سەرنج ڕاکێشە؟! بە ڕاستی کەلامێکی عەجایەبە: کە خەباب ﷺ گوێی لەم قسەیەی عومەر بوو هاتە

پێشەوە و پێی گوت: ئەی عومەر! هومێدەوارم خوای گـەورە دڵـی تـۆی نـەرم کردبێ‌و دوعـای پێغەمبـەرت ﷺ بـۆ گیرا بـوو بـێ، گوێـم لێ بـوو تەشـریفی دەپاڕایەوە دەیفەرموو: ((اللهم ايد الاسلام بابى الحكم بن هشام، او بعمـر بن خطاب)) ئای خەنێ لە خۆت ئەی عومەر!

عومەر ﷺ ووتی: ئەی خەباب! پێـم بڵـێ موحەممـەد لـەکوێ یـە دەچمـە خزمەتی‌و ئیمان دەهێنم. ئیتر چووە خزمەت پێغەمبەرو ﷺ ئیمانی هێنا!!

چیرۆکی حەزرەتی موسا ﷺ

ئاخاوتنی موسا ﷺ لەگەڵ خوداو نیگا بۆ کردنی

وَهَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴿٩﴾ إِذْ رَءَا نَارًا فَقَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِقَبَسٍ أَوْ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدًى ﴿١٠﴾ فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِىَ يَٰمُوسَىٰٓ ﴿١١﴾ إِنِّىٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخْلَعْ نَعْلَيْكَ ۖ إِنَّكَ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٢﴾ وَأَنَا ٱخْتَرْتُكَ فَٱسْتَمِعْ لِمَا يُوحَىٰٓ ﴿١٣﴾ إِنَّنِىٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدْنِى وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكْرِىٓ ﴿١٤﴾ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا تَسْعَىٰ ﴿١٥﴾ فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَن لَّا يُؤْمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرْدَىٰ ﴿١٦﴾

لە پاش ڕاگەیاندنی ئەم پێشەکییە سەرنج ڕاکێش‌و داچڵەکێنەرە، پاش ئەوەی پەروەردگار گەورەیی قورئانی باس کرد، حاڵ‌و وەزعی پێغەمبەری ﷺ دەربارەی ڕاگەیاندنی پەیامەکەی‌و ئەرکی سەر شانی ڕوون کردەوە، سەرگورشتەیەك دێنێتە کایەوە بۆئەوەی دڵی پێغەمبەر ﷺ دامەزرێ‌و پتر لەسەر ڕاگەیاندنی پەیامەکەی سوور بێ، چیرۆکی حەزرەتی موسا ﷺ بۆ پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ زیاتر دڵنیا بێ لە کۆمەکی‌و چاودێری خودا بۆ ئەو کەسانەی هەڵگری پەیامی حەقن، هەموو کاتێ کە لەقورئان دا چیرۆکی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران دەگێڕێتەوە مەبەستێکی سەرەکی لە چیرۆکەکە بۆ زیاتر دڵ دامەزراندنی پێغەمبەرە ﷺ لە سەر پەیامەکەی.

وەکو لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە ئەمە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**وكلا نقص عليك من انباء الرسل ما نثبت به فوادك**﴾(هود/١٢٠)

لێرەدا بە چیرۆکی حەزرەتی موسا ﷺ دەست پێ دەکا بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ چاو لە ئەو بکا لەبارەی هەڵگرتنی ئەرك‌و قورسایی پێغەمبەرایەتی‌و ڕاگەیاندنی پەیامەکەی خۆگری‌و پشوو درێژبێ لە سەر ئەزیەتدان و کوێرەوەری‌و ڕوبەڕوو بوونەوەی تەنگ‌و چەڵەمەو بەرەنگاری کردنی کۆمەڵانی کوفرو بتپەرستەکان. چونکە حەزرەتی موسا ﷺ نمونەی خۆگری‌و پشوو درێژی بووە لە بەرامبەر ئەزیەتدان‌و سەرپێچیکردنی گەلەکەیەوە.

لەقورئاندا چیرۆك‌و بەسەرهاتی حەزرەتی موسا ﷺ لە سەر گورشتەو بەسەرهاتی پێغەمبەرەکانی تر زیاترو فراوانتر هاتووە. بەچەند زنجیرەو دیمەنێك لەچەندسورەتێکدا پیشان دراوە، لە هەموو سورەتێکدا بە شێوەیەك زنجیرەکە هێنراوە: کە گونجاو بێ لەگەڵ ناوەرۆك‌و مەوزوعی سورەتەکە.

هەتا ئێستا چەند زنجیرەیەك لەم چیرۆکە گرنگو پیرۆزە لەسورەتی(البقرة، سورة المائدة، سورة الاعراف، سورة یونس، سورة الاسراء، سورة الكهف) دا رانوێنراوە، ئەمە جگە لەوەی لە چەند سورەتێکی تردا ئاماژەی بۆ کراوە.

ئەوەی لەسورەتی (المائدة) و (الكهف) دا هاتووە هەر یەکەی زنجیرەیەکی تایبەتین لەو دوو سورەتەدا هەنو لەهیچ سورەتی تردا دووبارە نەکراونەتەوە، بەلاّم ئەوەی لەسورەتی (البقرة) و (الاعراف) و (یونس) و (طـه) دا هاتووە هەریەکەی چەند جارێك دووبارە بوونەوەیان پێوە دیارە، بەلاّم لە هەموو سورەتەکان دا زنجیرەکان جوداوازییان هەیەو هەر زنجیرەیەك لەگەڵ ناوەڕۆكو مەبەستەکانی سورەتەکەدا گونجاوەو بۆ مەبەستێکی تایبەتی هێنراونو وەکوو دووبارەوەبوو حسێب ناکرێن.

سەرەتای سورەتەکە بەباسی بەبەزەییو چاودێری خودا بۆ هەڵگرانی پەیامی حەق دەست پێدەکا، ئەمجارە دوابەدوای ئەوە، سەرگوزشتەی حەزرەتی موسا دێنێ، چەند بارو روویەکی چیرۆکەکە نیشان دەدا ، هەمووی چاودێری و رەحم و بەزەیی خودا رون دەکاتەوە، ئاوێنەیەکی بالآنومایە بۆ ژیانی حەزرەتی موسا هەر لە رۆژی لە دایکبوونیەوە هەتا کۆتایی ژیانی!

لە یەکەمجارەوە بە شێوەیەکی سەرنج راکێش سۆزو ئارەزۆ دەخاتە ناو دڵ و دەروونەوە بۆ ئەوەی بەتاسوخەوە گوێ لە چیرۆکەکە بگرین و دڵمانی بۆ بکەینەوە و گوێچکەمان بۆ دەنگ و باسەکە هەڵخەین ، بەرستەیەکی کاریگەر دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکا و دەفەرمووێ: ﴿**و هل أتاك حديث موسى**﴾ ئەی موحەممەد ئایا تۆ سەرگوزشتەو بەسەرهاتی موسات بۆ هاتووە؟ دەزانی چی بەسەرهات بە دەست فیرعەون و دارو دەستەکەیەوە؟ دەزانی سەرەتا چۆن نیگامان بۆ کردو ئاخاوتنمان لەگەڵ ئەنجام دا؟ وشەی (هل)کە بۆ ئیستفهامە چەسپاندن دەگەیەنێ ، هەواڵەکە لە دڵی موخاطەب دا

جێگیر دەكا، ئەم شێوەیە واتە (ئیستفهامی تەقریری) ئوسولوبێكی، كاریگـەرە بۆ ئاراستەكردنی كەلامی عەرەبی بۆ ناو زەینی بیسەر:

راڤەكەرانی قورئان دەفەرموون: حـەزرەتی موسـا مۆڵـەتی لـە حـەزرەتی شوعەیب خواست بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆلای دایكی، ئەویش روخسەتی پێدا و بەرەو میصر لەگـەڵ خـێزانیدا كەوتنـە رێ، لـە گەڕانـەوەیان دا بـۆ میصر شەوێك رێگایان لیٚ تێكچوو شەوێكی زسـتان و سـەرما وتـاریك و ئەنگوسـتە چاو رێگەیان لیٚ هەڵەبوو ، حەزرەتی موسا ویستی ئاگر بكاتەوە و ئاگرەكـەی بۆ هەڵ نەبوو، چەند جارێك هەوڵی دا بەڵام بێهودە بـوو، لەوكاتـەدا ئـاگرێكی دووری دی لەلای چەپی رێگاكەیانەوە ، گومـانی ئـەوەی برد ئـ‌گری شـوان و كاروانچییان بێ.

وا پێ دەچێ پیاوێكی تریان لەگەڵ بوو بێ، چونكە حەزرەتی موسـا: كـە ئاگرەكەی بینی بە خێزانەكەی فەرموو ﴿امكثوا إني آنست نارا﴾ ئـەم رانـاوە كۆیە ئاماژە بەوە دەكا لەگەڵ حەزرەتی موسا و خێزانەكەیدا پـیاوی تریشـان لەگەڵ بووە جاوەكوو باوەو باوبووە گوندنشین و مەرزنشینەكان لەسەر بـەرزایی و تەپۆلكەكان ئاگردەكەنەوە بۆ ئەوەی رێبوارانی سارا ئاگرەكـە ببینـن رێگـای پێ بدۆزنـەوە، ئەگـەر برسـی و تینوویـان بـێ رویـان تێبكـەن و میوانداریـیان بكەن، یان شارەزای رێگایان بكەن.

بێگومان حەزرەتی موسا لەو سارایەدا ئاگرێكی دووری بینـی، دڵـی پـێ خۆش بوو، هیوای خێرو خۆشی لیٚ كرد، پێی وابـوو لـەو تـەنگ و چەڵەمەیـە رزگاریان دەبێ، دەفەرموێ:

ئایا تۆ هەواڵ و سەرگوزشتەی موسات بۆ هاتووە، واتە بـە تـەئكید تـۆ چیرۆكی موسات بیستووەو بە نیگا بۆت هـاتووە: ﴿إذ رای نـارا﴾ كـاتێك لـە دەشتێكی كاكیبەكاكیدا، لە شەوێكی سـارد و تـاریكی زسـتاندا، ئـاگرێكی بینی و دڵی پێ خۆش كرد.

﴿فقال لاهله امكثوا﴾ بە خێزانەکەی گووت: ئێوە لێرە بمێننەوە دانیشن بە شوێنی من دا مەیەن ﴿انی انست نارا﴾ بێگومان من ئاگرێکم بینی دەچم بۆلای ئەو ئاگرە بزانم چی‌یەو چۆنە ﴿لعلی آتیكم منها بقبس﴾ بەلکو لەو ئاگرە سەرە بزوتێك سەرە چلورە ئاگرێکتان بۆ بێنم خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە، یان بۆ ئەوەی بیکەینە ڕووناکی بۆخۆمان‌و ڕێگای پێ دەرکەین ﴿او اجد علی النار هدی﴾ یان بەلکو لەلای ئاگرەکە کەسانێکم دەست بکەوێ ڕێگامان پیشان بدا، وەکو ئاماژەمان پێ کرد دانیشتوانی لادێ‌و مەرز نشین‌و کۆچەریەکان دابوو نەریتیان وابوو لەسەر تەپۆلکەو شوێنی بەرزدا ئاگریان دەکردەوە، بۆ ئەوەی ڕێبوارانی دەشت‌و بیابانەکان ڕێگای پێ دەربکەن، یان بچن بۆلای ئاگرەکەو میوان دارییان بکرێ.

بەلێ حەزرەتی موسا ﷺ بەرێ کەوت بۆ ئەوە بچێ سەرە بزوتێك بێنێ، یان شارەزا بکرێ بۆ ڕێگاکە، وەلێ کە لەئاگرەکە نزیك بووە وە موفاجەئەیەکی سەیری تووش بوو، ڕووداوێکی بینی تاقانە ڕووداو بوو لە ژیانی موسادا ﷺ، ئاگری بینی بەلام چ ئاگر؟ ئاگرێك: کەگەرم کەرەوەی گیان بوو نەك هی جەستە، ئاگرێك شارەزای کەر نەك بۆ ڕێگای عادەتی بەلکوو شارەزایی کەر بۆ کۆچی گەورە، ئاگرێك بوو بوو بەهۆی بەختەوەری دونیاو قیامەتی حەزرەتی موساو ﷺ خاوو خێزانی‌و گەل‌و نەتەوەی. ئاگرێك بووە وەرچەرخانی مێژووی نەتەوەی ئیسرائیلی لە خۆ گرتبوو، ﴿فلما اتاها نودی یاموسی﴾ کاتێك هاتە لای ئاگرەکە بانگی لێ کرا: ئەی موسا! گوێ بگرە، ﴿انی انا ربك﴾ من: کە بانگت لێ دەکەم پەروەردگاری تۆم، ئەو شوێنەی تۆ لێی وەستاوی شوێنێکی پیرۆزە، پاك‌و خاوێنەو بەرەکەتی تێخراوە، کەوابێ ﴿فاخلع نعلیك﴾ لەبەر ڕێزگرتنی شوێنەکە پێلاوەکانت داکەنە، چوونکە پێخواسی نیشانەی خۆ بەکەم زانین‌و بەندایەتی کردنە بۆ خودا ڕێزنانە لەو کەسەی قسەت لەگەل دەکا، نیشانەی ئەدەب‌و ڕەوشتی

بەرزە بەرامبەر خودای بەدیهێنەر! ﴿انك بالواد المقدس طـــوى﴾ بێگومان ئێستا تۆ وای لەشیوو دۆڵێکی پاكو خاوێن دا پێی دەگوترێ (طوى) لە ناخی سینادایە، وەکو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿نودی من شاطیء الوادی الایمن فی البقعة المبارکة مـن الشجرة: ان یـا موسـی! انـی انـا الله رب العالمین﴾ (القصص/٢٥) بەڵێ حەزرەتی موسـاعليه السلام گەیشتە لای ئاگرەکەو تەماشای کرد ئـاگرێکی سـپی‌یە، نورێکـی سـپی‌یە ئەدرەوشـێتەوەو ئاگرێکە لەدرەختێکی سەوزەوە دەردەچێ!

بە ڕاستی دڵ وەلەرزە دێو موچوڕکە بەجەستەدا دێ ، گیانی ئـادەمیزاد دەهەژێ ، تەنها بە تەصەورکردنی ئـەو دیمەنـە، موسایەکی تاقـە کـەس لـەو چۆڵـەوانیو دەشـتە کـاکی بەکاکی‌یـەدا، لـە شـەوێکی زستانی سارد داو بـە تاریکـە شـەوێکی ئەنگوسـتە چـاو، هـەوڵ و تەقـەلای سـەلکە بزوتێکی‌یـەتی دەیەوێ دەستە چیلە ئاگرێکی دەست بکـەوێ بیـهێنێ بـۆلای خـێزانی سـەرما بردووی، لە پڕێکا نیدای غەیبی لێ بکرێ، ئـادەمیزادێکی بـێ هـێزو برسـی‌و سەرما بردوو بەو شێوە ئاخاوتنی لەگەڵدا بکرێ، یەکسەر پەیام لەکەسێکەوە وەربگـرێ لەوانەیـە ئاسمانـەکانو زەوی‌و بوونـەوەر هـەمووی لەعەیبـەتانو لەئاستی شکۆمەندی‌و گـەورەیی ئەو کەسـە بتوێنـەوە، هەڵبەتـە ئـەو دیمەنـە هێندە گەورەو سامناکە، هێندە بەرزو شـکۆمەندە، زمـانو پێنـوس لەئاسـتی ڕوونکردنەوەی کۆڵو کۆڵەوارن! خەیاڵیش بەڕاشکاوی بەو فـەزا بـەر فراوانـەدا هەوا پەرواز نابێ ، دیمەنێکە هەر خودادەزانێ چۆنەو چۆن بووە. ئەمـە ڕەحمو لوتفی خودایە ، ئەگینا ئادەمیزادێکی بێ هێزو لاواز لەکوێو ئەو ڕێز ئێنانـە لەکوێ؟ ئەم ساتە وەختانە ساتو کاتێکن ئادەمیزاد تێیـدا بـەرز دەکرێتـەوە، دە گاتە ئەو ڕادەیەی ئاخاوتن لەگەڵ پەروەردگاری بکا! بە ڕاستی بەرزی یەکە بەرزی لەوە بەرز تر نیە: کە ئادەمیزاد ئەو توانایەی پـێ ببەخشـرێ لـەخوداوە ڕاسـتەو خـۆ پـەیام وەربگـرێ، بەسـە بـۆ ئـادەمیزاد: کـەئامادە باشـی ئـەم

پەیوەندیەی بەشێوەیەك لە شێوەكان تێدابێ! ئەم پەیوەندی كردنە چۆن ئەنجام دراو، ئەم كیانە بەشەرییە چۆن ئەونیدایەی بیستو چۆن وەریگرت؟ نازانین چۆن بووە، عەقڵی ئادەمیزاد ناگاتە ئەو ئاستە ئەوە بزانێ، ئەو پەڕی توانای عەقڵی ئادەمیزاد ئەوەیە: لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەدا دۆش دابمێنێو دەستە وەسان ببێو ئیمان بێنێو مل کەچ بێ!!

حەزرەتی موسا ﷺ بانگی لێ کرا، بەجۆرێك نەیتوانی تەحدیدی مەصدەری بانگ لێ کردنەکە بزانێ،نەیتوانی شێوەی بانگکەرو چۆنیەتی بزانێ. بانگی لێکرا بە شێوەیەك لە شێوەكانی بانگ كردن، ئەویش بەشێوەیەكی تایبەتی ئەو پەیامەی وەرگرت، بەلاّم ئێمە نازانین چۆن بووە، ئەوە شتێكە لە ئەمری پەروەردگار، بڕوامان بەڕودانی هەیەو پرسیار لەچۆنییەتیەکەی ناکەین، چونکەزانینی چۆنیەتیەکەی لەژوورتوانای ئادەمیزادەو ناتوانێ تەصەوری بکا.

﴿وانا اخترتك فاستمع لما یوحی﴾ ئەمن ئەو خودایەم تۆم هەڵبژادووە بۆ پێغەمبەرێتی ئەرکی ڕابەریو پێشەوایەتیت خراوەتە سەر شان. فەرمانی ئێمە ببیسەو وەری بگرە، ئەو پەیامەی بۆت دێ، لێی حاڵی ببەو کاری پێ بکە،وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**انی اصطفیتك علی الناس برسالاتي و بکلامی**﴾ (الاعراف/١٤٤) واتە: من تۆم هەڵبژاردووە بەسەر هەموو ئادەمیزادانی سەردەمی خۆت دا...

ئەمجارە ناوەڕۆکی نیگاکەی پێ ڕادەگەیەنێو دەفەرمووێ: ﴿اننی انا الله لا اله الا انا، فاعبدنی،واقم الصلاة لذکری﴾ بێگومان ئەو کەسەی بانگت دەکا پەروەردگارە، خودای خۆتە، ئەمە دووبارە بوونەوەو تەئکیدی ڕستەی ﴿انی انا ربك﴾ەی پێشەوەیە.

ئەمە ئەركو واجبێكە پێویستە بیزانیو ددانی پیابنێی، بەدڵ بڕوات پێ ی هەبێو بەزمان بیدرکێنێ: کەهیچ خودا نین جگە لەزاتی (الله) خودایەکی

تاكو تەنیایەو كەس هاوەڵو شەریكی نیە. تەنها بەندایەتی بۆ من بكە من بە خودایەكی تاكو تەنیا بناسە، چوونكە هەر من خودامو هەر من شیاوی پەرستشو بەندایەتی بۆ كردنمو كەسی تر شیاوی ئەوە نیە. پارێزگاری نوێژەكانت بكە، چۆن فەرمانت پێ دەكرێ ئاوا بەرێكو پێكی ئەنجامیان بدە، ئەركانو مەرجەكانیان بەجێبێنە بۆئەوەی لەنوێژەكانتایادی من بكەیەوە،بە دڵسۆزی لێم بپاڕێیەوەو خالیصانە من بپەرستی،بە لێبڕاوی بەندایەتیم بكەی. بەتایبەتی باسی نوێژی كرد، چوونكە نوێژ گەورەترین تاعەتو خودا پەرستیە. ئەمە ئەگەر لامی (لذكری) لامی تەعلیلو بایبس بێ. ئەگەر لامی تەوقیت بێ ئەو كاتە ماناكەی بەم جۆرەیە، نوێژەكانت بەجێ بهێنە لەكاتی وەبیر هاتنەوەو یاد كردنی من. ئەمەش بەگوێرەی ئەو فەرموودەیەی ئیمام ئەحمەد لەئەنەسی كوڕی مالیكەوە ﷺ لەپێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتی كردووەدەفەرمووێ: ((**اذا رقد احدكم عن الصلاة او غفل عنها فليصلها اذا ذكرها، فان الله تعالى)) قال: ﴿واقم الصلوة لذكرى﴾** هەر كاتێ یەكێ لەئێوە خەوی لێكەوتو نوێژی نەكرد بوو یان لەنوێژەكەی بێ ئاگابوو، هەر كاتێ بیری هاتەوە بانوێژەكەی بكا، چونكە پەروەردگار دەفەرموێ:﴿واقم الصلوة لذكرى﴾. دووبارە لەئەنەسەوە لەصەحیحەین دا هاتووە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**من نام عن صلاة او نسيها، فكفارتها ان يصليها اذا ذكرها، لا كفارة لها الا ذلك**)).

تیرمیزیو ئیبنوماجە لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەت دەكەن: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**من نسي عن صلاة فليصلها اذا ذكرها، فان الله قال: واقم الصلاة لذكرى**)).

فەرموودەكە دوو حاڵەتی دیاریكردوە: نوستنو لەبیر چونەوە. چوونكە حەق وایە موسوڵمان كەمتەرخەمی نەكا لەئەنجامدانی نوێژ،جا ئەگەر بەئەنقەست نوێژەكەی نەكرد ئەوە گێڕانەوەو ئەنجامدانی بە قەزا كارێكی

پێویست ترە دەبێ چی زووە نوێژە فەوتاوەکـەی بگێڕێتـەوە. چونکـە چواندنـی نوێژ جگە لە گێڕانەوەی هیچ ئەرکێکی تری تێدا نیە!!

ئەمجارە باسی هاتنی ڕۆژی قیامەت دەکا، سەرەنجامی مەخلوقات دیاریی دەکاو دەفەرموێ: ﴿ان الساعة اتية اكاد اخفيها لتجزى كـــل نفـــس بمـــا تسعى﴾ بێگومان قیامەت هەر دێو گومان لەهاتنیدا نی‌یە، ڕووداوێکە هـەر دەبێ ڕوو بداو نەهاتنی محاڵە. ئـەمن دەمـەوێ لـەخۆشمی بشـارمەوە، جـاچۆن کەسانی دیکە پێی دەزانن؟ ئەم جـۆرە ئاخاوتنـە لـە زمـانی عـەرەبی‌دا بـاوە. ئەگەر یەکێك زێدەڕەوی بکا لەنـهێنی کـارێکی دا دەڵـێ: (كتمت سري من نفسي) ئەمن نهێنیەکەم لەخۆشم شـاردەوە مەبەسـتی ئەوەیـە: کەنهێنیەکـەی بەوپەڕی تواناوە شاردۆتەوە. سوودی نهێنی کردنـی هـاتنی قیامـەتو دیـاری نەکردنی کاتەکەی بۆ ترساندنو هەڕەشەکردنە لـەئادەمیزاد، بۆئـەوەی هـەموو کاتێ لە ترسو ئامادە باشیدا بن بۆ خودا پەرستی، هەر بۆ یەشـە خوداکـاتێ مردنی هەموو ئادەمیزادێکی لە خۆیان نهێنی کردووە. چونکە ئینسان ئەگـەر بیزانیایە کەی دەمرێ، هەتا پێش مردنی سەرگەرمی گوناهوبێ ئەمری خـودا دەبـوو، ئـەمجارە بـە ماوەیـەك پێش مردنـی تەوبـەی دەکـردو دەسـتی دەکـرد بەکردەوەی باش،ئەمەش دەبوو بەهۆی هەڵنانی ئادەمیزادەکان بۆ تاوانکـاری، وەلێ پەروەردگار زانینی کاتێ مردنی لە ئادەمیزادەکان شاردۆتەوە. بۆ ئەوەی هەموو کاتێ لە حـەزەرو ئامادەباشـیدا بن بـۆ خـودا پەرسـتیو هـەمووکات ترسی مەرگیان هەبێ، وازلەگوناهو سەرپێچی فەرمانی خودا بـهێننو تـۆ بـە بکەن بە ئەوپەڕی لێبڕانو لێبوردوویو دڵسۆزیی خـەریکی خوداپەرسـتی بـنو تۆیە دوانەخەنو هەموو کات چاوەڕوانی هاتنی مردن بن.

ووشەی (اكاد) زیادەیەو بۆ جوانی مانا هێنراوە، واتە: ﴿وان الســـاعة اتية اخفيها﴾ بـێ گومـان قیامـەت ڕادەبـێ ، کـاتی هاتنەکەیم شـاردۆتەوە. هاتنەکەی هیچ شكو گومانی تێدا نیە: ﴿لتجزى كل نفس بمـــا تســـعى﴾

بۆئەوەی هەموو کەسێك پاداشتی کردەوەکانی خۆی بدرێتەوە وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿انما تجزون ماكنتم تعلمون﴾ (الطور/١٦) یان دەفەرموێ: ﴿فمن يعمل مثقال ذرة خيراً يره، ومن يعمل مثقال ذرة شراً يره﴾ (الزلزله/٧-٨).

ئەمجار پەروەردگار حەزرەتی موسا ﷺ دەترسێنێ لەکەمتەرخەمی کردن لەقیامەتو خۆ بۆ ئامادەنەکردنی. دەفەرموێ: ﴿فلا يصدنك عنها من لا يؤمن بها، واتبع هواه فتردى﴾ باتۆ بێ ئاگانەکا لەهاتنی قیامەتو لات نەدا لەبڕوا بوون بەقیامەتو ڕووداوەکانی، کەسێك: کەبڕوای بەهاتنی نیەو چاوەڕوانی پاداشتو سزای ئەو ڕۆژە نیە، لە سزاو عیقابی خوای گەورە ناترسێو بێپەروا سەرپێچی فەرمانی خوا دەکاو گوێ بە نەهیەکانی نادا، شوێن هەواو هەوەسی خۆی دەکەوێ! ئەتۆ ئەگەر وابکەی بەهیلاك دەچیو خەسارەتمەند دەبێ، خیتابەکە بە تەنیا بۆ حەزرەتی موسا ﷺ نیە بەڵکوو هەموو کەس دەگرێتەوە، خیتابەکە ئاراستەی حەزرەتی موسا ﷺ کراوە وەلێ ئادەمیزادانی تر مەبەستن.

ئەمە لە نموونەی ئەو پەندە کوردیەیە کە دەڵێ: (بوکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ) بەکورتی: ئێوە ئەی ئادەمیزادینە! شوێن ڕێبازو بیروباوەڕی ئەوانە مەکەون:کە: بڕوایان بەهاتنی قیامەت نیە، هەردەم خەریکی ڕابواردنو سەرپێچی کردنی فەرمانی پەروەردگارن! هەرکەسێك، شوێن بەرنامەی ئەوان بکەوێ خەسارەتمەندو ماڵوێرانە.

تێبینی:

بەجێهێنانی نوێژ لەکاتی بۆدیاری کراودا پێویستەو دەبێ ئەنجام بدرێ. ئەگەر لەکاتی خۆیدا بەهۆی خەوەوە یان هەر بیانویەکی تر ئەنجامی نەدا دەبێ بیگێڕێتەوە.ئەگەر کەسێك بەئەنقەست نوێژەکەی نەکردئەوە جەماوەریزانایان کۆن لەسەر ئەوە کە پێویستە قەزای بکاتەوە، هەرچەندە بە دواخستنی

نوێژەکە گوناهبار بووبێ. کەسێك بەهۆی خەو یان لەبیرچوونەوە نوێژەکەی دواکەوت تاوانبار نابێ، وەلێ ئەگەر بەئەنقەست دوای خست تاوانبار دەبێ.

بەڵگەی جەماوەری زانایان ئەوەیە: دەڵێن: پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿واقيموا الصلاة﴾ (البقرة/٤٣) ئیتر دەست نیشانی ئەوەی نەکردووە کردنی نوێژەکە لەکاتی خۆیدا بێ یان دوای تێپەڕبوونی کاتەکەی. خۆ ئاشکراشە وشەی(اقیموا) فەرمانەو وجوب دەگەیەنێ. ئەوەش چەسپاوە کەسێك خەوی لێ کەوت یان لەبیری چوونوێژەکەی لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدا دەبێ دوایی بیگێڕێتەوە، هەرچەندە بە دوا خستنەکەشی گوناهبار نەبووە، دەی کەسێك بەئەنقەست نوێژەکەی لەکاتی خۆی ئەنجام نەداو دوای بخا باشتر دەبێ گەڕانەوەی لەسەر پێویست بێ. هەروەها خواردنی ڕۆژوێك بەئەنقەستو بەبێ عوزرو بیانوی شەرعی داخوازی ئەوەیە بگێڕێتەوە نوێژیش کەچوو دەبێ قەزا بکرێتەوە.

ئەگەر وارێکەوت کاتی نوێژێك هاتبوو کابرا خۆی ئامادە دەکرد بۆبەجێهێنانی لەو کاتەداوەبیری هاتەوە کەنوێژێکی لەوە پێشی یازیاتری چواندوە، بەگوێرەی ڕێبازی مالیکیەکان دەبێ دەست بکا بە نوێژە چواوەکە، بەمەرجێ‌نوێژە فەوتاوەکە پێنج یان کەم تر بن، تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەی نوێژە چواوەکان ببێتە هۆی دواکەوتنی نوێژە حازرەکە لەکاتی خۆی هەردەبێ نوێژە ڕابردووەکە بگێڕێتەوە. بەڵام ئەگەر نوێژە چواوەکان زیاد لە پێنج نوێژ بوون ئەوە دەبێ نوێژە حازرەکە ئەنجام بدا. مەزهەبی حەنەفیەکانیش هەروەهایە بەڵام وەندە هەیە ئەوان دەڵێن تەرتیب بۆ گێڕانەوەی نوێژە چواوەکان پێویستە لەشەو ڕۆژەکەدا.بەمەرجێ ماوەکە بەشی نوێژە چواوەکانو نوێژە حازرەکەش بکا.

خۆ ئەگەر بەشی نەکرد دەبێ جارێ نوێژە حازرەکە بکا ئەمجا دەست بکا بەگێڕانەوەی فەوتاوەکان، ئەمجار ئەگەر نوێژە فەوتاوەکان لەنوێژی شەوو ڕۆژێك زیاتر بوون ئەوەتەرتیب لە گێڕانەوەکەیاندا واجب نیە..

شافعی دەفەرمووێ: وا باشە لەپێشەوە نوێژە فەوتاوەکە بگێڕێتەوە بەمەرجێ نوێژە حازرەکەشی نەفەوتێ، خۆ ئەگەر وای نەکردوو لەپێشەوە نوێژە حازرەکەی کرد، ئەوە چ قەیدی نیە نوێژەکەی دروستە.

ئیمامی (الاثرم) لەئەحمەدەوە ڕیوایەت دەکا دەفەرموێ: تەرتیب پێویستە، تەنانەت ئەگەر نوێژە فەوتاوەکان هی شەست ساڵو زیاتریش بن. فەرموویەتی: دروست نیە کابرا نوێژی فەوتاوی لەسەر بێو لەیادی بێ نوێژی تر بکا.

بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن: دەبێ نوێژی فەوتاو پێش نوێژی حازر بخرێ ئەو فەرموودەیەیە لەصەحیحدا هاتووە و جابری کوڕی عەبدوڵلاّ ﷺ ڕیوایەتی دەکا: دەڵێ: ڕۆژی خەندەق پێغەمبەرﷺ نوێژی عەسری بۆ نەکرا تاخۆر ئاوابوو، کاتی نوێژی مەغریب هات، ئیتر پێغەمبەر ﷺ لەپێش دا نوێژی عەصری قەضاکردەوە ئەمجار نوێژی مەغریبی کرد، تیرمیزی لە ئیبنو مەسعودەوە ڕیوایەت دەکا: دەڵێ: لەڕۆژی خەندەقدا موشریکەکان پێغەمبەریان ﷺ مەشغوڵ کرد چوار نوێژی بۆ نەکران، شەو بە سەردا هاتو هەندێکی لێ ڕۆی، ئیتر فەرمانی بەبیلال کرد بانگی داو قامەتی کردوو نوێژی نیوەڕۆی کردوو پاشان قامەتی کردو نوێژی عەصری ئەنجامدا، پاشان قامەتی کرد نوێژی مەغریبی کردئەمجار قامەتی کردو نوێژی عیشای کرد.

زانایان ڕاجیاییان هەیە لەوەدا: کەکابرا بەبیری بێتەوە: کەنوێژێکی لەوە پێشی نەکردووە، نوێژە حازرەکەشی کاتێکی کەمی ماوە لەم مەوزوعەداسێ ڕایان هەیە:

١-ئیمامی مالیكو (اللیث)و (الزهری) فەرموویانە دەبێ جاری لەپێشدا نوێژە فەوتاوەکە بکا هەرچەندە سەربکێشێ بۆ نەمانی کاتی نوێژە حازرەکە.

٢- حەسەنی بەصری‌و شافیعی‌و زانایانی عیلمی حەدیث و(المحاسیبی) و ئیبنو وەهەب لەزانایانی مالیکی دەفەرموون: دەبێ جاری نوێژە حازرەکەی بکا.

٣- ئەشهەب دەفەرمووێ: کابرا سەرپشکە بەئارەزووی خۆی کامیان پێش بخا کەیفی خۆیەتی.وەلێ ئەگەر کەسێك لەنوێژدا بوو وەبیری هاتەوە: کەنوێژێکی لەوە پێشی نەکردووە، ئەوەئەگەر لەدوا ئیمامەوە نوێژی دەکرد، ئەوەئەوانەی دەڵێن تەرتیب واجبەو ئەوانەی دەڵێن: واجب نیە، کۆکن لەسەر ئەوە کەلەگەڵ ئیمامدا درێژە بەنوێژەکەی بدا هەتا تەواو دەبێ، ئەمجا لەوەو دووا کێشەیان تێکەوتووە:

(أ) ئیمامی ئەحمەدو ئەبو حەنیفە دەفەرموون: دەبێ ئەونوێژە بکا کەبیری کەوتۆتەوە پاشان ئەو نوێژە بکا: کەلەکەڵ ئیمام کردوویەتی، مەگەر لەنێوان نوێژە فەوتاوەکەو نوێژە حازرەکەی کەلەگەڵ ئیمامدا دەیکا زیاد لەپێنج نوێژ هەبێ.

(ب) ئیمام مالیك دەفەرموێ: کەسێك لەنوێژی حازردا نوێژی فەوتاوی وەبیر هاتەوە، بادوو ڕکات بکاو سلاو بداتەوە. جائەگەر ئەو کەسە پێش نوێژ خوێن بوو، نوێژی خۆی مەئموومەکانی بەتاڵ دەبێتەوە،ئەگەر نوێژە حازرەکە چوار ڕکاتی بوو لەڕکاتی سێیەمدا بیری هاتەوە کەلەوەپێش نوێژێکی نەکردووە باڕکاتی چوارەم تەواو بکا ئەمجار سەلاو بداتەوە، نوێژەکەشی بۆ دەبێتە نوێژی سووننەت‌و بەتاڵ نابێتەوە.

عەصای موسا ﷺ دەبێتە ئەژدیها

وَمَا تِلۡكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿١٧﴾ قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخۡرَىٰ ﴿١٨﴾ قَالَ أَلۡقِهَا يَٰمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَلۡقَىٰهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٞ تَسۡعَىٰ ﴿٢٠﴾ قَالَ خُذۡهَا وَلَا تَخَفۡۖ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلۡأُولَىٰ ﴿٢١﴾

دووای ئەوەی پەروەردگار لەگەڵ موسادا ﷺ ئاخاوتنی ئـەنجام دا، ئیـتر موعجیزەو نیشانەی پێغەمبەرایەتیەکـەی بـاس دەکـا بۆڕاسـتی پەیامەکـەی. یەکـەم نیشـانەو موعجیزەشـی گۆڕانـی عەصاکەیەتی‌بـە ئەژدیـها، هـەروا بەپێچەوانەوەشە..! موعجیزەی گۆڕانی عەصا بەئەژدیهاموعجیزەی یەکـەمی حەزرەتی موسا ﷺ بووە. موعجیزەیەکی وابـووە جگـە لـە خـودا کەسـی تـر ئەوەی بۆپێك نایەو لەسەر دەستی پێغەمبەر نەبێ بەدی نایە.

واپێدەچـێ حـەزرەتی موسـا ﷺ بەم بـانگ لێ کـردن و پـەیام پێدانــە، بەبیستنی ئەم نیدا ئاسمانییە بەرزو پیرۆزە خۆی لەبیر چۆبێتەوە، ئەوەشی لەبیر چووبێتـەوە بۆچـی چـووە بۆئـەو شوێنە، بەتـەواوی هەسـتو هـۆشو شـعوری کردبنەوە بۆ بیستنو تێگەیشتنی ئـەو بانگـە ئاسمانییـە.بەدوادا چوونـی ئـەو پەیامـەی ئاراسـتەی دەکـرێ، جـا لـەو کاتـەدا: کەنـەو نقوومـی ئـەم حاڵەتـە تایبەتییە بووە: کەتێی کەوتووەو میثقالە زەڕەیەك نییە لـەکیانی ئـەودا ئـاوڕ لەشتی تـر داتـەوەو بیر لەشتی تـر بکاتـەوە ، پرسـیارێکی ئاراسـتە دەکـرێ

پێویستی بەوەلام نی‌یە، پرسیارێکە بۆ بەئاگا هێنانەوەو وەسەر خۆ هاتنەوەیە، بۆسەرنج ڕاکێشانیەتی بۆلای عەصای دەستی، بۆ ئەوەی بەئاگاداریپەوە موعجیزەی بوونی عەصا بەئەژدیها ببینێ، لەبەر ئەوە بەو شێوە پرسیاری ئاڕاستە دەکاو دەفەرموێ: ﴿وما تلك بيمينك يا موسى﴾ ئەی موسا ئەوە چییە بەدەستی ڕاستتەوەیە؟

بێگومان خودا ئاگاداری هەموو شتە، هیچ نی‌یە لەئەو پەنهان بێ، کەواتەهەر پرسیارێ لەخوداوە ئاڕاستە بکرێ مەبەست زانا کردنی خودا نییەبەو شتەی پرسیاری لیٚ کردووە، بەڵکو مەبەستی تری تێدایەو بەگوێرەی شوێن‌و جێگادەزانرێ.کەواتە لێرەدا پرسیارەکە بۆ بەئاگا هێنانەوەی حەزرەتی موسایەو بۆ سەرنج ڕاکێشانی‌یەتی بۆ بینینی موعجیزەو دابڕانی لەو حاڵەی کەتێیدا نقووم بووە.

ئیتر بەو پرسیارە هاتەوە سەرخۆ، ترس‌و بیمی لەوە پێشی نەما، بەدەمی خۆی دانی بەوەدا نا: کەئەوەی لەدەستی ئەودایە عەصایە، دارێکی ڕەق‌و تەق‌و بێ گیانە، ئەمجار بەچاوی خۆی ببینێ بەفەرمانی خودا دەبێتە مارێکی زیندوو پاشان دەبێتەوە بەعەصاکەی پێشوو!

حەزرەتی موسا عليه السلام لەوەلامی ئەو پرسیارەی: کەئاڕاستەی کرابوو: ﴿قال: هي عصاي، أتوكأ عليها واهش بها على غنمي ولي فيها مآرب اخرى﴾ وتی: ئەوەعەصاکەمە، لەکاتی ڕۆیشتن دا خۆمی سەردەدەم، گەڵای درەختەکانی پێ هەڵدەوەرێنم بۆ ئەوەی ئاژەڵەکانم بیخۆن. چەند مەبەست‌و بەرژەوەندی ترم تێیدا هەیەو بۆزۆر شتی تر بەکاری دەهێنم، تێشووی پێ هەڵدەگرم، مەتارە ئاوی پێ هەڵدەگرم، مارو دوو پشکی پێ دەکوژم دڕندەی پێ لەخۆم دوور دەخەمەوە. ئەمە هەموو ئەو زانیاریانە بوون: کەحەزرەتی موسا عليه السلام دەربارەی عەصاکەی دەیزانی، بەعەمەلی گۆچانەکەی بۆ ئەو جۆرە کارانە بەکار هێنابوو، چوونکە دە ساڵ شوانی بۆ حەزەتی شوعەیب عليه السلام

کردبوو، دەشڵێن لەکاتی گەڕانەوەشیدا جەلەبێك مەڕو بزنی لەگەڵ خۆیدا هێنابۆوەو بەتەما بوو بیانباتەوە بەخێویان بکا.

بەڵام ئەوەتا قودرەت و ویستی خودا لەو عەصا دارەی بەدەستی موسا ﷺ وەیە شتێکی لێ پەیدا دەکا: کەهەر بەخەیاڵی موسا ﷺ دا گوزەری نەکردبوو، خاریقولعادەیەکی لێ پەیدادەبێ دەبێتە ڕێخۆشکەرەو سەرەتا بۆ پێغەمبەرایەتیو کاری گەورە. خودا فەرمانی پێکرد بەوە عەصاکەی فڕێ بدا بۆ ئەوەی موعجیزەی گەورە دەربکەوێ ﴿قـــــال﴾ پەروەردگار پێی فەرموو:﴿القها یاموسی﴾ ئەی موسا! ئەو عەصایەی بەدەستی ڕاستەوەیە فڕێی بدە، بیهاوێژە سەر زەوی، حەزرەتی موسا یەکسەر ﴿فالقاهـــــا﴾ عەصاکەی فڕێدا ﴿فإذا هي حية تسعی﴾ هەر لەگەڵ فڕێی دا ڕوانی کتوپڕ عەصاکەی مارێکەو دەخشێو دەکشێ بەسەر زەوی دا، دەست بەجێ عەصای بێ گیان بوو بە مارێکی درێژی گورجو گۆڵ. لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فلما رآها تهتز كأنها جان ولّی مدبرا ولم يعقب﴾ (النمل:١٠) واتە: کاتێك بینی عەصاکەی مارێکی گەورەیە بەڵام لەبەر گورجو گۆڵی بەبچوکی دەهاتە بەرچاو، دیمەنەکە سەرنج ڕاکێش بوو، موسا ﷺ پاشەو پاش کشایەوە ولێی ترسا، ناحەقی نەبوو، کێ هەیە لەڕوداوی ناوادانەشڵەژێو نەترسێ. عەصای بێ گیان بوو بەماری گیاندار، ئەو موعجیزە گەورەیە بەکتو پڕی لە پێش چاوی موسا ﷺ ڕووی دا!! موعجیزەی گیان بەبەردا کردنی شتی بێ گیان، هەرچەندە ئەم جۆرە موعجیزە لەهەموو ئانو ساتێك دا ڕوودەدا، وەلی خەڵکی بێ ئاگان لێی. وێنەی ئەو موعجیزە لەهەموو چرکەیەك دا بەفەرمانی خودا ڕوودەدا، لەهەموو ساتو کاتێك دا بەملوێنەهاخانە بێ گیانەکان دەبنە خانەی گیاندار: بەڵام خەڵکی پێی سەرسام نابن وەکوو بەبوونی عەصای مووسا ﷺ بەمار سەرسام دەبن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە: کەئادەمیزاد دیلی هەستەکانیەتی، دیلی ئەزمونو

تاقیکردەوەکانیەتی، لە بیرو بۆچوونی دا زۆر لەمەودای هەستەکانی تێناپەڕێ، وەرگەڕانی عەصابە مارێکی گورجو گۆڵو تیژ ڕەوو دیاردەیەکی حیسسی‌یە بەرەنگاری هەستەکانی دەبێتەوەو لێك دەکەون!

بەڵام دیاردە شاردراوەکانی سەرەتای ژیان، کە گەردیلە بێ گیانەکان دەبنە خەلیەی زیندوو، ئەوە ناکەونە بەر مەودای هەستەکانو ئادەمیزاد هەستیان پێ ناکا، بەتایبەتی بار پێوە گرتنو زۆر دووبارە بوونەوەیان کاریگەریان لەسەر هەست کەم دەکاتەوەو بەشتێکی ئاسایی دێنە بەرچاوی! کە عەصاکە بوو بە مارو کەوتە جمو جوڵ بەخێرایی دەکشا، حەزرەتی موسا ﷺ ترساو پاشەو پاش کشایەوە، ﴿قال:﴾پەروەردگار پێی فەرموو: ﴿خذها ولاتخف ﴾ بەدەستت بیگرەو لێی مەترسە، ﴿سنعیدها سیرتها الاولى﴾ هەر کەدەستت پێی گەییشتەوە دەیگێڕینەوە بۆ شێوەکەی یەکەمجاریو دەیکەینەوە بەدار عەصاکەی پێشوو.

حەزرەتی موسا ﷺ دڵنیا بووەو، دەستی بۆ مارەکە بردوو خودا کردیەوە بەدار عەصاکەی پێشوو نەگیانی تێدا ما نە جمو جووڵ، ئەمەش موعجیزەیەکی تر بوو، خودا نیشانی‌دا.

موعجیزەی دووەم بۆ موسا ﷺ (یەدی بیضا) بوو

وَٱضۡمُمۡ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخۡرَىٰ ﴿٢٢﴾ لِنُرِيَكَ مِنۡ ءَايَٰتِنَا ٱلۡكُبۡرَى ﴿٢٣﴾ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ﴿٢٦﴾ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةً مِّن

لِّسَانِي ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا قَوْلِي ﴿٢٨﴾ وَاجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي ﴿٢٩﴾ هَارُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾ اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي ﴿٣١﴾ وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي ﴿٣٢﴾ كَيْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا ﴿٣٣﴾ وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا ﴿٣٤﴾ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا ﴿٣٥﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار موعجیزەی عەصای باس کرد: کە نیشانەی پێغەمبەرێتی حەزرەتی موسایەو موعجیزەی یەکەمیەتی.

ئەمجار باسی موعجیزەی دووەمی دەکا، ئەویش موعجیزەی دەست درەوشانەوەیە: کەبەفەرمانی خودادەستی دەبوەشتێکی پرشنگدار وەکوو خۆر دەدرەوشایەوەو چاوی لەبەر هەڵنەدەهات. ئەمجار دوای نیشاندانی ئەو دوو موعجیزانە، فەرمانی پێ کرد کەبچێ بۆ سەر فیرعەونو پەیامی خوودای پێ بگەیەنێو بانگەوازی بکا بۆ خودا پەرستی. ئیتر حەزرەتی موسا ﷺ لە خودا پاڕایەوەو چوار شتی داوا لێکرد: دڵ فراوان کردنیو کار ئاسانی بۆی. زمانی بکرێتەوەو لاڵی نەمێنێ. هارونی براشی لەگەڵ دا بکرێ بە پێغەمبەرو پشتیوانی بێ، جارێکی تر فەرمانی خودای تەعالا بۆ موسا ﷺ دەرچوو فەرمانی پێ کرا بەم چەشنە: پێ ی گوترا﴿واضمم یدك الی جناحك﴾ دەستی ڕاستت بەرە بۆبن هەنگڵت بیلکێنە بەژێر باڵتەوە، ﴿تخرج بیضاء﴾ دێتە دەرەوە بەدرەوشاوەیی ڕووناکی یەکی زۆر دەبەخشێ.. بەشەوو بەڕۆژ ڕووناکایی یەکەی دیارە وەکوو ڕووناکی خۆرو مانگ وایە.﴿من غیر سوء﴾ سپیەتیەکەی ڕووناکیو درەوشانەوەیە، نەخۆشیو دەردی بەڵەکی نیە، نیشانەی عەیبو نەنگی نیە پێتەوە.دوایی ئەو دەستە بخەرەوە باخەڵتەوە، وەکوو پێشووی لێ دێتەوە، ڕەنگی گەنم ڕەنگی بەخۆوە دەبینێتەوە!

ئەگەر جادو بازەکانی فیرعەون هەوڵی ئەوەیان دابێ: کە موعجیزەی عەصا بەتاڵ بکەنەوەو بەربەرەکانی بکەن، کەچی یەکێکیان هەڵی ئەوەی

نەداوە موعجیزەی یەدی بە یضا پووچەڵ بکاتەوە. ئەم دەست درەوشانەوەشت ﴿ایـة اخـرى﴾ موعجیزەیەکی ترەو نیشانەیەکی کەیە لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتیت، ئەوەمان بۆیە کرد ﴿لنریك من ایاتنا الكبرى﴾ بۆ ئەوەی برێك لەنیشانەی گەورەیی خۆمانت نیشان بدەین، پێت بزانێنین: کەئێمە باڵا دەستین بەسەر هەموو شتێك لەناو بوونەوەردا.

لێرەدا پرسیارێك هاتە پێشەوە، دەگوترێ: بۆچی موعجیزەکانی حەزرەتی موسا ﷺ لەو جۆرە موعجیزانە بووە؟.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگوترێ: پەروەدگار بۆخۆی زاناو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێك، لەهەموو چەرخ و ڕۆژ گارێکدا بەپێی بارو دۆخ و دڵو دەروونی خەڵکی ئەو سەردەمە موعجیزەی داوە بە پێغەمبەرانی، جا چوونکە لەچاخ و سەردەمی حەزرەتی موسا ﷺ دا جادوبازی باوبووە. خەڵکەکە چاویان بڕیبووە شتیسەر سووڕهێنەری جادو بازی، بۆیە موعجیزەی حەزرەتی موسا ﷺ لەو جۆرە موعجیزانە بووە کە جادو بازیەکەیان پوچەڵ بکاتەوە.ئەمجار دووای ئەوەی پەروەردگار ئەم دوو جۆرە موعجیزە گەورەیەی بەخشی بەحەزرەتی موسا ﷺ، فەرمانی پێ کرد: کە بچێ بۆسەر فیرعەون و پێی فەرموو: ﴿اذهب الى فرعون انه طغى﴾ بە پێغەمبەری بچۆ بۆلای فیرعەون: کە پاشای میصرەو تۆ لەترسی ئەو هەڵهاتبووی. بچۆرە سەری ئەوە موعجیزەی گەورەو خاریقول عادەمان پێداوی، بانگەوازی بکە بۆ خودا پەرستی و بەندایەتی بۆکردن، فەرمانی پێ بکە: کەچیتر نەتەوەی ئیسرائیل نەچەوسێنێتەوە، لەگومڕایی‌وملهوڕی خۆی وازبێنێ ، بچۆرەلای فیرعەون و ئەم جۆرە پەیامەی بەگوێچکەدا بدە، چوونکە بێگومان ئەو لەخۆی بایی بووە،کافرو سەرکەش بووە، سنووری ئادەمیزادێتی خۆی شکاندووە، باوەشی بەدونیادا کردووەو قیامەتی لەبیر خۆی بردۆتەوەو لافی خودایەتی لێ دەداو

بەنەتەوەو گەلە ژێردەستەکانی خۆی دەڵێ: من خودای هەرە گەورەو بەرزی ئێوەم، لەمن زیاتر خودای ترتان نیە!!

جاکە پەروەردگار ئەم فەرمانەی ئاڕاستەی حەزرەتی موسا ﷺ کردو رەوانەی سەر فیرعەونی کرد، کەلە ڕاستیدا تابڵێ ی ئەرکێکی گران و ترسناك بوو، ئەو لەترسی فیرعەون هەلاتووە، ئێستا بچێتە سەری داوای ئیمان هێنانی لیٚ بکاو پیٚی بلیٚ شوێنم بکەوە: ئەو بۆخۆی فیرعەونی باش دەناسی، دەیزانی چ ملهوڕو ستەمکارێکە، بۆیە حەزرەتی موسا ﷺ لەخودا پاڕایەوە هەشت شتی بۆ فەراهەم بێنیٚ:

١- ﴿قال: رب اشرح لي صدری﴾ موسا ﷺ ووتی: خودایە: سینگم فراوان بکە دڵو دەروونم بەهێز کە بۆ وەرگرتنو هەلگرتنو گەیاندنی ئەو پەیامە، بە دڵێکی فراوانەوە بە بڕوایەکی پتەوەوە بتوانم ئەو پەیامو سروشە بگەیەنم. بێگومان ئەو ئەرکە ئەرکێکی قورسو کارێکی گەورەیە پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿ویضیق صدری ولا ینطلق لسانی﴾ (الشعراء/١٣) داوای لەخودا کرد: کەئەو دڵتەنگیەی لابەریٚو دڵ فراوانی بکا بۆ ئەوەی پشوو درێژ بیٚو بتوانیٚ ئەزیەتدانو سەرپێچی کردنی خەلکی پیٚ قبولٚ بکریٚ ئەرکی پێغەمبەرایەتی پیٚ هەلبگیریٚ:

٢- ﴿ویسر لی امری﴾ کارو فرمانم بۆ ئاسان بکە، ئەگەر تۆ یارمەتی دەرم نەبی ئەمن کەی تواناو هێزی ئەو ئەرکە گرانەم هەیە: هەرچەند ئەم دوو داوایەی هەموو پێداویستیەکانی دەگرێتەوە، بەلاٚم چونکە ئەم مەبەستانەی کە لەمەدوادێن زۆرلای گرنگ بوون بۆیە بەتایبەتی ناویان دەهێنیٚ:

٣- ﴿واحلل عقدة من لسانی یفقهوا قولی﴾ زمانم ڕەهابکە گرێی سەر زمانم لابەرە، لالٚو توریم مەهێلە، بتوانم بەبیٚ گیرو گرفت قسەبکەم: بۆئەوەی لەکاتی ڕاگەیاندنی پەیامەکەم دا لە قسەو ئاخاوتنم تیٚ بگەن،

چونکە ڕاگەیاندنی پەیام‌و ئامۆژگاریی لەلایەن ڕەوان بێژو قسە ڕەوانەوە کاریگەرترەو زیاتر خەڵکی دڵ‌و گوێچکەیانی بۆ دەکەنەوە.

وەکوو دەگێڕنەوە، دەڵێن: حەزرەتی موسا ﷺ گیرییەك لە زمانی‌دا بوو، ئەویش لەوەوە بووە بەمنداڵی لەباوەشی فیرعەون دا بووە ڕیشی ڕنیوەتەوە، فیرعەون ڕقی لێی هەڵساوە، ویستویە لەناوی بەرێ، خێزانی فیرعەون بەرگری لیٚ دەکاو دەڵێ منداڵەو هێشتا عەقڵی پەیدا نەکردوە.

ئەمجار فیرعەون دەڵێ: بەتاقی دەکەمەوە، دێنێ چەند دەنکە خورمایەك‌و چەند پشکۆ ئاگر دەخاتە بەر دەستی بۆ ئەوەی بزانێ کامیان هەڵدەگرێ ،ئیتر موسا ﷺ دەست دەبا بۆ پشکۆ ئاگرەکەو دەیخاتە سەر زمانی بەوە تۆزێك توور بووە گیریی تێدا پەیدا بووە.

٤- ﴿واجعل لی وزیراً من اهلی،هارون اخی﴾ خودایە! یارمەتیدەرو پشتیوانێکم بۆ دابنێ‌ی لەبرێ کاردا یارمەیتم بدا، ئەو کەسە لەخزمی خۆم بێ، هارونی برام بێ ، بۆ ئەوەی لەگەڵ من ئەرکی پیغەمبەرایەتی هەڵبگرێ، ئەو زمانی شیرین‌و ڕەوانە، دڵ دامەزراوو بار قوڵ‌و لە سەرە خۆیە.حەزرەتی موسا بۆ خۆی پیاوێکی توندوتیژو ئینفیعالی بوو، بۆیە داوای لەپەروەردگاری خۆی کرد: کەپشت ئەستوری بکا بە براکەی، بۆ ئەوەی دووبە دوو ئەوکارە گرنگەی پێیان سپێردراوەئانجامی بدەن.

٥-٦﴿اشدد به ازری‌واشرکه فی امری﴾ خودایە! بە براکەم پشت ئەستوورم بکە، بیکەرە هاوبەشم لەپێغەمبەرێتی‌دا، بۆ ئەوەی ئەرکی سەر شانی خۆمان بەشێوەیەکی پێویست ئەنجام بدەین.

٧-٨ ﴿کي نسبحك کثیرا ونذکرك کثیرا﴾ بۆئەوەی بتوانین تەسبیحاتی زاتی پاکت بکەین، بە دوورت بگرین لەو شتانەی شیاوی زات‌و صیفاتی تۆ نیە، بتوانین بەزۆری یادت بکەین‌و بەتاك‌و تەنها بتناسین‌و کەس نەکەینە هاوەڵ‌و هاوبەشت لە هەموو عەیب‌و خەوشێك بتپارێزین.

حەزرەتی موسا ئەو هەموو داوایانەی پێشنیار کردن، داوای کرد سنگی فراوان بێ کاری بۆ ئاسان بکرێ، گرێی زمانی بکرێتە هارونی برای بکرێتەوە پێغەمبەرو یارمەتیدەر... هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیبنە یارمەتیدەر بۆ تەسبیحاتی زۆرو یاد کردنی خودا بە زۆری. وەرگرتنو بیستنی زۆرلە خودای بیناو شنەوا.

موجاهید دەڵێ: بەندە ((بەذاکر))ی تەواو حسێب ناکرێ هەتا وای لێ نەیە بەهەموو شێوەیەك یادی خودا بکا،بەپێوە بەدانیشتنەوە بەڕاکشانەوە.

﴿انك كنت بنا بصيرا﴾ خودایە! بێگومان زاتی پاکت لە حاڵو وەزعی ئێمە ئاگادارە، دەزانی بۆچی ئێمەت هەڵبژاردووەو پلەو پایەی پێغەمبەریت پێ داوین، دەزانی بۆچی دەمان نێری بۆلای فیرعەونی ملهوڕو ستەمکار، ئەو فیرعەونەی داوای خوایەتی دەکا،ئێمە پابەندو ملکەچی تۆینو سوپاس گوزارین، ئەتۆش بۆخۆت پێویستی ئێمە دەزانی، ئاگاداری بەوەی: کەئێمە ئاتاجی یارمەتیو کۆمەگی تۆین!

بێگومان حەزرەتی موسا ﷺ درێژەی بەپاڕانەوەو پێشنیارەکانی دا داوای یارمەتیو کار ئاسانی کرد، خودای بەرزو بالا دەست گوێی لێیەو دەبیسێ، ئەو میوانی خوای پەروەردگارە، ئاخاوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدا، پەروەردگاری خاوەن فەضل و کەرەم میوانی خۆی نائومێد ناکاو داواکارییەکانی دوا ناخا.

پەروەردگار هەشت نیعمەتی جۆراو جۆری بەخشیون بەحەزرەتی موسا ﷺ پێش پێغەمبەرێتی

قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَىٰٓ ﴿٣٧﴾ إِذْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ ﴿٣٨﴾ أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِى ٱلتَّابُوتِ فَٱقْذِفِيهِ فِى ٱلْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّى وَعَدُوٌّ لَّهُۥ ۚ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّى وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِىٓ ﴿٣٩﴾ إِذْ تَمْشِىٓ أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ ۖ فَرَجَعْنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ ۚ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ۚ فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٠﴾ وَٱصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِى ﴿٤١﴾

دوای ئەوەی حەزرەتی موسا ﷺ هەشت پێشنیاری ئاراستەی پەروەردگار کردن، لێرەدا پەروەردگار ئەوە ڕادەگەیەنێ: کە سەرجەم داواکارییەکانی جێبەجێ کران، ﴿قال: قد أوتيت سوءلك ياموسى﴾ پەروەردگار فەرمووی: هەموو داواکاریەکانت پێ دران، هەرچی داوات کرد ئەوا دەست بەجێ پێم بەخشی، خۆشیو بەختەوەریی حەزرەتی موسا ﷺ لەوەدایە وێڕای

جیٚ بەجیٚ بوونی داواکاریەکانی خودا ڕێزێکی تریشی لیٚ نا بەوە: کەبەناوی خۆی بانگی لیٚ کرد، جا چ ڕێز لێنانێك لەوە گەورەترو بەنرخ ترە کەپەروەردگاری بالأدەست بانگی بەندەیەك لەبەندەکانی خۆی بکا بەناوی صەریحی خۆی!!!

﴿ولقد مننا علیکم مرةً اخری﴾ بێگومان جارێکی تریش چاکەمان لەگەلٚ تۆ کرد، منەتو نیعمەتی خۆمانمان بەسەردا ڕشتی، پێش ئەوەی پلەو پایەی پێغەمبەرایەتیت پیٚ ببەخشین چەند نیعمەتو فەضلی خۆمانمان پیٚ داوی.

١- ﴿اذا اوحینا الی أمك مایوحی﴾ ئەوکاتەی نیگامان کرد بۆلای دایکتو ئەوەی پێویست بوو تێی بگەیەنین تێمان گەیاند، شتێکمان تێگەیاند هەر بەئێمە دەکرا تێی بگەیەنین، وەکوو چەسپاوەو زانراوە، فیرعەونی ستەمکار بڕیاری دەرکردبوو بە لەناو بردنو کوشتنی هەر منداڵێکی نێرینەی بەنو ئیسرائیلی کەلەو ساڵەدا لەدایك دەبیٚ، جاکەموسا ﷺ لەدایك بوو، دایکیو کەسو کاری تینیان لیٚ پەیدا بوو، نەیاندەزانی چۆن لەچنگ یاساولەکانی فیرعەون ڕزگاری بکەنو چۆنی بشارنەوەو نەهێڵن پێی بزانن.

پەروەردگار ویستی وابوو موسا ﷺ لەو کوشتنو بڕینە ڕزگار بکا، کارێکی وابکا فیرعەون خۆیشی پەروەردەی بکاو پێی بگەیەنیٚ: بۆیە پەروەردگار ئەوەی خستە دڵی دایکییەوە.

دەفەرمووێ: نیگامان کردە دایکتو خستمانە دڵیەوە، کە ﴿ان اقذفیه فی التابوت﴾ کوڕە تازە لەدایك بووەکەت بخەرە ناو صندوقە دارێکەوە ﴿فاقذفیه فی الیم﴾ ئەمجار فڕێی دە ناو دەریاوە، واتە: دەریای نیلەوە. ﴿فلیلقه الیم بالساحل﴾ ئەمجار دەریاکەش وەلای بخاو فڕیٚ ی بداتە قەراخەوە، تاله ئاکام دا﴿یاخذه عدولی وعدوله﴾ کەسێك بیگرێتەوە: کە دوژمنی منو دوژمنی ئەویشە. واتە: فیرعەون صندوقەکە بگرێتەوەو بیباتە لای خۆی.

وەکوو دەگێڕنەوە لە چەمی نیلەوە جۆگایەك وەرگێڕابوو بـۆلای باخەکـەی فیرعـەون، جـا لـەکاتێك دا فیرعـەون لەگـەڵ خێزانەکـەیدا لەسـەر حـەوزێك دانیشتبوون ڕوانیان ئەواصندوقێك بەسەر ئاوەوەیە. ئەویش فەرمانی کرد بـە گرتنەوەی صندوقەکەو هەڵپچڕینی، هەر خێرا دەستو پێوەندەکانی صندوقیان کردەوەو هەڵیان پچڕیو بینییان منداڵێکی تابڵێی جوانو خنجیلـەی تێدایـە، فیرعـەون بەچاوپێکـەوتنی زۆری خۆش ویسـتو خێزانیشـی هـەر زۆر لـەدڵی شیرین بوو!

٢- ﴿والقيت عليك محبة مني﴾ لەلایەن خۆمـەوە خۆشەویسـتیەکی زۆرم خستە سەرت! لەدڵی خەڵکیدا شیرینم کردی. خۆم خۆشم ویستیو بەو هۆیەوە کەسانی دیکەش خۆشـیان ویسـتی، یـان لـەدڵی ئـادەمیزادان دا خۆشەویسـتم کردیو فیرعـەونیش خۆشی ویستیو کردیتی بەکوڕی خۆیو پەروەردەی کردی.

خۆشەویسـتی یـەك وای لەفیرعـەون کـرد: کـەخیاڵی ئەوەنـەکا بتکـوژێ، بەڵکو بڕیار بدا بتکەنە کـوڕی خۆیـان،وەکـو لەشـوێنێکی تـردا ئامـاژە بەمـە دەکاو دەفەرموێ: خێزانی فیرعەون زۆر خۆشی ویسـتیو زۆر بـەدڵیدا چـووی تەنانەت بەفیرعـەونی گـوت: ﴿**قرة عين لي ولك، لاتقتلوه عسى ان ينفعنا او نتخذه ولدا**﴾ (القصص/٩).

٣- ﴿ولتصنع على عيـــنى﴾ خۆشەویسـتیم بەسـەردا ڕشتی بۆئـەوەی کەسانی دیکەش خۆشیان بوێ ی، پەروەردە بکرێـی لـەژێر چاودێری ئێمـەدا، دەبێ چ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەك بتوانێ شتێك زیاد بکا لـەو مانایـەی ئـەم ڕستە قورئانیە گەیاندوویەتی؟

بێگومان هیچ شەرحو ڕاڤەکردنێك ناتوانێ شـتێکی دی بخاتـە سـەر ئـەو مانـا ناسـكو شـیرینەی ئـەم تـەعبیرە قورئانییـە دەیگەیـەنێ. دەبـێ زوبـانی ئادەمیزاد چ بڵێ بەرامبەر کەسێك لـەژێر چـاودێری پـەروەردگاردا پـەروەردە بوو بێ؟؟

بێگومان ساتەوەختێكی چاودێری پەروەردگار بۆ ئادەمیزاد ئەو پەڕی پلەو پایەیە ئەی دەبێ كەسێك هەمیشە لەژێر چاودێری خودادا پەروەردە بووبێ چ پلەو پایەیەكی هەبێ؟؟

منداڵی تازە لەدایك بوو هەرچەندە شوێن‌و جێگای باشی بۆسازدرا بوو، لەباڵە خانەی فیرعەون دا بڕیار بوو پەروەردە بكرێ، بەڵام دایكی دڵی بۆ هەڵدەچۆقێ‌و لەتاوانی حەراسانی لێ هەڵگیراوەو ئۆقرە ناگرێ. لەم لاشەوە پەروەردە كردنی لەباوەشی دایكی‌داو شیر پێدانی لەلایەن ئەوەوە زۆر گرنگەو هیچ خۆراك‌و بژێوێك جێگای شیری دایك ناگرێتەوەو هیچ شوێنێك بۆمنداڵی ساوا هێندەی باوەشی دایك خۆش نیە. بۆیە خودا كارێكی وای كرد: كە دایك‌و فرزەندی شیرە خۆرە یەكتری بگرنەوە، زارۆكی تازە لەدایك بوو بگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایكی خاوەن سۆز. بەم جۆرە خودا وای كرد ئەو منداڵە مەمكی هیچ ئافرەتێك نەگرێ، چەند ئافرەتیان هێنا بیكەن بەدایەنی بەڵام مەمكی هیچیانی نەگرت. بۆیە ناچار بوون هەوڵ بدەن ئافرەتێكی شارەزا بدۆزنەوە بتوانێ شیر بدا بە موسا عليه السلام.

لەم لاشەوە خوشكی موسا عليه السلام بەڕێنمویی دایكی خۆی گەیاند بووە ماڵی پاشاو بەنهێنی سەیری هەڵس‌و كەوتیان دەكاو گوێ لە تەگبیرو ڕاو بۆ چوونیان دەگرێ، ئیتر دەم دەباتە پێشەوەو پێیان دەڵێ: من ئافرەتێكتان پیشان دەدەم هەموو منداڵێك مەمكی دەگرێ، ئەگەر حەزتان لێیە پێتان دەڵێم‌و ناونیشانیتان دەدەمێ! دارو دەستەی فیرعەونیش بێ ئاگان ئەوەی ئەو ئافرەتە دایكی خۆیەتی، بەم شێوە موسا عليه السلام مان گێڕایەوە بۆ باوەشی دایكی، سەیر لەوەدایە دایكی موسا عليه السلام بە ڕواڵەت كوڕی پاشا بەخێو دەكاو دایەنی ئەوە ماڵی پاشای لە موشكیلەیەكی گەورە ڕزگار كردووە، كەوابێ بەم بۆنەشەوە دەبێ ماڵی پاشا نازو نیعمەتی خۆیانیان بەسەر ماڵی دایەندا ڕشتبێ‌و لەهەمان كاتیشدا كوڕی خۆیان بە خێو دەكەن!! بەڕاستی هەر

خودا دەتوانێ کاری ئاوا بسازێنی‌و ئیشی ئاوا ڕێك بخا، ئەمەیە پەروەردەبوون لەژێر چاودێری خودا!!

٤-﴿اذ تمشي اختك﴾ واتە: لەلایەن خۆمەوە خۆشەویستیم بەسەردا ڕشتی، لەو کاتەدا: خوشکەکەت بەشوێنتەوە بوو بەقەراغ دەریادا ڕۆییشت، بۆ ئەوەی بزانی صندوقەکە لە کوێ دەوەستێتەوە. دەیەویست هەواڵت بزانێ، هەتا لە ماڵی فیرعەون دا تۆی دۆزییەوە لەحاڵەتێك دا بوون: کە دەگەڕان دایەنێکیان دەست بکەوێ شیرت پێ بدا.

﴿فتقول: هل ادلكم علی من یکفلە﴾ ئەویش وتی: ئایە ڕێنمونیتان نەکەم بۆ ئافرەتێك بتوانێ ببێتە دایەنی‌و شیری بداتێ ئەوەندە کارامە بێ وابکا ئەم منداڵە مەمکی بگرێ، بەجوانی بەرعۆدەی بەخێو کردنی بێ؟؟ ئەوانیش ڕازی بوون‌و چوو دایکی هێناو یەکسەر مەمکی ئەوی گرت،بەم شێوە ﴿فرجعناك الی امك کی تقر عینها ولاتحزن﴾ ئاوا بەو جۆرە گێڕامانیەوە بۆلای دایکت بۆئەوەی بە تۆ چاوی فێنك بێنەوە، دڵی ئارام بگرێ، غەم‌و پەژارەی لەدەست دانی ڕۆڵەی جگەر گۆشەی نەمێنێ.

٥-﴿وقتلت نفساً فنجیناك من الغم﴾ پیاوێکت کوشت لە تاقمی فیرعەون ئەو کاتەی کابرای قیبطی لەگەڵ کابرایەکی بەنو ئیسرائیلی شەڕیان بوو، کابرای بەنو ئیسرائیلی هانای بۆ هێنای‌و داوای یارمەتی لێ کردی ، ئەتۆش زللە یەکت لێ داو کابرا گیانی دەرچوو، بەمە کەوتیتە غەم‌و پەژارەوەو ترسی تۆڵەو سزای فیرعەونت بۆ پەیدا بوو ﴿فنجیناك من الغم﴾ ئێمە لەو ترس‌و بیمەی بۆت پەیدا بوو بوو ڕزگارمان کردی، بەهۆی تۆبە کردنتەوە لەگوناهی پیاو کوشتنەکەت خۆش بووین‌و تاوانەکەمان سڕیەوە، ڕێگامان نیشان دای کەهەڵ بێی بڕۆی بۆ وڵاتی مەدیەن بەمەش لەچنگ تۆڵەی فیرعەون ڕزگارت بوو.

٦- ﴿وفتناك فتوناً﴾ بەچەند شێوەی جۆراو جۆر بـە تاقیمـان کردیتـەوە، پێش ئەوەی هەڵت بژێرین بۆ پێغەمبەریی، دووچاری چـەند تـەنگو چەڵەمـەو بـەلاَو ناخۆشـیمان کـردی، لەبۆتـەی تاقیکردنـەوەمان دای، لەهـەموو ئـەو تاقیکردنەوانە ڕزگارمان کردی، هەتا وات لێهات بەکەلکی ئەوە بی‌ی ئـەرکی پێغەمبەرایەتیت پیێ بسپێردریێ.

٧- ﴿فلبثت سنين فى اهل مدين﴾ چەند ساڵێك لەناو دانیشتوانی وڵاتی مـەدیەن دا مایتەوە: کەنزیکەی هەشت قۆناغ لەمیصر دوور بوو، دەربـەدەریو هەژاریت چەشت، بووی بەڕەنجبەرو شوانی شـوعەیب ﷺ لەپاسـاوی مـارەیی خێزانت.

﴿ثم جئت على قدر ياموسـى﴾ پاشـان کەدەسـالْ شـوانیت تـەواو کـرد، هاتیت بۆ ئەم شوێنە کەلەوە پێش بڕیارم لەسەر دابوو بۆ قسە لەگەلْ کردنـت، بۆئەوەی بتکەمە پێغەمبەرو بۆسەر فیرعـەونو نەتـەوەی ئیسرائیل.ڕەوانـەت بکەم.

٨- ﴿واصطنعتـك لنفسـي﴾ تـۆم هـەڵبژاردووەو تایبـەتم کـردووی بەپێغەمبەرایەتیو قسە لەگـەلْ کـردن دا، بۆئـەوەی بـانگی ئـادەمیزاد بکـەی بۆئایینی من، کردوومـی بەفرستادەو ڕەوانـەکراو بۆسـەر بـەندەکانم بۆئـەوەی ئایینیان پیێ ڕابگەیەنی، شارەزایان بکەی بۆڕێبازی خودا پەرستیوشـەریعەتی حەق.

ڕێنموونی پەروەردگار بۆ حەزرەتی موساو ﷺ هارون ﷺ دەربارەی بانگەوازیکردنیان بۆ فیرعەون

ٱذْهَبْ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَـٰتِى وَلَا تَنِيَا فِى ذِكْرِى ﴿٤٢﴾ ٱذْهَبَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَآ أَوْ أَن يَطْغَىٰ ﴿٤٥﴾ قَالَ لَا تَخَافَآ إِنَّنِى مَعَكُمَآ أَسْمَعُ وَأَرَىٰ ﴿٤٦﴾ فَأْتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ قَدْ جِئْنَـٰكَ بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكَ وَٱلسَّلَـٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٤٧﴾ إِنَّا قَدْ أُوحِىَ إِلَيْنَآ أَنَّ ٱلْعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٤٨﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار هەشت نیعمەتی خۆی: کەدا بوونی بەحەزرەتی موسا ﷺ باس کردن، ئەمجارلێرەدا فەرمانو ڕێنموویی خۆی بۆ حەزرەتی موساو هارون باس دەکا. تەوجیهاتو تەعلیماتی پێویستیان دەداتێ بۆئەوەی لەئەنجامدانی ئەرکەکانیان دا سەرکەوتوو بن، بتوانن پەیامی خۆیان بگەیەننو بانگەوازیی فیرعەون بکەن بۆ ئیمان هێنان.

ئەمەش فەرمانو نەهیەکانن کەلە خوداوە ئاڕاستەی حەزرەتی موساو هاروونی برای کراوە. دەفەرموێ: ﴿اذهب انت واخوك باياتي﴾ ئەی موسا!

لەگەڵ براکەت دا بڕۆنە سەر فیرعەونو قەومەکەی، بڕۆن بانگەوازی فیرعەونو دارو دەستەکەی بکەن بەو بەڵگەو موعجیزانەی پێم داونو کردومن بەنیشانەی ڕاستی پێغەمبەرایەتیان، نۆ موعجیزەو نیشانەن بەئێوەم بەخشیون ﴿ولاتنیا في ذکری﴾ سستیو کەمتەرخەمی مەکەن لەگەیاندنی پەیامی من دا، لەیاد کردنو ناو هێنانی من، هەموو کاتێ منتان لەیاد بێ، چوونکە یادو زیکری خودا هێزو توانا دەبەخشێ بەدڵو دەروون.

﴿اذهبا الی فرعون﴾ بڕۆن بۆلای فیرعەون بانگەوازیی لێ بکەن بۆئیمانهێنان ﴿انه طغی﴾ بێگومان ئەو لەسنوور دەرچووە، زێدە ڕەوی کردووە لەتاوانو گومڕایی‌دا، بەبەڵگەو نیشانەی گورچکبڕ لەداوای لافی خودایەتی ژێوانی بکەنەوە، بابەخۆیدا بچێتەوە، لەملهوڕیو کەللە ڕەقی خۆی دابەزێ.

ئەمجا ڕێنموییان دەکا بۆبانگەوازی کردنیو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵی‌دا. دەفەرموێ: ﴿فقولا له قولاً لیناً﴾ بەنەرمو نیانی قسەی لەگەڵدا بکەن، بەتووندو تیژی لەگەڵی مەجولێنەوە، ﴿لعله یتذکر او یخشی﴾ بەڵکوو بیر بکاتەوەو لەپەندو ئامۆژگاری ئێوە ورد بێتەوە، قسەتان لێ وەربگرێو بۆی دەربکەوێ: کەئێوە ڕاست دەکەن! یان هیچکە نەبێ گومانی ڕاستیتان لێ‌بکاو بەهۆی ئەوەوە بترسێ لەسزاو تۆڵەی خودا،بانگی بکەن بۆ خوداپەرستی، ئومێدی ئەوەشتان هەبێ کەبانگەوازی کردنەکەتان سوود بەخش دەبێ، چونکە هەرکەسێك بەکارێك هەڵسا دەبێ بەئومێدەوە هەوڵ بدا، ئەگەر بەنائومێدی خەریك بوو، خەریکبونەکەی گەرم و گوڕنابێ.

هەڵبەتە پەروەردگار دەیزانی: کەفیرعەون ئیمان ناهێنێ، کەچی ئاوا بەجەختەوە فەرمانی‌دا بۆ بانگ کردنیو هەوڵدان لەگەڵی بۆ ئەوەی ئیمان بهێنێ، ئەمەش بۆ ئەوەی بەڕواڵەت قسەی نەمێنێو بەهانەی ببڕێ، لەهەمان کاتدا ئاماژەبێ کەپەیڕەو کردنی هۆکارەکان بۆ گەیشتن بەمەبەست شتێکی پێویستەو دەبێ گرنگیان پێ بدرێ. جگەلەوەش بڕیاری خودا وایە کەتۆڵەو

سزاو پاداش لەسەر کردەوەی بەندەکان خۆیان بێ. لەهەمان کاتدا ڕێ نیشاندان بێ. بۆڕابەران‌و بانگخوازانی ئایین: کەبەگوێرەی توانا هەوڵ‌و تێکۆشانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ گەییشتن بەئامانجەکانیان جا ئاواتەکەیان بێتە دی یان نەیەتە دی ئەوە ئەوان بەرپرسیار نین‌و ئەجرو پاداشتی خۆیان دەست دەکەوێ.

هەتا ئێرە ئاخاوتنی پەروەردگارە لەگەڵ حەزرەتی موسادا ﷺ..

دیمەنەکە دیمەنی گفتوگۆی نێوان پەروەردگارو حەزرەتی موسایە ﷺ لەو سارایەدا. نزاو پاڕانەوەی موسا ﷺ لەکاردایە وەلێ ئەوا لێرەدا سیاقی قورئان مەسافەو کاتەکان دەپێچێتەوە، هارونیش دەهێنێ لەگەڵ موسادا شان بەشانی یەك نزا دەکەن‌و پەروەردگار ئاخاوتنیان لەگەڵ دا دەکا. کەوابوو دەتوانین بڵێین: ئەمە جارێکی ترەو جودایە لە یەکەمجار: کەموسا ﷺ بەتەنیا بوو، ئەمجار هەر خودا دەزانێ لەنێوان ئەم دوو جارەدا چەند ڕووداو ڕوویان دابێ. بەم جۆرە دوای ئەوەی: کەیەکەمجار پەروەردگار سروشی بۆ موسا ﷺ کرد ئەمجار بە هاوبەشی سروشی بۆکردبن، ئەمجار لەگەڵ موسادا یەکیان گرتبێ‌و بەیەکەوە دەستیان کردبێ بەنزاو پاڕانەوەو خودا ئاخاوتنی لەگەڵ کردبن. بەڵام قورئانی پیرۆز هەموو ئەمانەی پێچایەوەو باسی نەکردن، چوونکە باسکردنەکەیان چ گرنگییەکی بۆ سەرگورشتەکە نیە.

جگە لەوەش ئەوەی کەوتراوە ئاماژە بۆ نەوتراوەکە دەکاو لێی وەردەگیرێ. ئەمەش ئوسلوبێکە لەقورئان دا زۆر جار بەکار هاتووە.

﴿قالا: ربنا اننا نخاف ان یفرط علینا او ان یطغی﴾ حەزرەتی موساو هارون بەیەکەوە ووتیان: ئەی خودای ئێمە! زۆر لەوە دەترسین ئەگەر فیرعەون بانگ بکەین بۆ خودا پەرستی‌و یەکتا پەرستی گوزوگومەت پەلامارمان بداو بمانخاتە بەر حەملەی یاساوڵەکانی‌و تووشی چەرمە سەریمان بکاو گیرۆدەی سزاو تۆڵەی دژواری ستەمکارانەی ببین، چونکە فیرعەون ملهوڕو ستەمکارە،

کۆ لەهیچ شتێك ناکاتەوەو ئێمەش بێ دەسەلاتو بێ پشت پەنایـنو کەسمان لەگەڵ نیە.

﴿قال: لاتخافا اننی معکما اسمع واری﴾ پەروەردگار پێی فـەرموون: نانـا لەفیرعەون مەترسێن، ئـەمن پشـتیوانیتان دەکـەم، دڵنیـا بـن دەتـان پـارێزم، کۆمـەگیتان پـێ دەکـەم، هـەرچی ڕووبـدا لـەنێوان فیرعـەونو ئێـوەدا ئـەمن دەیبیسمو دەیبینم، لێتان بێ ئاگا نابم، شەڕو ئەزیـەت دانـی ئـەوتان لێ دوور دەخەمەوە، حەزرەتی موساو هارون بەمە زۆر دڵنیا بوون ، چ ترسو بیسێکیان نەما، چونکە خودایان لەگەڵەو ئیتر دەبێ فیرعەون چ نرخێکـی هـەبێ. ئـەمجار وێڕای کۆمەگیو دڵ ئارام کردنیان ڕێنموییشی کردن بۆشێوەی بـانگ کـردنو پێڕاگەیاندنی پەیامی خوداو چۆنیەتی ووتو وێژ کردن لەگەڵیدا.

﴿فاتیاه فقولا انا رسـولا ربـك﴾ بچنـە لایو لەمەجلیسـی خـۆیدا بەڕاشکاوی پێی بڵێن: ئێمە فرستادەو ڕەوانە کراوی خودای تۆیـن. بـۆ ئـەوەی لەسەرەتاوە بزانێ: کەخودایەك هەیە خودای ئەوو ئادەمیزادە بەگشتی خـودای هەموو بوونەوەرە، هەر خودای موساو هارون نیە، هەر خـودای بەنوئیسـرائیل نیە، بۆ ئـەوەی لەیەکـەمجارەوە ئـەو خـەرافاتو بـیرو بۆچوونـەی ئەو ڕۆژگـارە قەلاچۆ بکا: کەپێیان وابوو بۆ هەر هۆزو خێڵێك یان بۆهـەر گـەلو نەتەوەیـەك خودایەك یان چەند خودایەك هەیە.. یان ئەو بیرو باوەڕە بڕەوێتەوە کەلەهەندێ چەرخو سەردەمدا بـاو بـوو دەیـانگوت: فیرعـەون لەنـەوەی خوداکانـەو دەبـێ لەمیصردا بپەرسترێ!!

ئەمجار دوای ڕوونکردنەوەی پـەیامی خۆتـانو خۆناسـاندنتان پـێ، پێـی بڵێـن: ئێمـە لـەخواوە نـێردراوین بـۆلای تـۆ، بـاش بزانـە خـودای حـەقو ڕاست(الله)یە، ئەتۆ: کەبۆخۆت لافی خودایەتی لێ دەدەی بوختانێکی گەورەو ئیدیعایەکی بێ مانایە.

کەواتە: ﴿فارسل معنا بنی اسرائیل ولاتعذبهم﴾ دەست لەچەوسانەوەی نەتەوەی ئیسرائیل هەڵبگرە، چیتر عەزابیان مەدە، واز لەسەر برینی نێرینەکانیان بهێنە، ئەرکێك مەخە سەر شانیان: کەنەتوانن پێی هەڵسن، ئەوەبوو فیرعەون وای بڕیار دابوو هەر منداڵێکی نێرینەیان بێ بەساوایی لەناوی بەرێ، مێینەکانیشیانی دەهێشتەوە، پیاوەکانیانی بەسوخرە دەگرتن‌و بەبێگار کاری بیناو گواستنەوەی کەرەسەی خانوو بەرەو هەموو ئیشێکی کرێکاری قورسی پێ دەکردن. حەزرەتی موساو هارون لەسەرەتاوە داوای ئیمان هێنانیان لەفیرعەون نەکرد. بەڵکو داوای ئازاد کردنی گەلەکەیانیان لێ کرد، چونکە ئەوە لەسەر دڵو دەروونی فیرعەون سووکتر بوو، لەوەی داوای ئیمان هێنان‌و بیرو باوەڕی لێ بکەن، لەلایەکی ترەوە نەتەوەی ئیسرائیل لەناخەوە بیرو باوەڕێکیان بەخوداو بەپێغەمبەر هەبوو، کەوابوو ڕزگار کردنی ئەوان مەبەستێکی گرنگتر بوو لەبانگکردنی فیرعەون بۆ ئیمان هێنان.

﴿قد جئناك بآية من ربك﴾ ئێمە کەرەوانە کراوین لەلایەن خودای خۆتەوە بۆ سەر تۆو گەلەکەت موعجیزەو بەڵگەی بەهێزمان هێناون گەواهی ئەوەن: کە ئێمە بەڕاستی پێغەمبەرین.﴿والسلام علی من اتبع الهدی﴾ ڕزگار بوون‌و ئەمینی لەقارو غەزەبی خودا لەسەر کەسێك بێ شوێن هیدایەتی خودا دەکەوێ، بڕوا بەپێغەمبەرەکانی دەکا، واز لەستەم‌و گومڕایی دێنێ!

شایانی باسە ئەم ڕستەیە زۆر جار لەنامەکانی پێغەمبەرداﷺ بۆلای پاشاکانی ڕۆم‌و فارس‌و سەرەك هۆزو خێڵەکانی دەوروبەر دەنووسرا!

ئەمجار سووکە هەڕەشەیەکیان لێ کرد بەڵام ڕاستەو خۆو ڕەپەو ڕونا، بۆ ئەوەی زۆر ڕقی هەڵنەستێ‌و لەسنوور دەرنەچێ هەم دڵنەواییان کردو هەم ترسیان خستە بەر، بەمە پێیان فەرموو: ﴿انا قد اوحي الینا ان العذاب علی من کذب وتولی﴾ بێگومان ئێمە نیگامان لە خوداوە بۆ هاتووە: کە عەزابی دونیاو قیامەت لەسەر کەسێکە پەیامی خودا بەدرۆ بخاتەوەو پشت لەئاینی

حەق وەرگیرێ. هەرکەسێك بڕوا بەئێمە نەکاو بەدرۆمان بخاتەوەو پشت لەخودا پەرستی هەڵبکا ئەوە دۆزەخ جێگایەتی‌و بەئاگر دەسوتێندرێ.

وەکو لەئایەتێکی تردادەفەرمویّ: ﴿**فاما من طغى واثر الحيوة الدنيا فان الجحيم هى المأوى**﴾ (النازعات/٣٧-٣٩) یان دەفەرموێ: ﴿**فانذرتكم ناراً تلظى، لايصلاها الا الاشقى**﴾ (اليل/١٤-١٦)

تێبینی:

لەئایەتی ﴿**انا نخاف ان يفرط علينا او ان يطغى**﴾ ئەوە وەردەگیرێ: کەترسان لەدەست درێژی کردنی ستەمکارو ملهوڕانی وەکوو فیرعەون شتێکی سروشتیەو لەناخی ئادەمیزاد هەیە.

کەوابوو هیچ غەریبو نامۆ نەبوو: کەموساو هارون بڵێن: ﴿**اننا نخاف ان يفرط علينا او ان يطغى**﴾.

زانایانی ئیسلام فەرموویانە: کاتێك ترس‌و بیم توشی حەزرەتی موساو هارون بوو، پەروەردگار دڵنیای کردن، کەدەستی فیرعەون نایان گاتێ. ئەم ئایەتە بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەیە: کەدەڵێن: خودا پەرست نابێ بترسێ. ترسان لەدوژمنی ملهوڕ ڕێبازی پێغەمبەران‌و خودا پەرستانە، هەرچەندە ئەوان بتمانەیان بەخوداو یارمەتی دانی هەیە.

قورئانی پیرۆز لەچەند ئایەتێك دا ترسانی حەزرەتی موسا ﷺ لەدوژمنانی باس دەکاو بەشتێکی سروشتی دادەنێ، خۆ ئەگەر ئەو جۆرە ترسانە ڕەوشتێکی ناشرین بوایە، نەدەبوو لەحەزرەتی موسا و هارون دا وجوودی هەبوایە. چوونکە پێغەمبەران لەڕەوشتی ناشرین‌و نەنگی بەدوورن:

ئەوەتا قورئان دەربارەی حەزرەتی موسا ﷺ دەفەرمووێ:

﴿**فخرج منها خائفاً يترقب**﴾ (القصص/٢١) یان دەفەرمووێ: ﴿**فأصبح في المدينه خائفاً يترقب**﴾ (القصص/١٨) یان ئەوکاتەی: کەجادو بازەکان گوریسەکانیان فڕێدا موسا ﷺ ترساوەکوو دەفەرموێ: ﴿**فأوجس فى نفسه خيفةً موسي، قلنا لاتخف انك انت الاعلى**﴾ (طه/٦٧-٦٨).

لەم سورەتەش دا(طه/٢١) لـەبارەی عـەصاکـەیـەوە دەفـەرموێ: ﴿قال: خذها ولا تخف سنعيدهاسيرتها الأولى﴾.

ئـەوەتا پێغـەمبـەری ئیسـلام لەترسـی دوژمنـان، بـەدەوری مـەدینـەدا خەندەقی لێ دا، بۆ ئەوەی ماڵو گیانی موسوڵمانان بپارێزێ، خـۆ ئاشکراشـە هیچ کەسێك بەئەندازەی پێغەمبەری ئیسلام؛ حـەزرەتی موحەممـەد ﷺ پشـت بەستوو نەبوە بەخوداو، لەهەموو کەس زیاتر بتمانەی بەپارێزگاریو یارمـەتی خودا هەبووە.

هەر لەترسی کافرەکـان جـارێك هـاوەڵانی کۆچیـان کـرد بۆحەبەشـەو دوا جاریش بۆمەدینە بەخۆیو هاوەڵانیەوە شاری مەککەیان بەجێ هێشت.

گوفتو گۆی نێوانی حەزرەتی موسا عليه السلام و فیرعەون دەربارەی خودایەتی

قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴿٥١﴾ قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى فِى كِتَٰبٍ ۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّى وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ ﴿٥٣﴾ كُلُوا۟ وَٱرْعَوْا۟ أَنْعَٰمَكُمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ ﴿٥٤﴾ ۞ مِنْهَا خَلَقْنَٰكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ ﴿٥٥﴾

لەوە پێش زانیمان: کەحەزرەتی موساو هارون بەفەرمانی خـودا ڕۆیشـتن بۆلای فیرعەون و گەیشتنە شـوێنی فـەرمانڕەوایی فیرعـەون، ڕێگایـان پـێ درا بچنە لای. جاچۆن گەیشتنە لای، بەئاسـانی بەناخۆشـی، زوو درەنـگ قورئـان باسی ناکا! بەکورتی بەهەر جۆرێك بوو، چوونە لای. ئـەمجار قورئـان چۆنیـەتی گوفتـو گـۆی نێـوان فیرعـەون و ئـەوان بـاس دەکـا. فیرعـەونی خـۆ بـەزلزان و تەکەببور کەرو خۆ بـەخودا زان پرسـیاری لـە حـەزرەتی موسـاو هـارون کـرد: خودای ئێوە کێیە کەئێوە بەناویەوە قسە دەکەن؟.

ئـەوەتا کەهاتنـە لای فیرعـەون و پـەیامی پـەروەردگاریان پێڕاگـەیاند، فیرعەون فسقەڵ بوو، بەشێوەی توڕەیی و لاقرتـێ کـردن ڕووی کـردە حـەزرەتی موساو هاروون ﴿قال﴾ وتی ﴿فمن ربکمـــا یاموســـی؟﴾ دەی ئەگـەر ئێـوە پێغەمبەری خوداو خودا ئێوەی ناردوە، پێم بڵێن ئەو خودایـەی ئێـوە کێیـە؟ تێبینی دەکرێ: کەفیرعەون لەپرسیارەکەی دا دانـی بـەوەدا نـەنا: کـە خـودای موسـاو هـاروون خـودای ئەویشـە. چوونکـە خـۆی بـەخودا دەزانـی و موسـاو هاروونی بەدرۆزن دەزانین.. هەروەها خیتابەکەی ئاڕاستەی موسـا عليه السلام کـرد، چوونکە ئەو پێغەمبەرەو بەرپرسیاری یەکەمە، لەپەیامەکە، هارون پشتیوان و یارمەتیدەرە. بەکورتی دەیەوێ بڵێ: ئەو خودایـە کێیـە ئـەی موسـا: کـەتۆی کردووە بەپێغەمبەرو ڕەوانەی کردوی؟ ئەمن نایناسم چوونکە مـن پێـم وانیـە جگە لەمن خودای ترتان هەبێ!!

حەزرەتی موسا عليه السلام وەلامی دەداتەوەو خودای پێ دەناسێنێ بەم ڕەنگە صیفەتی بەدی هێنان و دەست ڕەنگینی و کار سـازیی بـۆ خـودا دەچەسـپێنێ و دەڵێ خودای ئێمە خاوەنی ئەو جۆرە صیفەتانەیە. ﴿قـال﴾ موسـا عليه السلام وتـی: ﴿ربنا الذی اعطی کل شیء خلقه ثم هدی﴾ خودای ئێمە ئەو خودایەیە: کە وجودی بەخشیوە بەهەمـوو شتێك و لەنەبووە وە هێناویەتیە جیـهانی بوونـەوە، هەرشتێکی دروست کردبێ ئەو شێوەو سەرو سیمایەی شیاوی حاڵ و وەزعیەتی

پێی داوە، بۆ ئەوەی هەر شتەو کـاری سروشـتی خـۆی پـێ بکرێ، بـۆ نموونـە دەست بۆ هەڵمەتو وەرگرتنو هاویشتن.. قاچ بۆ ڕۆیشتنو زمان بۆ ئاخـاوتنو چاو بۆ بینینو گوێچکە بۆ بیستن...هتد.

ئەمجار شارەزای کردون بۆشێوەی سود بینین بەو شێوە سروشـتی‌یەی پـێ‌ی بەخشیون، بۆ ئەوەی هەموو شتێك لەبواری خۆیدا بەکار بێنن، بۆچی دروسـت کراوە بۆئەوە بەکار بێ.

بەڕاستی ئەم وەصفەی پەروەردگار: کە قورئـانی پـیرۆز لـەزمان موسـاوە ﷺ دەیگێڕێتـەوە، پوختـەی دیـاردەو نیشـانەو دەسـەڵاتی خودایـە، ئـەو خودایەی ئەم بوونەوەرە هەڵدە سووڕێنێ، بەخشینی وجـود بـۆ هـەموو شـتێك لەسەر شـێوەو بـاری شیاوی خۆی، ڕێنموویـی کردنیـان بـۆ ئـەنجامدانی ئـەو ئەرکەی بۆی دروسـت کـراون! هـەر کـاتێ ئـادەمیزاد بەچاوی سـەر لـە خـۆی بڕوانێو بەچاوی دڵ لەدەوروبەری خۆی ورد بێتـەوە، بـەگوێرەی توانـا سـەرنج لەبونەوەر بدا،دیاردەو شوێنەوارو جێ دەستی ئەو شوێنەوارە ڕەهایە لەهـەموو گەردیلەیەکی ئەم بوونەرە فراوانـەدا دەردەکـەوێ. هـەر لـەزەڕڕە تـا مەجـەڕە، لەبچووکترین خانەوە هەتا پێشـکەووتور تریـن شـێوەی ئـادەمیزاد هـەموویان دیاردەو نیشانەی قودرەتی خودای پەروەردگارن!

ئـەم بوونـەوەرە گـەورەو فراوانـەی کـەپێك هـاتووە لەگەردیلـەو خانـە، لەهەموو تـەبارەو زیندەوەرێکدا، هەموو زەڕڕەیـەك لـەم بوونـەوەرەدا دەمـاری زینـدوی لێ دەداو، هـەموو خانەیـەکی بـەجۆرێك لـەجۆران زینـدووە، هـەموو زیندویـەکی جوڵانـەوەو بزوتنـەوەی هەیـە، هـەموو کـائینێکی تێدا پێکـەوە گونجاوو هاریکارن، هـەموو گەردیلـەو قـەبارەو پارچـەکانی بوونـەوەر بـەتاكو بـەکۆ لـەچوارچێوەی ئـەو یاسـایەی لەسروشـتی‌دا دانـراوەو لەگـەڵ پێکهاتـەی شـێلراوە، تێکڕا لەگـەڕدانو بـەبێ وەسـتانو پشـوو دان، بـەبێ ئـەوەی سـاتە وەختێك لەکار بکەون لەهەڵسوڕانو ئەنجامدانی ئـەرکی سەرشـانی خۆیـاندان،

ئای لـەم کـەون‌و کاتیناتـە سـەیرو سـەر سوورِ هێنـەرە، ئـای لـەو قـودرەت‌و دەسەڵاتەی ئەم بوونەوەرەی پێك هێناوە؟!

هەموو کاتینێکی ئەم بوونەوەرە بۆخۆی عالـەمێکی سـەربەخۆیە، لـەناو ئەم عالەمەدا زەڕڕەو خانەو پارچەو کەرەسـتەکانی بـەگوێرەی ئـەو سروشـتەی تێیدا دانـراوەو لەسـەری دروسـت کـراوە،بـەڕێك‌و پێکـی کـاری خۆیـان ئـەنجام دەدەن، بەگوێرەی یاسای خۆیان فەرمان بەردارن!

زانیاری ئادەمیزاد چەندێك پێش بکـەوێ‌و چـەندێك زانایـان هـەوڵ بـدەن ناتوانن زانیاری تەواوو توێژینەوەی هەمەلایەن لەکاتینێکی بوونەوەردا بکەن‌و حەقیقەتی عیلمی تێدا بەدەست بهێنن، زانیاری ئادەمیزادو هەوڵ‌و تەقـەلاّی سنوور دارەو ناتوانێ بگاتە بنج و بناوانی ناسینی ئەو شتەوزانیاری‌و کۆششی کول‌و کۆڵەوارە، تازانیاری وەدەست بێنێ باشتر بۆی ئاشکرا دەبـێ کـەنازانێ‌و دەسە پاچەو داماوە.

کـە وابـوو پـاك‌و موونەززەهـە ئـەو خودایـەی بۆهـەموو شـتێك شـێوەو ڕوخساری خۆی داوەتێ؛ بەڕاستی ئەو کەسە خودایـە کـە هـەموو شـتێکی لـە نەبوونەوە بەدی هێناوەو شـێوەو سـەرو سیمای شیاوی خۆی پـێ بەخشـیوە، شارەزاشی کردووە کەچۆن هەڵس‌و کەوت بکاو سوود وەربگرێ‌و سـوود بـەخش بێ.

واپێ دەچێ وەلاّ مەکەی حـەزرەتی موسـا ﷺ زۆر کاریگـەرو گورجـك بڕیووەو فیرعـەونی بۆڕ داوە، بۆیە فیرعـەون چیدی لەسەرپی نەڕۆییشت و بـاری قسەکانی گۆڕی‌و پرسیارێکی تری قوت کردەوە ﴿قـال﴾ وتـی ﴿فمـا بـال القرون الاولی﴾ دەی باشە ئەوەی تۆدەیلێ ی ئەگەر ڕاسـت بـێ؟ ئـەی وەزع‌و حاڵی گەل‌و نەتەوە پێشینەکانی وەکوو گەلی‌عاد ثە موود چۆنـەو چۆن بـووە؟ بۆکـوێ چـوون؟ کـێ خودایـان بـووە؟ خـۆ ئـەوان فـەوتاون‌و ئـەو خودایـەیان نەپەرستووە کەتۆ باسی دەکەی‌و بەخودای دەزانی؟

حەزرەتی موسا وەڵامی دایەوە ﴿قال﴾ فەرمووی: ﴿علمها عند ربي في كتاب لايضل ربي ولاينسى﴾ زانیاری لەو بارەوە لای خودای منە، خودای من هیچی لیٚ گوم نابیٚو هیچی لەبیر ناچێتەوە. بێگومان بیرو باوەڕو کردەوەی هەموو ئەو مەخلوقاتانە لای خودا تۆمار کراوەو لە لە وحولمە حفوظدا نووسراوەو سەر ژمێر کراوە، نەگەورەو نەبچووك نەکەمو نەزۆر هیچی لیٚ نەفەوتاوەو هیچی لیٚ لەیاد ناکریٚ، ڕۆژی قیامەت هەرکەسە بەگوێرەی کردەوەکانی پاداشتو سزای خۆی پڕاو پڕو عادیلانە وەردەگرێتەوە.

بەم جۆرە حەزرەتی موسا ﷺ ئەو ڕۆژگارە کۆنینەو ڕابردووە غەیبیە نەدیارەی حەواڵەی خودا کردو پێی ڕاگەیاند: کەزانیاری پەروەردگار وەکوو زانیاری ئادەمیزاد نیە شتی لیٚ تێك بچیٚیان لێی گوم ببیٚ یان لەبیری بچیٚ.!!

هەڵبەتە فیرعەون مەبەستی بەم پرسیارە ئەوە بوو ویستی حەزرەتی موسا ﷺ لەزنجیرەی قسەکانی لابداو نەهێڵیٚ چیدی نیشانەی دەسەڵاتی خودا ڕابنوێنیٚو بەڵگە کوتی بکا؛ نەوەکوو لەئاکاما ڕاستی پێغەمبەرایەتیو بەڵگەکانی بۆ خەڵکەکە دەربکەویٚو ئیمانی پیٚ بهێنن، ویستی بیخاتە ناو جەنگەڵی مێژووی کۆنەوەو بەگێڕانەوەی حیکایاتو سەرگورشتەی گەلە پێشینەکان مەشغووڵی بکا، بەڵام حەزرەتی موسا ﷺ زوو تێی گەییشتو خۆی لەو جەنگەڵە پڕ کونو کەلەبەرە ڕزگار کردو بەکورترین وەڵامو جوانترین مانا وەڵامی دایەوەو زانیاری ئەو شتانەی حەواڵەی خودای غەیب زان کردو خۆی بەشیکردنەوەی ئەو بوارە هەڵەو گیر نەکرد!

دوای ئەوەی حەزرەتی موسا ﷺ بەشێوەیەکی گشتی فەضل و بەخشندەیی خودای بۆ هەموو بوونەوەر ڕانواند، چەندبەڵگەیەکی هێنایەوە ئەمجار بەشێوەیەکی تایبەتی نیشانەی دەسەڵاتو تاكو تەنهاییو بەخشندەی پەروەردگار بۆ ئادەمیزاد ڕادەنوێنیٚو دەفەرمویٚ:

١-﴿الذی جعل لکم الارض مــهداً﴾ خـودای مـن خودایـەکی وەهایـە زەوی بۆ ئێوە وەکوو فـەرش ڕاخستووە، بـاوی خـۆش کـردووەو گونجاندویـەتی بۆئەوەی بتوانن بەئاسانی بەسەریدا بێنو بچن، بتوانن لەسـەری جێگیر بـنو تیٚیدا بحەوێنەوە. یان زەوی کردووە بەشوێنی حەوانەوەو ئارام گرتنتـان تیٚیـدا وەکوو چۆن لەبێشکەدا منداڵ ئارام دەگرێ.

٢-﴿وسلك لکم فیها سبلا﴾ لەسـەر زەوی بۆئێـوەی ڕەخسـاندوە چـەند ڕێگـاو بانێك بۆهـاتوو چۆی خۆتـانو کـەلو پـەلو کاڵاتـان لـە شـوێنێکەوە بۆشوێنێکی تـر وەکـوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿وجعلنـا فیهافجاجاً سبلا، لعلهم یهتدون﴾ (الانبیـاء ٣١) یـان دەفـەرموێ: ﴿الـذی جعـل لکم الارض مهدا، وجعل لکم فیها سبلاً لعلکم تهتدون﴾ (الزخـرف/١٠) یـان دەفەرمووێ: ﴿والله جعل لکم الارض بساطاً، لتسلکوا منها سبلاً فجاجاً﴾ (نوح/١٩-٢٠).

٣-﴿وانــزل من السماء ماءً، فاخرجنا به ازواجاً من نبات شـــتی﴾ پەروەردگار لە بەرزاییەوە لەهەورەوە بارانی باراندووەو دەبارێنێ، بـەو بارانـە جۆرەها ڕووەك دەڕوێنین دانەوێڵەو بـەرو بوومـی جۆراو جۆرو ڕەنگـاو ڕەنـگ لەتامو بۆنو شێوەو ڕەنگو ڕووخسارو سود بەخشـیدا دەڕەخسێنین، بڕێکیـان بەکەلکی ئـادەمیزاد دێو هـەندێکی بـۆ ئـاژەڵ باشـە. بۆیـە دوابـەدوای ئـەوە فەرموێ: ﴿کلوا وارعوا انعــامکم﴾ واتــە: ئێمـەجۆرەها ڕووەکمـان لـەزەویدا ڕەخسـاندووە، هـەندێکی بۆئێـوەی ئـادەمیزاد باشـەو سـوودی لیٚ وەردەگـرێ، هەندێکی بــۆ ئـالفی ئـاژەڵ باشـە، ئـەوی بۆخۆتـان باشـەو لەگـەڵ سروشتتان دەگونجـێ لێـی بخۆنو بیکەنـە خـۆراكو میوەیخۆتـان، ئـەمجار ئاژەڵـەکانتانی لیٚبلەوەڕێنن، بەوشـکیو تـەڕی بیکەنـە ئـالفو خۆراکـی مـەڕو بـزنو ڕەشـە وولاخو حوشترو گیانلەبەرە ماڵیـەکانی ترتـانو بـەئارەزووی خۆتـان بـەرەڵایان بکەن بالیٚ بلەوەڕێن. ﴿ان فی ذلك لأیات لأولی النـــهی﴾ بێگومـان لـەوەی

بۆمان باس کردن، نیشانەو بەڵگەی جۆراو جۆر هەن لەسەر تاك‌و تەنهایی خودا بۆکەسانێك عەقڵ‌و هۆشیان تەواوەو سروشتیان ڕێك‌و پێکە، ئەگەر بیریان لیٚ بکەنەوەو تێیان بفکرن دەزانن: کەجگە لەخودای تاك‌و تەنهاخودای تر نین، هەرکەسیٚ لافی خودایەتی لیٚ‌بدا یان شتی تر بەخودا بزانیٚ ئەوە سەر لیٚ شێواوو و گومڕایە، بوختان دەکاو زێدە ڕۆیەو خۆی تووشی سزای سەخت دەکا.

ئەمجا پەروەردگار دوای ئەوەی: کەباسی زەوی‌و ئاسمانی کرد، سوودوقازانجی بوونەوەری بۆ ئادەمیزاد ڕوون کردەوە ئەوە ڕادەگەیەنیٚ: کەهەبوونی خێرو بێری ئاسمان‌و زەوی‌و مەبەستی سەرەکی لەم ژیانەدا قیامەتە، بەڵکو پێویستە بکرێن بەهۆکاری بەختەوەریی ژیانی دووایی‌و نازو نیعمەتی بەهەشتیان پیٚ دەستە بەر بکریٚ!

دەفەرمویٚ:﴿منها خلقناکم﴾ ئێوەمان لەزەوی دروست کردووە، هەموو جەستەی ئادەمیزاد لەزەوی دروست بووە، بژێوی زەوی دەخواو ئاوی زەوی‌دخواتەوە، هەوای سەر زەوی هەڵدەمژیٚ، باوە ئادەمیشتان لەگڵی زەوی دروست کراوە، ئەو دلۆپە تۆمەی ئێوەی لیٚ پەیدا بووە لەخۆراك پەیدا بووە، خۆراکیش لەزەوی فەراهەم هێندراوە. ﴿وفیها نعیدکم﴾ دووبارە دەتانگێڕینەوە بۆناو زەوی، کەمردن لەناو زەوی‌دادەنێژرێن‌و جەستەتان دەڕزیٚ‌و دەبنەوە خاك‌و خۆڵ.

﴿ومنها نخرجکم تارة اخری﴾ لەوە بەولاوە زیندوتان دەکەینەوە لەگۆڕەکانتان دەرتان دەهێنینە دەریٚ‌و ڕاپێچی حیساب‌و لێکۆڵینەوەی سارای مەحشەرتان دەکەین.

مەبەستی‌ئایەتەکە موونەززەهی خودایە لەهەموو نەنگی‌و ناتەواوی‌یەك‌و وەبیر خستنەوەیە بۆ فێرعەون بەبناغەو ئەصلی خۆی‌و سەرەنجام‌و ئاکامی ژیانی، مردن‌و زیندوو بوونەوەی، پێی دەزانێنیٚ: کەڕۆژێکی سەخت

لەپێشیەوەیەتیو پرسیاری هەموو کارو کردەوەیەکی جیهانی لیّ دەکریّو سزاو عیقابی کردەوەکانی وەردەگرێتەوە. وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کەدەفەرمویّ: ﴿**فیها تحیون، وفیها تموتون، ومنها تخرجون**﴾ (الاعراف/٢٥).

تۆمەت بارکردنی حەزرەتی موسا ﷺ بەجادو بازیی

وَلَقَدْ أَرَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴿٥٦﴾ قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٥٧﴾ فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِّثْلِهِۦ فَٱجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانًا سُوًى ﴿٥٨﴾ قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى



دوای ئەوەی فیرعەون پرسیاری ئاڕاستەی موساو هارون کردو وتی: خودای ئێوە کێیە ئەی موسا ﷺ !؟

حەزرەتی موسا وەڵامی دایەوەو بەڵگەو نیشانەی بەهێزی هێنانەوە. ئەمجار حەزرەتی موسای تۆمەتبار کرد بەجادو بازییو داوای بەرامبەریو پێشبڕکێی کرد لەگەڵ جادو بازەکانی خۆیداو ڕۆژی پێشبڕکێیان دیاری کرد. دەفەرمویّ: ﴿ولقد أريناه أياتنا كلها فكذب وأبى﴾ بێگومان ئێمە چەند نیشانەو بەڵگەیەکی کەونیمان نیشانی فیرعەون دان، زۆر موعجیزەی گەورەو

بەڵگەی جۆراو جۆر کەهەمموویان نیشانەی تاك‌و تەنهایی‌و خودایەتی ئێمەو پێغەمبەرایەتی موسا ﷺ بوون نیشانی فیرعەونمان دان، هەر نۆ موعجیزەکەی موسای بەچاوی خۆی بینین: بەلآم بەهۆی کوفرو عینادی خۆی بەدرۆی خستەوەو بڕوای پێ نەکردن، هیدایەتی وەرنەگرت‌و ئیمانی نەهێنا، زۆر بەسەر ڕەقی جولآیەوە، لەموعجیزەکان وورد نەبووە، خۆی لەبەردەم بەڵگەو نیشانەکانی حەزرەتی موسادا ڕانەگرت‌و نەیتوانی پەرە بە ووتوو وێژی هێمنانە بدا، فسقەڵ بوو، هەڵچوو، شێلگیر بوو: ﴿قال: أجئتنا لتخرجنا من ارضنا بسحرك ياموسى!﴾ بەتوڕەییەوە ووتی: ئەرێ موسا! ئەتۆ لەخاکی مەدیەنەوە هاتووی بۆلامان بۆخۆت لێکردوین بە پێغەمبەرو، خەریکی بەم دەست‌و عەصا جادو بازیەت لەزێدو نیشتمانی خۆمان دەرمان بکەی.

فیرعەون بۆیە باسی بەزۆردەرکردنی خۆیانی کردو ئەم لایەنەی ووروژاند، بۆ ئەوەی بوو؛ گەل‌و نەتەوەکەی لەدژی حەزرەتی موسا ﷺ و پەیامەکەی گاڵ بداو هەڵیان بنێ بۆ ڕاپەڕین‌و بەگژدا چوونەوەی‌و وەدەرنانی لەخاکی میصر.

فیرعەون ویستی بەدوو جۆر بەرەنگاری حەزرەتی موسا ﷺ وپەیامەکەی بکا:

١- بەچاوو ڕاوو پڕو پاگەندە ڕق‌و کینەی خەڵکەکە هەڵسێنێ‌و پڕیان بکاو لەدژی موسا ﷺ بیانوروژێنێ، ویستی ئەوەیان لەدڵ دا بچەسپێنێ: کەموسا ﷺ نیازی خراپی هەیەو دەیەوێ بەناوی پێغەمبەرایەتی‌و بانگ خوازییەوە لەولآتی خۆیان دەریان بکاو خۆی ببێتە فەرمانڕەوا بەسەر وولآتی میصردا! هەڵبەتە ئەمە پیشەو هەڵس‌و کەوتی هەموو ملهوڕو ستەمکارێکە لەهەموو چەرخ‌و ڕۆژگارێك دا، هەر کە زانییان یەکێك پەیامی ڕاستی‌و خودا پەرسی پێیە، بانگەوازیی دەکا بۆ عەدالەتکاری‌و چەسپانی ئایینی خودا لەسەر زەوی، ئەو جۆرە پڕو پاگەندانەیان ئاڕاستە دەکەن‌و خەڵکی

واتێدەگەیەنن: کەئەمانە مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەمانە بەکرێ گیراوی بێگانەن‌و تابوری پێنجەمن. لەژێرەوە کار بۆ فلاَن تاقم‌و فلاَن وڵات‌و فلاَن پێڕدەکەن!!!

من بۆ خۆم چەند جار کەووتوومە ناو گێژاوی دەمەدەمێی بەرپەرچدانەوەی خەڵکی سافیلکەو تێ نەگەیەندراو: کەحیزبە بانگ خوازەئیسلامییەکانی کوردستانی عێراق بەکرێ گیراون!!! سەیرە کوڕی گەنج ریشی هێشتۆتەوەو سیواکی لەباخەڵدایەو چەکی جیهادی بەشانەوەیەو (٥)دیناری لەباخەڵدا نیە. هەموو سەرو سیماو ڕەوشتی لەهاوەلاَنی پێغەمبەر ﷺ دەکا کەچی بەفیتی کەسانی چلگاو خۆروملهوڕ خەڵکی سافیلکە بوختانی جۆراو جۆریان بۆ دەکەن.

کوڕی گەنجی موسوڵمان بەشێوەی لە سەرە خۆی‌و ئاشتی خوازانە خزمەتی بێ نەوایان دەکەن، لەکاتی برسێتیدا خواردن بەسەر هەژاران دا دابەش دەکەن، مزگەوت‌و خەستەخانەو پرۆژەی خێرخوازیی جۆراو جۆر بۆکوردستان دروست دەکەن، لەهەندەران سواڵۆ صەدەقە دەکەن‌و دەیهێنن بۆلێقەوماوانی کوردستان، کەچی بوختانی بەکرێ گیراوییان بۆ دەکەن، شتی وایان بۆ هەڵدەبەستن لەقوتوی هیچ عەتارێك دا نیە.!!! مەلایەك لەمزگەوتدا دوو قسەی حەق دەکا، دەڵێن ئەوە بەدۆلار مووچە وەردەگرێ !!!

٢- فیرعەون ویستی‌موسا ﷺ بە سیحربازو جادوگەر پیشانی گەلەکەی بدا، بۆئەوەی خەڵکی بەپێغەمبەری نەزانن. موعجیزەکانی بەسیحرو جادو لەقەڵەم بدەن. چوونکە لەو ڕۆژگارەدا سیحرو جادو باو بووە، ساحیرو جادو باز زۆر هەبوون، بەخەیاڵی فیرعەون ئەگەر بچەسپێ: کەموسا سیحری کردووە ئیتر بەر پەرچدانەوەی ئاسانەو دەزاندرێ: کەموعجیزەکەی لەخوداوە نەهاتووەو ئەویش یەکێکە وەکوو هەموو ساحیرو جادو بازەکانی ئەو ڕۆژگارە.

بۆیە یەکسەر ئەوەی ڕاگەیاندو ووتی: ﴿فلنأتینك بسحر مثلـه﴾ سوێندم وابێ، بەوێنەی ئەو سیحرەی تۆ ئێمەیش سیحرێك دەخەینە ڕوو، زۆر لامان ئاسانە بەرپەرچی سیحرەکەت بدەینەوە، چونکە لەو جۆرە سیحرەمان زۆر لایە!!

کەواتە بەو سیحرە لەخۆت بایی مەبەو وامەزانە هەر تۆ دەتوانی سیحری ئاوا بکەی!!

ئەمجار فیرعەون وتی: ﴿فاجعل بیننا وبینـك موعـداً لانخلفـه نحـن ولاانـت﴾ ئەی موسا! ڕۆژێکی دیاریکراو دابنێ، ئێمەو ئەتۆ تێیدا کۆ دەبینەوە، هیچمان دوانەکەوین بۆ ئەوەی لەپێش چاوی خەڵکی بەو سیحرەی هەمانە، سیحرەکەت بەر پەرچ بدەینەوە، بیسەلمێنین: کەئێمەش وەکو تۆ خاوەن سیحرینو تۆش یەکێکی وەکوو ئەو هەموو سیحر بازانەی ئێمە.فیرعەون بۆیە ئەم پێشنیارەی کردو ئەم قسەی ئاراستەی حەزرەتی موسا کرودو ئەوی سەر پشك کرد ڕۆژەکە دیاری بکا. ئادەری بخا: کە بەخۆی ڕادەپەرموێو لەهێزو توانای خۆی دڵنیایەو دەتوانێ بەرەنگاری موعجیزەکەی حەزرەتی موسا ﷺ بکا، هەرکاتێ موسا حازر بێ ئەو ئامادەیە.

﴿مکاناً سوی﴾ بائەو شوێنەی تێیدا کۆدەبینەوە دەشتێکی پانو پۆڕبێ، چاڵو کەندو تەپۆلکەی تێدا نەبن، هەموو کەس چاوی لێ بێو بزانێ: کەبۆڕت دەدەینو بەر پەرچت دەدەینەوە.

حەزرەتی موسا ﷺ تەحەدداکەی فیرعەونی قبولکردو ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی دیاری کردو:﴿قال: موعدکم یوم الزینـة﴾ ووتی باشە: مەوعیدو ڕۆژی دیاریکراو بۆتان ڕۆژی خۆڕازاندنەوەتان بێ، ڕۆژی پشوودانی ئادەمیزادان بێ، ئەورۆژە بێ کەخەڵکی میصر هەموویان کۆدەبنەوەو خەریکی ڕابواردنن دەڵێن: ئەو ڕۆژە دیاری کراوە ڕۆژی جەژنی نەورۆز بووە.

بۆئەوەی زۆرترین کەس لەهاولاتیان ئامادە بن‌و حازری کێبەرکێکە بـن. ﴿وان يحشر الناس ضحى﴾ باکۆبوونەوەکە کاتی چێشتەنگاو بێ، کاتێك، بـێ خەڵك لە ئەوپەڕی نیشات دا بن‌و دونیا تەواو ڕووناك بێ، بەم جۆرە حـەزرەتی موسا ﷺ بەرامبەری و تەحەدداکەی فیرعەونی کردو، بێ باکی خۆی لە کـێ بەرکێکـە ڕاگـەیاندو ڕۆژو کـاتێکی هـەڵبژارد: کـەزۆرترین خـەڵکی تێـدا کۆببێتەوە، ڕووناکترین‌و گونجاو ترین کات بێ بۆ بینینـی بەرامبـەریی یەکـە، بەیانی زووی هەڵنەبژارد چونکە ئەو کاتـە زووە هـەموو کـەس لـەماڵ نایەتـە دەرێ. نیوەڕۆشی هەڵنەبژارد چوونکە لەوانەیە گـەرما بـێ، ئێوارەشـی دانـەنا چونکە لەوانەیە تاریك بێ‌و خەڵکی ڕووداوەکە نەبینن.

فیرعەون ساحیرەکان کۆدەکاتەوە حەزرەتیموسا ﷺ لەعەزابی خودا دەیان ترسێنێ

فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ﴿٦٠﴾ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنِ ٱفْتَرَىٰ ﴿٦١﴾ فَتَنَٰزَعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّجْوَىٰ ﴿٦٢﴾ قَالُوٓا۟ إِنْ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلْمُثْلَىٰ ﴿٦٣﴾ فَأَجْمِعُوا۟ كَيْدَكُمْ ثُمَّ ٱئْتُوا۟ صَفًّا ۚ وَقَدْ أَفْلَحَ ٱلْيَوْمَ مَنِ ٱسْتَعْلَىٰ ﴿٦٤﴾

حەزرەتی موسا ﷺ و فیرعەون لەدیاری کردنی ڕۆژیکێ بڕکێکـە ڕێـك کەوتن ڕۆژی جەژنیان دانا بۆئەو ڕوبەڕو بوونەوەیە.

هەڵبەتە لێرەدا سیاقی قورئان بەکورتی باسی هەوڵو تەقەلّلای فیرعـەون دەکا، چۆن سـاحیرەکانی کۆکردنـەوە، چۆن ئامۆژگـاری کـردنو وادەو بـەڵێنی جۆراو جۆری پێـدان، هـەڵینان، بـەڵێنی بەخشـیشو دیـاریی پێـدان ئەگـەر سەرکەوتو بوون، دەفەرمووێ:﴿فتولى فرعون فجمع كيـــده ثم اتـــى﴾ ئیتر فیرعـەون لەخۆ کەوتوکەوتە هەولّو تێکۆشانو دەسـتی کـرد بـەکۆ کردنـەوەی ساحیرو جادوبازی ناو ولاّت، ساحیرو جادوباز کۆبوونەوە خۆیان ئامـادە کـرد و چـاوەڕوانی هـاتنی ڕۆژی دیـاریکراو بـوون، پێـش هـاتنی ڕۆژی بڕیـار دراو فیرعەون کۆبوونەوەی بەساحیرەکان کـردو گـەورەپیاوانی دەربـارو کاربەدەستە گەورەکانیئامادەیئـەو کۆبوونـەوە بـوونو وادەو بـەڵێنی زۆرو چـەوری پێـدان، ڕۆژی دیـاریکراو هـاتو خـۆر هـەلاّت، فیرعـــەونو کاربەدەســتەکانی بــەرەو گۆڕەپانی دیاریکراو ڕۆیشتنو لە شوێنێکی بەرچاو جێگـەیان گـرت، حـەزرەتی موساو حەزرەتی هارون، گەیشتنە گۆڕەپان، سـاحیرەکانی فیرعـەون بەکۆمـەڵ هاتنە شوێنی دیاریکراوە بەڕیز وەستان، فیرعەون دووبارە هــەڵینان، تـەماعی بەرنان، هەڕەشـەی لێ کـردن، ترسـاندنی، سـاحیرەکان ویسـتیان بزانـن، ئـاخۆ ئەگەر سەر کەوتوو بوون خەلاّتو بەخششیان چیە؟، فیرعەون کرێیان دەداتـێ، ﴿قالو لفرعون: ائنا لنا لاجراً ان كنا نحن الغالبين؟ قال: نعم، وانكم لمن المقربين﴾ (الشعراء/٤٢).

فیرعەون وادەی بەخشیشی ماددیو ئـەدەبی پێـدان وتـی: بـەڵێ: ئەگـەر سەرکەوتن پاداشتان دەدەمەوەدیاریو بەخششی باشـتان دەدەمـێ لـەخۆمتان نزیك دەکەمەوە,قسەتان دەڕوا,ڕێزتان لێ دەگرم.

حەزرەتی موسا ﷺ وای بەباش زانی ـ پێش ئەوەی مویاراتەکە دەست پێبکـاـ ئامۆژگـاری سـاحیرەکان بکـا، بیانترسـێنێ لـەئاکامی درۆو بوختـانو

بەربەرەکانی موعجیزەی ڕاستو حەق، ﴿قال لهم﴾ حەزرەتی موسا ﷺ بەساحیرەکانی وت: ﴿ویلکم﴾ کوڕە هاوار بۆئێوە، ماڵ وێران خۆتان، بیرێك لەخۆتان بکەنەوە ﴿لاتفتروا علی الله کذباً فیسحتکم بعذاب﴾ لەسەر خودا درۆ هەڵمەبەستن!! ئەگەر درۆ هەڵبەستن خودا بەسزای ڕیشە کێش لەناوتان دەباو دەتانفەوتێنێ. نەکەن وابزانن: کەئەو موعجیزە من دەینوێنم حەق نیەو سیحرو چاو بەستەکیەو جۆرێکە لەو سیحرەی ئیوە ئەنجامی دەدەن ﴿وقد خاب من أفتری﴾ بێگومان بەهیلاکچوو کەسێکە: کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵبەستێ!! قسەی ڕاستو هەڵقولاو لەدڵی پاکەوە ڕۆڵی خۆی هەیە، جاری واهەیە دەچێتە ناو دڵەوەو کاریگەری دەبێ. واپێدەچێ ئەم ئامۆژگاریانەی حەزرەتی موسا ﷺ لەدڵی ساحیرەکاندا جێگیر بوون، بڕێك لەساحیرەکان بەئامۆژگاری موسا ﷺ کەوتنە دوودڵیەوە، لەبەرامبەری کردنو دژایەتی حەزرەتی موسا ﷺ ژێوان بوونەوە هەندێکیشیان سوور بوون لەسەر دژایەتی کردنو ڕوبەڕوو بوونەوەی حەزرەتی موسا ﷺ ، ئیتر ﴿فتنازعوا أمرهم بینهم واسرو النجوی﴾ ساحیرەکان لەناو خۆیاندا کێشەیان تێ کەوت، کەوتنە دەمەدەمێو چپە کردن، دەیانەویست حەزرەتی موسا ﷺ گوێی لەئاخاوتنەکەیان نەبێ.هەندێکیان هەندێکیانیان هەڵدەنا بۆ سوور بوون لەسەر ڕوبەڕو بوونەوە، هەوڵیان دەدا ئەوانەی دڵیان سارد بۆتەوە بیانهێننەوە سەر بیرو باوەڕی پێشوویانو نەهێڵن پاشە کشە بکەن. چاوو ڕاویان لەژێوان بووەکان دەکردو دەیانترساندن لەسەرکەوتنی حەزرەتی موساو هارون، قسەکانی فیرعەونیان بۆشی دەکردنەوە، دەیانگوت ئەمانە مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیەو دەیانەوێ ببنە فەرمانڕەوای میصرو بیرو باوەڕی دانیشتوان تێك بدەن، پێویستە هەموومان یەك هەڵوێست بینو بەرامبەریان بوەستین. ئەمڕۆ ڕۆژی ڕوو بەڕوو بوونەوەی یەکالا کەرەوەیەو نابێ وابکەین بهێڵین ئەم دوو پیاوە بالا دەست بن. ئیتر بەئاشکرا قسەکانی فیرعەونیان کاوێژ کردەوە ﴿قالوا: أن

هذان لساحران یریدان ان یخرجاکم من أرضکـــم بســـحرهما، ویذهبـــا بطریقتکم المثلی﴾. ئەوانـــەیان: کەسوور بـوون لەسـەر بـەر بـەرەکانی کردنـی حەزرەتی موساو هارِوون، بەوانەیان دەگوت: کەدوو دڵ بوونو ئامۆژگاریەکانی حەزرەتی موسا ﷺ کاری تێ کردبـوون. دەیـانگوت: بەڕاستی ئـەم دووانـە: کـەلافی پێغەمبەرایـــەتی لێ دەدەن، دوو جـــادو گـــەرن، دەیانـــەوێ بـــەهۆی سیحرەکەیانەوە لەخاكو زێدی خۆتان دەرتان پەڕێنن، وولآتتـــان داگـیر بکـەنو خۆیان ببنە پاشاو فەرمانڕەوای میصرو بیروباوەڕو یاساو ڕێسای ژیانتان لـەناو بەرن، ئەو ئایینە جوانەی هەتانە نەمێنێ. ئـەو ئـازادیو سەربەستیەی بۆتـان دەستە بەر بووە لێتان بستێننەوە!

ئاشکرایە: کەقسەکانیان دووبارە کردنەوەی وتەکانی فیرعەونە،ئـەمانیش هەمان پڕوپاگەندەو درۆو دەلەســە دەڵێنــەوە. ئەمـەش داب و نـەرێتی چلکـاو خۆرانی دەرباری ملهوڕو ستەمکارانن لەهـەموو ڕۆژگـارێك دا بـاوەو پـەیڕەو دەکرێ.

﴿فاجمعوا کیدکم﴾ کـەوابێ پێویستە لەسـەرمان هـەموومان بەیـەکڕیز لەبەردەم خەتەری ئەمانە ڕابوەستین، دەی چیتان لەدەست دێ لەبەرگری کردن، چ فێڵو جادوێك دەزانن بۆبەر پەچدانەوەی ئەم دووانە بیخەنە گەڕو ﴿ثم أئتوا صفاً﴾ پاشان هەمووتان بەیەك ڕیز بوەستنو بەیەکجار ئـەوەی لاتانـە پیشـانی بدەن با بینەران هەموویان سەر سام بنولێـهاتوویو زانایيـمان ئاشـکرا ببـێو بەسەر ئەم پیاوە نیاز خراپانەدا زاڵ ببین ﴿وقد افلح الیوم مـــن اســـتعلی﴾ بێگومان ئەمڕۆ ئەو کەسە بەمراز گەیشتووە لەئێمەو لەئەو دووانــە کەلەبـەرە بـەرکانیدا زاڵ بـێو بەســەر بەرامبەرەکـەی دا سـەرکەوتوو بـێ، ئـەمڕۆ ڕۆژی تەنگانەیەو ڕۆژی یەکالآ کەرەوەیە، پێویستە کوڕی تەنگانە بین لەئاســتی ئـەو بەرپرسیاریەدا بین: کە فیرعـەون خستویەتە ئەستۆمان.

خوێنەری هێژا بۆخۆت هەڵوێستەیەك بکەو سەرنج بدە، بڕوانە هێزی ئیمانو باوەڕ بەخودا چەند کاریگەرە؟ دوژمنان چەند لێی دەترسن، چۆن حیسابی بۆدەکەن، چ ترسو بیمێك دەخاتە ناو دڵی کۆمەڵی کوفرو بێدینەوە، چۆن وەلەرزیان دێنێ، حەجمینیان لێ هەڵدەگرێ، ئەگینا حەزرەتی موساو حەزرەتی هاروون دوو کەسن، دوو هەژارن لەگەڵو نەتەوەیەکی ژێر دەستە، چەند ساڵە گەلەکەیان دەچەوسێندرێتەوە، کوڕەکانیان بەزارۆکەیی سەر دبڕێنو مێینەیان دەهێڵرێنەوە بۆکارەکەری، ئەمان دوو کەسنو کەسیان لەپشتەوە نیە، ساحیرەکان زۆرنو لە پشتیانەوە فیرعەونو دەسەڵاتو لەشکرو جەبەروتی، ماڵو سامانی بێ ژمارو دارو دەستەی گوێ لەمست! بەڵام موساو هاروون خودایان لەپشتەو بەهێزو توانای ئەوەوە ئاوا پشت ئەستورو چاو نەترسن.

ئەوە هەیبەتو شکۆمەندیە، هێزی ئیمان بەخودا خستویەتیە سەر موساو هاروون ئاوا فیرعەونی ستەمکارو ملهوڕی هێناوەتە عامێلکە، پیاوانی دەربارو ڕاوێژکارانی کەوتونە جمو جوڵو پیلان دانان، ساحیرو جادوبازانی وڵاتیان کۆکردۆتەوەو ئەم هەموو حەشاماتە چوونە بەرەنگاری دوو کەس بەڵێ دوو کەس.

کەواتە: دەبێ موسوڵمان هەمیشە لەگەڵ خودا بێ، پشت بەخودا ببەستێ، بڕوای وابێ کەسێك خودای لەپشت بێ هەر ئەو سەرکەوتوو بەمراز گەیشتووە.

بەڵێ بەڕواڵەت پلان سەری گرت، ساحیرەکان هەموویان هاتنە پێشەوەو ڕیزیان بەست لەبەرامبەر دووکەس.

دەست پێ کردنی موبارەزە لەنێوان حەزرەتی موسا ﷺ و ساحیرەکان داو پاشان ئیمان هێنانیان

قَالُوا۟ يَـٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِىَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ ﴿٦٥﴾ قَالَ بَلْ أَلْقُوا۟ ۖ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ ﴿٦٦﴾ فَأَوْجَسَ فِى نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٦٨﴾ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَـٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾ فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَـٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴿٧٠﴾ قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ ۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَـٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴿٧١﴾ قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَـٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَـٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ﴿٧٢﴾ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَـٰيَـٰنَا وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ ۗ وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿٧٣﴾ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا

فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿٧٤﴾ وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ ﴿٧٥﴾ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ ﴿٧٦﴾

دوای ئەوەی ساحیرەکان هاتنە گۆڕەپانو ڕیزیان بەست و بەرامبەری دەستی پێکرد، ساحیرەکان حەزرەتیموسا یان سەر پشك کرد، ﴿قالوا﴾ وتیان: ئەی موسا! ﴿أما أن تلقي وأما ان نكون أول من ألقى﴾ بۆخۆت سەر پشك بە، یان تۆلەپێشدا عەصاکەت بهاوێژەو توانای خۆت نیشان بدە، یان ئێمە یەکەم کەس دەبین بۆهاویشتنی گوریسەکانمان.

ئەم سەر پشك کردنەیان جۆرە ئەدەبێکی تێدا بوو لەلایەن ساحیرەکانەوە بەرامبەر حەزرەتی موسا ﷺ، ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: کەئەوان ڕێژدانیان بەخەرج داو جۆرە تەوازوعێکیان نواند،هەر دەڵێی خودا ئەوەی خستنە دڵەوە.

حەزرەتی موسا ﷺ وای بەباش زانی: کەئەوان یەکەمجار سیحری خۆیان ئەنجام بدەن، چونکە ئەگەر ئەوان توانای خۆیان بەخەرج داو ئەوەی لایان بوو خستیانە ڕوو، دوایی خودا دەسەڵاتی ئەو سەردەخاو بەحەق بەتاڵ دەپووچێنێتەوە، موعجیزە بەسەر سیحردا سەردەخاو دەبێتە نیشانەی بەر چاوو ئاشکرا بۆ تەماشا کەرانو پەندو ئامۆژگاری بۆهەرکەسێك تێبفکرێ.

﴿قال﴾ حەزرەتی موسا پێی وتن: ﴿بل ألقوا﴾ بەلکو ئێوە لەپێشدا سیحری خۆتان بهاوێژن، باسەرەتا سیحرەکەی ئێوە ببینینو ناوەڕۆکی کاری ئێوە دەر بکەوێ، جا کە ساحیرەکان سیحری خۆیان نواند، سیحرێکی سەرنج ڕاکێش بوو، جمو جۆڵێکیان بەگوریسەکانیان کرد گۆڕەپانەکەیان هەژاندتەنانەت موساشیان ترساند. ﴿فإذا حبالهم وعصيهم يخيل اليه من سحرهم انها تسعى﴾ ئەوە بوو: کاتێك گوریسو گۆچانەکانیان هەڵدا بۆناو

گۆڕەپانەکە، موسا ﷺ وخەڵکەکە تێکڕا وایان زانی: کەبەڕاستی ئەو حەبلو گۆچانانە گیانیان بە بەردا کراوەو ماریی ڕاستین.

وشەی﴿اذا﴾ بەلای زومەخشەرییەوە ﴿اذا﴾ی موفاجەئەیە ئیمامی ڕازی دەڵێ ئەم﴿إذا﴾ یە بەمانا کاتە واتە ظەرفە.

وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کەدەفەرموێ: ﴿**فلما القوا سحروا أعين الناس، واسترهبوهم، وجاءوا بسحر عظيم**﴾ (الاعراف/١١٦) ئەوە بوو ساحیرەکان جیوەیان بەکار هێنابوو، خستبویانە ناو بۆشایی حەبلو گوریسەکانیانو بەگەرمای خۆر دەکەوتنە (هەلەکە سەما) هەرکەسێ چاوی پێیان بکەوتایە وایدەزانی ئەو گوریسانە بەویستی خۆیان وەجمو جوڵ هاتون، وایدەزانی گۆڕەپانەکە پڕبووە لەماری ڕاستی.

بۆیە﴿فاوجس فی نفسه خیفةً موسی﴾ موسا لە دڵی خۆیدا ترسی لێ نیشت، فیرعەونو دارو دەستەکەی کەیفو خۆش بوون وایان زانی ئیتر ساحیرەکان براوەنو بەسەر موساو هاروون دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

﴿قلنا لاتخف، انك انت الاعلی﴾ وتمان مەترسە بێگومان تۆسەرکەوتوی. ئەتۆ حەقت لەگەڵدایەو ئەوان لەسەر بەتاڵن، ئەتۆ بیرو باوەڕت لەگەڵدایەو ئەوان چاوبەستەکێو دەست سووکی، ئەتۆ خودات لەگەڵدایەو ئەوان فیرعەونی ملهوڕی ستەمکار لەپشتیانە!

﴿وألق مافي يمينك تلقف ماصنعوا، انما صنعوا كيد ساحر، ولايفلح الساحر حيث اتی﴾ ئەی موسا! هیچ مەترسە ئەو عەصایە کەوابەدەستەوەیە بیهاوێژە یەکسەر دەبێتە ئەژدیهاو هەموو عەصاو گوریسەکانی ئەوان قووت دەدا، ئەوەی ئەوان چاوبەستەکیان پێ لەو خەڵکە کردوە فرتو فێڵی سیحر بازانە، جادو بازییو خەیاڵەو حەقیقەتی نیەو بەردەوام نابێ، هەرگیز سیحرباز سەرکەوتوو نابێ، هەرچی بیکاو لەهەر شوێنێکەوە بێ بەمراز ناگا.

حەزرەتی موسا ﷺ عەصاکەی خۆی هاویشتو کارەسات ڕووی دا، موعجیزەی گەورە هاتە دیو بەڵگە ئاشکرابوو حەق دەرکەوت، بینەران هەموو سەرسام بوون، چونکە بینیان عەصاکەی موسا ﷺ بووبە ئەژدیهاو هەموو مارە درۆزنەکانی ئەوانیقووت دا، ساحیرەکان هەستیان کرد: کەئەوە جادو بازیو سیحر نیە، ئەوە کاری خودایە، موعجیزەی پێغەمبەرە. ﴿فالقی السحرة سجداً قالوا: أمنا برب هارون و موسی﴾ ساحیرەکان کەوتنە سوژدەو هەموو بەیەك دەم هاواریان کردو وتیان: ئیمانمان هێنا بەخودای موساو هارون، قیامەتیان بەسەر دونیادا هەڵبژارد، بەتاڵیان واز لیٚ هێناو باوەشیان بەحەق داکرد.

ئیبنو عەبباسو عوبەیدی کوڕی عومەیر دەڵێن: ئەوانە چێشتەنگاو ساحیرو جادوز بوون، کەچی بۆئێوارە بوون بەشەهیدی خودا پێداو.

عیکریمە لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: ساحیرەکان حەفتا کەس بوون بەیانی ساحیرو ئێوارە بوونە شەهید.

ئیمامی ئەوزاعی: دەفەرمووێ: کەساحیرەکان کەوتنە سوژدە بەهەشتیان نیشان دراو باش باش بینیان.

زومەخشەری دەفەرموێ: بەڕاستی ڕووداوی ئەمانە سەیر بوو: حەبلو عەصای خۆیان هاویشتن لەبەر کوفرو ئینکاریکردن، پاشان سەعاتێك سەریان خستە سەر زەوی بۆ سوپاس گوزاریو سوژدە بردن. سوبحانەڵلا! ئەم دووهەڵوێستە چەند لێك جوداوازن.

تێبینی دەکرێ: ساحیرەکان کەکەوتنە سوژدە وتیان: ئیمانمان هێنا بەخودای موساو هاروون. نەیان گوت ئیمانمان هێنا بەخودای بوونەوەر.... چونکە فیرعەون لافی خودایەتیلیٚ دەداو خۆی بەخودای هەرە باڵا حسێب دەکرد. ئەوە بوو گوتی ﴿انا ربکم الاعلی﴾ (النازعات/٢٤) یان گوتبووی ﴿ما علمت لکم من الـه غیری﴾ (القصص/٣٨) جانەگەر ساحیرەکان

بیانگوتایە (آمنا برب العالمین) فیرعەون دەیگوت: ئەوە ئیمانیان بەمن هێنـا. دەزانن من خودای ئەوانم‌و بەندایەتی هەر بۆمن دەکەن.

ئەوجۆرە تەعبیرەیان دەربڕی بۆئەوەی یەکسـەر خودایـەتی فیرعـەون ڕەت بکەنەوە. بەڵگەمان لەسەر ئـەم بۆچوونـە پێشخسـتنی نـاوی هاروونـە بەسـەر نـاوی موسـادا، چونکـە ئەگـەر بیانگوتایـە **﴿امنـا بـرب موسـی وهـارون﴾** ئەوکاتە فیرعەون دەیگوت: مەبەستیان منە، چونکە من موسام پێگەیاندووەو بەمنداڵی بەخێوم کردووە من ڕەببی موسام. وەکوو قورئان لەزمان فیرعەونەوە دەگێڕێتـەوە. دەڵـێ: **﴿الم نربك فينا وليداً﴾** (الشعراء/١٨) جا فیرعـەون: کەئەم حاڵەی بینی، ئەوەی بەتەمابوو بێتەدی بەپێچەوانەوە هاتـەدی، کـوردی گوتەنی (چوو شـاخ بکـا گوێشـی دانـان) تینـی بۆهـاتو کەوتـە مـەوقیفێکی حەرێجـەوە. ترسـا لـەوەی مەردومگەلەکـە تێکـڕا بکەونـە سـوژدەو چـاو لەسـاحیرەکان بکـەن‌و ئیمـان بـەخودای بـەرزو باڵادەسـت بـهێنن، بۆیـە خـێرا مەوقیفەکـەی قۆزتـەوەو گومـانێکی تـری هاویشـتە سـەر یـەیامی حـەزرەتی موساو هاروون. **﴿قال: آمنتم له قبل أن آذن لكم؟ انه لكبيركم الذى علمكم السحر﴾** وتی: ئەرێ ئەوە ئیمانتان هێناو باوەڕتان بەموسـا کـرد پێـش ئـەوەی من مۆڵەتتان بدەم؟؟

بێگومـان ئیمـان هێنانەکـەتان بەموسـا لـەتێفکرین‌و ورد بوونـەوە نیـە، بەڵکو ئێوە لەموساوە فـێری سـیحر بـوون‌و ئـەو مامۆسـتاو ڕابەرتانـە، ئێـوە قوتابی ئەون‌و لەپێشەوە ڕێك کـەوتوون‌و لـەناو خۆتـان دا، لەگـەڵ موسـا ئـەم پیلانەتان دارشتووەو دژی من‌و گەلەکەم‌و دەتانەوێ موسـا بەسـەر مـن دا زاڵ بێ!! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ان هذا لمكر مكرتموه في المدينة لتخرجوا منها اهلها فسوف تعلمون﴾** (الاعراف/١٢٣).

فیرعـەون ویسـتی بـەم قسـانەی گومـان بخاتـە دڵـی بینەرانـەوە بۆئـەوەی ئەوانیش وەکوو ساحیرەکان ئیمان نـەهێنن ئـەگینا فیرعـەون بۆخـۆی باشـباش

دەیزانی: کەساحیرەکان لەموساوە ﷺ فێری سیحر نەبوون، لەنێوان حەزرەتی موساو ئەواندا هەرگیز پەیوەندی نەبووە.

ئەمجار فیرعەون پەنای بۆهەڕەشەو چاو سوورکردنەوە برد، ئەمەش پیشەی هەموو ملهوڕو دەرەبەگێکە، هەرکاتێ نەیان توانی دڵەکان داگیر بکەن، گیانەکان بەیدەست بکەن، پەنا دەبەنە بەر سزادانو ئەشکەنجەدان، چاوو سوور کردنەوەو هەڕەشەکردن، سەیر بکە فیرعەون چۆن ساحیرەکان دەترسێنێ، چ هەڕەشەیەکیان لێ دەکا؟ هەڕەشەی کوشتنو بڕین، هەڕەشەی هەڵواسینو دەستو قاچ بڕینەوە!!

﴿فلا قطعن ایدیکم وارجلکم من خلاف، ولأصلبنهم في جذوع النخل﴾ سوێند بێ، شەرتو قەرار بێ، من دەبێ کەلەپارچەتان بکەم، دەستو قاچتان ڕاستو چەپ دەبڕم (دەستی ڕاستو قاچی چەپ یان بەپێچەوانەوە) ئیبنو عەبباس دەفەرمووێ: فیرعەون یەکەم ستەمکارێکە کەئەو جۆرە سزایەی داهێنا. بەمەش ئادەمیزاد بەتەواوی لەگڵو گۆ دەکەوێ.

هەروەها سوێندم وابێ بەسەر دارخورمای بەرزەوە هەڵتان دەواسم، بۆئەوەی هەموو کەس بزانێ چیتان بەسەر هاتووەوببنە پەندو عیبرەتی ڕۆژگار!!

﴿ولتعلمن اینا أشد عذاباً وابْقی﴾ بەتەئکید دەزانن‌و بۆتان دەردەکەوێ لەمنو خودای موسا کامەمان سزای توند ترو هەمیشەترە!! ئەمەش تەحەددا کردنی دەسەلاتی خودایەو بەسوك زانینی موسایەو ئاماژە بەدەسەلاتو هێزو توانای خۆیەتی! بەلام تازە کار لەکار ترازابوو، ئیمانو باوەڕ کاری خۆی کردبوو، بیرو باوەڕی ڕاستەقینە گەیشتبووە ناو دڵیانو جیگێر بوو بوو، جگە لەخودا لەهیچ نەدەترسان، باکیان لەهەڕەشەو ژیان و کالای دونیا نەبوو، تەنانەت ئەو کاتەش کەفیرعەون پەلاماری دان، ئەوان هەر سوور بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیانو گیانی خۆیان بەلاوە مەبەست نەبوو، بەئاشکراو لەو

تەنگانەیەدا﴿قالو: لن نؤثرك على ماجاءنا من البينات والـــذى فطرنــا﴾ وتیان: ئێمە تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو پەیامو هیدایەتـەی حـەزرەتی موسـا ﷺ لـەخواوە بـۆی هێنـاوین، ئـەوەتا موعـجـیزەی جـۆراو جـۆرو ئاشـكراو نومایانی نیشان داوین، بڕواو یـەقینمان بـۆ پـەیدا بـووە: كەئـەو پێغەمبـەرەو لەخوداوە نێردراوە.

ئێمە تۆ هەڵنابژێرین بەسەر دروسكەرو بەدیهێنـەرمان لەنـەبووەوە، هـەر ئەو خودایەو ئەو شیاوی عیبادەتو بەندایەتی بۆكردنە نەك تۆ.

﴿فاقض ماأنت قاض﴾ چیت لەدەست دێ تـەقصیری مەكـە: بـێ منـەت بە﴿انما تقضي هذه الحيــاة الدنيـا﴾ ئـەوەی تۆئـەنجامی بدەی لـەم ژیـانی دونیایەدایە، هەر ئەوەندە دەتوانی بمانكوژی لەناومان بـەری، خـۆ لـەوە زیـاتر ناتوانی چی تر بكەی، لەپاش مردنمان هیچی ترت بۆلەگەڵ ناكرێن. دەی ئێمـە ئێسـتا پێمـان خۆشـە لـەم ژیانـە ڕزگارمـان بـێو بكەوینـە ژیـانی نـەبڕاوەی قیامەتەوە.

﴿انا أمنا بربنا ليغفر لنا خطايانـــا﴾ ئێمـە ئیمانمـان بـە خـودای خۆمـان هێناوە، ئەو خودایەی خاوەن بەخششــە. ئیمانمـان هێنـا بۆئـەوەی تاوانـەكانمان بسڕێتەوە، لەگوناهمان خۆش بێ، بەتايبەتی ﴿وما أكرهتنا عليه من السحر﴾ ئەو تاوانەی بـەزۆر پێت كردیـن لەسیحرو جادوبـازیی. بۆئـەوەی بـەرەنگاری موعـجیزەی حەق بكەین.

(الحسن) دەفەرمووێ: ساحیرەكان بۆیە كۆكـرا بوونـەوە بـەرەنگاری موسـا ﷺ ببنـەوە، بــەتۆپزی كۆكرابوونــەوە بــەزۆر ســیحریان پــێ ئــەنجام دان، سەرۆكەكانیان حەفتاو دوو كەس بوون، دووكەسیان قیبطی بـوون، ئـەوانی تـر لەنەتەوەی ئیسرائیل بوون، فیرعـەون زۆری لێ كردبوون: كە فێری سیحر ببن.

﴿والله خير وأبقـــى﴾ خـودا زۆر لـەتۆ باشـترە لـەبارەی پـاداش دانـەوەو بەردەوامی پاداشی، عـەزاب‌و سزای زۆر لەعـەزاب‌و تۆڵەی تۆ بەردەوام ترە.

کەواتە: گوێڕایەڵو ملکەچی پەروەردگاری خۆمانینو باکمان لەهەڕەشەو تۆقاندنی تۆ نیە.

ئەمجار ساحیرەکان خودا خستیە دڵیانەوە: کە ئامۆژگاری فیرعەون بکەنو لەسزای تۆڵەی دۆزەخ بیترسێننو تەماعی خۆشیو ڕازاوەیی بەهەشتی بخەنە بەر چاو، وتیان: ﴿انه من یأتِ مجرماً﴾ بێگومان شەئنو حاڵ وایە: هەرکەسێ ڕۆژی قیامەت بەتاوانباری بێتە خزمەت خودا، واتە: بەکافریی بمرێ، ئەوە ﴿فإن له جهنم﴾ بێگومان بۆهەتا هەتایە دۆزەخ جێگایەتیو بەئاگری بێ ئامان عەزاب دەدرێ ﴿لایموت فیها ولایحیا﴾ لەدۆزەخدا نامرێ هەتا ڕزگاری ببێو لەکۆڵ بێتەوە، ناژی بەژیانێك کەسودی هەبێ، ئەو کەسە ئازار دەچێژێ تادەگاتە حاڵەتی مردن وەلێ وای لێ نایە هەست کردنی ئازاری نەمێنێ، بەکوردی نەژیانی ژیانەو نەدەمرێ.

صەحر کابرایەکی عەرەب بوو نەخۆش بوو، لەخێزانەکەیان پرسی صەخر چۆنە؟ وتی: نەوایە بژیو بەتەمای بین، نەوەیە بمرێو بۆی بگرین.

وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿لایقضی علیهم فیموتوا، ولایخفف عنهم من عذابها، کذلك نجزی کل کفور﴾ (فاطر/ ٣٦)

﴿ومن یأته مؤمناً قد عمل الصالحاتِ فأولئك لهم الدرجات العلی﴾ کەسێکیش بەخزمەت خودای خۆی بگاتەوە بەموسوڵمانی بمرێ، ئیمانی بەخوداو بە پێغەمبەری خوداو بەموعجیزەی پێغەمبەرانی هەبێ: کەهەندێ لەموعجیزەی پێغەمبەران ئەم موعجیزانە بوون: کەئێمە بینیمانن. ڕێرای ئەو ئیمانە کردەوەی باشی هەبێ، کردەوەکانی نیشانەی ڕاستی ئیمانەکەی بن، ئەوە ئەوانە بەهۆی ئیمانی ڕاستیانو کردەوەی باشیانەوە بەفەضلو ڕەحمەتی خودا بەهەشتی ڕازاوەیان بۆهەیە، لەبەهەشتی جوانو ڕازاوەدا پلەی بەرزیان دەدرێتێ، دەخرێنەلای ژووروی بەهەشتەوە.

لەصەحیحی بوخاریو موسلیم دا هاتووە دەفەرموێ: ((أن اهل عليين ليرون من فوقهم كما ترون كوكب الغابر في أفق السماء لتفاضل مابينهم، قالوا يارسول الله تلك منازل الانبياء، قال بلى والذى نفسي بيده رجال امنوا بالله وصدقوا المرسلين)) لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە دەفەرموێ: ئەبو بەکرو عومەر ئەو شوێنەیان بەنسیب دەبێ.

ئەمجار قورئان پلە بەرزەکانی بەهەشت ڕوون دەکاتەوە. دەفەرموێ: ﴿جنات عدن تجري من تحتها الانهار خالدين فيها﴾ ئەوپلە پەرزانەیبەهەشت بریتین لەچەند باخ و باخاتێکی وەها: کەشوێنی تێدا مانەوەو تێدا ڕابواردنن، بەژێر باڵە خانەو ژوورەکانیان دا چۆمو جۆگای ئاوی جوان دەکشێن، بۆهەتا هەتایە لەوباخو باڵە خانانەدا دەمێننەوەولێی دەرناچن!

﴿وذلك جزاء من تزكى﴾ بەخشینی ئەو بەهەشتە پێیان پاداشی کەسێکە خۆی لەتاوان پاك کردبێتەوە.

خودا پەرستی کردبێ، شوێن پەیامی پێغەمبەرانی خودا کەوتبێ! جا ئەگەر فیرعەون هەڕەشە لەوانە دەکا بەعەزابی بەردەوامو سەخت، ئەوەتا: کەسێك بەتاوانباریی بێتە لایخودا عەزابی هەمیشەیی دەدرێ لەکۆڵی نابێتەوە لەناو ئەو عەزابەدا نەژیانی ژیانە نەمردنی مردنە، لەلایەکی ترەوە بۆخودا پەرستان ئەو دەرەجە بەرزانەی بەهەشت ئامادە کراونو دەچنە ناوی بۆیە تێکڕا ئەوانەی ئیمانیان هێنا گاڵتەیان بەهەڕەشەکانی فیرعەون هاتو بەئیمانی پتەوەوە بەرەنگاریان کرد.

خنكانی فیرعەون و لەشكرەكەی لە دەریاداو نیعمەتی خودا بەسەر بەنی ئیسرائیل دا

وَلَقَدْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِى فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا لَّا تَخَٰفُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَىٰ ﴿٧٧﴾ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ بِجُنُودِهِۦ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ ﴿٧٨﴾ وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُۥ وَمَا هَدَىٰ ﴿٧٩﴾ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ قَدْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ وَوَٰعَدْنَٰكُمْ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ﴿٨٠﴾ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَلَا تَطْغَوْا۟ فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِى ۖ وَمَن يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِى فَقَدْ هَوَىٰ ﴿٨١﴾ وَإِنِّى لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾

پەردەی بەسەر دیمەنی پێشوودا دایەوە، دیمەنی سەركەوتنی حەق‌و ئیمانی لەواقیعی مەشهوددا بەسەر كوفرو ئیلحاددا ڕانواند، بیرو باوەڕ لەدڵی ساحیرەكاندا رسكاو وەبەرهات‌و بەسەر دەست سووكی‌و كارامایی دا زاڵ بوو، ئیمان لەدڵ‌و دەروندابەسەر هەڕەشەو تۆقاندندا سەركەوت، ئەمجار لێرەدا باسی ئەوە دەكا: چۆن حەق‌و ڕاستی بەسەر بەتاڵ داسەركەوتوو دەبێ، هیدایەت بەسەر گومڕایی‌دا، ئیمان بەسەر یاخی بوون دا چۆن لەكاردایەو چۆن زاڵ دەبێ. زاڵ بوون‌و سەركەوتن لەعالەمی واقیع دا كاتی دەستەبەر دەبێ

کەلەعالەمی دەروون دا باش ڕەگی داکوتا بێ، هەرکاتێ ئیمان لەدلان دا کامڵ بوو دیاردەکانی لەکردەوەدا: لەعالەمی واقیعو ظاهیردا دیارو بەرچاوە!

ئەوەتا چونکە ئیمان لەدڵی موساو هاروون دا ڕەگی داکوتابوو چ باکیان لەسیحری ساحیرەکان نەبوو، دواییش چونکە ئیمانی ساحیرەکان لەناخەوە جێگیر بوو چ گرنگیان بەهەڕەشەو گورەشەی فیرعەون نەدا، لەئاکامیش دا لەعالەمی واقیع دا حەق بەسەر بەتاڵ دا سەرکەوتو فیرعەونو تاقمەکەی لەناو چوونو دونیایان لەدەست چوو، لەدەست چوونی قیامەتیشیان هەر باس ناکرێ، خەسارەتمەندی دونیایان لەچاو هی قیامەتیان هەر هیچ نیەو قەپان نایخوێنێتەوە. دەی بابزانین قورئانی پیرۆز چۆن دیمەنی فەوتانی فیرعەونو تاقمەکەی ڕادەنوێنێو چۆن نیعمەتەکانی خودا بەسەر بەنو ئیسرئیل دا باس دەکا؟

دەفەرموێ: ﴿ولقد اوحينا الى موسى ان أسر بعبادي﴾ بێگومان ئێمە نیگامان بۆ موسا ﷺ کرد، فرمانمان پێ کرد: کەشەوڕەوی بەنەتەوەی ئیسرائیل بکا، بەشەو بەنهێنی نەتەوەی ئیسرائیل لەمیصر بباتە دەرێ، چونە دەرەوەکەیان زۆر بەلەسەرە خۆیی‌و نهێنی بێ، کەس لەکۆمەڵی فیرعەون پێیان نەزانێ، فەرمانمان پێ کرد: کەهەر کاتێ گەیشتنە دەریای (قولزوم) یان دەریای (سوور) بەم شێوەیە هەڵسو کەوت بکەن: ﴿فاضرب لهم طريقاً في البحر يبساً﴾ بەعەصاکەت لەدەریا بدە، ڕێگای وشكو برینگیان لەناو دەریادا بۆ فەراهەم بێنە. عەصاکەت ئاراستەی دەریا بکە ئەوکاتە دوانزە ڕێگای ووشك لەناو دەریا پەیدا دەبن، بۆ ئەوەی هەر تاقمو تایەفەیەکی بەنو ئیسرائیلی بەڕێگایەکی‌تایبەتی دا بپەڕنەوە، لەهەمان کات دا ﴿لاتخاف دركاً ولاتخشى﴾ مەترسە لەوەی فیرعەونو لەشکرەکەی پێتان بگاتو زیانتان پێ بگەیەنن. لەوەش مەترسن لەناو دەریادا گەلەکەت بخنکێن، ئەو خودایەی

یاسای بۆناو داناوە دەتوانیّ بەگویّرەی پیّویست بۆماوەیـەك لەسروشـتی خـۆی لای‌داو بەسەلامـەتی لیّی ڕزگار بین!

حەزرەتی موسا ﷺ چۆنی فەرمان پـیّ کـرا ئاواهـەڵسو کـەوتی کـرد، ئەوەی پیّی سپیّردرابوو ئەنجامی دا، کاتیّ گەییشتە قـەراخ دەریـا ـعەصاکـەی لیّدا دوانـزە ڕیّگـای وشـك لـەناو دەریـادا دروسـت بـوو، بەسـەلامـەتی بەنوئیسرائیلی لەدەریا پەڕینەوە ﴿فأتبعهم فرعون بجنوده﴾ فیرعەون بەخۆیو سوپایەوە شویّنیان کەوت، لەو کاتـەدا: کەهیّشـتا پاشـەتای کۆڕەوی نەتـەوی ئیسرائیل خەریك بوو لەوبەر دەریا بچنە دەریّ، لەمبەر فیرعـەونو لەشـکریی هەر بەڕیّگاکانی نەتەوەی ئیسرائیل دا ڕۆیشتنو کەوتنە نـاو دەریـاوە. کـاتیّك پیّشەتای لەشکری فیرعەون هیّشتا نەگەیشتبووە ئەوبەرو پاشەتاشیان هاتبووە ناو دەریاوە، ئالەو کاتەدا بەقودرەتی خودای بالاّ دەسـت دەریـا ویّـك هاتـەوە: ﴿فغشيهم من اليم ماغشيهم﴾ ئیتر دایپۆشین لەو دەریایە ئـەوەی دایپۆشـین!! واتە داپۆشینەکەو ویّکهاتنەوەی دەریا هیّنـدە سـامناك بـوو، هیّنـدە گرنـگو ناهـەموار بـوو هـەر بـاس نـاکریّ، ئەگـەر باسـیش بکریّ عـەقڵی ئـادەمیزاد تەصەوری ناکا.بەو جۆرە فیرعـەون گەلەگـەی بـەرەو گومڕایـی بـرد، لـەژیاندا گومڕایـی نیشـان دان و لـەناو دەریـادا گیانیـان دەرچـوو. فیرعـەون گەلەکـەی بەڕیّبازیّك دا برد دوچاری زیانی دنیـاو قیامـەتی کـردن. بەڕاسـتی ڕابـەریّکی نەگبەت بوو.

﴿وأضل فرعون قومه وما هدى﴾ فیرعەون گەلو نەتەوەی خـۆی گومـڕا کردو لە ڕیّبازی ڕاستو حەق لایدانو شارەزای ڕیّبـازی سـەرفرازییو ڕزگـاریی نـەکردن. ئەمـەش قەشـمەریو لاقرتـیّ کردنـە بەفیرعـەون، چونکـە ئـەو وادەی کەبەگەلەکەی دابوو: کەجگە لەڕیّگای نەجاتو ڕزگـاریی هیـچ ڕیّگـای تریـان نیشان نادا وەکوو لەشویّنیّکی تردا قورئان لیّوەی دەگیریّتەوە.کەگوتی: ﴿وما أهديكم الا سبيل الرشاد﴾ (غافر/٢٩)

مامۆستا سەیید دەفەرموێ: نامانەوێ لێرەدا بچینە ناو تەفاصیلی ڕووداوەکەو کونو کەلەبەری بپشکنین، چونکە دەمانەوێ بەشوێن سییاقەکەدا بڕۆینو حیکمەتیئەوە: کەقورئان باسی ئەم ڕوداوە بەکورتی دەکا بەرچاو بگرین.

وەلیّ پێمان خۆشە لێرەدا پەندو عیبرەتێك لەو دیمەنە وەربگرینو هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین.

بێگومان دەستی قودرەت سەرپەرشتی نێوان جەنگی ئیمانو طوغیانی دەکرد، ئەرکی سەرشانی ئیمانداران تەنیا ئەوە بوو پابەندی نیگای خودایی بنو بەشەو بەنهێنی کۆڕەو بکەن، چونکە بەنو ئیسرائیلیو لەشکری فیرعەون دوو هێزی بەرامبەر بەیەك لەعالەمی واقیع دا هاوتا نەبوونو لێکیشەوە نزیك نەبوون. حەزرەتی موسا ﷺ و گەلەکەی بێ هێزو بێ چەكو سوپا، گەلێکی ژێر دەستەو چەوساوەی چەند ساڵە. فیرعەونو سوپاکەی خاوەن هێزو دەسەلاّت. کەوابێ ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرەنگاری ناکرێ، ئالەم کاتەدا دەستی قودرەت سەرپەرشتی جەنگەکەی کردو کەوتە خۆ. بەلاّم کەی؟ دوای ئەوەی ئیمانی بێ دەسەلاّتەکان دا جێگیر بوو، دوای ئەوەی ئیمان خۆیدەرخستو لەبەرامبەر طوغیان دا ڕاوەستا، بڕواداران گوێیان بەهەڕەشەو گوڕەشەی خاوەن هێز نەداو بەسامانو دارایی فیرعەون هەڵنەخەڵەتان، فیرعەون هەڕەشەی لێ کردن بەوە ڕاستو چەپیان ببڕێو دوایی بۆ ترساندنی خەلکی دیکەو ڕیسوا بوونی ئەمان هەڵیان واسێ، خاوەن باوەڕان پێیان ووت چت لەدەست دێ بیکەو بێ منەت بە.. جاکاتێ کار گەیشتە ئەم ئەندازە، طوغیانی فیرعەونو ئیمانی شوێن کەوتوانی موسا ﷺ بەم پلەیە گەیشت، ئیتر دەستی قودرەت هاتە مەیدانو ئەوەی بەسەر فیرعەون هێنا کەهێنای!!!

ئەمجار پەروەردگار نیعمەتە جۆراو جۆرەکانی: کەبەخشیونی بەنەتەوەی ئیسرائیل دەیان ژمێرێ، سەرەتا باسی نیعمەتی لابردنی زیان لەسەریان دەکا،

ئەمجار باسی بەخشینی نیعمەتی سوود بەخش دەکاو دەفەرموێ: ﴿یـابنی أسرائیل قد أنجیناکم من عدوکم﴾ دوای ئەوەی نەتەوەی ئیسـرائیلمان ڕزگـار کرد، نیگامـان بۆ پێغەمبەرەکەیان کرد کەپێیان بڵێ: ئەی نەتەوەی ئیسرائیل! ئەوە ئێمە لە دوژمنی سەر سەختتان ؛ کە فیرعەون بوو ڕزگارمان کـردن. ئـەو فیرعەونەی نێرینەکانی سەر دەبڕین‌و مێینەکانی دەهێشتنەوە بـۆ کارەکـەری‌و خزمەت کرن، بەچاوی خۆتان بینیتـان فیرعـەون‌و لەشـکرەکەی چۆن خنکـان، بەتاییەتیش دوای خنکانیش فیرعەونتان بەخنکاوی بینی بۆئەوەی زیاتر دڵنیا بن لەمردنی. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واغرقنا ال فرعون وانتم تنظرون﴾ (البقرة/٥٠) ئەمەیان نیعمەتی لابردنی زیان بوو.

﴿وواعدناکم جانب الطور الایمن﴾ ئەمجار وادەمان پـێ دان؛ کاتێکمـان بۆدیاری کردن، بۆئەوەی بەئاگاداری ئێوە قسە لەگەڵ موسـا ﷺ دا بکـەین، تەورات نازڵ بکەین: کەشەریعەتێکی دوورو درێـژی تێـدا بـوو بۆئێـوە بـەهۆی پێغەمبەرەکەتان فـێری بـن‌و بیکەنـە بەرنامـەی ژیـانی خۆتـان‌و ڕفتـاری پـێ بکەن.

یان بەڵێن‌و وادەمان دانێ: کەلەگەڵ موسادا ﷺ بێن بۆ ڕاسـتی شـاخی طور کەکێوێکە لەسینا لەو شـوێنە ئامـادەبن‌و بـەدیارەوە بـن: کەپـەروەردگار قسە لەگەڵ موسادا ﷺ دەکاو ئێوەش بیبینن.

﴿و نـزلنا علیکم المن والسـلوی﴾ ناردومانەتـە خـوارێ بۆتـان گـەزۆ گۆشتی پەلەوەری شەلاقە، ئەمە لەحاڵێك دا ئێوە لەبیابانەکـەدا دەسـووڕانەوە سەرتان لێ تێك چوو بوو.

ڕۆژانە لەبەرە بەیانەوە تـاخۆر هـەڵات گـەزۆ دەبارییـە سـەر بـەرد‌و دارو ئێوەش کۆتان دەکردەوە، هەروا پەلـەوەری شـەلاقە: بـاڵندەی(السمانی) بـایی باشور ڕای دەدان‌و دەیهێنان بۆئەو شـوێنەو هەریەکـەتان بـەگوێرەی پێویسـتی خۆتان لێتان دەگرتن.

ئەنجار پێمان گوتن: ﴿کلوا من طیبات مارزقناکم﴾ لەم نیعمەتـە پاكو خاوێنانەی ئێمە بخۆنو لەزەت وەربگرن.

﴿ولاتطغوا فیه، فیحل علیکم غضبی﴾ لەسنور دەرمەچن، زیاد لەپێویست مەخۆن، نەچن لەشتێکەوە کەبۆتان حەلالە بگوێزنەوە بۆشتێکی تر بۆتان حەلاڵ نیە. سپلە مەبن، کوفرانی نیعمەتی خودا مەکەن، بەنازو فـیزەوە دەستی بۆمەبەن، خۆتان لیٚ نەگۆڕیٚ، لەگوناهو شتی بیٚ سووددا نیعمەتەکانی بەکار مەهێنن، ئەو ئەرکو مافانەی دەکەوێتە سەر شانتان بەهۆی ئەو نیعمەتانەوە ئەنجامی بدەن، پابەندی ئەم فەرمانو نەهیانەی ئێمە بن، ئەگینا قارو غەزەبی ئێمەتان دێتە سەرو موستەحەقی سزای ئێمە دەبن.

خۆ ﴿ومن یحلل علیه غضبی فقد هوی﴾ کەسێك قارو غەزەبو عەزابی ئێمەی بۆسەر نازڵ بیٚو پێیەوە بنووسیٚ ئەوە کەوتۆتە ناو چاڵی بەهیلاك چوونو فەوتان!!

﴿وإنی لغفار لمن تاب وامن وعمل صالحاً ثم اهتدی﴾ بێگومان من سرپۆشو خاوەن لیٚ خۆش بوونی تەواوم بۆکەسێك لەتاوان پەشیمان بێتەوە تۆبە بکا، ئیمانی بەخوداو بەپێغەمبەرانو نامە کانیانو بەفریشتەو ڕۆژی زیندوبوونەوە هەبیٚ، کردەوەی چاك بکاو بەردەوام بیٚ لەسەر چاکە کاریی. تاکۆتایی ژیانی بەو شێوە ژیان بەسەر بەریٚو هەڵسو کەوتی وەهابیٚ.

قسە کردنی پەروەردگار لەگەڵ موسا ﷺدا لەکات و شوێنی دیاریکراوداو فیتنە نانەوەی سامیری

﴿ وَمَآ أَعۡجَلَكَ عَن قَوۡمِكَ يَٰمُوسَىٰ ۝٨٣ قَالَ هُمۡ أُوْلَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِي وَعَجِلۡتُ إِلَيۡكَ

رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴿٨٤﴾ قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ ﴿٨٥﴾ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَـٰنَ أَسِفًاۚ قَالَ يَـٰقَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًاۚ أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ ٱلْعَهْدُ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِى ﴿٨٦﴾ قَالُوا۟ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَـٰكِنَّا حُمِّلْنَآ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ فَقَذَفْنَـٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِيُّ ﴿٨٧﴾ فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ فَقَالُوا۟ هَـٰذَآ إِلَـٰهُكُمْ وَإِلَـٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِىَ ﴿٨٨﴾ أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ﴿٨٩﴾

لەوە پێش ئەو نیعمەتانەی بەخشیبوونی بەنەتەوەی ئیسرائیل ژماردنی، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا چیرۆکی گفتو گۆی نێوان باری تەعالاو موسامان بۆ باس دەکا، کەلە(میقات) کاتو شوێنی دیاریکراو دا ئەنجام درا، پاشان دێتە سەر باسی چۆنیەتی ئەو فیتنەیەی سامیری بەرپای کرد: بەم جۆرە کەهات لەخشڵو ئاڵتونێ کەپێیان بوو پەیکەری گوێرەکەیەکی دروست کرد، بەشێوەیەك ناوەکەی کلۆر بوو کەبەرەو بایەکی تایبەتی دادەنرا، دەنگی لێوە دەهاتو ئەو گلو خۆڵەی کەلەدەمیابوو وەلەرزەی دەهێنا، ئیتر سامیری وتی: ئەمە خودای موسایەو لیێ گوم بووە!

نەتـەوەی ئیسـرائیلیش بۆخۆیـان ئامـادە باشـی بتپەرستیان تێـدا بـوو، ئاماژە بەوە: کەلەو کاتەدا لەچنگی فیرعەون ڕزگاریان بوو، بەلای نەتەوەیەکی بتپەرسـت دا تێپـەڕین، بینیـان ئـەو گەلـە بـت دەپەرستن. بـەنو ئیسـرائیلی یەکانیش داوایان لەموسا ﷺ کرد کەپەیکەرێکیان بۆدروسـت بکـا بۆئـەوەی بیپەرستن. وەکو لەسورەتی (الاعراف/١٣٨) دا بەدرێژی باسمان کردووە.

ئەمجار دوای ڕودانی ئـەوەی باس کـرا، پـەروەردگار بـەڵێنی بەحـەزرەتی موسا ﷺ دابوو: کەلەسەر کێوی (طور) دوای چل ڕۆژ ئاخاوتنی لەگەڵ بکاو ئەرك‌و ئورکی بخاتە سەر شان !

حەزرەتی موسا بەپەلـەو بەهەڵـەداوان ڕۆیـی بۆسـەر کێوەکـەو گەلەکـەی لەخوار کێوەکە بەجێ هێشت‌و حەزرەتی هاروونی ﷺ کردە جێ‌نشینی خۆی‌و چاودێر بەسەریانەوە.

بێگومان حەزو خۆشەویسـتی حەزرەتی‌موسـای ﷺ کێش کـرد بۆپەلـە کردن‌و زوو گەیشتن بەشوێنی دیاری کراوو ڕاوەستان لەخزمەت پـەروەردگاردا، چونکە لەوەپێش تام‌و خۆشی ئەوجۆرە ئاخاوتنەی کردبوو، بۆیە بەپەلە وەسـەر کێـوی کـەوت‌و زوو گەیشـتە شـوێنی مەبەسـت‌و لەخزمـەت پـەروەردگاردا ڕاوەستا. ئیتر ئاگای لەحاڵ‌و وەزعی گەلەکەی نەمابوو، دوا ئەو چیـان بەسـەر هاتووە. ئیتر لێرەدا پەروەردگار هەواڵی گوێرەکە پەرسـتیەکەی گەلەکـەی پـێ ڕادەگەیەنێ‌و دەفەرموێ: ﴿وما أعجلك عن قومك ياموسى﴾ ئەوە چی تـۆی هەڵنا ئەی موسا! کەوا پەلە بکەی‌و گەلەکەت جێ بێڵی؟! مەبەست بەقـەوم لـێرەدا حـەفتا نەقیبـەکانی بـەنو ئیسـرائیلی یـە واتـە: چـی پـاڵی بـەتۆوە نـا کەنەقیبەکان جێ بێڵی‌و بۆخۆت بەتەنیا لێرەدا ئامادەبی.

ئیسـتیفهامەکە بـۆ ئینکـارە، واتــە: نـەدەبوو حــەزرەتی موسـا ﷺ نەقیبەکان جێ بێڵێ‌و بۆخۆی پێش ئـەوان بگاتـە جـێ، چونکـە ئـەوە پێشـێل کردنی مافی هاوەڵایەتییە، حەزرەتی موسا ﷺ فەرمانی پێ کرابـوو وێـڕای

ئەو حەفتا نەقیبە بچیٚ بۆسەرکێوی (طور) و لەگەڵ خۆی حازریان بکا، کەوابیٚ ئەم ئیستیفهامە ئەوە دەگەیەنیٚ: کەخودی پەلە کردنەکە کارێکی باش نەبوە، بەتایبەتی نەدەبوو کردارێکی ئاوا لەپێغەمبەرێکی خاوەن عەزیەتەوە سەر هەڵ بدا.

ئەوە بوو دوای لەناو بردنی فیرعەون، حەزرەتی موسا ﷺ داوای لەخودا کرد: کەلەسەر کێوی (طور) ئاخاوتنی لەگەڵ بکا. بۆئەوەی ئەو لەو حانە وەربگریٚ: کەئامۆژگاریی دەستورییان تێدایە بۆگەلەکەی..! جا:کەفیرعەون خنکا، پەروەردگار فەرمانی بەحەزرەتی موسا ﷺ کرد سی رۆژ بەرۆژو بیٚ، دوایی، ئەوماوەیە: کرا بەچل رۆژ؛ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿**وواعدنا موسى ثلاثين ليلةً واتممناها بعشر فتم ميقات ربه اربعين ليلةً، وقال موسى لأخيه هارون اخلفني في قومي واصلح، ولاتتبع سبيل المفسدين**﴾ (الاعراف/١٤٢).

وادە وابوو حەزرەتی موسا ﷺ (٧٠) کەس لەگەلەکەی هەڵبژێریٚو بچن بۆسەر کێوی (طور) ﴿**واختار موسى قومه سبعين رجلاً لميقاتنا**﴾ (الاعراف/١٥٥) جا حەزرەتی موسا ﷺ ئەو حەفتا نەقیبەی هەڵبژاردو بردنی بۆسەر کێوی (طور) کاتێك نزیك شوێنی دیاری کراو کەوتنەوە حەزرەتی موسا ﷺ بەمەبەستی زووتربیستنیکەلامی خودا پەلەی کردو زوو گەیشتە شوێنی دیاریکراو، ئەمجار پەروەردگار بەشێوەی پرسیاری ئینکار ئامێز پیٚی فەرموو: ئەی موسا! چی وای لیکردی پەلە بکەیو هاوەلانت جیٚ بێڵی!!

﴿قال: هم اولاء على اثري﴾ موسا ﷺ وەلامی پەروەردگاری دایەوە وتی: ئەوانیش وادەگەن، کەمێك لەدوای منەوەن، ئەمن چەند هەنگاوێك پێشیان کەوتووم.

﴿وعجلت الیك ربّ لترضی﴾ ئەمن بۆخۆم پەلەم کردوو ویستم زووتر بگەمە شوێنی وادەو لەخزمەت دا ڕابوەستم بۆئەوەی ڕەزامەندیی تۆ بەدەست بێنم، ویستم فەرمانی تۆ بەجێ بێنمو پابەندی بەڵێنی خۆم بم.

بەکورتی: حەزرەتی موسا ﷺ عوزر بۆ پەلە کردنو جێ هێشتنی هاوەڵەکانی دەهێنێتەوە، دەڵێ: خودایە! من وام بەباش زانی: کەچەند هەنگاوێك پێش قەومەکەم (نەقیبەکان) بکەوم، زوتر لەوان بگەمە جێ، پێم وابوو ئەوەکارێکی باشە، بەلاّم وادیارە بەهەڵە چووم‌و ئیجتیهادەکەم نەی پێکاوە، ئەوەی پاڵی بەمنەوە نا بۆ پەلە کردن بەدەست هێنانی ڕەزامەندی تۆ بوو!! چونکە پەلە کردن لەگوێڕایەڵی‌و فەرمان بەرداریدا هۆی ڕەزامەندی خاوەن فەرمانە!

﴿قال: فانا فتنا قومك من بعدك واضلهم السامریّ﴾ پەروەردگار فەرموی: ئێمە لەدوای خۆت: کەگەلەکەت بەجێ هێشت‌و هارونی برات کردە چاودێریان بەتاقیمان کردنەوە، لەتاقیکردنەوەکە دەرنەچوون، سامیری گومڕای کردن، بانگی کردن بۆ گوێرەکە پەرستی‌و هەڵینان بۆ ئەنجامدانی،سامیری: لەهۆزی (السامرة) بوو، یان لەخێڵێکی گا پەرست بوو، زۆربەی‌زۆری زانایان پێیان وایە: سامیری یەکێك بوو لەپیاو ماقوڵانی نەتەوەی ئیسرائیل‌و لەهۆزی (السامرة) بوو. بەو بەنوئیسرائیلیانەی گوت کەلەگەڵی بوون، موسا ﷺ بۆیە ئەو د، ڕۆژە لەوادەی دواخرا چونکە ئێوە ئەو خشڵە حەرامەتان لەگەڵ خۆتان هێناوە، ئەوە بۆ ئێوە حەرامەو نابێ چیدی لەلای خۆتان بیهێڵنەوە، فەرمانی پێ کردن بیخەنە ناو ئاگرەوە. ئیتر لەو خشڵە پەیکەری گوێرەکەیەکی دروست کرد، هەندێ کون‌و درزی تێدا بوون بەجۆرێك بوو کەبەر بای دەدا دەنگی لێوە دەهات.

﴿فرجع موسی الی قومه غضبان اسفا﴾ حەزرەتی موسا ﷺ دوای تێپەڕ بوونی چل شەوەکەو وەرگرتنی تەورات، گەڕایەوە بۆلای گەلەکەی بەرق

هەڵساوی، بەغەمو پـەژارەی زۆرەوە. بـەهۆی هەڵوێستو کـردەوەی نالـەباری گەلەکەیەوە. بەهۆی ئەو تاوانە گەورەی گەلەکەی کردبوویان.

﴿قال یا قوم، الم یعدکم ربکم وعداً حسـنـاً﴾ حـەزرەتی موسـا ﷺ کەهاتەوە ناو گەلەکەی ڕوی تێکردنو پێـی گوتـن: ئـەرێ قـەومو خوێشـەکەم! ئەوە پەروەردگارتان وادەی ڕاستو باشی پێ نەدان؟ لەسەر زوبانی من بـەڵێنی نەدانێ کەچاکەو خێری دونیاو قیامەتتان بداتێ: کتێبی ئاسمانیتان بۆ بنێرێ، شەریعەتو یاساتان فێر بکا، زەوی زارو ملكو ماڵی جەباپیرەکانی میصرتـان بداتێ، لەقیامەتیش دا پاداشـی بـاشو لێخۆشـبوونتان خـەلات بکـا؟ لەسـەر زوبانی من پێی نەگوتن: ئەمن سڕ پۆشو لێخۆش بـووم لـە تـاوان بۆکەسـێك تۆبە بکاو بڕوای بـەخوداو بەپێغەمبـەرانو بـەزیندوو بوونـەوە هـەبێو پاشـان پابەندی ئەو بیرو باوەڕە بێو بەردەوام بێ لەسەر هەڵوێستی خۆی.؟

﴿افطال علیکم العهد﴾ ئایا ماوەی زۆرتان پێ چوو لەچاوەڕوانی کردنـی وادەی خوداو بەسەر بەڵێنەکەی پێی دابوون ماوەی زۆر تێپەڕیو بـەو هۆیـەوە نیعمەتەکانی خوداتان لەبیر چوو؟؟ خۆ هێشتا مـانگێكو چەند ڕۆژێکـە. ﴿أم اردتم ان یحل علیکم غضب من ربکم﴾ یان ویستتان بـەم کردەودیـەتان ڕقو غەزەبی خودای خۆتان بێتە سەرتان!

پیتی (أم) لـێرەدا بـەمانا(بـل)ە واتـە یـان لـەبیرتان بـوو وەلێ ویسـتتان بەدەستی ئەنقەست کردەوەیێ ئەنجام بدەن ببێتـە هـۆی هـاتنی خەشمو قـاری خودا بۆسەرتان!

﴿فاخلفتم موعدی﴾ بەهۆی ئـەوەوە ئـەو بەڵێنـە داتـان بـەمن پابـەندی نەبوون، وادەتان دابەمن: کەبەردەوام بن لەسەر تاعـەتی خـودا تـامن لـەکێوی (طور) دەگەڕێمەوە لاتان. بەلاّم وادەی خۆتان نەبردە سەر!

ئەمجار ئەوانیش کەوتنـە عـوزر هێنانـەوەو بیـانوو دۆزینـەوە. ﴿قـالوا: ماأخلفنا موعدك بملکنا﴾ وتیان: ئێمە بەڵێنەکانی خۆمان بەویسـتو ئـیرادەی

خۆمان نەشکاندو دەسەلاتی ئێمەی تێدا نەبوو، بەلکو بەزۆرە ملیٚ پێمان کراو ناچار بووین بیکەین. سامیری تینی بۆ هێناینو عەقلو هۆشی لیٚ ستاندینو بەچاوو ڕاو سەری لیٚ تێکداین هەلیخەلەتاندین.

﴿ولكنا حملنا أوزاراً من زينة القوم فقذفناها﴾ بەلکو ئێمە چەند کۆلو کۆلبارێکمان لە خشلی قیبطییەکان درا بوو بەکۆلماندا، کاتیٚ ویستمان لەمیصر دەربچین بەبیانووی ئەوەی کەوا بەیانی جەژنمانە بەئەمانەت لێمان وەرگرتبوون، سامیری لێی کردین بەچاوو ڕاوو وتی: لەخۆگرتنی ئەو زێڕو زیوە شومەو حەرامە، موسا بۆیە دواکەوتووە سوچی هەبوونی ئەو خشلو گەواهێرەیە لاتان، ئەمجار فەرمانی پیٚ کردین: کەچالێك هەلکەنینو پڕی بکەین لەئاگرو دوایی زێڕو زێوەکەی تیٚ فڕیٚ بدەین.

﴿فكذلك القى السامرى﴾ وەکوو چۆن ئێمە خشلەکانی لای خۆمان فڕیٚ دایە ناو ئاگرەکە، سامیریش بەهەمان شێوە لەوخشلە پەیکەری گوێرەکەیەکی دروست کردو کەمیٚ لەو گلو خۆلەی کەلەژێر پێی جوبرائیل هەلی گرتبوو بەسەر پەیکەرەکەدا پژانی، ئیتر﴿فاخرج لهم عجلاً جسداً له خوار﴾ سامیری گوێرەکەیەکی لەو خشلو زێڕو زیوە بۆ بەنو ئیسرائیلییەکان دەرهێنا جەستەیەکی بیٚ گیان بوو بۆڕە بۆڕێکی لیٚ دەهات وەکو بۆڕەی گوێرەکەی زیندو. چونکە بەشێوەیەکی کارامایانە دروستی کردبوو، درزو کونو کەلەبەری تیٚ کردبوون: کە (با) لیێ دەدا دەنگێکی لیٚ دەهات وەکوو دەنگی گوێرەکە.

جا کەسامیری ئەو پەیکەرەی بەو شێوەیە دروست کرد ﴿فقالوا﴾ سامیریو هاوبیرانی وتیان: ﴿هذا الهكم واله موسى فنسي﴾ ئەمە خودای ئێوەو خودای موسایە، وەلیٚ موسا لەبیری چوو ئەوەتان پیٚ ڕابگەیەنیٚ کەئەمە خودای ئێوەو ئەویشە. ڕەنگە موسا: کەئێستا چووە بۆکێوی (طور)و ئەوە ماوەیەکە نەگەڕایەوە بەدوایدا بگەڕیٚو نایدۆزێتەوە.!!

سەیری نەفامیو گەوجی ئەم گەلو نەتەوەیە بکە، لەپاش ئەو هەموو موعجیزانەی لەحەزرەتی موسا ﷺ یان دی، سەر باری ئەوەی لەو ژێر دەستەییو چەوساندنەوە ڕزگاری کردنو لەژێر چنگی فیرعەونی ستەمکار دەری هێنان.

کەچی ئەوەتا بەرامبەر بەو پێغەمبەرە گەورەیە گومانی ئاوا بەدو ناشرین دەبەنو بەو شێوەو خێرا هەڵخەڵەتانو کەوتنە ناوئەو تاوانە گەورەیەوە.

ئەمجار خودا ڕەدیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿أفلا يرون ألاّ يرجع لهم قولا، ولايملك لهم ضراً ولانفعا﴾ ئایا ئەو نەفامانە نەیانزانی: کەئەو شتەی سامیری دروستی کرد: هیچ قسەو ئاخاوتنێکیان ئاڕاستە ناکاو وڵامیان ناداتەوە، ناتوانێ زیانیان لێ دوور بخاتەوە، هیچ سوودێکیشیان بۆ کێش ناکا.

دەی بۆچی ئەوانە ئەوەندە نەفامو نەزان بوون، ئەو لاشە بێ گیانەیان کردە خودای خۆیان. ؟؟!

ڕیوایەت کراوە: کەحەزرەتیموسا ﷺ گەڕایەوە بۆناو قەومەکەی گوێی لەغەڵبەو هەراو هۆریا بوو، دیتی بەنو ئیسرائیلییەکان بەدەوری گوێرەکەکەدا سەمایان دەکردو سووڕیان دەداو کەوتبوونە هەلەکە سەماو حاڵ گرتبوونی. حەزرەتی موسا ﷺ بەحەفتا نەقیبەکەی لەگەڵیا بوون فەرمووی ئەوە داردەی فیتنەو گومڕا بوونە [١٠]

ئیمامی قورطوبی دەفەرموێ: پرسیار لەئیمامی ئەبوبەکری طورطوشی کرا، عەرزیان کرد ئێوەی شەرعزانو زانا چی دەفەرموون: دەربارەی ڕێبازی صۆفیان؟ ئەمجار بۆیان باس کرد وتیان: کۆمەڵێك پیاو کۆدەبنەوە: زۆر زیکری خودا دەکەن، زۆر یادی پێغەمبەر دەکەنو صەڵەواتی لەدیدار لێ دەدەن،

(١٠) تەفسیری مەراغی ج١٦/٢٣٩.

ئەمجار دێن چەرمێك لەشتێك دەبەستن‌و بـەداره قوڵەیـەك لیّ ی دەدەن: (واتـە: تەپڵ دێنن‌و بەدار دەیکوتن) ئەمجار هەندێکیان دەست دەکەن بـەڕەقص‌و حـاڵ دەیـانگریّ هـەتا بـیّ هـۆش دەکـەون، شـتێك ئامـادە دەکـەن‌و دەیخـۆن ئایـا کۆبوونەوەو تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەمانەدا دروستە؟

فتوامان بۆ بدەن لـەم بـارەوە ڕەحمـەتی خوداتـان لیّ بیّ، ئیـتر شـێخ بـۆ وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارە فەرموی:

خودا ڕەحم بەئێمەو ئێوەش بکـا، ڕێبـازی ئـەو جـۆرە صـۆفیانـە بەتاڵـە، نەزانی‌یـە، گومڕایـی یـە، ئیسـلام بریتیـە لـەقورئان خوێنـدن‌و سـوونەتی پێغەمبەری خودا، ڕەقـص‌و سـەماو حـاڵ لیّ هـاتن لەئیسـلام دا نیـە، یەکـەم کەس کەئەم دابەی داهێنا شوێن کەوتوانی سامیری بوون، کاتێك ئەو نەگبەتە گوێرەکەی بۆ دروست کردن‌و بۆڕە بۆڕی لیّ هات خەڵکەکە هەڵسـان‌و کەوتنـە سەماو ڕەقـص کـردن‌و حاڵیـان لیّ هـات وەجـد گرتنـی! ئـەو جـۆرە کردەوانـە لەئایینی ئیسلامدا نیە، ئایینی کافرو گوێرەکە پەرستانە، ئەو تەپڵ کوتانـەش ناشەرعییەو یەکەم کەسێك دای هێنا زیندیقەکان بوون بۆئـەوەی موسـوڵمانان لەقورئان بیّ ئاگا بکەن: ئەگینا کەی لەکۆڕو مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ شـتی واهەبووە.؟

پێغەمبەر ﷺ: کەلەگەڵ هاوەڵانی کۆدەبووەوە مەجلیسەکەیان لەبەر ڕێزو ئەدەب بیّ دەنگ‌و کڕو مات بوو دەتگـوت: باڵندەیـان بەسـەرەوەیە، کـەوابوو پێویسـتە لەسـەر کاربەدەسـتی موسـوڵمانی لـەخوا تـرس نـەهێڵیّ ئـەو جـۆرە ڕەقص‌و سەما کەرو تەپڵ کوتانە توخن مزگەوتەکان بکەون نابیّ بهێڵدریّ ئەو جۆرە کارانە لەهیچ شوێنێك بکرێن هەرکەسێك ئیمانی بەخواو بەڕۆژی دوایـی هەیە نابیّ لەگەڵ ئەوانە کۆ ببێتەوە، نابیّ یارمەتییان بدا بۆپەرە پێدانـی ئـەو

باطله ی لەسەری دەڕۆن ئەمە ڕێبازی ئیمامی مالیكو ئەبوحەنیفەو ئیمامی شافیعیوئیمامی ئەحمەدە،هەروا فتوای ئیمامانی تری موسوڵمانە.[11]

سەر زەنشتكردنی حەزرەتی موسا ﷺ بۆ هارونی برایو، ووردو خاشكردنی گوێرەكەكەو، چەسپاندنی یەكتا پەرستی

وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِى وَأَطِيعُوٓا۟ أَمْرِى ﴿٩٠﴾ قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ ﴿٩١﴾ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟ ﴿٩٢﴾ أَلَّا تَتَّبِعَنِ ۖ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى ﴿٩٣﴾ قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِى وَلَا بِرَأْسِىٓ ۖ إِنِّى خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِى ﴿٩٤﴾ قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِىُّ ﴿٩٥﴾ قَالَ بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا۟ بِهِۦ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ

---

(١١) تەفسیری قورطوبی ج٦/١٢٤-١٢٥ طبعة دار الفكر سالی ١٤١٩هـ - ١٩٩٩م/ تەفسیری مونیر ج١٦/٢٧٥. بەلاّم من پێم وایە ئەمە زیادە رەوییە نەدەبوو شێخ طەرطوشی ئەو حوكمە گشتی یە بێ چەرتكردنە بەسەر كۆمەڵی صۆفیێ بدا وێدەچێ هەڵسو كەوتی كەسانێكی دونیا خۆرو نەفام: كەبەناوی تەصەوفەوە كردویانە كاری كردبێتە سەر شێخو ئەم فتوا توندەی دژی هەموو صۆفی بەگشتی دابێ! (محمود).

فَنَبَذْتُهَا وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي ﴿٩٦﴾ قَالَ فَٱذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِي ٱلْحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ وَإِنَّ لَكَ مَوْعِدًا لَّن تُخْلَفَهُۥ وَٱنظُرْ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِي ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفًا لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِي ٱلْيَمِّ نَسْفًا ﴿٩٧﴾ إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا ﴿٩٨﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار ئەوەی ڕاگەیاند: کەهەڵوێستی گوێرەکە پەرستەکان پێچەوانەی سەرەتایی ترین مەبادیئی عەقڵو هۆشە، چونکە ئەو گوێرەکە جەستەیەکی بێ گیان بوو وەڵامی پرسیاری نەدەدایەوە زیانی لەکەس دوور نەدەخستەوە، سوودی بەکەس نەدەبەخشی. ئەمجار ئەوەمان بۆدەگێڕێتەوە کەنەتەوەی ئیسرائیل سەرپێچی ئامۆژگاریەکانی موسایان کرد ﷺ ،ئەمجار باسی سەر زەنشتکردنی حەزرەتی موسا بۆ هارونی برای دەکاو دوایی دێتە سەر موناقەشە کردنی حەزرەتی موسا ﷺ لەگەڵ سامیریدا، ئەمجار تاكو تەنهایی خودا دووپات دەکاتەوە.

دەفەرموێ: ﴿ولقد قال لهم هارون من قبل: یاقوم انما فتنتم بـه﴾ بێگومان حەزرەتی هارون ﷺ پێش ئەوەی حەزرەتی موسا ﷺ لەكێوی (طور) بگەڕێتەوە بەوانەی گوت: کەپڕکێشی گوێرەکە پەرستیان کرد لەنەتەوەی ئیسرائیل ـ پیّی وتن: ئەی قەومەکەم ئێوە توشی فیتنە کراون، هەرچەند: کەتێدە فکرمو بیردەکەمەوە جگە لەوەی: کە بەهۆی ئەم گوێرەکە پەرستیە بەتاقی دەکرێنەوە هیچی تر نیە، بەتاقی کرانەوە بۆئەوەی دەربکەوێ

کێتان لەسەر ئایینی حەق بەردەوام دەبیۆ کێ لـەدین وەردەگـەڕێ. کەواتـە: ووریا بن خۆتان گومڕا مەکەن!

﴿وان ربکم الرحمـــن﴾ بێگومـان خـودای بەحـەق‌و ڕاسـتی ئێـوە ئـەو خودایەیـە: کـەئێوەی بـەدی هێنـاوە، هـەموو شـتێکی لەنـەبووەوە هێناوەتـە وجودو خاوەن ڕەحم‌و بەزەیی‌یە ئەو خودایەیە ئێوەی لەدەست فیرعــەون ڕزگـار کرد، کەوابێ ﴿فاتبعونی وأطیعوا أمری﴾ شوێن نەصیحەت‌و ئامۆژگـاری مـن بکـەون، گوێڕایـەڵی فـەرمانی مـن بـن، بـەردەوام بـن لەسـەر ئـایینی حـەق‌و یەکتاپەرستی ئەنجام بدەن، هەڵبەتە لەوەپێش بەنوو ئیسرائیل یەکان پـەیمانیان دابـوو: کەگوێڕایـەڵی حـەزرەتی هـارون ﷺ بـن‌و لەفـەرمان‌و نەهیـەکانی دەرنـەچن. بـەلام پابـەندی بەڵێنـەکانی خۆیـان نـەبوون، هەرچـەندە حــەزرەتی هاروون ﷺ ئاموژگاری کردن هیچیان بەگوێدا نەچوو، ﴿قالوا: لـــن نـــبرح علیە عاکفین حتی یرجع الینا موسی﴾ وتیـان: نەخـەیر بـەگوێی تـۆ ناکـەین، لەسەر ئەم گوێرەکە پەرستیە دەمێنینەوە دەبێ لەدەمی موسـا ﷺ خۆیـەوە ببیسین ئاخۆ ئەمە باشە یان خراپە!

هەڵبەتـە مـەبەسـتیان بـڕو بیـانووی بـێ جـێ‌و ڕێ بـوو، ئـەگینا شـتەکە ئاشکرا بوو، دەبوایە بەگوێی حەزرەتی هارون ﷺ بکەن‌و یەکسەر تۆبە بکەن پەشیمان ببنەوە!

بەلام ئەوانە سروشـتی ئادەمێتیـان نـەمابوو، عـەقڵ‌و ژیرییـان لەدەسـت دابوو (کوردی گوتەنی حیسابیان بیتی بوو).

جاکەحـەزرەتی موسـا ﷺ بـەو داخ‌و جەخارەتـەوە گەڕایـەوە، نـەوی لەڕیشـی هـارون‌و سـەرو گوێلاکـی گـرت‌و بـۆلای خـۆی ڕایکێشـا، ﴿قـــال: یاهارون﴾ وتی ئەی هاروون! کاتێك ئەتۆ دیت ئەمانە ئـاوا لـەئایین وەرگـەڕان ﴿مامنعك اذ رایتهم الاتتبعن، افعصیت أمـری﴾ ئـەوە چـی تـۆی مـەنع کـرد شوێن من بکەوتیتایە لەگەڵ ئەوانەی لەسەر ئاینی حەق مابوونەوە؟ بۆنەهاتن

بۆسەر کێـوی (طـور) دەبوایـە کەوەزعەکـە ئـاوای لیٚ هـات ئەوانـە بـەگوێیان نەکردی یەکسەر سامیری‌و ئەوانەی دەستیان کـرد بەگوێرەکـە پەرسـتن بـەجێت بهێشتنایە، بهاتیتایە بۆلام‌و زوو ئەو هەواڵەت پێ بدامایـە، لەهـەمان کـاتدا بـەجێ هێشـتنەکەت دەبـوە نیشـانەی ئـەوەی کـەتۆ زۆر لەهەڵوێسـتەکەیان نـاڕازی‌و بـێزاری لەکردەوەکـەیان ! ئەوکاتـە لەوانـە بـوو تۆبـەیان بکردایـەو پەشیمان ببونایەوە.

یان چی وای لەتۆ کرد: کەبێ دەنگ بی لەکردەوەکەیان‌و بۆ: کەبەو حاڵـە بینیتن پەیڕەوی منت نەکردو لەبەر خاتری خـودا نەجـەنگای لەگـەڵ ئەوانـەدا کەگوێرەکەیان بەخودا زانی‌و دەستیان کرد بەگوێرکە پەرسـتی. ئـەی مـن پـێم نـــــەگوتی ﴿**اخلفنـــــی في قومـــــی، واصلـــــح، ولاتتبـــــع ســـــبیل المفسدین**﴾(الاعراف/١٤٢) بۆپابەندی فەرمانی من نەبووی؟؟ ﴿**افعصیـــــت امری**﴾ ئایا سەرپێچی فەرمانی منت کرد،خۆمن: کەڕۆیشـتم داوام لیٚ کـردی تامن دێمەوە هیچ نەقەومیٚ، نەهێڵی هیـچ کـەس سـەرپێچی فـەرمانی خـودا بکا، من فەرمانم پێ کردی: کەلەئاست ئاینی خودادا زۆر توندو ڕەق بیٚ، مـن پێم وتی: تۆ جێنشینی من بە، وەکوو من هەڵس‌و کەوت بکە، دەی تـۆ چـۆن وابێ دەنگ بووی‌و لەبەرامبەر ئەم تاوانـە گەورەیـەو هەڵگەڕانـەوە بەکۆمەڵـە دەستە ئەژنۆ دانیشتی‌و نقەت لیٚ نەهات؟؟

حـەزرەتی هـارون ﷺ بەنـــەرمی وەڵامـــی دایـــەوەو عـــوزری بۆخـــۆی هێنایەوە، بەسۆزی برایەتی بانگی لیٚ کردو ﴿**قال**﴾ بەحەزرەتی موسـای ﷺ گوت: ﴿**یا ابن ام**﴾ ئەی کوڕی دایکم! ﴿**لا تاخذ بلحیتی ولابرأســـی**﴾ سـەرم بامەدەو ڕیشم مەگرە، یان مەنەوە ڕیشم‌و قژم بامەدە، من هیچ سـەرپێچیەکم نەکردوە، تاوانێکم نیە بەبڕوای من ئـەوەی مـن کردومـە جێگـای ڕەزامـەندی تۆیە.

ئەمن عوزری خۆم هەیەو ماوەم بدە سکالای خۆم بکەم ﴿انی خشیت ان تقول فرقت بین بنی اسرائیل ولم ترقب قولی﴾ لەڕاستی دا من ترسام لەوەی ئەگەر لەگەلْ ئیماندارەکاندا بچوومایە بەگژ گوێرەکە پەرستەکان دا شەڕو جەنگم بەرپا بکردایە. یان من لەگەلْ ئیماندارەکان سامیری‌و گوێرەکە پەرستەکانمان جێ بهێشتایەو بهاتینایە بۆلای تۆ، ئەوکاتە نەتەوەی ئیسرائیل دەبوونە دوو تاقم، ئیتر ترسام لەوەی ئەگەر تۆ هاتبایەوە بتگوتایە: ئەی هارون! تۆ دووبەرەکیت خستۆتە نێوان نەتەوەی ئیسرائیلی یەوە. گوێڕایەلّی فەرمانی من نەبووی!! ترسام لەوەی پێم بلێ ی من تۆم لەناو نەتەوەکەم دا جێ هێشت بۆ ئەوەی یەکیان بخەیی‌و بەیەکڕیزی بییان هێلیەوە، بۆچی لێکت پچڕین‌و دوو بەرەکیت خستە ناویانەوە، کەوابێ بەبڕوای خۆم گوێڕایەلّی فەرمانی تۆ بووم، بەخەیالّی خۆم گوێ ڕایەلّی من لەوەدا بوو: کەئەنجامم داوە. لەلایەکی ترەوە ئەوان منیان بەبێ دەسەلات زانی‌و کەس پشتیوانی لێ نەکردم بۆ بەرپەرچ دانەوەیان، تەنانەت خەریك بوون هەر لەناوم بەرن وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ان القوم استضعفونی وکادوا یقتلوننی﴾ (الاعراف/١٥٠).

ئەنجار: کەحەزرەتی موسا ﷺ عوزرەکانی هارونی ﷺ ـرای بیستن ڕووی کردە سامیری گومڕاو تاوانبار ﴿قال﴾ پێی فەرموو: ﴿فما خطبك یا سامری﴾ ئەرێ سامیری! تۆ بۆ ئەم کارە ناشرینەت کرد؟ چی هەلّی نای بۆئەوەی کەوا ئەمان گومڕا بکەی‌و ئەم فیتنەو ئاشوبە بخەیەوە؟ بەم جۆرە پرسیاری ئاڕاستەی سامیری کرد بۆ ئەوەی فرت‌و فێلّەکانی سامیریی بۆخەلّکەکە دەربکەوێ‌و بۆخۆی ددان بەتاوانی خۆیدا بنێ.

﴿قال: بصرت بما لم یبصروا بـه﴾ سامیری وتی: من شتێکم بینی خەلّکەکە نەی بینی، ئەتۆش هەستت پێ نەکرد واتە: تەماشای ئەو ولاخەم کرد: کەجوبرائیل سواری بوو بوو، دەمبینی پێی لەهەر شوێنێك دادەنا خاکی

ژێر پێی سەوز دەبوو، یانی گیای لیٚ دەڕوا، ئیتر من زانیم کە جیٚ پیٚی ئەو وولاٚخە نهێنیەکی ژیانی تێدایە ﴿فقبضت قبضةً من أثر الرسول فنبذهـا﴾ ئەوە بوو ئەو کاتەی جوبرائیل هات بۆلەناو بردنی فیرعەون سواری ئەسپێك بوو منیش مشتێکم لەشوێن پیٚی ولاٚغەکەی یان جیٚی پیٚی جوبرائیل خۆی هەلگرت، ئەمجار ئەو مشتە گلەم فڕیٚ دایە ناو ئەو زێڕو زیوە تەواوەی کردبوومە پەیکەری گوێرەکەکە، ئیتر لاشەکە دەستی کرد بە بۆڕە بۆڕ.

موجاهید دەفەرمویٚ: مانای ﴿فنبذهـا﴾ بەم جۆرەیە: سامیری ئەو خشلەی لەدەستی دا بوو فڕێی دایە ناو ئەو خشلٚو زێڕو زیوەی بەنو ئیسرائیلیەکان فڕێیان دابوو.

مامۆستا سەیید دەفەرمویٚ: ڕیوایەتی جۆراو جۆر هەن دەربارەی قسەی سامیری: کەوتی: ﴿بصرت بما لم يصبروا به......﴾ چی بینی؟ ئەو ڕەسوولەی سامیری لەجیٚی پیٚی خۆی یان جیٚ پیٚی ولاٚغەکەی مشتە گلەکەی هەلگرت کیٚ بوو؟ پەیوەندی ئەم مشتە گلەیە بەگوێرەکە لەزێڕ دروستکراوەکەوە چی بوو؟ کاریگەریی ئەو مشتە گلە چی بوو لەسەر لاشەی گوێرەکەکە؟ ئەو ڕیوایەتەی زۆر باوەو زۆر دەگوترێ‌و دەهێندریٚ ئەوەیە: دەلێن: سامیری حەزرەتی جوبرائیلی لەو شێوەدا بینی کەتێیدا دێتە سەر زەوی، ئیتر مشتێکی گلٚ لەژێر قاچی جوبرائیل یان قاچی ئەسپەکەی هەلگرت، دوایی لەجەستەی گوێرەکە لەزێڕ دروستکراوەی دا ئەو بۆڕە بۆڕەی لیٚ پەیدا بوو، یان کەمشتە گلەکەی بەزێڕو خشلەکەدا دا گوێرەکەیەکی بۆڕە بۆڕ کەری لیٚ پەیدا بوو. ئەمە نمونەیەکی ڕیوایەتەکان بوو.

ئەمجار سەیید دەفەرمویٚ: قورئانی پیرۆز لێرەدا حەقیقەتی ڕوداوەکە ناچەسپێنیٚ، بەلکوو تەنها وتەکانی سامیری دەگێڕێتەوە، ئێمە پێمان وایە: سامیری ویستی بەم قسانەی بیانو بۆ ئیشەکەی بدۆزێتەوە، ویستی بەم قسانە خۆی لەناکامی تاوانەکە ڕزگار بکا. واپێدەچیٚ سامیری جەستەی گوێرەکەکەی

لەو خشڵو زێڕە دروست کردبێ کەبەنو ئیسرائیلی‌یەکان لە قیبتی‌یەکانیان وەرگرتبوو، ئەو فێڵبازە گوێرەکەکەی بەشێوەیەك دروست کردبوو کلۆرایی‌و درزو کونو کەلەبەری تێدا بوون: کە (با) لێی دەدا دەنگێکی وەکو بۆڕەی گوێرەکەی لێوە دەهات، ئەمە واقیعەکە بووە. حیکایەتی شوێن پێی جوبرائیل یان جێ پێی ئەسپەکەی بۆ تەبریر هێنایەوە، وای پیشان دا: کەئەو زیرەك بووەو زێدە لەهەموان، ئەوەی بینی کەلەجێ پێی جوبرائیل خۆی یان ولآخەکەی یەکسەر گیا شین دەبوو، ئەمیش ئەوەی بەشتێکی نائاسایی زانی‌و مشتێکی لەو جێ پێیە هەڵگرت.

﴿وکذلك سولت لی نفسی﴾ بەو جۆرە نەفسم ئەو کارەی بۆ جوان کردمو لەدڵم دا شیرین بوو، واتە: بەئارەزوی خۆمو هەواو هەوەس ئەوەم بەسەر ئەو خەڵکە هێناو ئەو ئیشەم ئەنجام دا، نیگای خودام بۆ نەهاتوەو بەڵگەی ئەقلی‌و نەقلیم بەدەستەوە نیە.

ئەمجار حەزرەتی موسا ﷺ بڕیاری دەرکردنی سامیریی داو لەپێری نەتەوەی ئیسرائیل دەری هاویشتو خوێری کرد، سزای تاوانەکەشی حەواڵەی خودا کردو زۆر بەتوندو تیژیی بەرامبەر خودا درۆزنەکەی سامیری واتە: (گوێرەکەکە) ی جولآیەوە: ئەوە بوو لەپێش چاوی خەڵکەکە ووردو خاشی کردو سوتاندی‌و خۆڵو تۆزەکەی هەڵدایە ناو دەریاوە.

ئەوە بوو حەزرەتی موسا ﷺ رووی کردە سامیری‌و ﴿قال:﴾ پێی گوت: ﴿فاذهب فان لك فی الحیاة ان تقول لامساس﴾ ماتوڵ ئەم تاوانەت ئەنجام داو، ئەم خەڵکەت سەرگەردان کرد، بڕۆ دەرەوە لە ناومان داو خوێری بە! ئەوا خوێریم کردی! تێکەڵی کەس نەبی‌و کەس تێکەڵت نەبێ.

تا لە ژیاندا ماوی ئەمە ویردی سەر دەمت بێ، هەر بڵێی لەکەس نەکەومو کەسم لێ نەکەوێ، ئەمە تۆڵەتە لەدونیادا. ئەم جۆرە سزایە

لەدیانەتی موسا ﷺ دا باو بوو، سزای خوێڕی کردن، جاڕدانی پیسیو گولی بەناو خەڵك دا بۆئەوەی کەس هاوەڵی نەکا.

حەزرەتی موسا ﷺ فەرمانی بەبەنو ئیسرائیلی‌یەکانیش کرد: کەتێکەڵی نەبنو قسەی لەگەڵ نەکەن.

﴿وانّ لك موعداً لن تخلفه﴾ بێگومان شوێنو کاتێك هەیە بۆ عەزابی قیامەتت، بەڵێنت پیّ دراوەو بەهیچ جۆرێ لی‌ّی دواناکەویو هەر توشت دیّ، نەهاتنی نیە!

﴿وانظر الى إلهك الذی ظلت علیه عاکفاً﴾ سەیری خودا درۆزنەکەشت بکەو بڕوانە چی لی‌ّ دەکەم! ئەو خودایەی لە جیاتی خودا پەرستشت بۆ دەکردو بەدەوامی لەسەر پەرستنی! ﴿لنحرقنه﴾ سوێند بە خودا بە ئاگر باشباش دەیسوتێنم تا دەبێتە خۆڵەمێش.

﴿ثم لننسفنه في الیم نسفا﴾ پاشان خۆڵە مێشەکەی بەدەریادا دەدەینو ئاسەواری ناهێڵین. بۆئەوەی تەپو تۆزەکەشی دەست کەس نەکەویّ.

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی حازیمو مەبدەئیانە بوو لەحەزرەتی موسا ﷺ ، دیارە پێغەمبەری خاوەن عەزم هەر دەبیّ هەڵوێستی ئاوا بنوێنیّ بەرامبەر خودا درۆزنەیەکی ئاوا، بۆئەوەی سامیریو هەوا خواهانیشی بەچاوی خۆیان ببینن ئەو شتەی ئەوان بەخودایان داناوە، خودا نیە، بیّ دەسەلاّتە، هیچی پیّ ناکریّ، تەنانەت ناتوانیّ زیان لەخودی خۆیشی دوور بخاتەوە.

﴿انما الهکم الله الذی لااله الا هو، وسع کل شیء علماً﴾ ئەو گوێرەکەی سامیری ئێوەی پیّ هەڵخەڵەتاندوە خودا نیە، خودای بەحەقو ڕاست بۆ ئێوە تەنها (الله)یە، جگە لەئەو خودای تر نین، هەر (الله) شیاوی خودایەتیو عیبادەت بۆکردنە، هەموو کەس ئاتاجی ئەو خودایەو ئەو پێویستی بەکەس نیە، هەموو کەس بەندەی ئەون، زانایە بەهەموو شتێكو بەسەر هەموو شتێك دا ئاگادارە، هەموو شتێك لای ئەو سەر ژمێر کراوە، لەبوونەوەردا لەئاسمانو زەویدا گەردیلەیەکی لی‌ّ نادیار نیە، پەلکە گەلاّیەك

لـه درەختێـك لیٚ نابێتـەوە ئیلـلا خـودا ئاگاداریـەتی، دەنكـه تۆمێـك لــەناو تاریكایی ناو زەویدا، چیلكه تەڕێك، لقــه دارێكـی وشـك كـەمو زۆر هــەرچی بەخـەیاڵدا بـیٚو هـەرچی بەخـەیاڵدا نەیـە. لـەزانیاری خـودادا تۆمـار كـراوە. هەموو پیٚڕۆیەك هــەموو گیانلەبـەرێك رزقو ڕۆژیـی بەدەسـت خودایـەو خـودا ئاگاداری هەموو هەڵسو كەوتو شوێن كارێكیەتی..

پەند وەرگرتن لەقورئان و سزای ئەوانەی روو لەقورئان وەردەگێڕن

كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا ﴿٩٩﴾ مَّنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وِزْرًا ﴿١٠٠﴾ خَٰلِدِينَ فِيهِ ۖ وَسَآءَ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ حِمْلًا ﴿١٠١﴾ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴿١٠٤﴾

دوای گێڕانـەوەی سەرگورشـتەی حـەزرەتی موسـا ﷺ وقەومەكـەی. پەروەردگار ئـەوە بۆپێغەمبـەر ﷺ ڕوون دەكاتـەوە: كەگێڕانـەوەی بەسـەرهاتی گەلە پێشینەكانی وەكوو عادو ثە مودو قە ومـی لـوط و ئەصحابولئەیكـەو سەرەنجامیان، ئەوە جۆرێكە لەموعجیزە بـۆ تـۆو، دڵدانـەوەو پـەند وەرگرتـنو تەمیٚ خواردنی هەڵگرانی ئایینە. ئەمجار دوا بەدوای ئەوە موناسیبە: كەباسـی

سزای ئەوانە بکـا: کەپشت لەبانگەوازی قورئـان هەڵدەکـەن. دەفـەرموێ: ﴿کذلك نقص علیك من انباء ماقد سبق﴾ واتە: ئەی موحەممەد! هەروەکوو چۆن بەوشێوە جوانو سەرنج ڕاکێشە چیرۆکی موسا ﷺ مان بۆ گێڕایتەوە: باسی ئەوەمان بۆ کردی چۆن کرا بەفروستادەو نێردرا بۆسەر فیرعەونو گەلەکەی؟چیٚ بەسەرهات لەگەڵ نەتەوەی ئیسرائیلو ئاکامی ستەمکاران بـەچی گەییشت؟! ئـاوا بـەو جـۆرە هـەواڵی هـەندێ لـەڕووداوی گەلـە پێشـینەکانت بـۆ بـاس دەکەین.چیرۆکی هەندێ لەپێغەمبەرانی پێش تـۆ لەگـەڵ گەلـەکانیان داو ئـەو ڕوداوانەی بەسەر گەلەکان داهات بۆتی دەگێڕینەوە، بۆئەوەی دڵـت دابمـەزرێو تەسەللات بێ، چاو لەهەڵسو کەوتی ئەو پێغەمبەرانە بکەیو بزانی چ ئازارو ناخۆشـیەکیان تـووش هـات بەدەسـت گەلـە سـتەمکارو نـەفامو سـەرڕەقەکانیانەوە.بێگومـان گێڕانـەوەی ڕوداوی گەلـە پێشـینەکان پـەندو عیبرەتی لیٚ وەردەگیرێ، چاوو دڵی خودا پەرستـانی پـێ ڕون دەبێتـەوە زانـینو ئاگـاداریی بەسـەر ئـەو ڕووداوانـەدا دەبێتـە موعجیزەیـەکی تایبـەتی بـۆ پێغەمبەرو ئامۆژگاریو نەصیحەتە بۆ هـەڵگرانی پـەیامی خـودا لـە هـەموو شوێنو کاتێك دا.﴿وقد اتیناك من لدنـا ذکـراً﴾ بێگومـان ئێمـە لەلایـەن خۆمانەوە (ذیکر) مان پیٚ بەخشیوی: کەبریتیە لەقورئانی گەورە، بـۆ ئـەوەی هەموو کاتێ یادی خودای پیٚ بکەیەوە، قورئان شیاوی ئەوەیە یاد خەرەوەبێ، چونکە لەهیچ ڕویەکەوە بەتاڵ ڕوی تیٚ ناکا، لەپێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکی تر کتێبـی ئـاوای نـەدراوەتێ، لـە خـودای زانـا و داناوە نـازڵ کـراوە، هـەواڵو بەسـەرهاتی ڕابوردوانـی تێدایـە، هـەواڵی داهـاتووی لـەخۆ گرتـووە. هیـچ نامەیەکی تر ئاوا هەواڵی ڕاستو واقیعی ڕابـردوو داهـاتووی لەخۆنـەگرتووە، هـەرچی ئـەحکامو یاسـای ژیانـەو پێویسـتە بۆ ژیـان،تێـی دایـە. هـەرچی بەرژەوەندی ئادەمیزادی تێدا بیٚ بۆ ئایینو دونیاو قیامەت ئەو شی کردۆتەوە، هەرچی ڕەوشتی بەرزە تیٚ یدایە. هەرکەسیٚ ئـەو نامـە پـیرۆزە بکاتـە یاسـای

ژیانی بەختەوەرەوسەرفرازی دونیاو قیامەتە ﴿ومن اعرض عنه فانه يحمل يوم القيامة وزراً﴾ هەرکەسێ قورئانی پێ گەیشتبێ لەعەرەبو نا عەرەب لەخاوەن نامەکانو لەغەیری ئەوان، پشتی لیٚ هەلکردبیٚو ئیمانی پێ نەهێنابیٚو کاری پێ نەکردبێ، بڕوای پێ نەبێو نەیکاتە یاسای ژیانی، هەولٚ بدات مەنهەجو پرۆگرامی تر پەیڕەو بکا، ئەوە بابزانێ ڕۆژی قیامەت کۆڵی گرانە، بەڵکوو پشتی پێ دەشکێو دەخرێتە ناو دۆزەخەوە. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ومن يكفر به من الاحزاب فالنار موعده﴾ (هود/١٧).

هەر ... قورئانی پێ گەیشتبێ لەهەر چینو توێژێك بێ، دەبێ شوێنی بکەوێ، پابەندی فەرمانو نەهیەکانی بێ، قورئان کەتەلۆکی بوونەوەرەو یاسای ژیانە، نامەی هیدایەتو بەختەوەرییە. هەر کەسێك شوێنی بکەوێ سەر فرازو بەختەوەرە، کەسێك پشتی لیٚ هەلکا بەدبەختو ماڵ وێرانە، دۆزەخ شوێنی مانەوەی قیامەتیەتی. ﴿خالدين فيها﴾ بۆ هەتایە هەتایە لەتۆڵەی تاوانەکانی لەناو دۆزەخ دادەمێنێتەوەو ساتە وەختێك لیٚ ی دەرناچن!

﴿وساء لهم يوم القيامة حملاً﴾ خراپ کۆڵێکە ئەو کۆڵەی ئەوان هەڵیان گرتووە، خراپ سزایەکیان دەدرێ لەڕۆژی قیامەت دا.

﴿يوم ينفخ فى الصور﴾ ڕۆژی قیامەت ئەو ڕۆژەیە: کەجاری دووەم فوو دەکرێ بەشاخی سوردا بۆ زیندو بوونەوەو ئەمجار حیسابو لێکۆڵینەوە.

﴿ونحشر المجرمين يومئذ زرقاً﴾ لەو ڕۆژەدا بەتایبەتی تاوانباران ڕاپێچی سارای مەحشەر دەکەین ڕەنگ دێزو شین هەلگەڕاو، لەترسانو لەعەیبەتان دەمو چاویان شین دەبێ. خەفەتبارو پەشیمان بەلاّم پەشیمانی چ سوود!؟

﴿يتخافتون بينهم ان لبثتم الا عشراً﴾ لەناو خۆیاندا چپەو سرتەیانە، هەندێکیان بەگوێچکەی هەندێکیان دا دەچپێنن: دەڵێن مانەوەمان لەدونیادا لە دە ڕۆژ زیاترنەبوە، هەر ڕەنگە دە شەوێك لەدونیادا بووبین. واتە کاتێك ئەوان ئەو دیمەنە سامناکانەی قیامەت دەبینن، ژیانی دونیایان لەبیر دەچێتەوە

بـەکورتو کـەم مـاوەیی دێتـەوە یادیـان.. دیـارە ئینسـان لـەکاتی تەنگانـەو ناخۆشـی دا دیـارترینو ئاشـکرا تریـن شـتی لـەیاد نـامێنێ. ئـەوان لـەژێر کاریگەری تەنگانەو ترسو نارەحەتی مەحشەردا ژیانی دونیایان لـەپێش چاو دەبێتە تـاوێكو هـەر چـەند دەکـەنو دەکروێنـن نـاتوانن لـە دە ڕۆژێـك زیـاتر بیخەملێنن.

﴿نحن اعلم بما يقولون: اذ يقول امثلهم طريقةً ان لبثتم الا يوماً﴾ ئێمە زاناترین چی دەڵێن: دەربارەی مانەوەیان لەدونیادا، لەوکاتەدا بەلای خۆیانەوە ڕاستگۆ تریانو ساقڵتریان دێتە ئاخـاوتنو گوایـە هەڵـەیان بۆڕاسـت دەکاتـەوە دەڵێ ئێمە تەنها ڕۆژێك ماوینەوەو بەس! ئاواو بـەو جۆرە ئـەو تەمـەنە دورو درێژەی بەسەری بردووە لەدونیادا (٥٠) ساڵە سەد سـاڵە کـەمترە یـان زیـاترە لیێ دەبێتە تاقە ڕۆژێـكو هـەر چـەند دەکـات زات ناکـا بـەزۆر تـری دابنـێ، لەوانەیە ئامادەبێ کورت تری بکاتـەوە، بـەڵام بـۆ زیـاد کـردن ئامـادە نیـە!! مـەبەستیشان ئەوەیە: بیانو بدۆزنەوە کـەژیانی دونیایـان هێنـدە کـورتو کـەم ماوە بوو ماوەیان نەبوە لەئایینی ڕاست حاڵی بنو پەیڕەوی بکەن. بۆیـە هـەر هەوڵی ئەوەیانە ژیانی دونیایان بەکورت لەقەڵەم بدەن وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفـەرموێ: ﴿**ويـوم تقـوم السـاعة يقسـم المجرمـون مـا لبثـوا غـير سـاعة**﴾ (الروم/٥٥) یان دەفەرموێ: ﴿**قال: كم لبثـتم فـي الارض عـدد سـينين، قـالوا لبثنا يوماً او بعض يوم فاسأل العادين**﴾ (المؤمنون/١١٢-١١٣).

ڕۆژی قیامەت زەوی و کێوەکان و ئادەمیزادەکان حاڵ و وەزعیان چۆن دەبێ

وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴿١٠٧﴾ يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِىَ لَا عِوَجَ لَهُۥ ۖ وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا ﴿١٠٨﴾ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾ ۞ وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ لِلْحَىِّ ٱلْقَيُّومِ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا ﴿١١١﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا ﴿١١٢﴾

لەوەپێش پەروەردگار باسی حاڵو چۆنیەتی ڕۆژی قیامەتو تەنگو چەڵەمە ناسکەکانی کرد، ئەمجار بەشوێن ئەوددا باسی پرسیار کردنی ئەوانە دەکا: کەبڕوایان بەحەشر نیە، پرسیار دەکەن دەڵێن: ڕۆژی قیامەت خودا چی بەکێوەکان دەکا، وەکوو خۆیان دەمێننەوە یان نا؟ لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکەدا

هەندێ شتی تریش ڕوون دەکاتــەوە. ئــەوە ئاشـکرا دەکـا: کەلـەو ڕۆژەدا زەوی تەخت دەکریێو هیچ بەرزاییو تەپۆلکەو چاڵو چوێڵی تێـدا نـامێنێ، خـەڵکی بەپەلـەو بـەڕاکردن بــەدەم بانگــەوازی کۆبوونــەوە دەچــنو ئامــادە دەبــن. بۆحیسابو لێکۆڵینەوە لەترسان هەستو خوستیان لیێ دەبـڕێ، دەنگـەدەنگو هەراو هۆریایان نامێنێ، شەفاعەت کردن بـۆ تاوانبـاران بـێ سـوودە، مەگـەر یەکێك خودا بیەوێ شەفاعەتی لیێ وەربگرێ، خودا بۆخـۆی ئاگـاداری هـەموو کارو کردەوەیەکیانە، جالەو ڕۆژەدا هــەموو سـەرێك بـۆ خـودا نـەوی دەکـرێ، هەموو کەسێك بەناچاریی گەردنکەچی خۆی بۆخـودای بـالاّ دەسـتو خـاوەنی بوونەوەر ڕادەگەیەنێ، خەسـارەتمەند ئـەو کەسـەیە لـەدونیادا سـتەمی لـەخۆی کردبێ هاوەڵی بۆ خودا دانابێ، سەرپێچی فەرمانو نەهیەکانی خودای کردبێ.

بەلاّم خودا پەرسـتان چاوەڕوانی ڕەحمـەتی یـەزدانن ترسـی ئـەوەیان نیـە لەخراپەکانیان زیاد بکرێو لەچاکەیان کەم بکرێتەوە.

ئیبنو موندیر لەئیبنو جورەیجەوە ڕیوایەت دەکـا دەڵـێ: قورەییشـییەکان پرسیاریان لەپێغەمبەر ﷺ کرد وتیان: ئەی موحەممەد! ڕۆژی قیامــەت خـودای تۆ چی لەم کێوانە دەکا.؟ ئیتر پەروەردگار بۆ وەلاّمی ئەوان ئەم ئایەتەی نــازڵ کرد: کەدەفەرموێ: ﴿ویســـئلونك عـــن الجبـــال﴾ واتـە: ئـەی موحەمـەد! موشریکەکان پرسیارت لیێ دەکەن دەربارەی حاڵو وەزعی کێوەکان ئاخۆ وەکـو خۆیان دەمێننەوە، یان لادەچن؟ ﴿فقل:ینسفها ربی نســفاً﴾ بڵـێ خودای مـن کێوەکان ووردو خاش دەکاو هیچیان لەشـوێنی خۆیـان وەکـوو خۆیـان نـامێنن دەبنە تەپو تۆزو بەهەوادا بلاّو دەبنەوە ﴿فیذرها قاعاً صفصفاً لاتری فیـــها عوجاً ولاامتـــاً﴾ دوای ئـەوە کێوەکـان ئـاوا دەکاتـە تـەپوتۆز، ئـەجار زەوی هەمووی دەکاتە دەشتێکی کاکی بەکاکی ڕوەكو درەختو شینایی تێـدا نیـە، بەرزاییو تەپۆلکەو چاڵو چوێڵی تێدانابینی.

﴿یومئذ یتبعون الداعی لاعـــوج لـــه﴾ جالـەو ڕۆژەدا ئادەمیزادەکـان بەپەلەو بێ دواکەوتن کەبانگکەر بانگیان دەکا بۆ دەشـتی مەحشـەر، چۆنیـان

فەرمان پێ بکا بەدەنگییەوە دێنو کەسیان خۆلانادا، ناتوانن خۆ بشێرنەوە، بەلکوو بەپەلەو بەهەلّەداوان شوێنی دەکەون، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مهطعين الى الداع﴾ (القمر/٨) بەڕاستی دیمەنێکی سامناکەو هەتابیری لیّ بکەینەوە زیاتر ترسناك دەبێ، سەر سوڕمانو حەبەسانمان توش دێ. ئەو هەموو کەژو کێوە داکوتراوانە ئەو هەموو شاخە سەختو سەر کەشانە هەموویان وردو هاڕ بکرێن. ئەمجار ئەو هەموو ئادەمیزادە: کەهەر خودا ژمارەیان دەزانێو دەزانێ چەندو چۆنن؛ هەموویان کۆ بکرێنەوەو ڕاپێچی سارای مەحشەر بکرێن، بێ ئەوەی کەس بتوانێ سەرپێچی بکا، خۆپاش بدا، منجە منجو لادانێکی هەبێ، هەموویان ملکەچو سەر شۆڕ ڕێز دەبەستنو بەرەو دەشتی مەحشەر دەکەونە ڕێ. بەپێچەوانەی جیهانەوە کەسەرپێچی بانگخوازانی ئیسلام دەکەن، بەڕویاندا دەچنەوە، بەرەنگارییان دەبنەوە چەنە بازو دەم درێژو چەقاوەسوو! لەوێ هیچ سەرپێچیو فرتو فێلێکیان نامێنێ.

﴿وخشعت الاصوات للرحمن فلا تسمع الا همساً﴾ بێ دەنگیەکی سامناك باڵی خۆی بەسەر مەحشەردا دەکێشێو هیچ کەس دەنگی لێوە نایە، ژاوە ژاوو قیڕەو هەرا هەرا نامێنێ، مەگەر لە ژێر لێوەوە چپەیەك بکەن ئەویش نابیسترێ دیمەنێکی ترسناکەو تابلّۆی سامناکە، دەشتی مەحشەر پڕ بووە لەئادەمیزاد چاو هەرچەند دوور بین بێ، ئەمسەرو سەری نابینێ، هەموو ئەو مەخلوقاتە کشو مات، بێ دەنگو خشپە، قسە کردنیان چپەو سرتەیە پرسیارلێککردنیان لەژێر لێوەوە ئەنجام دەدرێ، ترس ئەو جیهانەی داپۆشیوە. هەموویان سەر کزو داماوو گەردنکەچی خودای خاوەن دەسەلاّتو دادپەروەرن!

﴿يومئذ لاتنفع الشفاعة الا من اذن له الرحمن﴾ لەو ڕۆژەدا شەفاعەتو تکاکردنی کەس سوود بەکەس ناگەیەنێ مەگەر خودا لەوە پێش ئیزن بدا بەشەفاعەت بۆ کردنیو ﴿ورضي له قولاً﴾ لەوە پێش ڕازی بووبێ لە قسەو ئاخاوتنی شایەتومانو گوفتارەکانی پەسەند بووبنو خودا لیّی وەرگرتبن، هەر شەفاعەتو تکا کردنێك خودا وەری نەگرێو ئیزنی پێ نەدا ناکرێو جێ

ناگرێ، چونکە بۆ خۆی خاوەنەو دەسەڵاتی موطلەقی هەیە لەبوونـەوەردا چـی بویۆ چۆنی بویٰ هەر ئەوە دێتـە جێ!.وەکـوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿من ذالذی یشفع عنده الا باذنه﴾ (البقرة/٢٥٥) یان دەفەرموێ: ﴿وکم من ملك في السموات لاتغنی شفاعتهم شیئاً الا من بعد ان یاذن الله لمن یشاء ویرضی﴾ (النجم/٢٦) یان دەفەرموێ: ﴿ولا یشفعون الا لمن ارتضی وهم من خشیته مشفقون﴾ (الانبیاء/٢٨) یان دەفـەرموێ: ﴿یوم یقوم الروح والملئکة صفاً لایتکلمون الا من اذن له الرحمن وقال صواباً﴾ (النبأ/٣٨).

عیللەتو هۆکاری ئـەوە: کـەدەبێ شـەفاعەتو تکـا کـردن ڕەزامـەندیی خودای لەسەر بێ، بەبێ ئیزنی خودا شەفاعەت نـابێ. ئەوەیـە: چونکـە خـودا بۆخۆی ﴿یعلم مابین ایدیهم وما خلفهم، ولا یحیطون به علماً﴾ دەزانـێ چـی لەپێش بەندەکانیدایەو چییان توش دێ لـە ڕوداوی قیامـەتو ئـەوەی لـەپاش خۆیان جێ هێشتووەو ئەنجامیان داوە لەدونیادا..

یان ماناکەی بەپێچەوانەوەیە ، واتە: خودا ئاگادارە بەسەر ئەوەی لەپێش دەستیا بووەو ئەنجامیان داوە لەکارو باری دونیاو هەروا ئەوەی لەدوایانەوە دێ لەپاداشو سزای ڕۆژی قیامەت.

بەکورتی خودا ئاگادارە بەمـەخلوقاتی خـۆی لەهـەموو بارێکـەوە، بـەڵام زانیاری بەندەکانی پەی بەزاتو صیفاتو زانیاری خـودا نابـا. بەباشـی خـودا ناناسنو ئاگاداری زانستو زانیاری خودا نین.

﴿وعنت الوجوه للحی القیوم﴾ هەموو ڕوخسارو سەرو ملێك زەلیلو کزو داماوە، هەموو کەس سەر شۆڕو ملکەچو بێ دەسەڵاتە لەئاست ئەو خودایەی هەمیشـە زینـدوەو مردنـی بەسـەردا نایـە، ڕاگـری هـەموو شـتێکەو هـەموو بونەوەر بە ویستو ئیرادەو پلانی ئەو هەڵدەسوڕێو کار دەکا.

﴿وقد خاب من حمل ظلماً﴾ خەسارەتمەندوماڵوێرانە کەسێك کـەمێکی لەستەمکاریو شیرك تێدابێ. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ایاکم والظلم فان

الظلم ظلمات یوم القیامة، والخیبة كل الخیبة وهو به مشرك، فـان الله یقول:﴿ان الشرك لظلم عظیم﴾))(لقمان/١٣).

ئەمجار دوا بەدوای باسی ستەمكاران‌و هەڕەشـەكردن لێیـان باسـی خـودا پەرستان دەكاو دەفەرموێ: ﴿ومن یعمل من الصالحات، وهو مؤمـن فـلا یخاف ظلماً ولاهضماً﴾ هەركەسێك ئەركی سەرشانی خـۆی جـێ بـەجێ بكـاو وێڕای كردەوەی باشی ئیمانی دامەزراوی هەبێ: بڕوای بەتاك‌و تەنهایی خوداو، ڕاستی پێغەمبەران‌و نامەكانیان‌و هاتنی پێغەمبەران‌و ناوەڕۆكی نامەكانیان‌و هاتنی ڕۆژی قیامەت هەبێ، ئەوە ترسی ئەوەی نیە هیچ جەورو ستەمێكی لێ بكرێ بەم جۆرە لە خراپە كاریەكانی زیاد بكرێ، یان بـەبێ تـاوان سـزا بـدرێ. هەروا ترسی ئەوەشی نیە: كەلەكردەوە باشەكانی كەم بكرێتەوە، مافی پێشێل بكرێ!

قورئان بە زوبانی عەرەبی نازڵ بووە، دەبێ پێغەمبەر ﷺ تا كۆتایی سروش گوێ ڕابگرێ‌و قورئانەكە نەڵێتەوە

وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ ٱلْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ﴿١١٣﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ﴿١١٤﴾ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا

دەربارەی هۆکاری نازڵبوونی ئایەتی (١١٤) ﴿**ولاتعجل بالقران**﴾ ئیبنو ئەبی حاتەم لە(السدّی) ڕیوایەت دەکا: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ عادەتی وابوو: کەجوبرائیل نیگای بۆ دەهێنا زۆر هەوڵی دەدا خێرا لەبەری بکا، تەنانەت خۆی زۆر ماندو دەکرد نەوەکوو جوبرائیل لەلای بڕواو هێشتا لەبەری نەکردبێ.

ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿**ولاتعجل بالقران**﴾ ی نازڵ کرد.. لەفەرموودەی صەحیح دا لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەت کراوە: دەفەرموێ: هەر کاتێك جوبرائیل قورئانی بۆ دەهێنا، هەر کەئایەتێکی بۆ دەخوێندەوە خێرا خێرا ئەویش لەگەڵی دەگوتەوە بۆئەوەی زوو فێری ببێ‌و لەبەری بکا.

ئیتر خودای تەعالا فەرمانی پێ کرد: کەئەو عادەتە واز لێ بێنێ‌و ڕێگایەکی ئاسانتر بگرێتە بەر.

جاوەکوو لەوە پێش باسی ئەوەی کرد: کەچۆن دونیا خراپ دەبێ‌و سیستەمی زەوی تێك دەچێ، هەڕەشەی ئەو ڕۆژە سامناکەی لەئادەمیزاد کرد: ئەمجار ئەوەدەچەسپێنێ: کەقورئان بەزوبانی عەرەبی ئاشکراو ڕوون نازڵ کراوە، ئەوەش دوپات دەکاتەوە: کەئەم قورئانە نامەیەکی بەسوودە بۆ ئادەمیزادو گەلێك شتیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، داوایان لێ دەکا پەند لەگەلو نەتەوەکانی ڕابردوو وەربگرن، ئەمجار تاك و تەنهایی خودا دەچەسپێنێ‌و ئەوەش ڕادەگەیەنێ: کە خودای خاوەن فەضل قورئان لەدڵ‌و مێشکی پێغەمبەردا ﷺ جێگیر دەکاو ناهێڵێ لێی تێك بچێ یان لەبیری بچێتەوە. دەفەرموێ: ﴿**وکذلك انزلناه قرءاناً عربیاً**﴾ وەکوو چۆن ئایاتی هەڕەشەو گوڕەشەمان نازڵ کردون، هەر بەو جۆرەو لەسەر ئەم بارو شێوە قورئانمان نازڵ کردوە، قورئانێکە بەزوبانی عەرەبی نێردراوە بۆئەوەی لێی حاڵی ببنو فێری خوێندنەوەی ببن.

﴿وصرفنا فيه من الوعيد لعلهم يتقون أو يحدث لهم ذكراً﴾ بەشێوەی جۆراو جۆر لـەم قورئانـەدا هەڕەشـەمان لـەئادەمیزاد کـردوە ترسـاندومانن هەڕەشـەو ترساندنەکانمان دوبارە سێ بارە کردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی لـەخودا بترسن‌و خۆیـان لەسەرپێچیکردنی بپارێزن! ئەو هەڕەشەو ترساندنە کـار لـەدڵیان بکـاو پـەندو عیبرەت وەربگرن‌و بەخۆیاندا بچنەوەو ڕوویکەنە خودا پەرستی‌و طاعە تکردن.

ئـەمجار دوای تـە عظیـم وپەسـنی قورئـان پـەروەردگار باسـی گـەورەیی‌و شکۆمەندیی خۆی دەکاو دەفەرموێ: ﴿فتعالى الله الملـك الحـق﴾ گـەورەو شکۆمـەندە، بەرزو پاك‌و بڵندە ئـەو خودایـەی نـاوی (الله) یـەو قورئـانی نـازڵ کـردوە، پادشـاو مـەلیکێکی حـەق‌و ڕاستـە، خـاوەن بڕیـارو کاربەدەسـتێکی ڕەهایە، فەرمان‌و نەهیەکانی دروست‌و ڕەوان، خودایـەکی بالادەست‌و بـەرزو پـیرۆزە، جێگـرو دامـەزراوە، بەکـەس لەخودایـەتی ناکـەوێ، شـایانی ئەوەیەچاوەڕوانی بەڵێن‌و مەترسی لەهەڕەشەکانی بکرێ. خودایەکـە عیقـاب‌و پاداش بەدەس خۆیەتی، عەداڵەتکارە هەتا پێغەمبەرنەنێرێ‌و پەیامی خۆی بە خەڵکی نەگەیەنێ، کەس سزا نادا، ئاشکرایە ئەمە هەڵنانی موسـوڵمانانە بـۆ ئـەوەی خووبدەنـە خوێندنـی قورئـان‌و لێکۆڵینـەوەو وورد بوونـەوە تێیـدا. ئاماژەیە بـەوە: کەفـەرمان‌و نەهیـەکانی لـەدونیاو قیامـەتدا بـۆ بـەرژەوەندی ئادەمیزادن، هەرکەسێك سەر پێچییان بکا خودا ڕیسـوای دەکـا، ئـادەمیزادی عـاقڵ‌و هۆشمەند کەسێکە بە دڵ‌و بەگیان ڕوو بکاتە قورئان‌و بەتەواوی بیکاتـە بەرنامەی ژیانی خـۆی! بـەموو لیێ لانـەدا. ئـەمجار فـەرمان بەپێغەمبـەر ﷺ دەکاو دەفەرموێ: ﴿ولاتعجل بالقران من قبل ان يقضى اليك وحيـه﴾ بەلـە مەکە لەخوێندنەوەی قورئان، بەم جـۆرە لەگـەڵ جوبرائیـل دا بیلێیـەوە. هـەتا جوبرائیل لەگەیاندنی سروش بۆلای تۆ نەبێتـەوە، تـۆ خوێندنەوەکـەی دووبـارە مـەکەوە.

ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ هەر کاتێ جوبرائیل سروشی بۆدەهێناو بۆی دەخوێندەوە لەگەڵ خوێندنەوەکەی جوبرائیل دا وشە بەوشە ئەویش لەبەر خۆیەوە دەیخوێندەوە. دەترسا لەوەی جوبرائیل لەلای بڕوا، ئەم بەتەواویی لەبەری نەکردبێ، ئیتر بەم ئایەتە جڵەو گیری لەو کارە لێ کرا، چوونکە وێ دەچێ خەریك بوون بەوتنی وشەیەك لەبیستنی وشەی دوا ئەو مەشغوڵی بکا.

فەرمانی پێ کرا: کەلەکاتی گەیاندنی سروش بۆی لەلایەن جوبرائیلەوە ئەو تەشریفی بێ دەنگ بێو گوێچکەو دڵی خۆی بۆ بکاتەوە. ئەم بۆخۆی بیخوێنێتەوە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**لاتحرك به لسانك لتعجل به، ان علينا جمعه وقرانه، فاذا قرأناه فاتبع قرانه، ثم ان علينا بيانه**﴾ (القيامة/١٦-١٩).

بەکورتی: دەفەرموێ: ئەی موحەممەد! لەکاتی نازڵبوونی نیگا بۆسەرت ئەتۆ بێدەنگ بە: کەفریشتە لە خوێندنی سروشەکە تەواو بوو ئەمجار تۆ بیخوێنەوە. لەوە مەترسە کەلەبیرت بچێتەوە چونکە ئێمە قورئانمان بۆ ناردویە خوارێو ناهێڵین لەبیرت بچێتەوە.

کەواتە لەجیاتی ئەوەی پەلەبکەی. داوا لەخودا بکەو لێی بپاڕێرەوە ﴿**وقل ربي زدني علماً**﴾ بڵێ: خودایە! زانیاریم بۆ زیاد بکە.

تیرمیذیو ئیبنو ماجەو بەزار لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەت دەکەن: دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: ((**اللهم انفعني بما علمتني، وعلمني ما ينفعني، وزدني علماً، والحمد لله على كل حال، واعوذ بالله من حال اهل النار**)).

ئیبنو مەسعوود کەئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ئەم دوعایەی دەکرد (اللهم: زدني ايماناً وفقهاً ويقيناً وعلماً) خودایە: بڕواو تێگەیشتنو دڵنیاییو زانیاریم زیاد بکە.

چیرۆکی ئادەم ﷵ لەناو بەهەشت داو دەرکردنی لەوێ

وَلَقَدْ عَهِدْنَآ

إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ ﴿١١٦﴾ فَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰٓ ﴿١١٧﴾ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴿١١٩﴾ فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾ فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا ۖ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن

ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَـٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ ۚ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٢٧﴾

ئەمە جاری شەشەمە قورئان چیرۆکی ئادەمان ﷺ بۆ دەگێڕێتەوە، لەوە پێش پێنج جاری ترلە سورەتی (البقرة، الاعراف، الحجر،الاسراء، الکهف)دا سەر گورشتەی باوە ئادەمی گێڕاوەتەوە. ئەمە شەشەم سورەتەو شەشەم جارە قورئان ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە، هەر جارەش ئوسلوبو شێوەی چیرۆکەکە دەگۆڕێ.

چیرۆکەکانی قورئان لەشوێنی خۆیاندا دەهێندرێنو لەگەڵ پێشەوەو پاشەوەی چیرۆکەکەدا گونجاوەو جۆشی خواردووە.

بۆ نمونە: کەلێرەدا چیرۆکی ئادەم ﷺ دێنێ، لەپێشیەوە باسی پەلەکردنی پێغەمبەری ﷺ کردووە: کەلەکاتی وەرگرتنی سروش دا خێرا خێرا لەگەڵ جوبرائیل دا پیت بەپیتو وشە بەوشە لەبەر خۆیەوە دەیخوێندەوە نەوەکوو لەبیری بچێتەوە، وەلە چیرۆکی باوە (ئادەم) یش دا خاڵی لەبیر چونەوەی بەزەقی هێناوە.. هەروەها لەوە پێش لە سورەتەکەدا باسی ڕەحمەتو ڕیعایەتی خودای کردوە بۆ بەندە هەڵبژاردەکانی، لێرەش دا لە چیرۆکی ئادەم دا ئەوە ئاشکرا دەکا: کەپەروەردگار ئادەمی هەڵبژاردوەو تۆبەی لیٚ وەرگرتوەو

هیدایـەتی داوە. ئـەمجار بەشوێن ئـەوەدا دیـمەنێکی قیامـەت نیشـان دەدا: کەوێنەی سەرەنجامی هەردوو کۆمەڵی خودا پەرستانو یاخی بوان دەکێشێ!!

بەشێوەیەکی گشتیش ئاماژە بەوە دەکا: کەبەگوێ کردنی ئـادەمیزاد بـۆ شـەیتان شـتێکی کۆنـەو تـازە داهـاتوو نیـە، سروشـتی ئـادەمی وادارێـژراوە: کەفەرمانو نەهیەکانی خودایان لەیاد دەچێ، وەکوو چۆن باوە ئادەمیان کـاتێ فەرمانی پێ کرا: کەلە داری گەنم نەخوا، نەهیەکەی لەبیر چوو لـەداری گـەنمی خواردو توشی ئەو هەموو کوێرەوەریو دەردی سەرییە هـات. ئـەمجا پاداشـتی خودا پەرستانو سزای سەرپێچیکاران دیاری دەکاو دەفەرموێ:

﴿ولقد عهدنا الى أدم من قبل، فنسي ولم نجد له عزماً﴾ سوێند بـەخودا ئێمە لەوە پێشو لەکاتی خۆیدا ئامۆژگاری ئادەممان کـرد: کەلـە ئـەو درەختـە نەخوا، کەچی فەرمانی خـودای لـەبیر چـوو، بـەگوێرەی فـەرمانو نەهیـەکانی خودا هەڵسو کەوتی نەکرد، لە دارەکەی خـواردو گوێـی بـە ئامۆژگاریـەکانی خودا نەدا. بەمـەرجێك لەوەپێش عـەزمو بڕیاری نەدابوو ئەو کـارە ئـەنجام بـدا، چونکە بڕیاری دا کەلەو دارە نەخوا بەڵام پاشان لەبیری چوو. کەشـەیتان دەنـە دەنەی دا. خۆی بۆنەگیراو لەدارەکەی خوارد ئێمـە هـێزو توانـای پابـەند بـوون بەبەڵێنەکانیمان تێدا نەدی.

ئیبنو ئەبی حاتەم لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایـەت دەکـا دەفـەرموێ: بۆیـە ئەم پێڕە مەخلوقاتە ناونراوە (ئینسان) چونکە ئامۆژگاری کراو لـەبیری چـوو. مەبەسـت بـە (عـەهد) لەئایەتەکـەدا فـەرمانو نـەهی پـەروەردگارە، ئـادەم ئامۆژگاری کرا لەدارەکە نـەخواو نزیکـی نەکەوێتـەوە، بـەڵام پاشـان شـەیتان فرسەتی لێ هێناو هەڵی خەڵەتاندو لەبەردەم چاوو ڕاوی شـەیتاندا خـۆی بـۆی ڕانەگیرا. ئـادەم ڕێگـای پـێ درابـوو: کەلەبـەرو بوومـی هـەموو درەختـەکانی بەهەشت بخوا جگە لەبەری درەختێك، ئەوەش بـۆ تاقیکردنـەوە بـوو، شـتێکی پێویست بوو بۆ پەروەردە کردنو پێگەیاندن، بۆئـەوەی بـەر بـەرەکانی نـەفسو

شەیتان بکا، کەسایەتی خۆی بچەسپێنێ، هەر کاتێ ویستی بتوانێ خۆی لەکۆت و قەیدی هەوا ڕزگار بکا، وره بەرزو خۆڕاگربێ ئارەزووەکانی نەیکەنە بەندەی زەلیلی خۆیان!

چونکە هەتا ئادەمیزاد بتوانێ بەر بەرەکانی نەفس و شەیتان بکا، بتوانێ ئارەزووەکانی بپێچێتەوەو بەسەریاندا زاڵ ببێ پلەی ئادەمیزادی بەرز دەبێتەوە، هەتا دەستە وەسان و لاوازو پەککەوتە بێ بەرامبەر ئارەزووەکانی ئەوە لە پلەو پایەی ئادەمییەتی نزم دەبێتەوەو ڕادەی ئاژەڵێتی تێدا باڵا دەبێ!

جا لەبەر ئەوە حیکمەتی پەروەردگار داخوازی ئەوە بوو: بەو جۆرە چاودێری ئادەمیزاد بکا، بەتاقی بکاتەوەو لەبۆتەی تاقیکردنەوەدا قاڵی بکا، بۆئەوەی ئامادەی بکا بۆ جێنشینی لەسەر زەوی و ئەو کارە گرنگەی پێ بسپێرێ و ئەویش بەلێهاتوویی ئەنجامی بدا، هێزی بەرگری و خۆڕاگری تێدا بورووژێنێ و گەشەی پێ بکا، چاوی بکاتەوە بەسەر ئەو هەموو کێ بڕکێ و بێنەو بەرەیەدا: کەچاوەڕوانی دەکا لەداهاتوودا. ئامادەی بکا بۆ بەر بەرەکانی کردن و بەگژدا چوونەوەی بەتاڵ و بەتاڵ خوازان و چەسپاندنی حەق و ڕاستی لە سەر ئەو زەوییەی: کەدەبێتە جێ نشین تێیدا. هەڵوێستی خۆی دیاریی بکا لەنێوان ئەو ئارەزوو مەبەستانەی شەیتان لەپێش چاوی دەیان ڕازێنێتەوە، لەبەرامبەر ویست و ئیرادەی مرۆڤانەی خۆی و ئەو عەهدو پەیمانەی بە پەروەردگاری داون!

بەکورتی پەروەردگار بەو جۆرە ئادەمی بەتاقی کردەوەو وەسیەتی خۆی پێ ڕاگەیاند، بەڵام لەم تاقیکردنەوەو بەرامبەریکردنەدا وەکوو پێویست دەر نەچوو. وەسیەت و فەرمانەکەی بەگرنگ نەگرت و پێیەوە پابەند نەبوو، واتە لەبەری درەختە قەدەغە لێکراوەکەی خوارد!

ئەنجار پەروەردگار تەفصیلاتی پابەند نەبوونەکەی ئادەم ﷷ ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿واذ قلنا للملئكة اسجدوا لآدم﴾ ئەی پێغەمبەر

باسی ئەوە بۆ گەلەکەت بکەو ئەوەیان بۆ بگێڕەوە: کەفەرمانمان بە فریشتەکان کرد کەسوژدەی ڕێزو تەقدیر بۆ ئادەم بەرن. ﴿فسجدوا الا ابلیس ابی﴾ ئیتر هەموو فریشتەکان سوژدەیان بۆ ئادەم بردو ڕێزیان لێنا، جگە لەشەیتان ئەو سوژدەی نەبرد، خۆی بەزل زانیو هاوبەشی فریشتەکانی نەکرد لەسوژدە بردن دا، چونکە حەسودی بەئادەم بردو پێی ناخۆش بوو: کەپەروەردگار ئەو هەموو نیعمەتانەی بە ئادەم ﷺ بەخشی. هەڵبەتە لە شوێنی تردا بەدرێژی باسی ئەم بەسەرهاتەی کردوە، بەگوێرەی پێویست لەشوێنی تردا لایەنەکانی شی کردونەوە، وەلێ لێرەدا ئاوا بەکورتی باسی دەفەرموێ چونکە شوێنەکە شوێنی باسکردنی چاکەیەو باسی چاودێری پەروەردگارە بۆ ئادەم ﷺ ، بۆیە دیاردەی نیعمەتەکانی خودا بەسەر ئادەم دا ﷺ دەخاتە ڕوو.

جاکە شەیتان سەرپێچی فەرمانی ئێمەی کردو سوژدەی بۆ ئادەم ﷺ نەبرد ﴿قلنا یا أدم انّ هذا عدو لك ولزوجك﴾ ئێمەیش وتمان: ئەی ئادەم! باش بزانەو دڵنیا بە، ئەم شەیتانە کەوا فەرمانی ئێمەی شکاندو خۆی بەزل زانی، دوژمنی خۆتو هاوسەرەکەتە، هەرگیز کامەرانی ئێوەی ناوێ، حەز ناکا ئێوە لەخۆشیدا بن، کەوابێ ئاگاتان لەخۆتان بێو وریا بن نەکەونە داوەکانیەوە، لەهیچ شتێك دا گوێڕایەڵی مەبن، ﴿فلا یخرجنکما من الجنة﴾ کارێك مەکەن شەیتان ببێتە هۆکاری دەرکردنتان لەبەهەشت ﴿فتشقی﴾ ئیتر لەئاکامی دەرکردنتان لەبەهەشت توشی دەردی سەریو کولەمەرگی بنو بکەونە ناو تەنگو چەڵەمەی ژیانەوە.

بەکورتی زۆر وریا بەو نەهێڵی شەیتان فرسەتت لێ بێنێو بتخاتە ناو تەنگو چەڵەمەی ژیانەوە، لەبەهەشت خۆتو هاوسەرت وەدەرنێو بکەونە هەوڵدانی فەراهەم هێنانی بژێو، ئێوە ئێستا لەبەهەشت دا بێ ماندو بوونو دەردی سەریی بژێویتان بۆ دابین کراوە..

﴿ان لك الاّ تجوع فيها ولا تعرى﴾ بێگومان بۆ تۆو هاوسەرت هەموو شتێك دابین کراوە، تێیدا برسی نابیّو روتو قوت نابیّ، ﴿وانك لا تظمأ فيها ولاتضحى﴾ هەروەها تۆ لەوێدا تینوت نابیّ، گەرمات نابیّ، واتە: گەرمای خۆر ئازاری دەرونت نادا هەتا تینووبیّ، ئازاری جەستەشت نادا، ئایەتەکە برسێتیو رووتی خستنە پەنا یەکترەوە: چونکە برسێتی ئازاری ناوەوەی جەستەیەو رووتی ئازاری دەرەوەی جەستەیە. هەروا تونیەتیو گەرما بوونی جەستەشی خستە پەنایەکەوە. لەبەر هەمان هۆ.

لە بەرامبەر برسێتیو رۆتیدا تینوەتیو وەبەر خۆر کەوتنی هێنا، نەبونی ئەم چوار شتە، یان دەستەبەر بوونی تێریو پۆشتەییو تێراویو ژێر سێبەری هۆکاری خۆشی ژیانن. ئادەمیزاد هەمیشە لەهەولو تەقەڵلادایە بۆ دابینکردنیانو لەپێناو دەستەبەر کردنیان دا زۆر زەحمەتو ماندوو بوون دەکێشیّ.

ئەمجار دوای ئەوەی بەوشێوە رێزی لەئادەمو حەوا گرتو نیعمەتی خۆی بەسەردا رشتو لەپیلانی شەیتان ترساندنی، باسی هەڵخەڵەتاندنو{..}کردنی ئادەم عليه السلام دەکاو گیرۆدە بوونی بەوەسوەسەی شەیتان رون دەکاتەوە، دەفەرمویّ: ﴿فوسوس اليه الشيطان﴾ شەیتان ختوکەو دەنەدەنەی ئادەمیدا هەڵیفریواند، ﴿قال: يآدم! هل أدلك على شجرة الخلد وملك لايبلى﴾ ئەی ئادەم! شارەزاییت بکەم بۆ خواردن لەبەروبومی درەختێك کەمایەی خۆشی هەتایی یە، ئائەو دارە هەرکەسیّ لێی بخوا قەت نامریّ، شەوکەتو شانو شکۆمەندی لەکیسی ناچیّ ملکو دارایی نابرێتەوە، واتە: ئەگەر لەم درەختە بخۆن هەرگیز نامرنو لەناو ئەم خۆشیو سەڵتەنەتەدا دەمێننەوە. سوێندی زۆری بۆ ئادەمو حەوا خواردو جەختی بۆ کردنەوە کە ئەو راستە لەگەڵیان داو بەدڵێکی خاوێنەوە ئامۆژگارییان دەکا، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمویّ: ﴿وقاسمهما انى لكما من الناصحين﴾

(الاعراف/٢١).. بەڵێ هەڵی خەڵەتاندنو لەخشتەی بردن وەکوولە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فدلاهما بغرور﴾(الاعراف/٢٢).

دەربارەی ﴿شجرة الخلد﴾ پێغەمبەر ﷺ لەفەرموودەیەکیدا: کەئیمام ئەحمەدو ئەبو داودی طیالیسی لەئەبو هورەیرەوە ریوایەتیان کردوە، دەفەرموێ: ((ان فی الجنة شجرة یسیر الراکب فی ظلها مئة عام مایقطعها، وهی شجرة الخلد)) بێگومان لەبەهەشت دا درەختێك هەیە سوار سەد ساڵ بەژێر سێبەرەکەیدا دەڕوا لیێ دەرناچێ ئەوە درەختی خولدە.

بێگومان سروشتی ئادەمیزاد واهاتووەو واداڕێژراوە حەزی لەتەمەنی درێژو دەسەڵاتی نەبڕاوەیەو هەمیشە ئاواتە خوازە بۆی. بۆیە ئادەم عەهدو پەیمانو ئامۆژگاری پەروەردگاری لەیاد نەماو لەبیری چوەوە. ئیتر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کەوتنە سەر ڕێبازی تاوانکردنو ﴿فأکلا منها﴾ سەرەنجام لەبەری دارەکەیان خوارد، سەرپێچی فەرمانی خودایان کردو گوێڕایەڵی شەیتانیان کرد، ﴿فبدت لهما سوأتهما﴾ شەرمگایان دەرکەوت، پۆشاکیان لەبەر داڕندرا، لەوە پێش شەرمگای خۆیان نەدەبینی، دوای خواردنیان لەبەرو بوومی دارەکە شەرمگای خۆیان بینی.

﴿وطفقا یخصفان علیهما من ورق الجنة﴾ ئیتر دەستیان کرد بەداپۆشینی شەرمگای خۆیان بەگەڵای درەختەکانی بەهەشت، دەڵێن: گەڵای دار هەنجیریان بەجەستەی خۆیانەوە دەلکاندو عەورەتی خۆیانیان پێ دادەپۆشی، ﴿وعصی آدم ربه فغوی﴾ بەو خواردنە ئادەم عليه السلام سەرپێچی فەرمانی خودای کردو ڕێگای ڕاستی لیێ گوم بوو، ژیانی لەخۆیو هاوسەرەکەی تاڵ کرد.

بێگومان سەرپێچی فەرمانی واجب تاوانە، سزادانیش لەسەر تاوان حەقو عەدالەتە، وەلیٚ تاوانی ئادەم عليه السلام تاوانێکی تایبەتییەو بەتەرتیبو تەدبیری خودای زاناو دانا ئەنجام دراوە.

بوخاری‌و موسلیم لەم بارەوە فەرمودەیەکیان لە ئەبوهورەیرەوە لەپێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەت کردوە دەفەرموێ: **((احتج أدم وموسى، فقال موسى: يا أدم: انت ابونا أخرجتنا من الجنه، فقال يا موسى اصطفاك الله عزوجل بكلامه وخط لك بيده ياموسى، اتلومني على امر قدره الله عليّ من قبل ان يخلقنى باربعين سنة فحج ادم موسى ثلاثا))**[١٢].
بێگومان ئەم تاوانەی ئادەم ﷺ هەرچەندە بچوکیش بووبێ، بەلام پەروەردگار بە گەورەی لەقەڵەم داو جاری سەرپێچی کردن‌و یاخی بوونی لێ دا، چونکە ئادەم ﷺ لای خودا پایە بەرزو خاوەن ڕێز بوو. بائەو کاتە پێغەمبەریش نەبووبێ. چونکە بەندە تالای خودا خاوەن پلەو پایە بێ تاوانی لێ ناشرین ترە، دەگوترێ: (حسنات الابرار سيئات المقربين) چاکەی پیاو چاکان وادەبێ بۆ نزیکانی خودا دەبێتە تاوان بۆیە دەبێ ئەو جۆرە بەندانە زۆر وریا بن! چونکە کەمترین هەڵە بۆ ئەوان بەتاوان حلێبە. هەر کارێکی ناڕەوا: ئبۆ کەسانی دیکە تاوان نەبێ بۆئەوان بەگوناه دەژمێردرێ، لەلایەکی ترەوە ئەم تاوانەی ئادەم ﷺ بۆ ئەوەیە رۆڵەکانی تەمێ خواردو ببن‌و بترسێن لەفرت‌و فێڵی شەیتان.

﴿**ثم اجتباه ربه, فتاب عليه وهدى**﴾ پاشان پەروەردگار ئادەمی ﷺ بەهەڵبژاردە داناو کەپەشیمان بۆوە لەتاوانەکانی لەخۆی نزیك کردەوە، تۆبەی لێ وەرگرت، ڕێنمونی کرد بۆسەر ڕێبازی ڕاست‌و لەسەر ڕێبازی پەسەندی خۆی دایەزراند، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فتلقى ادم من ربه كلمات، فتاب عليه، انه هو التواب الرحيم**﴾ (البقرة/٣٧) لەشوێنێکی تریش دا شێوەی پاڕانەوەکەی ئادەم‌و حەوامان بۆ دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: ﴿**ربنا**

---

(١٢) روه البخارى في احاديث الانبياء (٣٤٠٩) باب (٣١) وفاه موسى عليه السلام ورواه مسلم فى كتاب القدر(٢٦٥٢) باب(٢) حجاج ادم وموسى عليهما السلام. کەلەکۆتای فەرمودەکەدا دەفەرموێ (ثلاثا) واتە: پێغەمبەر ﷺ سێ جار فەرموی.

ظلمنـا انفسـنا وإن لـم تغفـر لنـا وترحمنـا لنكونـن مـن الخاسـرين﴾ (الاعراف/٢٣)

ئەمجار پەروەردگار فەرمانی دا بەدەرکردنی ئادەمو حەوا ﴿قال: اهبطـا منها جميعاً﴾ فـەرمـوی: لەبەهەشـت دەرچـنو هـەمووتان بڕۆنـە خـواریّ بۆسـەر زەوی، ﴿بعضكم لبعض عـدو﴾ هـەندێکتان دوژمنـی هـەندێکت نن؛ ئێـوە دوژمنی شەیتانو نەوەکانی، شەیتانیش دوژمنی ئێوەو نەوەکانتانە ئێـوەش ئـەی کۆمـەڵی ئـادەمیزاد لەجیـهان دا هـەندێکتان لـەدژی هـەندێکتان کـار دەکەنو لەسەر بژێوو پلەو پایە کێشەو نیزاعتـان لـەناودا دەبیّو جـنـگ تێـك وەردێنن:

جا ﴿فإمّا يأتينّكم منی هدیً﴾ئەی ئادەمیزادینە: ئەگەر لەمنەوە بە هۆی پێغەمبـەرانی خۆمـەوە، لـە ڕێگـەی نامـەی ئاسمـانی کـەپێیان دا دەنـێرم ڕێنمونیتان بۆ هات، پەیامی منتان پیّ گەیی ئەوە،﴿فمن اتّبع هدای, فـلا يضل ولا يشقی﴾ هەرکەس شوێن ڕێنموونی مـن بکـەویّ و کـاری پـیّ بکـا، ئەوە لەدونیادا ڕێگای ڕاستی لیّ گوم نابیّ، لە قیامەتیشدا دووچاری نەگبەتی نابیّو لە سزای دۆزەخ دەپارێزریّ.

ئیبنوئەبی شەیبەو حاکیمو بەیهەقی لەئیبنو عەباسەوە ریوایـەت دەکـەن دەفـەرمویّ: کەسـێك شـوێن قورئـان بکـەویّ خـودا لـەدونیادا لـەگومڕایی دەیپارێزیّ، لەقیامەتیشدا توشی سزاو مەینەتی ناکا.

هـەر لـەئیبنو عەباسـەوە بەمـەرفووعی فەرموودەیـەکی تـر هـاتووە دەفەرمویّ: ((**کەسێك شوێن قورئـان بکـەویّ لـەدونیادا خـودا شـارەزای دەکا بۆ ڕێبازی سەرفرازیو لەگومڕایی دەیپارێزیّ، لـەڕۆژی دواییش دا لەتوندوتیژی حیساب لەگەڵ کردن دەیپارێزیّ**)) ئەمجار ئیبنی عـەباس ئەم ئایەتەی خوێندەوە...﴿ومن أعرض عن ذكری، فإن له معيشة ضنكـاً﴾ کەسێك پشت لەئایینی من هەڵبکا، واز لەخوێندنو تێفکرین لەکتێبی مـن-

کەقورئانی پیرۆزە ـ بهێنیٚ‌و کاری پـیٚ نـەکاو پاپـەندی فـەرمان و نەهیـەکانی نـەبیٚ، ئـەوە لـەدونیادا ژیـانێکی پڕتـەنگ‌و چەڵەمـەی دەبـیٚ، جایـان لـەڕوی مادیـەوە هـەژاری دەکـەین، یـان توشـی نەخۆشـی‌و دڵـەڕاوکیٚ‌و چەرمەسـەری دەکەین. بێگومان ژیان‌و گوزەرانی خۆش بریتی نیە لەدەوڵەمەندی‌و هـەبوونی کاڵای زۆرو پۆشاکی باش‌و خۆراکی بەلەززەت، بەڵکو ژیانی خۆش‌و کامـەران بریتیە لەدڵ ئارامی‌و دەروون دامەزراوی‌و قنیات کردن بـەوەی کـەخودا پـیٚ داوی، شتێکی ئاشکراو نمایانە هەرکەسیٚ پشت لـەخودا بکـا، واز لەبەرنامـەو ئایینی خودا بێنیٚ، هەموو ئامانج‌و مەبەستی، هەموو خـەیاڵ‌و بیرو هـەوڵ‌و تێکۆشانی بۆ رابواردن‌و کۆکردنـەوەی مـاڵ‌و دارایـی‌و بەدەسـت هێنـانی پلـەو پایەی دنیایی دەبیٚ، ئیتر ئەو کاتە دڵ‌و دەروونـی حەراسـانی لیٚ هـەڵدەگیریٚ، دڵنیایی‌و ئـارامی نـامێنیٚ، خـەمی کۆکردنـەوەی مـاڵ‌و سامانیەتی، ترسـی لەدەستدانی ماڵ‌و سامان‌و پلەو پایەیەتی، هەمیشە لەناو ئاخ‌و ئۆف‌و تـرس‌و بیم دایە، خەفەت دەخوا بـۆ ئـەو شـتانەی دەسـتی نەکـەوتوون، ترسـی هەیـە ئەوەی هەیەتی لەکیسی بچیٚ.

هەمیشە هەڵپەیەتی بۆ وەدەست هێنانی ئاواتەکانی‌و پەلامار دەدا، خـۆ دەخاتە ناو خەتـەرو رێگـای مـان‌و نەمانـەوە بـۆ وەدەسـتهێنانی رەزامـەندیی ملـهوڕێك، کەبەدەستیشـی دەهێنـیٚ ئـەمجار لەدڵـە راوکێـی ئەوەدایـە لیٚ نەستێنێتەوە.

چەند کوڕی گەنج‌و شـۆخ‌و شـەنگ لـەپێناو ئافـەرینێکی ئـەم‌و ئـەو، بـۆ دەستکەوتێکی دونیایی لەملهوڕێکەوە گیانی خۆی خستۆتە خەتەرەوەو بـەرەو رووی مەرگ بۆتەوە، بەڵکو زۆر جار لەو پێناوەدا گوڵی ژیانی تازە پشـکوتوی خۆی هەڵپروزاندوەو گیانی خۆی بەخت کردوە. خۆی کردوە بەقوربانی ویسـتی طاغوتێك و خۆی ماڵوێرانی دونیاو قیامەت کردوە.

بەپێچەوانەی ئەم جۆرە کەسانەوە هەرکەسێك ئیماندار بێو دڵو دەروونی بەیادی خودا ئاوەدان بێو بڕوا دامـەزراو بـێ، شـوێن پـەیامی خـودا کـەوتبێ ئەوە ژیانی هەردوو جیهانی کامەرانیو خۆشـبەختییە، چونکـە دڵ دامـەزراوو بڕوا پتەوە، لەختۆکەو دڵە راوکێی ئەملاو ئەولا دوورە، بەبەشی خـۆی قنیـات دەکـا، کەسـێکیش خـاوەن قەناعـەت بـێ، دڵ پـڕ لـەئیمان بـێ، ژیـانی بەختەوەرییە.. بەدەوڵەمـەندی لـەخۆی بـایی نـابێو بەلـەکیس چونـی شتیش خەفەتبار نابێ.

﴿ونحشره يوم القيامـــــة أعمـــى﴾ ئـەو کەسـەی روو لـەقورئانی ئێمـە وەردەگێڕێ، ئێمە رۆژی قیامەت بەکوێری حەشری دەکەین، چاوی سەرو چاوی دڵی کوێر دەکەین، رێگـای رزگـاریو سـەرفرازیو بەهەشـتی نیشـان نـادەین، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ونحشرهم يوم القيامة على وجوههم عمياً وبكماً وصماً مأواهم جهنم﴾ (الاسراء/٩٧) چونکە ئەو لەدونیادا چاوی خۆی لەئاستی ئایەتەکانی قورئان کوێر کردوە، تێیان نەفکریوە.

﴿قال: ربِ لم حشرتني اعمى وقـــد كنـــت بصـــيراً﴾ کـابرای پشـت هەڵکردوو لەئایینی خودا دێتە قسەو دەڵێ: خودایە! ئەوە بۆ بەکوێری حەشرت کردم! خۆمن لەجیهان دا چاو ساغو بینا بووم! پـەروەردگار وەڵامـی دەداتـەوە وەڵامێکی جەرگبڕو هیوا بڕ ﴿قال كذلـك﴾ پـەروەردگار دەفـەرموێ ئـەتۆش ئاوات کرد هەڵوێستت بەم جۆرە بوو ﴿أتتك آياتنا فنسـيتها﴾ ئایـاتی ئێمـەت بـۆ هـات، بەڵگـەی جـۆراو جـۆری تـاکو تەنـهایی ئێمـەت بـۆ خوێندرایـەوە، نیشانت درا، ئەتۆ رووت لێ وەرگێڕا، تێیان نەفکری ﴿وكذلك اليوم تنسى﴾ هەر بەو شێوە ئەمڕۆ بەکوێری دەهێڵدرێیتەوە، لەئاگری دۆزەخدا دەمێنیـەوە، مامەڵـەی کەسـێکت لەگـەڵ دەکـەین: کەشـت لـەبیر خـۆی بەرێتـەوە، وەکـوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فاليوم ننساهم كما نسوا لقاء يومهم هذا﴾

(الاعراف/٥١) دابو نەریتی پەروەردگارە وای داناوە: پاداشو سزا بەگوێرەی کردەوەیە.

﴿وكذلك نجزی من اسرف، ولم یؤمن بأیات ربه، ولعذاب الاخرة اشدّ وابقی﴾ ئاوا بەو جۆرە تۆڵە لە سنوور شکێنانو بەدرۆ خەرەوەکان دەسێنینەوە، هەرکەسێك لەخودا یاخی بێو پێغەمبەرەکانی بەدرۆ بخاتەوە، شوێن پەیامو نامە ئاسمانییەکانی نەکەوێ ئەوە ژیانی ناخۆشی دەدەینێ لەدونیادا خۆشی لەخۆی نابینێو دڵ و دەروونی ئارام ناگرێ.

﴿ولعذاب الاخرة اشدّ وابقی﴾ سزای رۆژی قیامەتی بەئێش ترو بەردەوام ترە، هەر نابڕێتەوە، بۆ هەتا هەتایە لەناو ئاگری دۆزەخ دا دەمێننەوە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لهم عذاب في الحياة الدنيا، ولعذاب الاخرة اشق ومالهم من الله من واق﴾ (الرعد/٣٤).

پەند وەرگرتن لەبەسەرهاتی گەلە پێشینەکان و خۆگریی لەسەر ئەزیەتدانی گەلە موشریکەکان، گوێ نەدان بە لەززەت و خۆشییان، فەرمان بەخاوو خێزان بەنوێژ کردن

أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ يَمْشُونَ فِى مَسَٰكِنِهِمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ ﴿١٢٨﴾ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى ﴿١٢٩﴾ فَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ۖ وَمِنْ ءَانَآئِ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾ وَلَا

تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا نَّحْنُ نَرْزُقُكَ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ



دوای ئەوەی پەروەردگار حاڵو وەزعی ئەوانەی روو لەقورئان وەردەگێڕن، رون کردەوە، بەشوێن ئەوەدا شتێك دەهێنێ: کەپەندو عیبرەتـە بۆ ئادەمیزاد ئەو شتەش سەرگوزشتەی قەومی عادو ثمموودە:

ئەوانـەی پێغەمبـەرەکانیان بـەدرۆ خسـتنەوەو سـەرپێچی فـەرمانو نەهیەکانیان کردن، بۆ ئەوەی خەڵکی پەندو عیبرەتیان لێ وەربگرنو بەخۆیاندا بچنەوە، ئەمجار فە ضل و گەورەیی خودا رادەگەیـەنێ بـەوە کەعـەزابی کـافرو یاخی بوانی دواخستوە بۆ رۆژی قیامـەت. دوایـی فـەرمان دەکـا بەپێغەمبەر ﷺ: کەلەبەرامبـەر ئەزیـەتی موشـریکەکان دا، پشـوو درێـژو خـۆ راگربـێ، بەردەوام بێ لەسەر ئەنجامدانی نوێژو تەسبیحات لەشـەوو رۆژدا، نەهیشـی لێ کرد لەوەی چاو ببڕێتە ئەو لەززەتو وەسائیلە ماددییانەی کافردکان هەیانە بۆ ژیانی دونیا، ئەمجار فەرمان دەکـا بـە پێغەمبـەر ﷺ کەفـەرمان بکـا بـەخاوو خێزانو شوێنکەوتوانی ئوممەتی: کـەپارێزگاریی نوێژەکانیـان بکـەن. تەنانـەت ریوایەت کراوە، پێغەمبەر ﷺ هەر کاتێ یەکێك لەهاوەڵانی، لـەخزمو کـەسو کاری توشی زیانێك بوایە فەرمانی پێ دەکردن کە نوێژ بکەنو ئەم ئایەتەشـی دەخوێنددوە. کە: دەفەرمویٚ: ﴿افلم یهد لهم، کم اهلکنا قبلهم من القـرون یمشون فی مساکنهم﴾ ئایا دەرنەکەوتووەو روون نەبۆتـەوە بـۆ موشـریکەکانی مەککەو دەوروبەری، بـەهۆی ئـەو قورئانـەی بـۆت هێنـاون، چۆنو چەندمان

لەگەڵو نەتەوەکانی پێشوو بەهیلاك بردوە؟ نازانن چەندمان لەو گەڵو نەتەوانەی پێشوو: کەپێغەمبەرەکانیان بەدرۆ خستنەوە ریشە کێش کردونو لەناومان بردونو ئاسەواریان نەماوە، چەندان گەلی وەکوو عادو ثەمودو قەومی لوط و ئەصحابول حیجرمان لەناو بردونو تاقە کەسێکیان لیٚ رزگار نەبوە، ئێستا قورەیشیەکان لەسەر زەویو زارو زێدو نیشتمانی ئەوان دێنو دەچنو شوێنەوارو شارو گوندی وێرانبوویان بەچاوی خۆیان دەبینن!!

جا لەکاتێك دا چاوو دڵ لەشوێنەوار گەڵو نەتەوەی چاخەکانی رابوردو ورد دەبنەوە، کاتێك چاو لە پاشماوەو شوێنەواریان وورد دەبێتەوە، کاتێك خەیاڵ قوت دەبێتەوەو سەرنجی خۆی دەداو دەبینیٚ کەسێك لەو ئادەمیزادانە هەستو خوستی نەماوە، بەخەیاڵ تارماییان دێنێتە بەرچاوو بیر لەشەبەحەکانیان دەکاتەوە، هەڵسو کەوتیان ویستو ئاواتو داخوازییان، خەمو پەژارەو خۆشیو پێکەنینیان، دەبدەو شاییو زەماوەندیان، راکردنو رۆیشتنو دانیشتنو کۆڕو مەجلیسیان دەداتە بەر نیگای خەیاڵو بیر لەم هەموو حەشاماتە خاوەن حەرەکاتە دەکاتەوە، ئەو هەموو ئادەمیزادە خاوەن هەستو شعورو ئینفیعالاتو حەزو ئاواتە رۆژگارێك لەم سەر زەمینە ژیاوەو ئێستا نەماوە! ئەمجار کەچاو هەڵدێنیٚو هیچ شتیٚ لەو حەشاماتە بەدی ناکا، وڵات بەتاڵو هەوار خاڵی! ئالەو کاتەدا لەناخەوە ئینسان هەست دەکاو لیٚ مەعلووم دەبیٚ ئەوەی رابووردووی قووتداوە، دەمی داپچڕیوە داهاتووش ئاودیو بکا! هەست دەکا: ئەو دەستی قودرەتەی نەتەوە پێشینەکانی پێچاوەتەوە دەتوانیٚ داهاتووش تێکەوە پێچیٚ.

بەڵیٚ لەو کاتەدا مانای ئینذارو ئاگادار کردنەوە تیٚ دەگا، پەند لەرابردوو وەردەگریٚو بەخۆی دا دەچێتەوە، بۆیە دەفەرمویٚ: ﴿ان في ذلك لايات لأولي النهى﴾ بێگومان لەورد بوونەوەو تێفکرین لەسەرەنجامی گەڵو نەتەوە

پێشینەکان نیشانەو پەندو عیبرەت هەیە بۆ ئەوانەی خاوەنی عـەقڵو هۆشـن، دەفامێنو پەند ئامێز دەبنو عیبرەت وەردەگرن!

نمونـەی ئـەم ئایەتـە ئایـەتێکی تـرە: کەدەفـەرموێ: ﴿**افلم یسـیروا فـی الارض، فتکـون لهم قلـوب یعقلـون بها أو آذان یسمعون بها،فانـها لاتعمـی الابصار ولکن تعمی القلوب التی فی الصدور**﴾ (الحج/٤٦) یان دەفـەرموێ: ﴿**اولم یهد لهم کم اهلکنا من قبلهم من القرون یمشون فی مساکنهم، ان فی ذلك لأیات افلا یسمعون**﴾ (السجدة/٢٦).

ئەمجار پەروەردگار هۆکاری دواخستنی عەزابدانی کافرەکان دیاری دەکـاو دەفەرموێ: ﴿**ولولا کلمة سبقت من ربك لکان لزاماً واجل مسمیً**﴾ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە: خودای تۆ ئەی موحەممەد! بڕیـاری پێـش وەخـتو ئـەزەلی داوە، لەپێشدا خودا بەڵێنی داوە عـەزاب دانو سزای کۆ کـوژیو ریشـە کێـش کردن لەسەر ئوممەتی تۆ هـەڵبگرێو سزایان دوا بخـا بـۆ رۆژی دوایـی، ئەگـەر لەبەر ئەوە نەبوایـە سـزای سـەرپێچیکردنەکەیانو تۆڵـەی گوناهـەکانیان پێـوە دەلکاو وەکوو گەلە پێشینەکان دوابەدوای گوناهـەکانیانو بـەدرۆ خسـتنەوەی پێغەمبەر ﷺ یەکسەر سزا دەدران.

دەی ماتوڵ خودا سزای ئەو سەرپێچیکارانە دوا دەخا بۆ قیامـەت، ئـەتۆ ئـەی پێغەمبـەر ﷺ لەبەرامبـەر سـەر رەقـیو ئیمـان نـەهێنانی ئەوانـەدا ﴿**فاصبرعلی مایقولون, وسبح بحمد ربك قبل طلوع الشمس وقبل غروبها، ومن آناء اللیل فسبح ومن اطراف النهار**﴾ بەصەبرو ئارام بـە لەبەرامبـەر پشت هەڵکردنو گوێ پێ نەدانی ئەوان بە پەیامەکەتو بـەدرۆ خسـتنەوەی ئایـاتی خوداو گاڵتە کردنو بوختان کردنیان بەتۆ: کەپێت دەیەژن ساحیرو درۆزنە، یان شێتو دەست لێ وەشاوە، یـان شـاعیرە، یـان قوتـابی فـلان کـاهینو فـلان جندوکەیە....هتد. گوێ مەدەرێ گرنگیـان پـێ مـەدە، چونکـە بـۆ عـەزابو سزایان کاتێکی دیاریکراو هەیە، پاشو پێش ناکا... ئەو نوێژانەی فە رضن و

ئەرکی سەرشانتە لەکاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدە، نوێژی بەیانی لـەکاتی پێـش خـۆر هـەڵاتن دا، نوێـژی نیـوەڕۆ عــەصریش لــەپێش خــۆر ئــاوا بــوون دا، لەکاتەکانی شەودا نوێژی شێوانو عیشاو لەدوا کاتـەکانی شـەودا شـەو نوێـژو لەسەرەتاو کۆتایی رۆژدا نوێژی بەیانیو نوێـژی شـێوان ئـەنجام بـدە، بـۆ زێـدە گرنگی پێدان نوێژی بەیانیو نوێژی شـێوانی دووبـارە کردۆتـەوە، وەکـوو چـۆن لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى**﴾ مەبەست ئەوەیە لەهــەموو کـاتێك دا خـودات لـەبیر بـیو نوێـژی تێـدا بکـە، بەتایبەتی پێش خۆر هەڵاتنو پێش خۆر ئاوا بوون ئاگاداری نوێــژ کـردن بـەو، زێدە گرنگیان پێ بدە.

ئیمامی ئەحمەدو موسلیم لە عەممارەی کوڕی (رۆبە) وە ریوایـەت دەکـەن دەفەرموێ: ((**لن يلج النار احد صلى قبل طلوع الشمس وقبل غروبها**)) ناچێتە ناو دۆزەخەوە کەسێك پێش خۆر هـەڵاتنو خـۆر ئـاوابوون سـەرگەرمی نوێژ کردن بووبێ.

لەصــەحیحی موسـلیمو بوخـاریدا فەرمودەیـەك هەیـە جـەریری کــوڕی عـەبدوڵڵا ریوایــەتی کـردوە دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فـەرموی: ((**إانكم سترون ربكم كما ترون هذا القمر، لاتضامون فى رؤيته، فان استطعتم الا تغلبوا عن صلاة قبل طلوع الشمس وقبل غروبها، فافعلوا**)) ئــەم ئایەتەی ئێرەی خوێندەوە.

ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکا: کەرێگا چـارە بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر کـافرو سەر رەقو دوژمنان دا صەبرو خۆراگرییە، چونکە صەبر ئـیرادە بـەهێز دەکـا، ویڕای صەبرو پشـوو درێـژی تەسـبیحاتو حـەمدو ثـە نـا کـردنو نوێـژ کـردن پارێزگاری کردنە لەسەر ئەنجامدانیان چونکە ئەمانە دەبنە هۆی بـەهێز بوونـی گیان، ئیتر کفتو کۆی ئازاری جەستەو دڵو دەروون نامێنێ.

گیان بەرزیو نەفس بەرزی وا لەئادەمیزاد دەکا: کەزۆر گویٚ بەلـەززەتو خۆشی جیهان نەدا، بۆیە پەروەردگار دوابـەدوای فـەرمان بەصـەبرو خۆڕاگـری فەرمانێکی تر ئاراستەی پێغەمبەر ﷺ دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿**ولا تمدن عینیـك الى ما متعنا به ازواجاً منهم زهرة الحیاة الدنیا لنفتنهم فیه، ورزق ربك خیر وابقـى**﴾ چـاو مـەبڕە ئـەوەی لـەلای موشـریکەکان هەیـە لەنیعمـەتو خۆشگوزەرانی، لەماڵو سامانو کاڵای جۆراو جۆر، لەشسـاغیو تەندروستی، ئەوە گوڵێکەو زوو سیس دەبـیٚو هـەڵدەوەریٚ، خۆشـیەکی کـاتی یـەو پایـەدار نیە، ئەوە بۆ بەتاقی کردنەوەو هەڵسـەنگاندیانە، تـا دەربکـەویٚ هەڵوێسـتیان چۆنەو کرداریان چیە.

ماتوڵ وایە ئەتۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ چاو ببڕە لەوەی لای خودایە، دڵنیابە ئەوەی لای خودا هەیەو خودا پێی بەخشـیوی زۆر باشـترە لـەوەی داویـەتی بـە موشریکەکان، لەدونیادا رزقو رۆژی پیٚ بەخشیوی، ئەوەی لە قیامـەت دا بۆی داناوی و بۆی پەزمەندە کـردوی زۆر لـەو رزقو رۆژییـەی بـەوانی داوە باشـترە، وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی تـرە، کـە دەفـەرمویٚ: ﴿**ولقد آتیناك سبعاً من المثانی والقرآن العظیم، لاتمدن عینیك الى مامتعنا به ازواجاً منهم ولاتحزن علیهم، واخفض جناحك للمؤمنین**﴾ (الحجر/٨٧-٨٨).

مەبەست بەم جۆرە ئایەتانە ئـەوە نیـە ئـادەمیزاد لەهـەوڵ دان بـۆ رزقو رۆژیو دابین کردنی پێویستیاتی ژیان تەمبەڵی بکا، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە: ئـادەمیزاد تەمـەننای ئـەو مـاڵو سـامانە نـەکا کەلـە ژێـر دەسـتی کـافرو موشریکەکان دایەو ئاواتە خوازی ئەوە نەبیٚ وەکوو ئەوان بـیٚو دڵو دەروونـی خـۆی بـەو ئـاواتو داخوازییانـە مەشـغوڵ بکـا، واز لـەکارکردن بـۆ قیامـەت بهێنیٚ، بەڵکوو موسوڵمان دەبیٚ کار بۆ دونیاو قیامەت بکا لایەکیان بۆ ئەوی تریان فەرامۆش نەکا، بەڵکوو دونیا بکاتە کێڵگە بۆ قیامەت، واکار بۆ دونیا بکا کەهەر نامریٚ، واخۆ ئامادە بکا بۆ قیامەت کەسبەینیٚ دەمریٚ..

ئەنجار پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ فەرموو: کەفەرمان بە خاوو خێزانی بکا بەئەنجامدانی نوێژ. دەفەرموێ: ﴿وامر اهلك بالصلاة واصطبر عليها﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ! فەرمان بەخاوو خێزانت یان بەهەموو تومەتت بکە بەنوێژ، لەسزاو عەزابی خودا رزگاریان بکە بەوەی وایان لێ بکەی نوێژەکانیان ئەنجام بدەن، بەردەوام بەلەسەر کردنیان‌و وازلەنوێژ کردن مەهێنە، با خاوو خێزانت چاو لە تۆ بکەن، کەمتەرخەمی نەکەن لە نوێژەکانیان. یەکەم ئەرك لەسەر شانی موسوڵمان ئەوەیە: ماڵی خۆی والێ بکا وەکوو ماڵی موسوڵمان بچێ، خاوو خێزانی خۆی هەڵنێ بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پەیوەستیان دەکا بە خوداوە.ئینتیجاهی سەرەکییان بکا بەیەك: ﴿لانسألك رزقاً﴾ ئێمە داوای بژێویت لێ ناکەین، رزق‌و رۆژیمان لەشوێن کەوتوانت ناوێ، وەکوو پاشاو ملهورەکانی جیهان داوا لەژێر دەستەو رەعیەتەکانیان دەکەن کە خەرجی بدەن‌و پارەو پولیان بۆ پەیدا بکەن.

﴿نحن نرزقك﴾ ئێمە رزق‌و رۆژیتان دەدەینێ، بژێوی تۆو هەموو گیانلەبەران لەسەر خودایە. وەکوو دەفەرمووێ: ﴿ان الله هو الرزاق ذوالقوة المتين﴾ (الذاريات/٥٨) کەواتە: گرنگی بدە بەکاروباری رۆژی دوایی ﴿والعاقبة للتقوى﴾ سەرەنجامی باش‌و بەختەوەر بۆ کەسێکە تەقوای خودای کردبێ، پابەندی فەرمان‌و نەهیەکانی پەروەردگار ببێ، بەگوێرەی ئایین رێنمونی بکا.

جا کەتۆو شوێن کەوتوانت پابەندی بەرنامەی خودا بوون، پارێزگاری نوێژەکانتان کرد، خودا رزق‌و رۆژیتان بۆ فەراهەم دەهێنێ، رێگای هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی بژێوتان فێر دەکا، هێزو توانای رزق‌و رۆژی پەیدا کردنتان پێ دەبەخشێ. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ومن يتق الله يجعل له مخرجاً، ويرزقه من حيث لايحتسب﴾ (الطلاق/٢-٣) هەروا لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون﴾ (الذاريات/٥٦)

ئیمامی مالیكو بەیهەقی لەئەسلەمەوە ریوایەت دەكەن دەفەرمویٚ: عومەری كوڕی خەتتاب چەندی بۆ بكرایە شەو نوێژی دەكرد، هەتا شەو رادەكشاو واتە: بەرەو كۆتایی دەرۆیی ئەوكاتە خاوو خێزانی خۆی بەخەبەر دەهێنانو پێی دەفەرموون: هەستن نوێژ بكەن، ئەمجار ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە.

ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنولمونزیرو طبەرانیو ئەبو نەعیم لەحولیەتولئەولیادا لە عەبدوڵلای كوڕی سەلامەوە ریوایەت دەكەن دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ هەر كاتێك كەسێكی نزیكی تووشی بەڵاو كارەساتێكی جەرگبڕ ببوایە، ناخۆشیو تەنگو چەڵەمەیەكیان تووش بوایە، فەرمانی پێ دەكردن بەنوێژ كردنو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿وامر أهلك بالصلاة واصطبر عليها.....الخ﴾.

پێشنیاری موشریكەكانو پەڵپ گرتنیان بۆ نواندنو هێنانی موعجیزەی جیاجیا، هەرەشە كردن لەموشریكەكان بە دوا رۆژ

وَقَالُواْ لَوْلَا يَأْتِينَا بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّهِۦٓۚ أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِي ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٣٣﴾ وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ لَقَالُواْ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ ﴿١٣٤﴾ قُلْ كُلٌّ مُّتَرَبِّصٌ فَتَرَبَّصُواْۖ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ أَصْحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِيِّ وَمَنِ ٱهْتَدَىٰ ﴿١٣٥﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کرد: کەخۆ راگـر بـێ بەرامبەر ئەزیەتی موشرکەکانو چاو نەبڕێتە کاڵاو گوزەرانێك کەپێیان دراوەو کاتییە،

ئەمجار هەندێ قسەو پێشنیاری نامەعقوولو پڕو پوچـی ئـەو موشـریکانە دەخاتەڕو، هەندێکیش لەو قسە پڕو پوچانەیان ئـەوە بـوو: دەیـانگوت:قورئـان موعجیزە نیەو نابێتە بەڵگە لەســەر پێغەمبەرایـەتی موحەممەد ﷺ..ئـەوەش ڕادەگەیـەنێ: کـەرۆژی قیامـەت ددان دەنێـن بـەوەدا: کـەقورئان نیشـانەیەکی نومایانە بەڵام ئەو کاتە چ سوود ؟!

ئەوە بوو: موشریکەکان پێشنیاری جۆراو جۆریان دەکردنو پەڵپی زۆریـان لە پێغەمبەر دەگرت بەمەبەستی سەر ڕەقیو تەنگ هـەڵچنین بـە پێغەمبـەرو بەر بەرەکانی کردنی، بڕوایان بـەو موعجیزانـە نـەبوو: کـەلێیان دەبینـی، جا پەروەردگار باسی ئەورەقیو سەرپێچیکردنەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وقـــالوا لولا يأتينا بأية مـــن ربـــه﴾ موشـریکەکان گوتیـان: ئـەوە بۆچـی موحەممـەد موعجیزەو نیشـانەیەکمان لـەخودای خۆیـەوە بـۆ نـاهێنێ ببێتـە نیشـانەی پێغەمبەرایەتیەکـەیو وامـان لێ بکـا بـڕوای پـێ بکـەین، وەکـوو چـۆن پێغەمبـەرانی پێشـوو موعجیـزەی لـەو جۆرانـەی ئێمـە پێشـنیاریان دەکـەین دەیـاننواندن.؟؟ ئـەوەتا دەڵێـن: صـاڵح پێغەمبـەر ﷺ موعجیزەکـەی ئــەو حوشترە بووە: کەسەر سووڕهێنەر بووە. موسا ﷺ موعجیزەی عـەصاو یەدی بە یضای هەبوە، عیسا ﷺ مردوی زینـدو کردۆتـەوە. کوێـرو بەڵـەکی چـاك کردونەوە. پەروەردگار وەڵامی دانەوەو فەرمووی: ﴿أولم تأتهم بينـــة مـــا في الصحف الأولى؟﴾ ئایا ئـەوان نامـەیەکیان بـۆ نـەهاتووە: کەموعجیزەیـەکی بـەردەوامو نـەمرەو بەڵگـەو نیشـانەو شـایەدە لەسـەر راستی ئـەوەی لەنامــە ئاسمانییـەکانی پێشـوودا هەیـە، وەکـوو تـەوراتو ئینجیـلو بـاقی صوحوفــە نازلکراوەکانی تر: کەعەقیدەو ئەحکامو یاسای ژیانیان تێدایە، لەو کتێبانــەدا راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەد چەسپاوەو پێش وەخت ئاماژەیان پێ کردوەو

مـوژدەی هـاتنی ئـەویان داوە، لـەو نامـە ئاسمانییانـەدا بەڵگـەی واهـەن ئینکـاریکردنی ئـەوان دەپووچێنێتـەوە. نمونـەی ئـەم ئایەتـە ئایـەتێکی تـرە: کەدەفەرموێ: ﴿**وقالوا: لولا انزل علیه آیاتٌ من ربه، قل انما الایات عند الله،وانما انا نذیر مبین، أولم یکفهم انا انزلنا علیك الکتاب یتلی علیهم، ان فی ذلك لرحمة وذکری لقوم یؤمنون**﴾ (العنکبوت/٥٠-٥١)

بەکورتی: دەفەرموێ: ئەو نەفامانە پێشنیاری موعجـیزەی چـی دەکـەن؟ ئەی ئەوە نیـە قورئانیـان بـۆ هـاتووە: کـە گـەورەترین موعجزەیـەو شـاهیدی راستـی نـاوەڕۆکی نامەئاسمانیـەکانی پێشووشـە، ئیـتر وێـڕای هـەبوونی ئـەم موعجیزە گەورەیە؛ پێغەمبەر لە کوێ پێویستی بە موعجیزەی ترە؟!

ئەمجار ئەوە روون دەکاتـەوە: کەموشـریکەکان ڕۆژی قیامـەت دان دەنێـن بەوەدا: کەقورئان موعجیزەیەو دەفەرموێ: ﴿**ولو أنا اهلکناهم بعذاب مـن قبله لقالوا: ربنا لولا أرسلت الینا رسولاً فنتبع آیاتك من قبل أن نـذل و نخزی**﴾ واتە: ئەگەر ئێمە بەبێ ئینزار ئەو موشریکانە بکوژینو پێـش ئـەوەی قورئانیان بۆ بنێرین بەعـەزابی کۆکـوژو ریشەکێشـکەر لـەناویان بـەرین، ڕۆژی قیامەت بیانوویان بەدەستەوە دەبێو دەڵێن: پەروەردگارا! ئـەوە بـۆ لـەدونیادا پێغەمبەرت بۆ سەر رەوانە نەکردینو موعجیزەی بەهێزت لەسەر دەستی ئـەو نەخستە ڕوو؟؟هەتا ئێمەش شوێنی بکەوتینایەو ئیمانمـان پـێ بهێنایـە. پێـش ئەوەی بەعـەزابی سامنـاکی خۆت ریسوامان بکەی!

واتە ئێمە پێش وەخت لەناومان نـەبردونو پێغەمبـەرمان بـۆ نـاردوونو ترساندویانو رەهنومایییان کردون، کەوابێ بیانویان براوە، عوزریـان نـەماوە. قسەی حەق و ڕاست ئەوەیە: ئەو موشریکە سەر ڕەق و پشت هەڵکردوانە سەر ڕەق و بێ بـاوەڕن، ئەگـەر پـەیتا پـەیتا نیشـانەو موعجیزەیـان بۆیـێ، ئـەوان هەرئیمان ناهێنن وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**واقسموا بالله جـهد ایمانهم لئن جاءهم ایة لیؤمنن بها قل: انما الآیات عندالله ومایشعرکم انها اذا**

جاءت لایؤمنون، ونقلب افئدتهم وابصارهم کما لم یؤمنوا به اول مـــرة، ونذرهم في طغیانهم یعمهون﴾ (الانعام/ ١٠٩-١١٠)

جاکە سیاقەکە دەگاتە ئەم ئاکامە ترسناکەی چاوە ڕێیانـە، پـەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکا: کـە دەستیان لیّ بشـواو بـەئیمان نـەهێنانیان ناڕەحەت نەبێ، ئەوەتا پەیامیان پـێ ڕاگەیـەندراوەو عـوزرو بیانوویـان بـڕاوە، ئەوانە بەویستی خۆیان پشـت لـەو پەیامـە هەڵدەکـەن و بەدەسـتی ئەنقەسـت ئیمان ناهێنن. دەفەرموێ: ﴿قل کل متربص، فتربصوا﴾ ئەی موحەمەد: بـەو ئادەمیزادانە بڵێ: کە بەدرۆت دەخەنـەوە، سـەرپێچی دەکـەن، سـوورن لەسـەر کوفـرو عـەنادی خۆیـان پێیـان بڵـێ: هەریـەکێ لەئێمـەو لـەئێوە چـاوەڕوانی ئاکامین.

چاوەڕوان بن ﴿فستعلمون من اصحاب الصراط السوی ومن اهتـدی﴾ لەوە بەولاوە زۆری پێ ناچێ بۆتان مەعلوم دەبێ کـێ لەسـەر ڕێگـای ڕاسـتە، ئێمە یان ئێوە؟

لەوەبەولاوە دەزانن: کێ هیدایەتدراوە، کێ گومڕایە کێ بەختەوەرە و کێ چارە ڕەشە؟

ئابەو جۆرە کۆتایی بەو سورەتە هێنا: کەسەرەتاکەی ئـەوەی لـەخۆگرتوە: پێغەمبەر ﷺ هێندە ئـازاری جەسـتەی خـۆی دەدا بەتاعـەتکردن، خـەریکبوو زیانی پێ بگا! پەیامی خۆی ڕاگەیاندو بەلێبڕاوی ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دا، جا ئەوانەی پەیامی پێغەمبەریان پێ گەیی، ئەگـەر پابـەندی پەیامـەکـەی بووبن ئەوە رزگاریان بووە، ئەگـەر ڕوویـان لیّ وەرگێڕابـێ ئـەوە تێـدا چـوون و فەوتاون. لەوە بەولاوە حەق و بەتاڵیان بۆ دەردەکەوێ.

بەیارمەتی خودا لەراڤە کردن و پێداچوونەوەی جزمی (١٦) هەم بووەوە کە کۆتایی سورەتی (طە)یە.

لەکاتێك دا سوپای زەبەللاحی روسیای کافری زلهێز بەهەموو ئەو چەکە جۆراو جۆرانەی کەساڵەهای ساڵ بوو دروستی کردبوو بۆ بەربەرەکانی خۆرئاوا، هەڵی کوتایە سەر جمهورییەتی چیچان بۆ قەلاچۆ کردنی موسوڵمانانی چیچان، ئەوە ماوەی دومانگ و نیوە لەشەرێکی نابەرامبەریدا، لەجەنگێکی نارەوای بێ ویژدانانەدا جەنگاوەرانی چیچان بەرەنگاری ئەو سوپایەدان هەزار شەڕ کەرەو خاوەن تۆپ و تانك و تەیارە و زەرپەو جۆرەها چەکی قورسی یاساغ کراوی نێودەوڵەتی بوونەتەوە، بەچەکێکی نابەرامبەر و تەقلیدی بەکلاشینکۆف شەڕ لەگەڵ تۆپی زەبەللاح و تەیارەی مێکی تازە دروستکراو دەکەن، لەپێش چاوی عالەمی ساڵی (٢٠٠٠) و چەرخی بیست و یەکەم. لەسەر دەمی مافی بەناو مرۆڤ و حورییەت و ئازادی دا، لەپێش چاوی ئومەمی (متحدە) و سەردەمی مافی چارەی خۆ نووسین دا ئەوگە لەموسوڵمانە هەژارە بێ چەك و دەرەتانە روبەرِوی چ شەرێکی سامناك بۆتەوە، چۆن ئەوگە لەبێکەسە ئاوا قەلاچۆ دەکرێ و چەکی کۆ کوژی و جینوسائیدی تێدا بەتاقی دەکرێتەوە، شاری گرۆزنی: کەپایتەختی چیچانە، سەر لەبەر بەسەر دانیشتوانیدا خاپورکرا دوای گرتنی شارەکە بەپێش چاوی دونیاوە ژن و منداڵ و پیرو جوان دەست و قاچیان دەبەسترێ و قەمەکوژو سوژن هاژن دەکرێن، لوت و لێویان دەبڕدرێن. کەس نقەیەکی لێوە نەهات!

بەچاوی خۆم شەوی ٢/٢٦-٢/٢٧/٢٠٠٠ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دیم موسوڵمانی چیچانی بەدوا تانکەوە رادەکێشرا، حەبلێکی لەقاچی خرابوو دەهێندرا بۆسەر چاڵێکی گەورە: کە کردبوویانە گۆری بەکۆمەڵ.. هەر ئەو شەوە تەلەفزیۆن چەند گۆرێکی بەکۆمەڵی نیشان دا: کەرۆژنامە نووسەکان فرسەتیان هێنابوو بەفلیم گرتبوویان بەدزیەوە دابوویانە ئاژانسی دەنگ و باسەکان.

بەلاّم کاکە ئێمە چیمان دیوە (شنیدن کی بود مانندیدە) کێ دەتوانێ ئەو قەلاّچۆکردنە وێنە بکێشێ؛ کێ دەتوانێ بینووسێ: کێ دەتوانێ باسی بکا قەڵەم و زوبان کۆڵ و کولن لەئاستی ئەورِوداوانەدا.

عالەم بەئیسلامی و نائیسلامییەوە زۆر بەداخەوە نقەیان لێ نەهات بۆ؟ چونکە دەوڵەتە زلهێزەکان نەیاندەویست ئەو چرایە: ئەو حکومەتۆکە موسوڵمانە، لەولاّتی قەوقازدا گەشەبکا؛ دەوڵەتە موسوڵمانەکانیش هەریەکەیان سەر بەوڵاتێکی زلهێزە و نەیەویست ئاغاکەی لەخۆی ناڕازی بکا.

بەڵێ خودا دەفەرموێ: ﴿انهم ان یظهروا علیکم لایرقبوا فیکم الا ولا ذمة﴾

مەلامحمود

شەوی ٢٦/٢/٢٠٠٠

پێڕستی بابەتەکان

بـــابـــەت	لاپەڕە
باقی ماندەی چیرۆکی حەزرەتی موساو حەزرەتی خضر	٣
چیرۆکی ذیلقەرنەین و یەئجوج و مەئجوج	١٥
سزادانی کافران	٣٤
پاداشی موسوڵمانانو بەفراوانی زانیاری خوداو تاک و تەنهایی	٣٨
سورەتی مەریەم	٤٩
پارانـــەوەی حـــەزرەتی زەکـــەرییاو داوا کردنـــی لـــەخودا بۆ ئەوەی منداڵی پێ بداو، مزگێنی پێدانی بە(یەحیا)	٥٢
حـــەزرەتی یـــەحیا لـــەدایک دەبـــێو دەکـــرێ بەپێغەمبـــەرو شەریعەتو یاسای پێ دەدرێ	٦٢
چیرۆکی خاتو مەریەم و سک پڕبوونی بەعیسا	٦٦
لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا و دیاردەکانی	٧٦
پێغەمبەرێتی عیساو قسەکردنی لەلانکەدا	٧٩
کێشەو نیزاعی نەصارا دەربارەی حەزرەتی عیسا عليه السلام	٨٣
چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام و دەمـە دەمـێی لەگـەڵ بـاوکیدا دەربارەی بتپەرستی	٩٩
چیرۆکی حەزرەتی موسا عليه السلام	١٠٧
چیرۆکی حەزرەتی ئیسماعیل عليه السلام	١١٠
چیرۆکی حەزرەتی ئیدریس عليه السلام	١١٧

بابەت	لاپەڕە
بڕێ لەڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەران (دروودی خودایان لەسەر بێ)	١١٩
صیفاتو ڕەوشتی وەچەو چینی دوا پێغەمبەرەکان ڕەوشتی تۆبەکارانو ئەوانەی شیاوی چوونە ناو بەهەشتن	١٢٢
هاتنی سروش و هێنانی نیگا بەفەرمانی خودایە	١٢٧
بیرو بۆچونی موشریکەکان دەربارەی هاتنی ڕۆژی قیامەت	١٣١
هەڵخەڵەتانی موشریکەکان بەخۆشگوزەرانیو لەشساغیو ساماندارییان لەدونیادا	١٣٩
قسە نابەجێیەکانی موشریکەکان دەربارەی زیندوبوونەوەو حەشر ١٤٥	١٤٥
ڕەتدانەوەی بتپەرستەکان لەلایەن بتەکانیانەوە	١٤٧
ڕەتدانەوەی ئەوانەی منداڵ وەپاڵ خودا دەدەن	١٥٢
خۆشەویستی خودا بۆ موسوڵمانان و ئاسانکردنی تێگەییشتن لەقورئان و لەناوبردنی تاوانباران	١٥٦
سورەتی (طـه)	١٦٠
قورئانی پیرۆز هۆی بەختەوەرییە	١٦٢
چیرۆکی حەزرەتی موسا ئاخاوتنی موسا ﷺ لەگەڵ خوداو نیگا بۆ کردنی	١٧١
عەصای موسا ﷺ دەبێتە ئەژدیها	١٨٤
موعجیزەی دووەم بۆ موسا ﷺ (یەدی بیضا) بوو	١٨٧
پەروەردگار هەشت نیعمەتی جۆراو جۆری بەخشیون بەحەزرەتی موسا ﷺ پێش پێغەمبەرێتی	١٩٣
ڕێنموونی پەروەردگار بۆ حەزرەتی موساو ﷺ هارون ﷺ دەربارەی بانگەوازیکردنیان بۆ فیرعەون	١٩٩
گوفتو گۆی نێوانی حەزرەتی موسا ﷺ و فیرعەون دەربارەی خودایەتی	٢٠٥
تۆمەت بارکردنی حەزرەتی موسا ﷺ بەجادو بازیی	٢١٢